# بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی

# هەژار موکریانی

# بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی
# هەژار موکریانی

زامدار ئەحمەد

٢٠٢٤

**وەزارەتی پەروەردە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**زنجیرەی چاپکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە ژمارە/ ١٣**

## ● بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی هەژار موکریانی

● بابەت: ڕۆژنامەوانی

● نووسین : زامدار ئەحمەد

● نەخشەسازی ناوەوە: زامدار ئەحمەد

● چاپ: چاپی یەکەم هەولێر (٢٠٢٤)

● تیراژ: (٥٠٠) دانە

● چاپ: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

● لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( ٩١٧)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.

**ماڵپەری وەزارەتی پەروەردە**

www.gov.krd/moe

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| **یەکەم: بابەتە کوردییەکان** | ٢٠ |
| **ئەلف: ڕۆژنامەکان** | ٢٠ |
| ١- هەژار و مانگی بەفرانبار (شیعر) | ٢٠ |
| ٢- خوێندن (شیعر) | ٢٢ |
| ٣- دوای تەنگانان فەرعانیە (شیعر) | ٢٣ |
| ٤- سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە (شیعر) | ٢٤ |
| ٥- سرودی میللیی کوردستان (شیعر) | ٢٦ |
| ٦- جێژنی ٢٨ ساڵەی هوردوی سوور (وتار) | ٢٨ |
| ٧- قەڵەم (شیعر) | ٣١ |
| ٨- گوڵی پشکووتوو (شیعر) | ٣٣ |
| ٩- لە کوێی ببەستمەوە (وتار) | ٣٥ |
| ١٠- دەمم تەڕ کە بە مەی ساقی بە دیتنت (شیعر) | ٣٧ |
| ١١- تفی سەر بەرەوژوور (وتار) | ٣٩ |
| ١٢- بۆ هاتنەوەی زەبیحی و دڵشاد و قادری (شیعر) | ٤٤ |
| ١٣- تەپڵی سەربەخۆیی (شیعر) | ٤٦ |
| ١٤- مانگی بانەمەڕ (شیعر) | ٤٧ |
| ١٥- جۆزەردان (شیعر) | ٤٧ |
| ١٦- ئیستیقلالی کوردستان (وتار) | ٤٨ |
| ١٧- میتینگی گەورەی دە هەزار نەفەری لە شاری مەهاباد (وتار) | ٥٥ |
| ١٨- موناجاتی هەژار، (کارخانەی قەندی، یا سلسلەی شاهی نەقشبەندی) (شیعر)، بەشی یەکەم | ٥٧ |
| ١٩- موناجاتی هەژار، (کارخانەی قەندی، یا سلسلەی شاهی نەقشبەندی) (شیعر)، بەشی دووەم | ٦٣ |

**با: گۆڤارەکان**........................................................ ٦٨
١- دەردی دەروون، دەمەتەقەییێکی دوو کەسی.................................. ٦٨
٢- دەردی دەروون، دەمەتەقەییێکی دوو کەسی.................................. ٦٩
٣- دەمەتەقەییێکی دوو کەسی................................................ ٧٠
٤- مەرامی کۆمەڵەکەم دینگە (شیعر)......................................... ٧٢
٥- دەمەتەقەییێکی دوو کەسی................................................ ٧٣
٦- جووجەڵەی نیشتمان (شیعر).............................................. ٧٥
٧- دەمەتەقەییێکی دوو کەسی................................................ ٧٦
٨- دڵی دایک (شیعر)....................................................... ٧٨
٩- دەمەتەقەییێکی دوو کەسی................................................ ٧٩
١٠- دەمەتەقەی دوو باز پێکەوە.............................................. ٨١
١١- هەی لایە لایە (شیعر).................................................. ٨٥
١٢- ئەی میلەتی ئاوارە (شیعر).............................................. ٨٨
١٣- هەلاڵە (شیعر)......................................................... ٨٩
١٤- نیشتمانی خۆشەویست (شیعر)............................................ ٨٩
١٥- گەزی چی و جاوی چی؟ (وتار)............................................ ٩١
١٦- خێوی وڵ و وەنەوشە (شیعر)............................................. ٩٣
١٧- کورد و ئازەربایجان (شیعر).............................................. ٩٣
١٨- فرمێسکی هەتیو (شیعر)................................................. ٩٦
١٩- جوتیاری بەمشور (شیعر)................................................ ٩٧
٢٠- قەڵەم (شیعر).......................................................... ٩٩
٢١- وتەی هەژار (شیعر).................................................... ١٠٠
٢٢- دەمەتەقێی بایز و باپیر.................................................. ١٠٠
٢٣- ماو ماو (شیعر)........................................................ ١٠٣
٢٤- ئەدەبی کوردی سەربەرەوژێر دەڕوا (وتار)................................ ١٠٦
٢٥- هاواری زۆر لێکراو (شیعر).............................................. ١١٤
٢٦- نامە بۆ وارشەو (شیعر).................................................. ١١٦

٢٧- كوردم (شيعر)........................................................................................... ١١٩
٢٨- به ڕاستی دنیایەکی سەیرە! ئەمەیە دەڵێن کەس ئاگای لە کەس نییە
(وتار)........................................................................................................ ١٢٠
٢٩- گورگ و بەرخ (شيعر)................................................................................. ١٣٢
٣٠- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت.............................................................................. ١٣٣
٣١- دڵۆپی فرمێسک (شيعر)................................................................................ ١٣٥
٣٢- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت.............................................................................. ١٣٦
٣٣- ڕێوی و کەڵەشێر (شيعر)............................................................................. ١٣٨
٣٤- شۆڕشی خۆکرد (شيعر)............................................................................... ١٤٠
٣٥- به ڕاستی دنیایەکی سەیرە (وتار)................................................................... ١٤١
٣٦- بێکەس (شيعر)........................................................................................... ١٥٠
٣٧- دووپشک و ڕەقە (شيعر)............................................................................... ١٥١
٣٨- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت .............................................................................. ١٥٢
٣٩- به ڕاستی دنیایەکی سەیرە! نەورۆزمان کرد (وتار)........................................... ١٥٤
٤٠- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت.............................................................................. ١٦١
٤١- هەر به ئامانج دەگەم (شيعر)......................................................................... ١٦٣
٤٢- کەر نابێتە شێر (شيعر)................................................................................. ١٦٥
٤٣- به ڕاستی دنیایەکی سەیرە! ئێستکە کوردییەکەمان ئیستە چۆنە؟!
(وتار)........................................................................................................ ١٦٦
٤٤- شێخ سەعید نامرێ (شيعر)............................................................................ ١٧٤
٤٥- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت.............................................................................. ١٧٦
٤٦- لە دەمی نەهەنگا (شيعر)............................................................................... ١٧٨
٤٧- نەوا سوێر، نەوا بێ خوێ (وتار)..................................................................... ١٨٠
٤٨- حاڵی عەرزم بووی؟ (وتار)............................................................................ ١٨٩
٤٩- مناڵانمان هان بدەین (وتار)........................................................................... ١٩٩
٥٠- کورد و سەربەخۆیی زمان (وتار).................................................................... ٢٠٧
٥١- بارەگای کۆڕ (شيعر)................................................................................... ٢٤٤

٥٢- بەزمی بەهار (شیعر)........................................................................ ٢٤٥
٥٣- یادی مامۆستا سەججادی (وتار)......................................................... ٢٤٨
٥٤- بێگانە پەرستی (وتار)........................................................................ ٢٥٩
٥٥- شین گێڕی (شیعر)............................................................................. ٢٦٤
٥٦- یادی بابامەردۆخی ڕۆحانی (وتار)....................................................... ٢٦٧
٥٧- هەبوون و نەبوون (شیعر).................................................................. ٢٧٤
٥٨- مەستوورەی ئەردەڵان (وتار)............................................................... ٢٧٦
٥٩- من و شیعر (وتار)............................................................................. ٢٨٧
٦٠- هەڵۆ هەر بەرزە (شیعر)..................................................................... ٢٩٥
٦١- بۆ پێشەوە بارزانی (شیعر)... Bo pêşewe barzanî (şî'r)...... ٣٠٠
٦٢- بیرەوەری بارزانیی نەمر (شیعر)........................................................... ٣٠٣
٦٣- وشەی کەڵهوڕ (وتار)......................................................................... ٣٠٩
٦٤- خزمەتی کوردان بە ئایینی ئیسلام (وتار)............................................... ٣١٤
٦٥- ئەحمەد تۆفیق (وتار)......................................................................... ٣٢٠
٦٦- حەڵلەق مەڵلەق (شیعر)...................................................................... ٣٢٤
٦٧- بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە (وتار)............................................... ٣٢٦
٦٨- بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە (وتار)............................................... ٣٣٠
**دووەم: بابەتە فارسییەکان**.................................................................. ٣٣٢
**ئەلف: ڕۆژنامەکان**............................................................................. ٣٣٢
١- با ائتلاف احزاب شوخی نکنید (وتار)......................................................... ٣٣٢
**با: گۆڤارەکان**................................................................................. ٣٣٧
١- در پیرامون ادبیات کردی (وتار)............................................................... ٣٣٧
پاشکۆی بەشێک لە بابەتەکانی هەژار موکریانی بە سکانکراوی.............. ٣٤٧

## پێشەکی

ڕۆژنـــامەگەری کـــایەکی گرنگـــی کۆمەڵگـــایە، ئەو کۆمەڵگـــایەی جۆرەکـــانی ڕاگەیانـــدنی لە نـــاو بڵاوکـــراوەتەوە، ڕۆشـــنبیرتر و پێشـکەوتووتر بـوون، تاکەکـانی هـزر کراوەتـر و بیـر تیژتـر بـوون و توانیویانە جوان و ناشیرین، دۆست و دوژمن، ڕاست و چەپ، باش و خراپی خۆیان لە یەکدی جیا بکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە بوونی ڕۆژنامە شارسـتانیەتی کـۆمەڵگە نیشـان دەدا، چـون ڕاگەیانـدن وەک کـایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی ژیـان و ڕەفتار و کولتووری کۆمەڵگاکاندا هەیە.

گرنگی ڕۆژنامە بە تەنیا لە بڵاوکردنەوەیدا نییە، بەڵکوو ئەرشـیف کـردن و پاراسـتنی بڵاوکـراوەکە، سـەنگینترە لە بڵاوکردنەوەیـان، بەڵام بەداخەوە لە ڕابـردوودا و بە ئێستاشـەوە ئەرشـیف کردنـی ڕۆژنـامە و گۆڤـار بـایەخێکی ئەوتـۆی پـێ نادرێـت، بـۆیە کاتێـک خوێنەرێـک، توێژەرێـک... بە نمـوونە: بە دوای ڕۆژنـامە و گۆڤارەکـانی سـەدەی ڕابـردوودا دەگەڕێت بە ئەسـتەم دەسـتی دەکەوێت، یـاخود بەشـێک لە ژمارەکانی دەست ناکەوێت، یـان بەشـێک لە ژمـارەی بڵاوکراوەکـان لە بنەچەدا فەوتاون و نەماون، کە ئەمەش نەنگییە بۆ مێژوو و ئەرشـیفی ڕۆژنـامە و گۆڤـارە کوردییەکـان. لە کاتێکـدا بـابەتی بەپێـز و گرنـگ لە بڵاوکراوەکاندا هەیە، تەنانەت لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بـۆ دۆخـی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، کولتووری، ئابووری، وەرزشی... ئەو کاتە بکەیت.

له نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ بە مەبەستی نووسینی نامەی ماستەرەکەم سەبارەت بە هەژار موکریانی، سەرقاڵی گەڕان و کۆکردنەوەی سەرچاوەی جیاواز و جۆراوجۆر بووم، هەم لە کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، بەڵگەنامە... لە دوای گەڕان و بەدواداچوونی ورد، لە عێراق و لە ئێران، ژمارەیەکی باشی سەرچاوەم سەبارەت بە موکریانی دەست کەوت، لە نێویاندا زۆرینەی بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی بوون.

دوای پۆلێن بەندی و جیاکردنەوەی سەرجەم بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی هەژار، دەرکەوت زۆرینەی بەرهەمەکانیم بەردەستە، بۆیە بە گرنگ و پێویستم زانی، سەرجەمیان هەم بە تێکست (دەق) و هەم بە سکان لە کتێبێکدا بڵاوبکەمەوە، بۆ ئەوەی کاتێک کەسێکی دیکە بە دوای بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی هەژاردا دەگەڕێت، هاوشێوەی من وێڵ و عەودالّی عێراق و ئێران نەبێت، بەتایبەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی هەژار تێدا بووە، بەڵام بە هۆی کۆنی بەشێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لە کاتی سکانکردن کوالێتییان زۆر کەم بوو، بە شێوەیەک لە کاتی دووبارە چاپ کردنەوە سوودی ئەوتۆی بە خوێنەران نەدەگەیاند، لەبەر ئەوە سکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لادران و لە کۆتاییدا بەشێک لەو سکانانەی کوالێتی بەرزیان هەبوو، وەک پاشکۆ دانراون.

ئەم کتێبە زۆرینەی بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی هەژار موکریانی لەخۆگرتووە، دەڵێم: زۆرینە و ناڵێم: هەموو، چونکە دەشێت بەرهەمی دیکەی هەبووبێت و من دەستم پێی نەگەیشتبێت. لەم کتێبەدا ٨٩ بابەتی هەژار دێتە بەرچاوت، کە هەژار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوی کردووەتەوە، بەم شێوەیە:

**یەکەم: بابەتە کوردییەکان:**

**ئەلف: ڕۆژنامەکان:**

حەڤدە بابەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوکردووەتەوە، لەو ١٧ بابەتە، ١١ بابەتیان شیعر بووە، ٥ بابەتی دیکە وتار بووە، تەنیا ١ شیعریشی تەرجەمەی سەر زمانی کوردی کردووە، کۆی گشتی ئەم بابەتانەی بە ناوی (هەژار) لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردووەتەوە.

دوو بابەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان، سیاسی- زانیاری- کۆمەڵایەتی- ویژەیی، (ڕۆژنامەی کوردستانی تاران) بڵاوکردووەتەوە، کە لە بنەچەدا شیعرێکی دوور و درێژە و بە دوو بەش بڵاوکراوەتەوە.

**با: گۆڤارەکان:**

دە بابەتی لە گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک) بڵاوکردووەتەوە، لەو ١٠ بابەتە، ٩ بابەتیان شیعر بووە، تەنیا ١ شیعریشی تەرجەمەی سەر زمانی کوردی کردووە. لەم ١٠ بابەتە لە ٦ بابەتیان ناوی خۆی نەنووسیوە، دوو بابەتیشی بە ناوی (ع. هەژار) و ٢ بابەتیشی بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

یەک شیعری لە گۆڤاری هاواری کورد بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

یەک شیعری لە گۆڤاری ئاوات بە ناوی (ڕ. م) بڵاوکردووەتەوە.

پێنج بابەتی لە گۆڤاری هەڵاڵە بڵاوکردووەتەوە، لە نێویاندا ٤ بابەتیان شیعرە و بابەتەکەی دیکەش وتارە، کە سێ بابەتی بە ناوی (ع. هەژار) و دوو بابەتەکەی دیکە بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

دوو بابەتی لە گۆڤاری کوردستان بڵاوکردووەتەوە، بابەتێکیان شیعرە و بابەتەکەی دیکەی تەرجەمەی شیعرێکە بۆ زمانی کوردی، هەردوو بابەتەکەش بە ناوی (هەژار) بڵاوکراوەتەوە.

یەک شیعری لە گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵان بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

یەک شیعری لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

یەک شیعری لە گۆڤاری هیوا بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

یەک شیعری لە گۆڤاری ڕزگاری بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

چوار بابەتی لە گۆڤاری ڕۆناهی بڵاوکردووەتەوە، دوو بابەتیان شیعرە، بابەتێکیان وتارە، بابەتەکەی دیکەش تەرجەمەی شیعرێکە بۆ سەر زمانی کوردی، هەر چوار بابەتەکەش بە ناوی (هەژار) بڵاوکراوەتەوە.

هەژدە بابەتی لە گۆڤاری کوردستان بڵاوکردووەتەوە، کە ١٤ بابەتیان شیعرە و ٤ بابەتیان وتارە، کە ٦ بابەتیان بە ناوی (هەژار)، ٥ بابەتیان بە بێ نووسەر، ٣ بابەتیان بە ناوی (شرۆڵ)، ٤ بابەتەکەی دیکەش تەرجەمەیە بۆ سەر زمانی کوردی، کە ٣ دانەیان بە ناوی (مام سیپاڵ) و بابەتەکەی دیکەش بە ناوی (سیپاڵ) بڵاوکراوەتەوە.

سێ بابەتی لە گۆڤاری نووسەری کورد بڵاوکردووەتەوە، کە ٢ بابەتیان وتارە و بابەتەکەی دیکەش شیعرە، هەر سێ بابەتیشی بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

یەک وتاری لە گۆڤاری پەروەردە و زانست بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

دوو بابەتی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بڵاوکردووەتەوە، بابەتێکیان وتارە و بابەتەکەی دیکەش شیعرە، هەردوو بابەتەکەش بە ناوی (هەژار) بڵاوکراوەتەوە.

هەشت بابەتی لە گۆڤاری سروە بڵاوکردووەتەوە، ٥ بابەتیان وتارە و ٢ بابەتی دیکە شیعرە، بابەتەکەی دیکەش وتارێکە و تەرجەمە سەر زمانی کوردی کردووە، کۆی بابەتەکانیشی بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

سێ شیعری لە گۆڤاری مامۆستای کورد بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

سێ وتاری لە گۆڤاری مەهاباد بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

سێ بابەتی لە گۆڤاری هەولێر بە ناوی (هەژار) بڵاوکردووەتەوە، کە بابەتێکیان شیعرە، دوو بابەتەکەی دیکەش لە بنەچەدا یەک وتارە، بەڵام لە دوو ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە، لە ناوەڕۆکدا هۆکارەکەی باس کراوە.

**دووەم: بابەتە فارسییەکان:**

**ئەلف: ڕۆژنامەکان:**

یەک وتاری لە ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوی (عەبدالرحمن هەژار) بڵاوکردووەتەوە.

**با: گۆڤارەکان:**

یەک وتاری لە گۆڤاری کوهستان بە ناوی (عبدالرحمن شرفکندی) بڵاوکردووتەوە.

بەو پێیە، هەژار موکریانی ٢٠ بابەتی لە دوو ڕۆژنامەی جیاوازدا بڵاوکردووەتەوە، کە هەردووکیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەرچوون، کە تێیدا ١٩ بابەتیان بە زمانی کوردی و بابەتێکی بە زمانی

فارسـی بـووه. هەروەهـا لە ١٩ گۆڤـاری جیـاوازدا بـابەتی بڵاوکـردووەتەوە، کە ٩ گۆڤاریـان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران دەرچـوون، ١٠ گۆڤـارەکەی دیـکە لە باشـووری کوردسـتان و عێـراق دەرچوون.

بە شێوەیەکی دیکە بڵێین لە کۆی ئەو ٨٩ بابەتەی هەژار موکریـانی لە ڕۆژنـامە و گۆڤارەکانـدا بـڵاوی کـردووەتەوە، ٦٣ بابەتیـان شـیعرە و ٢٦ بابەتەکەی دیکە وتارە.

جێی ئاماژەیە بگوترێت موکریانی، لە کۆی گشتی بڵاوکراوەکانی لە گۆڤـار و ڕۆژنامەکـان، بە چەنـدین نـاوی خـوازراو و بێنـاو بـابەتی بڵاوکـردووەتەوە، واتە بەدەر لە نـاوی هەژار بە نـاوی خـوازراوی (ع. هەژار)- ٢٠ بـابەتی بڵاوکردووەتەوە، بە تـایبەتی لە گۆڤـاری نیشـتمانی دەورانـی کۆمەڵەی ژیـانەوەی کوردسـتاندا. لەگەڵ ئەوەشـدا لە چەنـدین بڵاوکـراوەدا نـاوی خـۆی نەنووسـیوە، بە تـایبەتی لە بڵاوکـردنەوەی دەمەتەقێیەکانـدا، واتە بە بـێ نووسـەر بابەتەکـانی بڵاوکـردووەتەوە. هاوکات لە گۆڤـاری ئـاوات بە نـاوی خـوازراوی (ڕ. هـ) و (ڕ. م) بـابەتی بڵاوکردووەتەوە. هەروەهـا بە نـاوی خـوازراوی (سـیپاڵ و مـام سـیپاڵ) بابەتی لە گۆڤاری کوردستانی عێراق بڵاوکردووەتەوە؛ لە هەمـان کاتدا بە ناوی خوازراوی (شرۆڵ) بابەتی لە هەمان گۆڤاردا بڵاوکردووەتەوە. بەم شـێوەیە دەتـوانین بڵێـین هەژار موکریـانی بە هەریەک لە ناوەکـانی (هەژار)، (بێ نووسەر)، (ع. هەژار -٢٠)، (ڕ. هـ) و (ڕ. م)، (سـیپاڵ)، (مـام سیپاڵ) و (شرۆڵ) بابەتی بڵاوکردووەتەوە.

زامدار ئەحمەد
٢٠٢٣/٢/١٩ ز- ١٤٠١/١١/٣٠ هـ

## پێرستی بابەتەکانی هەژار موکریانی

## بابەتە کوردییەکان/ ڕۆژنامەکان

| ناوی نووسەر | ناوی وەرگێر | ناونیشانی بابەت | بڵاوکراوە | ساڵ و ژمارە |
|---|---|---|---|---|
| هەژار | | هەژار و مانگی بەفرانبار | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٢ |
| هەژار | | خوێندن | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٥ |
| هەژار | | دوای تەنگانان فەرعانیە | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٨ |
| هەژار | | سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانەیە | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ١١ |
| هەژار | | سرودی میللیی کوردستان | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ١٤ |
| هەژار | | جێژنی ٢٨ ساڵەی هوردوی سوور | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٢٠ |
| هەژار | | قەڵەم | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٢١ |
| هەژار | | گوڵی پشکووتوو | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٢٢ |
| هەژار | | لە کوێی ببەستمەوە | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٢٣ |
| هەژار | | دەمم تەڕ کە بە مەی ساقی بە دیتنت | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٢٤ |
| هەژار | | تفی سەر بەرەوژوور | ڕ. کوردستان | ١٣٢٤/ ٢٦ |
| هەژار | | بۆ هاتنەوەی زەبیحی و دڵشاد و قادری | ڕ. کوردستان | ١٣٢٥/ ٢٦ |
| هەژار | | تەپڵی سەربەخۆیی | ڕ. کوردستان | ١٣٢٥/ ٣٠ |
| هەژار | | مانگی بانەمەڕ | ڕ. کوردستان | ١٣٢٥/ ٤٧ |
| هەژار | | جۆزەردان | ڕ. کوردستان | ١٣٢٥/ ٥١ |
| ایران ما | هەژار | ئیستیقلالی کوردستان | ڕ. کوردستان | ١٣٢٥/ ٨٧ |
| هەژار | | میتینگـــــی گەورەی دە هەزار نەفەری لە شاری مەهاباد | ڕ. کوردستان | ١٣٢٥/ ٩٢ |
| هەژار | | موناجاتی هەژار | ڕ. کوردستان | ١٣٤٠/ ١٠٢ |
| هەژار | | موناجاتی هەژار | ڕ. کوردستان | ١٣٤٠/ ١٠٣ |

## پێرستی بابەتەکانی هەژار موکریانی

### بابەتە کوردییەکان/ گۆڤارەکان

| ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | ناونیشانی بابەت | بڵاوکراوە | ساڵ و ژمارە |
|---|---|---|---|---|
| بێ نووسەر | | دەمەتەقەیێکی دوو کەسی | گ. نیشتمان | ١٣٢٢/ ١ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقەیێکی دوو کەسی | گ. نیشتمان | ١٣٢٢/ ٢ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقەیێکی دوو کەسی | گ. نیشتمان | ١٣٢٢/ ٣، ٤ |
| ع – هەژار | | مەرامی کۆمەڵەکەم دینگە | گ. نیشتمان | ١٣٢٢/ ٣، ٤ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقەیێکی دوو کەسی | گ. نیشتمان | ١٣٢٢/ ٥ |
| هەژار | | جووجەڵەی نیشتمان | گ. نیشتمان | ١٣٢٢/ ٥ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقەیێکی دوو کەسی | گ. نیشتمان | ١٣٢٢/ ٦ |
| ئیرەج میرزا | هەژار | دڵی دایک | گ. نیشتمان | ١٣٢٢/ ٦ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقەیێکی دوو کەسی | گ. نیشتمان | ١٣٢٣/ ٧، ٨، ٩ |
| ع - هەژار | | دەمەتەقەی دوو باز پێکەوە | گ. نیشتمان | ١٣٢٣/ ٧، ٨، ٩ |
| هەژار | | هەی لایە لایە | گ. هاواری کورد | ١٣٢٤/ ١ |
| ر. م- ر.هـ | | ئەی میلەتی ئاوارە | گ. ئاوات | ١٢٣٤/ ١ |
| ع - هەژار | | هەڵاڵە | گ. هەڵاڵە | ١٢٣٤/ ١ |
| ع - هەژار | | نیشتمانی خۆشەویست | گ. هەڵاڵە | ١٢٣٤/ ١ |
| ع - هەژار | | گەزی چی و جاوی چی؟ | گ. هەڵاڵە | ١٣٢٥/ ٢ |
| هەژار | | خێوی گوڵ و وەنەوشە | گ. هەڵاڵە | ١٣٢٥/ ٢ |
| هەژار | | کورد و ئازەربایجان | گ. هەڵاڵە | ١٣٢٥/ ٣ |
| هەژار | | فرمێسکی هەتیو | گ. کوردستان | ١٩٤٥/ ٢ |
| هەژار | | جوتیاری بەمشور | گ. کوردستان | ١٩٤٦/ ٤ |
| هەژار | | قەڵەم | گ. گڕوگاڵی منداڵانی کورد | ١٣٢٥/ ١ |
| هەژار | | وتەی هەژار | گ. دەنگی گێتی تازە | ١٩٤٦/ ٢٣، ٢٤ |
| هەژار | | دەمەتەقێی بایز و باپیر | گ. هیوا | ١٩٥٨/ ٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەژار | | ماو ماو | گ. رزگاری | ١٩٥٩/ ١ |
| هەژار | | ئەدەبی کوردی سەربەرەوژێر دەڕوا | گ. ڕۆناهی | ١٩٦٠/ ١ |
| ماک کریا | هەژار | هاواری زۆر لێکراو | گ. ڕۆناهی | ١٩٦٠/ ٢ |
| هەژار | | نامە بۆ وارشەو | گ. ڕۆناهی | ١٩٦٠/ ٣ |
| هەژار | | کوردم | گ. ڕۆناهی | ١٩٦١/ ٥، ٦ |
| هەژار | | بە ڕاستی دنیایەکی سەیرە! ئەمەیە دەڵێن کەس ئاگای لە کەس نییە | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ١ |
| بێ نووسەر | سیپاڵ | گورگ و بەرخ | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ١ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقێی بایز و پیرۆت | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ١ |
| هەژار | | دڵۆپی فرمێسک | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ١ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقێی بایز و پیرۆت | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٢ |
| بێ نووسەر | مام سیپاڵ | ڕێوی و کەڵەشێر | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٢ |
| هەژار | | شۆڕشی خۆکرد | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٢ |
| شرۆڵ | | بە ڕاستی دنیایەکی سەیرە | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٣ |
| هەژار | | بێکەس | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٣ |
| بێ نووسەر | مام سیپاڵ | دوو پشک و ڕەقە | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٣ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقێی بایز و پیرۆت | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٣ |
| شرۆڵ | | بە ڕاستی دنیایەکی سەیرە! نەورۆزمان کرد | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٤ |
| بێ نووسەر | | دەمەتەقێی بایز و پیرۆت | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٤ |
| هەژار | | هەر بە ئامانج دەگەم | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٤ |
| بێ نووسەر | مام سیپال | کەر نابێتە شێر | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٤ |
| شرۆڵ | | بە ڕاستی دنیایەکی سەیرە! | گ. کوردستان | ١٩٦١/ ٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ئێســـتگه كوردییه‌كه‌مـــان ئیسته چۆنه؟! | | |
| هه‌ژار | | شێخ سه‌عید نامرێ | گ. كوردستان | ١٩٦١/ ٥ |
| بێ نووسه‌ر | | ده‌مه‌ته‌قێی بایز و پیرۆت | گ. كوردستان | ١٩٦١/ ٥ |
| هه‌ژار | | له‌ ده‌می نه‌هه‌نگا | گ. نووسه‌ری كورد | ١٩٧٠/ ١ |
| هه‌ژار | | نه‌وا سوێر، نه‌وا بێ خوێ | گ. نووسه‌ری كورد | ١٩٧١/ ٢ |
| هه‌ژار | | حاڵی عه‌رزم بووی؟ | گ. نووسه‌ری كورد | ١٩٧١/ ٣ |
| هه‌ژار | | مناڵانمان هان بده‌ین | گ. په‌روه‌رده‌ و زانست | ١٩٧١/ ١ |
| هه‌ژار | | كورد و سه‌ربه‌خۆیی زمان | گ. كۆڕی زانیاری كورد | ١٩٧٣/ ٢ |
| هه‌ژار | | باره‌گای كۆڕ | گ. كۆڕی زانیاری كورد | ١٩٧٣/ ٢ |
| م. هه‌ژار | | به‌زمی به‌هار | گ. سروه‌ | ١٣٦٤/ ١ |
| م. هه‌ژار | | یادی مامۆستا سه‌جادی | گ. سروه‌ | ١٣٦٤/ ٢ |
| م. هه‌ژار | | بێگانه‌ په‌رستی | گ. سروه‌ | ١٣٦٥/ ٨ |
| م. هه‌ژار | | شین گێڕی | گ. سروه‌ | ١٣٦٦/ ١٢ |
| م. هه‌ژار | | یادی بابامه‌ردۆخی ڕۆحانی | گ. سروه‌ | ١٣٦٨/ ٤٤ |
| خانی | هه‌ژار | هه‌بوون و نه‌بوون | گ. سروه‌ | ١٣٧٠/ ٥٩ |
| م. هه‌ژار | | مه‌ستووره‌ی ئه‌رده‌ڵان | گ. سروه‌ | ١٣٧٦/ ١٣٨ |
| م. هه‌ژار | | من و شیعر | گ. سروه‌ | ١٣٧٨/ ١٦٠ |
| هه‌ژار | | هه‌ڵۆ هه‌ر به‌رزه‌ | گ. مامۆستای كورد | ١٩٨٥/ ١ |
| هه‌ژار | | بۆ پێشه‌وه‌ بارزانی | گ. مامۆستای كورد | ١٩٨٧/ ٤، ٥ |
| هه‌ژار | | بیره‌وه‌ری بارزانیی نه‌مر | گ. مامۆستای كورد | ١٩٨٩/ ٨ |
| هه‌ژار | | وشه‌ی كه‌ڵهوڕ | گ. مه‌هاباد | ١٣٨٠/ ١٠ |
| هه‌ژار | | خزمه‌تـی كـوردان به‌ ئـاینی ئیسلام | گ. مه‌هاباد | ١٣٨٠/ ١٢ |
| هه‌ژار | | ئه‌حمه‌د تۆفیق | گ. مه‌هاباد | ١٣٨٤/ ٥٣ |
| هه‌ژار | | حه‌لله‌ق مه‌لله‌ق | | ١٩٧١/ ١ |
| هه‌ژار | | بـۆچی مـردوو لینگـی درێــژ ده‌بێته‌وه‌ | گ. هه‌ولێر | ١٩٧١/ ٤، ٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەژار | | بـۆچی مـردوو لینگـی دریـژ دەبێتەوە | گ. هەولێر | ٦ /١٩٧١ |

**پێرستی بابەتەکانی هەژار موکریانی**

**بابەتە فارسییەکان/ ڕۆژنامەکان**

| ناوی نووسەر | ناونیشانی بابەت | بڵاوکراوە | ساڵ و ژمارە |
|---|---|---|---|
| عبدالرحمان شرفکندی | با ائتلاف احزاب شوخی نکنید | ڕ. کوردستان | ١٣٢٥/ ١٠١ |

**پێرستی بابەتەکانی هەژار موکریانی**

**بابەتە فارسییەکان/ گۆڤارەکان**

| ناوی نووسەر | ناونیشانی بابەت | بڵاوکراوە | ساڵ و ژمارە |
|---|---|---|---|
| عبدالرحمان شرفکندی | در پیرامون ادبیات کردی | گ. کوهستان | ١٣٢٤/ ١٩ |

## یەکەم: بابەتە کوردییەکان
## ئەلف: ڕۆژنامەکان

### ١- هەژار و مانگی بەفرانبار (شیعر)[١]:

لە کاتێکدا دوو برای خۆشەویست و ئەندامی کۆمەڵەی (دیموکرات) مرۆ و پشتیوان لە سەفەری کابەی هاتنەوە بۆکان (هەژار) ئەم شیعرانەی خوێندەوە.

هەژار:

بەفرانبار خۆ تۆش چەند هەزار ساڵە
وەکوو گەلی کورد ژیانت تاڵە
هەمیشە سەرت پڕ مژ و تەم بوو
نێوبیستنی تۆ بۆ ئێمە خەم بوو
بە هەناسەی سارد فرمێسکت دەڕشت
بەندیخانێکی گران بووی بۆ گشت
چۆنە وا ئەوساڵ زێدە لە جاران
خۆش و جوانتری لە سەد بەهاران
کولووی بەفرەکەت لە پێش چاوی من
جوانترە لە سەد نێرگس و سوێسن
ئەو قوڕەڕەشەی دەشتی گرتووە
ڕەشکی گوڵزاری ساڵانی زووە

بەفرانبار دەڵێ:

گەلێک لەمێژ بوو وڵاتی کوردان
دیل و یەخسیر بوو بە دەست نامەردان
بۆ ڕزگار بوون و نەجاتی وەتەن
ژین و دارایی، دین و پیاوەتی
بۆ کورد نەمابوو، لە سەتی، سەتی
لە ناو موکریان کۆمەڵێکی چاک
لێک کۆ بوونەوە لە لاوی خوێنپاک
تێکۆشین بە ماڵ، بە ڕووح و بەدەن
لە نێو ئەوانیش نەخوازا لاوێک
نەسرەوت لە ڕێی نیشتمان تاوێک
کاکە ڕەحمانی ئیلخانیزادە
لە خزمەتی وی نیشتمان شادە
تووش بوو لە ڕێمدا بە هەزار کڵۆ
هەتا برای ڕاست خۆی کردە مرۆڤ

---

(١) هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٣٢٤، ل ٣.

ئەم لە ڕێی وەتەن هەڵکرا چرای / بوو بە پشتیوان ئامۆزای برای
کاتێ زەمینەی کارەکە چنیا / وێکڕا گرتیان لای خودا و دونیا
مرۆ و پشتیوان بۆ مەکە و، ئەوی / لە وەتەندا مان ڕوو بە شوورەوی
ئەو چوونە دەرکی ڕەببەلعالەمین / ئەم لایەش بۆ داد لە لای ستالین
ئەو: خودا ڕوحمێ نابزووم لە ماڵتا / ئەم دەیگوت ئیجرای مەنشووری یاڵتا
ئەو: کورد ئازاد کەی خودای بێشەریک / ئەم داوای حەقی بەندی ئاتلانتیک
ئەو ئاڵقەی کابەی گرتبوو لە دەس / ئەم دەیگوت کوردیش حەقی ژینی هەس
لە یادی وان و بە دادی ئەمان / خوا ڕزگاری کرد کورد لە نێو خەمان
لە ڕۆژی مندا بەبێ خوێن و جەنگ / هەڵکرا ئالای کوردستان سێ ڕەنگ
مرۆ و پشتیوان هەم بە ڕۆژی من / هاتنەوە وەتەن، با کوێر بێ دوژمن
بەهار بە دیلی و من بە ئازادی / چلۆن وەک یەکین بۆ خۆشی و شادی

هەژار:
یا خوا بەفرانبار سەد هەزار ساڵی / هەر وا جێژن بی و نەبینی تاڵی
خوا بە کوردستان بێڵێ ئالاکەی / کورد مووەففەق بن بۆ ڕێگای چاکەی
سەدرمان بژی و لاوانی جەسوور / بە هەموو ئاوات بگا سوپای سوور

## ٢- خوێندن (شیعر)[(١)]:

چەند ساڵێکە کورد یەخسیر و دیلە
لێوبەبار، خەمبار، کز و زەلیلە

لە هەستی و ژیان بەشێکی نەبووە
نێویان لە مێژووی زەمانە مەحووە

دەسڕەنجی کوردی، بێگانە بردی
کوردیش موحتاجی دەستی نامەردی

بە نەفتی کوردان ئەو دونیای دەوێ
کوردیش چۆلەچرا هەڵدەکا شەوێ

دوژمن دەوڵەمەند بە ماڵی ئەوان
ئەوان ئێستا هەر شوان و ڕەوکەوان

ساتێ بە ماشین دەشتی دەکێڵێ
کوردیش تا شەو دێ ناکێڵێ هێڵێ

ئەو لە دوو ڕۆژدا خەرمانی کۆیە
ئەم سێ مانگ کووڕی گەوز و مەڵۆیە

ئەو لە کێو و کەژ ڕادەخا ئاسن
ئەم بۆی ساز نابێ سەرنیای گاسن

ئەو ڕێگە و بانی قیل و ئیسفاڵتە
ئەم لە سەرگوێلکان سەرگەرمی گاڵتە

باعیسی چییە، لەبەر چی وایە؟
بۆچی گەلی کورد کەوتۆتە دوایە؟

ئەگەر بۆ شەڕ بێ؛ کورد ئازاترن
بە نان و خوان بێ؛ لەوان زیاترن

دیارە هیچ لا نین ئەو دواکەوتنە
گەورەتر سەبەب هەر نەخوێندنە

ئێمە نەزانی و ئەوان خوێندەوار
ئێمە نۆکەرین، ئەو ئاغا و سەردار

ئەو بە عیلمی خۆی وا بە حەواوە
ئێمە لە جەهلا سەرمان سووڕ ماوە

بە کوردی خوێندن دەرمانی دەردە
هەر نەزان نامەرد، هەر زانا مەردە

هەر کەس نەخوێنێ نۆکەری خەڵکە
بۆ هەموو چەرخان خوێندن بەکەڵکە

دەستم دامێنوو ئەی پۆلی لاوان
بخوێنن، مەکەن تەقسیر و تاوان

پووشی خەرافات بە دەم بادا دەن
لە باریکەڕێی ڕزیوان لا دەن

چەند ساڵە دیلی تەنبەڵیی وانین
خەریکی کەسبی جەهل و نەزانیین

خۆشبەختیی کوردان، یا خۆ ڕۆژی ڕەش
لە دەس ئێوەدا، بزانین ئێوەش

چۆن بە مەردانە، بە نووکی قەڵەم
ڕزگارمان دەکەن لە ژێر باری خەم

بخوێنن چاوم با ببینە سەردار
دەنا وەکوو من پێو دەڵێن هەژار

---

(١) هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥، ١٣٢٤، ل ٢.

## ٣- دوای تەنگانان فەرعانیە (شیعر)[1]

ئـێمە پۆلێک بـووین لە پـێش چـاوی نەزانـان مەسـخەرە
کۆمەڵێـک بـووین؛ نێـوی مە ڕووت و ڕەجـاڵ و بێسـەرە
بـۆ هەوای ئـازادیی کوردسـتان کە مەجلیسـمان دەگـرت
گـاڵەدان و گرتنـی پێویسـت بـوو دەرک و پەنـجەرە
نێـوی ئەسـلێمان فڕێـدابوو لە ترسـی کاکمـان
بەرە بینـایی گەر محەمـمەد بـا دەیـانگوت نێـوی
دیـارە دوای تەنگـانە فەرعـانەن؛ ووتـێکە بـێ درۆ
پاش شـەوی ڕەش سپیەتی و ڕووناکی میهری ئەنوەرە
کـێ جەفەنگـی لێـدەدا پێمـان قومـاری پێـدەکەین
ئەو ڕەش و ڕووتـانە ئێسـتا پـاکی ئاغـا و سـەروەرە
نـاڵە و ڕاز و نیـازی ئەو شـەوانی دیتمـان
ئێسـتە گـرمەی لاقـی پێشـمەرگە و سـەلامی ئەفسـەرە
دەرکـی حزبیمـان کە خـاکرێژ کردبـوو کەشـفی نەکەن
ئەورۆ خـاین وا لە کانگـای حـزبەکەم قڵفـی دەرە
دەنـکە فرمێسـکی هەژاران کەوتە دەریـای مەعـدەلەت
بـوو بە گەوهەر ئەو ڕەئیسـجمهوورەمان، ئەو گەوهەرە
هەر بـژی ئەی گەوهەری یەکـدانە، ئەی دوڕڕی یەتـیم
تـۆ لە ئـاڵۆزی و گـرێ کـردت ڕەهـا ئەو ماشـەرە
ڕەببی گەردوون هەر بە مەیلی لەشکری سوور خولبخوا
تـا ئەوێ ڕۆژێ دەڵـێن ئەورۆکە ڕۆژی مەحشـەرە

---

(١) هەژار، ڕۆژنـامەی کوردسـتان، بـڵاوکەرەوەی بیـری حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان،ساڵی یەکەم، ژمارە ٨، ١٣٢٤، ل ٢.

## ٤- سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە (شیعر)[1]:

نیشـــتمان! ئەورۆ کوڕانـــت جێژنـــی ئـــازادی دەکەن
بـــوونەوە خێـــوی وڵات تـــاڵانکراو، ڕووت و ڕەبەن
شـیرنی خـۆی گـرتە نێـو ئـامێز و بـاوەش کـووهکەن
ڕووتەنیـی کوێسـتانی کـوردان بـووە بـژوێن و زەمەن
گەرچـی ڕێبەنـدانە ئێسـتێ، پـڕ گـوڵ و بـۆنە چەمەن
بـۆتە جەننـاتی عەدن، چـاو و بەدەن، دار و دەوەن ..
ســـــەد بەهـــــار نـــــۆکەری ئەو زســـــتانە
جێژنـــــــی ئـــــــازادیی کوردســـــــتانە
خـوێنی کـوردانی شـومال و ئەشـکی چـاوی دایکەکـان
شـــینی خوشـــکانی وەتەن بـــۆ لاوەکـــانی نەوجەوان
چوونە داد بۆ لای خودا،دەریـای تەڕەحـوم هـاتە جۆش
لاگرێکـــی بـــۆ مە مەعلـــووم کـــرد نەبەرد و قارەمـــان
یووسـف ئیسـتالین کە ئەوڕۆکە لە سـەر هەر هەرد و بۆ
نێـوی هـوردووی سـوور بڵێـی دەڕژێ زراوی زاڵمـان
تـــۆ لە لات وایە چیـــیە هـــوردووی ســـوور
ســـووری چـــی کـــاکە، بڵـــێن کۆگـــای نـــوور
وا بە چاوســـووری گەلـــی لاواز لە گێتـــی نێـــو بـــرا
تـا ڕێگـایی کوردسـتانی دیـت و لێـی هەڵکـرد چـرا
مسـتی خـۆی کـردە گـرێ بـۆ خـوێنمژانی مورتەجیـع
حەق وەسـەر نـاحەق کەوت، لەو نێوە حەققی کورد درا
خـوێن، ئەشـک و شـینە کە وێکڕا مەیـین و بـوونە یەک

(١) هەژار، ڕۆژنـامەی کوردسـتان، بـڵاوکەرەوەی بیـری حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ١١، ١٣٢٤، ل ٤.

بوو بە ئاڵاییێکی سێ ڕەنگ و بە شادی هەڵکرا
کوردەکانیش دەبێ قەدری بگرن
خۆ بە قوربانی بکەن، بۆی بمرن
جێژنی ئیستقلالتان پیرۆز بێ ئەی لاوانی پاک
دوژمنوو یاخوا لە خوێنی خۆی بگەوزێنێ کەلاک
زوو هەموو کوردان لەژێر زنجیری دیلی بێننە دەر
پێکەوە هەوڵێ بدەن بۆ ئاوەدانییی ئاو و خاک
من هەژارێکم لە دەستمدا نییە غەیری دوعا
ئەی ڕەئیسجمهووری کوردان هەر بژی بۆ کاری چاک
تا هەیە چەرخ و خولی تۆپی زەمین
بژی هۆردووی قزڵ و ئیستالین

## ٥- سرودی میللیی کوردستان (شیعر)[١]:

نیشتمانم ڕەنگینە          بەهەشتی سەر زەمینە
خاکم وەکوو ئالاکەم          ڕەنگ سوور و سپی و شینە
ڕەنگی سووری گولالان          بۆنی سوێسنە و هەلالان
کەویە بەفری نوالان          سەرچاوەی ئاوی ژینە
لە سایەی پێشەوادا          زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەیپارێزن ئەو خاکە          بێچوەشێرانی کوردی
هارەی ئاوی هەڵدێران          فێنک و شینکەی زنوێران
ئاونگی سەر وەنەوشەی          دەرمانی بناوبوێران
سەرپاکی زەوی و ئاوە          گەنمم کۆڵەکەی داوە
هەناویان بۆی نەماوە          تورک و عارەب و ئێران
لە سایەی پێشەوادا          زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەیپارێزن ئەو خاکە          بێچوەشێرانی کوردی
نەفتم ئاوی ژیانە          لە سێرت و کرماشانە
بابەگوڕگوڕ دەزانی          لە موسڵیشدا هەمانە
کانگام هەیە لە زاخۆ          هەر وەک نەوتەکەی شنۆ
بۆ دوژمنان بۆتە سۆ          هەر خۆش بی ئەو زەمانە
لە سایەی پێشەوادا          زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەیپارێزن ئەو خاکە          بێچوەشێرانی کوردی
ئەوی پێت وایە کێوە          خەرمانی زێڕ و زێوە
زەڕنیق و جیوەی هەوشار          ئاغەلان ساحەب نێوە
خوێندن زۆر هاسانە بۆم          دەخوێنم بە زمانی خۆم

---

(١) هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٤، ١٣٢٤، ل ٢.

کەشفی دەکەم بە ئاتۆم          هەرچی قازانجی پێوە
لە سایەی پێشەوادا          زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەیپارێزن ئەو خاکە          بێچوەشێرانی کوردی
کەتیرە و مازوو و بەرگن          خوری و بنێشت و تووتن
بۆخۆم ڕەنێوی دێنم          بە هۆی زانست و خوێندن
کوردە هەرچی زەویتە          یەکجار بە بەهرە و پیتە
هەر خوێندن کێشکچیتە          لێت داگیر نەکا دوژمن
لە سایەی پێشەوادا          زۆر بە ئازا و بە مەردی
دەیپارێزن ئەو خاکە          بێچوەشێرانی کوردی

## ٦- جێژنی ٢٨ ساڵەی هوردوی سوور (وتار)[(١)]:

مانگی ڕەشەمە هەموو ساڵێ خۆش ڕادەبرێ، مزگێنی خۆشی بەهار دێنێ، گیاوگژ دەژینەوە. هەژار و لێقەوماو بێ بەرگ لەبەر بەڕۆچکە و تینی هەتاو خۆیان هەڵدەخەن و دەبوژێنەوە، لە هەموو لایەک گیان لەبەر لە خانوو حاشارگەی خۆیان دێنە دەرێ. بای دەشتێ لێیان دەداو هەوای ئازاد هەڵمژن، هەموو کەس سەرگەرمی خۆشیە خۆ هارەی پیرە شەماڵیش هەر مەپرسە دەڵێی فوی عیسایە دار و بەرد و چیا و هەردی مردوو زیندو دەکاتەوە. پیاو مەست دەکا، سەرما بەربەست دەکا، پیاو بە خۆی نییە لە خۆوە وە سەما دەکەوێ و دڵی خۆشە، خۆ نەخوازە مانگی ڕەشەمەی ئەوساڵیش نەورۆزی ڕەشمان بۆتە سپی ڕۆژ، و دیلیمان بۆتە ڕزگاری و ئازادیمان یەکجاریە، نەک هەر ئێمە لە ئازادی بەشمان هەیە بەڵکوو هەموو دیل و زەبونەکانی سەر زەوی ئەورۆ دەلەدەلی ئازادیانە و کە دێوی بلەوەزی مردووە و دەست پەیوەندیشی لە گیانە ئەڵا دان هەموو جێژن و شادیانە، هەموو لێمان سوورە کە ماک و مایەی ئەو ئازادیە کە هەموو گەلی زەبوون باوەشیان بۆ کردۆتەوە و لە خۆشیانی گەشکە بوون ئۆردووی سوورە.

مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی ئەو ساڵی ئێمە بەرانبەری کرد دەگەڵ مانگی فۆریەی ١٩٤٦ کە ٢٨مین ساڵی بەرهەم هێنانی هۆردوی سوورە،

---

(١) هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢٠، ١٣٢٤، ل ١، ٤.

٢٨ ساڵ لەمەو پێش لێنین ئەم هۆردوەی هێنا بەرهەم، بەخێوی کرد. پاش وەی لە ژێر دەستی مامۆستایەکی زانا و بەمشووری وەک ستالین ئامۆژگاری کرا بە خۆدا هات، باسکی ئەستور بوو چوونکە بە شیری ئازادی گەورە کرا. بوو بە شێر، ئازادی بۆ هەموو گەلی بچووک و لاوازی سەر هەردی ئەستاند، وەک هەموو کەس لەو ڕۆژەدا دەیکا بە جێژن و کوردیش جێژنی گرت.

ڕۆژی ٦ی ڕەشەمەی ئەو ساڵ لە ساتی ٨ بەیانی ڕا کانگای حزب دیمۆکراتی کوردستان چۆن جوانە ڕازابۆوە، وێنەی پێشەوای خۆشەویست ببوو نقیمێکی گەوهەرین لە نێوەراستی پارچەکانی هەڵاوەسراودا دەدرۆشا. دەنگی موزیک و کەڕەنا، وشکەسۆفی وەسەما دەخست، پۆلی پێشمەرگە خوێنشیرنەکان لە چوار ڕێیانی هەر دوک شەقاماندا بە جەغز و دەورە وێستابوون، قووتابیەکان کە هۆمێدی دوا ڕۆژی کوردن لە لای ڕاستەوە بە ڕێکوپێکی ڕاگیرابوون، نزیکی دەهەزار کەس خەڵکی شاری و لاوەکچ و ژن و لاو و مناڵ و پیر وەک کۆ لە دەورەی وان کۆ ببوونەوە.

پێشەوای خۆشەویست لە نێوەراستدا وەک مانگ لە نێو ئەستێرەکاندا دەینواند ڕووی کردە خەڵکەکە و لە بابەت بە نرخی ئەو ڕۆژە و چۆنییەتی شووڕەوی لە پێش هەرای ئۆکتۆبردا و لە بەرهەم هاتنی هۆردوی سوور و کە تا ئەورۆ چ سەربەرزی و بە هێزێیک بۆ شووڕەوی پێک هاتووە، کە هۆردوی سوور لە سایەی پێشەوای خۆشەویستی خۆیدا توانی ئالای سەرکەوتنی خۆی لەسەر قەڵا بڵیندەکانی ئاڵمان چەقاند و پیرۆزی و ئازایی خۆی لە هەموو ڕووی زەوی‌دا کردە ئالا و تیشکی ئازادی و دێمۆکراسی بە نێو هەموو گەلانی

ڕووی زەویدا بڵاو کردەوە کە گەلی کوردیش توانی ئازادی خۆی بە دنیا ڕاگەیێنێ و تا ئەوڕۆ شووڕەوی کە چەندە بەسەر ئارەزوی خۆیدا زاڵ بووە و چاوەنۆڕیش دەکرێ لە هەموو بابەتەوە زیاتر ڕەسەرکەوێ و وتـارێکی زۆر بە نـرخ و بەتینـی فەرمـوو. ئەو ڕۆژە بە نـرخەی لە هەمـوو نەتەوەکـانی شـووڕەوی و لە گەلـی کـوردان کە لە سـایەی پێشـکەوتنی واندا بەشـێکیان لە ئـازادی وەچەنـگ کەوتـووە، پیرۆزبـایی کرد و بە وتەی: پایەدار بێ هۆردوی سوور دوایی هێنا.

لە پاشـان نووسـەری ئەم وتـارە هەڵبەسـتێکی بە نێـوی (جـوتێری بەمشـور) لە بـابەت چـۆنییەتی دامەزرانـی هـۆردوی سـوور خوێنـدەوە. بـرای خۆشەویسـت عەلـی خوسـرەوی وتـارێکی پڕتینـی بە نێـوی (لەشـکری سـوور) بە عەرزی حـازران گەیانـد و بـرای بەڕێـز سـەدیق حەیـدەری وتـارێکی بە نـرخ و کـورتی لەو باسـەدا ئیـراد کـرد و تۆفیـق وردی دەستە شـێعرێکی جوانی خوێندەوە کە بوو بە مـایەی دڵخۆشـی هەمـووان. لە لایـان قوتابیەکـانەوە سـروودی میللـی خوێنـدرایەوە. قووتابیەکان لە پێشەوە و پێشمەرگەکان بە دووی ئەواندا زۆر بە ڕێک و پێکی و بە جۆرێکی وا کە پیاو سەری سوور دەما، چۆن دە ماوەی مانگێک دا توانیویانە بەو پایە بگەن و ئەو ڕێکوپێکیە چۆن فێربوون؟بە ڕێـژە بە پـێش پێشـەوای خۆشەویسـتدا هـاتن و دەنێـو هوریـا و چەپڵەڕێزانێکی گەرم و گووڕدا لە ساتی ١٢ بڵاوە کرا.

## ٧- قەڵەم (شیعر)[1]:

هەمــوو تێگەیوەکــان زۆر بــاش دەزانــن
کە کــورد ئــازاتری مــوڵکی جیهــانن
هەمــوو مێــژوو گەوای ئــازایی کــوردە
لە نێــو شــانامەدا هەر کــوردە گــوردە
دمــــی شمشــــیری وان هەردی دڕیــــوە
لە ترســـی نێزەیــان ئاســمان چەمیــوە
بەڵان چون شیر و نێزەی بێ قەڵەم بوو
بەشــی ئــێمە لە دنیــا دەرد و خەم بــوو
لە یەکترمــــان دەدا شمشــــیری خۆمــــان
لە خۆمــان بــوو پــووانی تــار و پۆمــان
لە دنیــادا دەمانگەوزانـــد ســـەر و لەش
لە گەنجی ســەربەخۆیی بێ حەز و بەش
لەبەر جەهلـــی، ولاتـــی کـــوردەواری
لە شــــانی نیشــــتبوو تــــۆزی هەژاری
قەڵەم پەیـدا بــوو چــوار ســاڵی نەکێشــا
نیفـــاق و نەگبەتـــی لابـــرد لە پێشـــا
بەبێ شمشیر و نێزە و کوشت و کوشتار
ولاتــی کــوردی ئــازا کــرد و ڕزگــار
لەویــڕا ســاز بــوو ســەرکەوتنی کــورد
بەوی ئیمـــزا کـــرا حـــوڕڕییەتی کـــورد
........................ مەحبــووب و عەزیزمــان

(١) هەژار، ڕۆژنـــامەی کوردســـتان، بـــلاوکەرەوەی بیـــری حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢١، ١٣٢٤، ل ١.

جەنـــابی پێشـــەوای بەرز و بەڕیزمـــان
بە ڕوحـم و عەقـڵ و عەدڵ و نـوکتەزانی
نیـیە بـۆ ئەم لە سـەر ئەم هەردە سـانی
لە سـایەی خوێنـدن و نـووکی قەڵەم بـوو
کە بـــۆ مە لابەری دەرد و ئەلەم بـــوو
هەتـا مـاوە دەر و دەشـت، کێـو و وادی
بمێنـــێ پێشـــەوای ئـــێمە بە شـــادی

## ٨- گوڵی پشکووتوو (شیعر)[(١)]:

ئەی گەلـــــی کـــــوردان، براکـــــانم
ئەی جگەرســـــۆزەکان، ڕوح و گیـــانم
لاوە خوێنپاکەکـــانی چابـــک و ژیـــر
پیرەمێردانـــی خێـــوی هـــۆش و بیـــر
ئەی کەســـــــانێکی ئەوڕۆ ئـــــــازادن
دەم بە خەنـــدە و بەکەیـــف و دڵشـــادن
لە بڵێنـــــدان دەبینـــــدرێ ئـــــالاو
لە گەرووی دوژمنـــانوو کـــرد تـــالاو
هـــیچ دەزانـــن کە نیشـــتمانی کـــورد
بێشـــکەی ئـــابڕووی کـــوڕانی کـــورد
لە برازجـــــانەوە بـــــۆ ســـــنجارا
هەر لە ئەنتـــــــابەوە هەتـــــــا زارا
قـــارس و بـــایز، تەواوی ئەو خـــاکە
مەوتەنـــی کوردەکـــانی خوێنپـــاکە
ئێـــوە دەســـتن بەنیســـبەت ئەو بەدەنە
دەســـتێ ڕزگـــارە لەو هەمـــوو وەتەنە
هەر لە سـەر تـا بە پێی وەتەن یەخسیر
دەســـتی هـــاتۆتە دەر لە ژێـــر زنجیـــر
ئەوی ئـــازاد و شـــادە یەک دەســـتە
کەچـی سـەرگەرمی خۆشـییە و مەسـتە
چـۆن دەبـێ دەسـتێ وا بە کەترەخەمـی

---

(١) هەژار، ڕۆژنـــامەی کوردســـتان، بـــڵاوکەرەوەی بیـــری حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢٢، ١٣٢٤، ل ١.

ڕاکشــێ و بــۆ بەدەن نەبــێ ئەلەمــی
دەبــێ تــا هێــزی مــاوە ئەو دەســتە
تــا ڕەگ و خــوێنی خــاوەنی هەســتە
ڕابــــێ، تــــا ڕەهــــا دەکــــا بەدەنــــی
کورد دەبێ گیان بدا لە ڕێی وەتەنی
کــوردەواری بەهەشــتی دونیــا بــوو
داخەکەم ســەردەمێک بــوو فەوتــابوو
لە بەهــــاری ســــوڵح، لە ئەم بــــاغە
گــــوڵێ پشــــکووتووە؛ کە ســــابڵاغە
بە هومێـــــدم کە ڕیشـــــاژۆ کـــــا
بە گــــوڵان کــــوردەواری تــــاپۆ کــــا
لاوە خوێنپاکەکــــانی خوێنشــــیرین
ئەو دوعــــایەی دەکەم، بڵــــێن ئــــامین؛
ڕەببی هەر کەس لەبەر تەمای نەوتی
خــاکی مەی کــرد لەتــلەت و زەوتــی
نەوتــی پێــدا بکەیــن و گــڕ بگــرێ
گــــڕی زوڵمــــی لە گێتیــــدا بمــــرێ

## ٩- لە کوێی ببەستمەوە (وتار)[١]:

جارێ کابرایەکی سوار بە بەر دەرگایەکدا ڕادەبرێ، خاوەنی ماڵ خولقی دەکا کە بۆ لا نادەی (لادە) سوار دەس‌بەجێ دادەبەزێ و دەڵێ ئەسپەکەم لە کوێ ببەستمەوە؟ خاوەن ماڵیش کە هیچ چاوەنۆڕی دابەزینی نەدەکرد و بە ملی داهات بوو وتی: بێنە دەزمانی منی بخە. ڕۆژێ کە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان پەیمانی ئاتلانتیکیان دەنووسی، هێندێک لە دەوڵەتە ئیستیعماریەکان پێیان وابوو ئەوەش وەک درۆی هەزار ساڵە بۆیان بۆز دەخوا. هەر بەسەری زمان فەرمویەک دەکەن و پێکی دەهێنن و هەر بە ئافەرینێک ملی گەلە بچکۆلەکانی دنیا دەشکێنن، ئیدی نەیاندەزانی ئەوڕۆ درۆ لە برەو کەوتووە. کەس بە فێڵ و تەڵەکە هەڵناخەڵەتێ، نەیان‌دەزانی کە لە دنیای ئەوڕۆدا دیمۆکڕاسی بە ڕاستی و ئازادی بێ پێچ و پەنا وەک بە گوێیانی هەڵکێشی یەک ڕۆژەی دوو ڕۆژیە.

نەیدەزانی کە دەوڵەتێکی وەک شووڕەوی هەیە کە درۆ دەئامانجی وی دا نییە! و هەموو کەس ناچار دەکا، هەر بەڵێنییەکی داوە دەبێ پێکی بێنێ نەیدەزانی کە هەموو گەلێک وەک ژەنگەسوورە هووروژاون و دەیانەوێ لە ئازادی بەهرەیان بێ.

ئەمڕۆ کە دەبینن هەموو نەتەوەکانی ڕووی زەوی ئازادی بە ڕاستیان دەوێ، دەبینن هندوستان چیدی بە شێخ و بت و لەقەب نازێ،

---

(١) هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢٣، ١٣٢٤، ل ١.

دەیەوێ دەسترەنجی خۆی کە بەشی هەموو دنیا دەکا بۆ خۆی بیخوا و لە برسان نەمرێ.

دەبینن میسر و سوریە و لوبنان دەیانەوێ بە خۆشی خۆیان لەبەر پەیمانی ئاتلانتیک بنووسنەوە، بیکەنە تیغبەند و گوللەبەند بۆ ڕۆڵە خۆشەویستەکانیان.

دەبینن جاوە خەریکە چای خۆی بۆ خۆی دەم کا و ئاپۆرەی لێ پەیدا نەبێ، دەبینن ئەندۆنێزی بە تەمایە بە هۆی پەیمانی ئاتلانتیک لەبەر ڕوناکایی نەفتی خۆی دانیشێ و چیدی شەوکوێری نەگرێ.

دەبینن ئەو کوردە هەژارەی کە چەند ساڵە بە فڕ و فیشاڵ هەڵیان خەڵەتاندوون بە تورک و عارەب و فارسەکان خوێنیان دەمژن و بۆ خۆشیان نەفتەکانیان کە مایەی ژیانە وەک شەراب دەیخۆنەوە. بەو پەیمانە ئاهێکیان دێتەوە بەر و داوای ژیانی سەر بە خۆ دەکەن.

پێیان بڵێی بە هۆی خولقی تۆ دابەزیوم، ئەسپی ئازادی لە کوێ ببەستمەوە ناچار دەڵێ دە زمانی منی خە، لێم سوورە بیزانیبا درۆ و دەلەسەی بۆ ناچێتە سەرێ بە باسی سەروماڵی تەواو بوبایە و ئەو پەیمانەی ئیمزا نەدەکرد. خۆ تازەش چل و مل بە ئەستۆی داهاتووە، پێی خۆش بێ و پێی ناخۆش بێ و گەلە بچوک و دیلەکانی پێ قوت نادرێتەوە _ بەرقەرار و دەسرۆیی بێ دیمۆکراسی بە ڕاستی و ئەوانەی کە لاگیری دیمۆکراسین.

## ١٠- دەمم تەڕ کە بە مەی ساقی بە دیتنت (شیعر)[١]:

دەمـــم تەڕ کە بە مەی، ســـاقی، بە دینـــت
بینـــاییم ڕوون کەوە ســـاتێ بە دینـــت
بەنـــاوودوا دەســـم بـــاوێژە ئەســـتۆ
وەنەوشـــەی خاڵەکانـــت تێـــر بـــکەم بـــۆ
لە بـــاغی باغەڵـــت بـــا ڕێـــی دەســـم بـــێ
لە دەس بگـــرم بە شـــادی ســـێو و هەرمـــێ
بە قاقـای پێکەنـین گـوێ پـڕ کە، دڵ خـۆش
دەمـــی خەم بـــا ببـــێ یەکجـــێ فەرامـــۆش
بە مـن چـی حـۆری، مەیلـی تـۆ لە لام بـێ
بەهـــارم بـــۆ چیـــیە زســـتانی وام بـــێ
چ پێویســـتێکە ڕەنگـــی گـــوڵ ببیـــنم
دەکەم ســـەیرانی ئـــاڵای ســـوور و شـــینم
تماشـــای داری ئـــاڵای کـــوردی ئـــازاد
بەقوربـانی دەکەم سـەد سـەرو و شمشـاد
کە ڕێبەنـــدان دەمـــی خۆشـــیی دڵانە
چ کـــارێکم بە مەڵبەنـــدی گـــوڵانە
بەهەشـــت ئـــاواتەخوازە بێگومـــانم
بکـــا ســـەیرێکی دەشـــتی نیشـــتمانم
وەتەن وەختـێ ئەسـیر و سـەرنەوی بـوو
لە خۆشـیدا بەهەشـتی سـەر زەوی بـوو
لەمەدوا چـۆن دەبـی ئەی لانکـی شـێران

---

(١) هەژار، ڕۆژنـامەی کوردسـتان، بـڵاوکەرەوەی بیـری حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢٤، ١٣٢٤، ل ٦.

که ئـازاد بـووی له چنـگ فاشیسـتی ئێـران
بینـــایی و پێشـــەوای کـــوردان له ئـــامێز
دەبینـــی و ڕۆڵەکـــان پێشـــمەرگەن و هێـــز
خـــــودا بۆمـــــان بهێڵـــــێ پێشـــــەوامان
بەوی دوژمـــن زەلیـــل و بێـــنەوا مـــان
ســـتالین بەرقەرار بـــێ چـــونکه مـــاکەی
هەمـــوو چـــاکەی ئەوە و هێـــزی ســـوپاکەی
هەژار شـــێعرت هەمـــوو ســـێحری حەڵاڵە
له نـــاو کـــورددا نەبـــێ، ابـــوا وا محـــاڵە

## ١١- تفی سەر بەرەوژوور (وتار)[1]:

بە ڕاستی ئەو پێشینیانەی ئێمە خوا لێیان خۆش بێ فەرمایشتی زۆر بە کاکڵ و پڕ نێو و نرخیان فەرمووە، ئەگەر پیاو بیر دەکاتەوە زۆر لەو وتارانەی کە گووتایانە وەدی هاتون ئەوی نەشهاتبێتە دی پیاو تۆزێ- چاوەنۆڕی بکا، وەدی دێ. تەنانەت ئەمن پێم وابوو ئەوەی کە کوتویانە (قەل بە قەل دەڵێ ڕووت ڕەشە) هەر کوتەیە و لەسەر هیچ بنچ و بناوانێک دا نەمەزراوە هەرگیز نایەتە دی.

لەو ڕۆژانەدا چاوم بە ڕۆژنامەی ژمارە(٤٧١ ایران ما) بەروار (٥ اسفند) کەوت لە ژێر وتاری بە نێوی (ترکها برای ما نوحه سرایی میکنند) باسێکی لە ڕۆژنامەی (تصویر) چاپی ئێستەمبۆل بەرواری ١٧ ژانویە ١٩٤٦ کووتبووە. سەرم سووڕما و حەبەسام.

جەهاد بابان هەڵسوڕێنی ڕۆژنامەی ناوبراو نووسیبووی (هەرایەکی کە لە ئازەربایجان و لە سوچ و قوژبنی ئێراندا هەڵایساوە بەری، کردەوە و ئاکاری خراپی کاربەدەستانی ئێرانە. ئازادییان لە تیرە و ڕەگەزەکانی غەیرە فارس دارنیبوو، نەیاندەهێشت بە زمانی خۆیان بخوێنین یا بدوێین. دەستیان دە هیچ کاروباری حوکماتی دا نەبوو، بۆیە ڕاست بوونەتەوە و پەنایان بۆ دەوڵەتی شووڕەوی برد و ئێستە ئازادی خۆیان داوا دەکەن) سەری زمانی خۆم گەست و هەزار دوعای بە خێرم بۆ کابرا کرد کە ئەمەی گوتووە و ئەوڕۆ بێ لار و چەوتی بیستم قەل بە قەل دەڵێ ڕووت ڕەشە.

---

(١) هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢٦، ١٣٢٤، ل ١، ٤.

شتێکە ئاشکرا و هەموو کەس دەزانێ فارسەکان لەو بابەتەوە لە چاو ترکەکانی عوسمانی چەند ڕوسپین و مابەینیان ئاسمان و ڕیسمانە.

فارسەکان نەیاندەهێشت ئەوی فارسی نەبێ بنووسرێ و بخوێندرێتەوە، ئیدی لەدوان بە غەیری فارسی نەدەدوان، پوڵیان لە خەڵک دەستاند. وڵاتی ئازەربایجانی و کوردیان وێران دەکرد بۆ ئاوەدانی شاری خۆیان. ڕووی خۆشیان بە کەس نەدەدا، بە چاوی سووک و نۆکەری بێ خەڵات و بەرات تەماشای ئازەربایجانی و کوردیان دەکرد. هەرچی سەری نەفەسی هەڵاویتایە دەیان گرت و جەزایان دەدا. هەر کەس هەر چەند لە بابەت فارسانەوە بدوێ بە جێیە، بەڵام ئەگەر هەموو کەس بکا دەنگێ دەبێ تورک بچنە بن بێژینگێ. نازانم چۆنیان لە ڕوو هەڵاتووە چۆن داناڕزن؟ چۆن هێندە بێشەرم و شورەیین؟ ڕوویان هەڵاویشتووە و لەسەر خۆیان ڕا باسی ئێران دەکەن! وەک ئێران ئازەربایجانی و کوردی هەیە، ئەو لەوێ زیاتر کورد و ئەرمەنی هەیە.

هەر کەس غەیری ترکی بڵێ یا بنووسێ بە دار دارکاری دەکرێ و دەکوژرێ، دەبەر کردنی جلکی خۆیان گوناحێکە نابەخشرێ لەسەر ئەوەش ڕا ساڵ نییە قەسابییەکیان لێ دانەمەزرێنن و لێیان کەم نەکەنەوە. فارسەکان پوڵیان دەستاند، ئەوان گیان دەستێنن. فارس بە چاوی سووکیان تەماشا دەکردن ئەوان بە ژیانیشیان قایل نین.

بەرجەوەندی زوڵم و زۆر و خوێنمژی فارسەکان دەگەڵ ترکان بکەی وەک لە کێوێک و کایەک و تنوکێک لە دەریایەکە، بەڵام ئەمن پێم وانییە ڕۆژنامەنووسێکی وا زرینگ هێندە بێ سەلیقە بێ زوڵمی تورکانی نەدیبێ و شاڵاوی بۆ فارسان بردبێ؟ بەڵکوو دەڵێم: جەهاد بابان

تێگەیوە کە بناغەی زوڵم و زۆر لەسەر ئاوە و حوکومەتی بلەوەزی و دیکتاتۆری وەک سەگی هار چل شەو دەژی و پیاڵەی خوێنمژی بوو لەسەر ڕێژ دەکا.

جەهاد بابان بە بیرێکی ڕوون و ژیرانە ئەستێرەی ترکان سەر بەرەو ژێر دەبینێ و دەزانێ زۆر بە زوویەکی زوو ئەو نەتەوە دیل و یەخسیرانەی کە ترک خوێنیان دەمژێ هەڵدەپەڕنەوە و بەری کردووە و زوڵمی چەند ساڵەیان دەمستی دەنێن.

دەزانی دنیای دیمۆکراسی دڵی هەڵناگرێ چیدی ئەو قەسابیەی لە پێش چاو بکرێ.

نووسەر نەشوێراوە ڕاستەوڕاست بە تورکان بڵێ وەک مەسەلەی بووکێ دەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ. شانەی تورکانی دەسەری فارسەکاندا شکاندوە و هەموو کەس لێی سورە دەڵێ چی.

(هەژار)

کوردستان: جهادبابان لە وتارەکەی خۆیدا لە غایەتی بێشەرمی دا حەملە بۆ شووڕەوی دەکا و چەندین ئیفتیرا و بوختانی بەو دەوڵەتە دێمۆکڕاسیە بەڕاستیەوە بەستووە... وا تێدەگا کە دونیا لە بیری چۆتەوە کە لە ساڵەکانی ئاخری شەڕدا تورکەکان هاوپەیمانی ئاڵمان و ئیتالیای دەستدرێژ بوون. ئەو وا تێدەگا کە دونیا لە بیری چووە کە ئۆردوی تورکییە لە وەختێک دا ڕووسییەی سۆسیالیستی سەخت سەرگەرم و گرفتار بوو خیاڵیان بوو بە یارمەتی هیتلێر و دەستووری فۆنبابن پەلاماری ئازەربایجان و قەفقاز بدەن.

ئەو وا حاڵی دەبێ کە کوشتنی دووسەد هەزار کەس کوردی ئازادیخواز لە دیاربەکر و سەربڕین و لە دار دانی چەند هەزار کەسی

زانا و دوکتور و شێخ و مەلای کورد! و کوشت و کوشتاری کوردانی ئازادیخوایزی ئاراڕات و زگدڕین و پێل پێل کردنی ژنان و منداڵانی وان و ئاور تێبەردانی شارانی شەمزینان و دێهات و عەشایری دەوروبەری ئاراڕات و دەربەدەر کردنی کوردانی بارزان بە دەسیسەی ئێستعمار و چنگ بەسەردا کێشانی نیشتمانی ٤ ملیۆن کوردی تورکیە و مەجبور کردنی هەموان کە بە زمانی تورکی بخوێنن و بنووسن واوەوان بە تورک لە قەڵەم دان لە بیر خەڵکی دنیا چۆتەوە و لە مێژوودا نەنوسراوە!!

وا گومان دەکا دنیا لە بیری بردووە کە تورکەکان چیان بەسەر ئەرمەنییەکان هێناو شارەکانی ئەوانیان داگیر کرد.

ئەو وا خەیاڵ دەکا دنیا لە بیری بردووە کە تورکییە مەرکەزی جاسوسانی ئاڵمانی بوو و لەوێڕا بە دوژمنایەتی موتتەفیقین شەو و ڕۆژ دەکرا.

ئەو خەیاڵ دەکا کە دوژمنایەتی تورکیە دەگەڵ ئازادی و دێمۆکڕاسی فەرامۆش کراوە. ئەو گومانی وایە هیچکەس لە واقیعەی ٤ دێسامبر کە لەو ڕۆژەدا بە هاندانی دەوڵەتی تورکیە دانشجویان بە اداری ڕۆژنامە ئازادیخوازەکانی تورکیەیان پەلامار برد و چاپخانەی شەوانیان دەگەڵ خاک یەکسان کرد، خەبەردار نییە.

جیهادبابان بێهودە هەوڵ دەدا کە ڕووسیەی شووڕەوی سوسیالیستی بە موتەجاویز لە قەڵەم بدات، بە خۆرایی هەوڵ دەدا کە لەبەر ئەوەی ئەرامەنەی شووڕەوی (فارس) و (ئەردەهان)یان لە تورکیە دەوێ دنیا بۆ دوژمنایەتی شووڕەوی بانگ دەکا.

بزانن ئەورۆ حوقەبازی نەماوە، دەموکراتی بە ڕاستی غالیب بووە، دەبێ بزانن ئەو مەملەکەتانەی کە بە زۆر دەژین چۆکی خۆیان ناوە نیشتمانی کۆن و ئێستای میللەتی تاریخی و گەورەی دنیان و ئەوان بە کوشتن و زوڵم و زۆر دایان گرتووە، ڕۆژێکیش دێ کە ئیحقاق بگرێ.

محەممەد حەمیدی

## ١٢- بۆ هاتنەوەی زەبیحی و دڵشاد و قادری (شیعر)(١):

فریشــتەی خۆشــی، ســەرچاوەی ســروور
بــــــــــــــــابی هەژاران، ئەی..........
نــازانم تــۆ چــی، لە چــی خوڵقــاوی
گیــانی شــیرینی و بینــایی چــاوی
ڕۆشنفکریشــم ســەرم ســوور مــاوە
مــاکەی خوڵقانــت کــام گــڵ و ئــاوە
نانــا تێگەیــیم؛ وەختــێ کردگــار
بەزەیــی داهــات بە کــوردی هەژار
ئیــرادەی فەرمــوو کــورد نەبــڕێتەوە
تووشــی خۆشــی بــێ، ببــووژێتەوە
لە خــاکی ســەری کــوردی خاکبەســەر
لە ئــاوی چــاوی لاوی دەربەدەر
تێکەڵــی کــردن تــۆی هێنــا بەرهەم
بــۆیە هەر ڕوحمــی بۆمــان هەمــوو دەم
چــاکەی تــۆ بــۆ مە گەیــوەتە پــایەک
ســەد زمــان بیڵــێ، لە کێــوە کــایەک
مــیللەت ڕزیبــوو بە زینــدان و بەنــد
ڕزگــارت کــرد و مەدرەکــت بــۆ ســەند
بەری کەوشــی تــۆ بــاڵی هومــایە
شــاهیدن بــۆ مــن ئەو ســێ بــرایە
زۆر جزیــات کێشــا تــا دەرچــوون لە بەنــد
بە دیــداری وان ئــێمەت کــرد خورســەند

(١) هەژار، ڕۆژنــامەی کوردســتان، بــڵاوکەرەوەی بیــری حیزبــی دیمــوکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢٦، ١٣٢٤، ل ٢، ٣.

بیـــژەن کە تـــۆم دی بـــڕوات ببـــێ پـــێم
جێژنـــــی ئیســــتقلال تــــازە بـــۆوە لـــێم
دڵشــاد هەر شــاد بــی وەک شــادت کــردم
لە زینـــــــدانی خەم ئـــــــازادت کـــــــردم
پیـــاوی ئـــازا و ژیـــر بەخێـــر بێـــتەوە
دوامــــــین گریـــــــی دڵ بەو دەکــــــرێتەوە
ئێـــوە خۆتـــان نـــا لە پێنـــاو مـــیللەت
بـــۆ ئـــێمە دیتـــوو ئـــازار و زیلـــلەت
پێتـــــان دڵخۆشـــــە دایکــــی نیشــــتمان
ڕووســوورن لە ڕاست نــامووس و ویجـدان
کۆتــایی و نەکــرد بــۆ ســـەربەرزیی گەل
بەڵان ڕووی ڕەش بـــێ لێـــی قڕانـــدن قەل
قـــڕەی قەل ئێـــوەی خســـتە زینـــدانێ
ئەوەش ئینتقـــــــام دەردی دەزانـــــــــێ
یـــاخوا هەر بـــژی پێشـــەوای عەزیـــز
ســـەرۆکی گەورە، ســـەربەرز و بەڕیـــز
شـــادە کـــورد هەتـــا پێشـــەوا هەیە
خـــودا شـــادمان کەی تـــا دنیـــا هەیە
بـژی هـۆردووی سـوور بە فەتـح و زەفەر
وەک بـــۆ هەژاران خـــۆی کـــردە لەمـــپەر

## ١٣- تەپڵی سەربەخۆیی (شیعر)[١]:

جێژنـــــی شـــــاروران لە شـــــار ئـــــاوەدان
ڕەببـــی پیـــرۆز بـــێ لە دایکـــی نیشـــتمان
تـــاکوو ئێســـتێ خـــاکی کوردســـتان، بـــرام!
نێـــوی گەورە و شـــاری وێـــران بـــوو لە لام
خـــوا شـــوکر ئەمـــڕۆ لە ســـایەی شـــووڕەوی
خـــاکی کـــوردان بـــۆتە بـــووکی ســـەر زەوی
شـــاری ئاوامـــان هەیە و نێـــوی بەســـام
پـــاکی بـــۆ یەکتـــر بـــراین و خـــاڵ و مـــام
لاو دەکۆشـــن، شـــێخ دوعـــای تەوفیـــق دەکەن
واتە بـــا بـــێن تـــورک و عـــارەب دیـــق دەکەن
هەر کە گـــۆڕا نێـــوی عاشـــیرەت بە کـــورد
کـــورد نیـــیە کـــورد و تەواوی بـــۆتە گـــورد
دوێنـــێ نەیـــدەتوانی هەڵبێنـــێ ســـەدا
ئەمـــڕۆ تەپڵـــی ســـەربەخۆیی لێـــدەدا
پـــۆلی پێشـــمەرگان ببینـــێ دوژمـــنم
بـــا بڵـــێ لەل؛ تـــاکوو مـــۆخەی هەڵچـــنم
هەر بمێنـــی بـــۆ هەژاران پێشـــەوا
تـــۆ دەکەی دەردی گەلـــی کـــوردی دەوا

---

(١) هەژار، ڕۆژنـــامەی کوردســـتان، بـــڵاوکەرەوەی بیـــری حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣٠، ١٣٢٥، ل ٢.

## ١٤- مانگی بانەمەڕ (شیعر)[١]:

مـــــــانگی بـــــــانەمەڕ لە کـــــــوردەواری
بەهەشـــت لە دنیـــا خـــۆی داوە دیـــاری
کەژ پۆشـی لە گـوڵ چـادری سـوور و زەرد
هـــاڕەی هەڵـــدێران دەرمـــانە بـــۆ دەرد

## ١٥- جۆزەردان (شیعر)[٢]:

ڕەنجـبەر بـا بەس بـێ سـەیری گوێسـوانان
لەدەســـتی تـــۆیە چـــاوی ئەعیانـــان
وا جـــــۆزەردانە و کـــــۆچی بەهـــــارە
ســـەرەتای ڕەنجـــی مـــامی جووتیـــارە

(١) هەژار، ڕۆژنـــامەی کوردســـتان، بـــڵاوکەرەوەی بیـــری حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٤٧، ١٣٢٥، ل ٤.
(٢) هەژار، ڕۆژنـــامەی کوردســـتان، بـــڵاوکەرەوەی بیـــری حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥١، ١٣٢٥، ل ٢.

## ١٦- ئیستیقلالی کوردستان (وتار)[(١)]:

تەرجمە لە ایران ما

وەرگێڕ: هەژار

کوردان هەتا بە ئارەزوی خۆیان نەگەن دەس هەڵناگرن.

لە مجەلەی ئێکۆنۆمیست

گۆواری ئێکۆنۆمیست چاپی لەندەن کە یەک لا کەرەوەی بیری حیزبی مەحافزە کاری ئینگلیسە، مەقالەیێکی لە ژێر عینوانی سەرەوەدا بڵاو کردۆتەوە. ئەگەرچی زاهیرەن زۆر پێچەوانەی حیزبی مەحافزەکاری ئینگلیسە. ئەوەیە تەرجمەی مەقالەکە.

تەرجمەی ئالبێرت بێرناردی

کورد و ئەرمەنی لەو گەلانەن کە دەپێناوی سیاسەتی تەواوی جەنگی عومومی پێشوو نران و کرانە قوربانی بۆ ئەو ڕێگە بە پێچەوانەی شەرت و پەیمانێکی موتتەفیقین دەگەڵیان کردبوون:

مەسئەلەی کورد و ئەرمەنیان لە بەرامبەر زلی و بە هێزی مستەفا کەماڵ پاشا و قسە ڕەسەرکەوتنی لورد کرزن لە کۆنفرانسی لۆزاندا کە توانی لە نێوانی تورکیە و شووڕەوی دا مابەینێکی تاریک و نێوانێکی سیاسی ئیجاد بکا لە بیر چووە.

ئەوانەی کە بۆ پاراستنی قازانجی خۆیان ئەو کارە سیاسیە بێ شەرمانەیان کرد، لە نەزەر واندا گەلی کورد ئەو ئیلە چیانشینە و ئەو

---

(١) ایران ما، وەرگێڕانی: هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٨٧، ١٣٢٥، ل ١، ٣.

مهاجره ئەرمەنیانەی کە بە هەزار کوێرەوەری و دەردیسەری بەڕێ دەچوون. نەیان دەتوانی زەرەرێکی لە وان بدەن یا ببێتە پێشگری هیچ قازانجێکی وان.

لە پەیمانی سوردا کە ترکان هیچ بەو پەیمانە قایل نەبوون، قەرار درابوو کە حوکومەتێکی خودموختار و دەگەڵ پێک هێنانی چەند شەرتێک، مەخسووسەن ئیستقلالی تەواو بە کورد بدرێ. هەر ئەو پەیمانە دوای سێ ساڵ لە مەجلیسی لۆزان دا دیسان تەماشایان کردەوە، هیچ باسێکی لە کوردان تێدا نەبوو. ئیدی ئەو جار کورد بوونە ڕەعیەت و ژێردەستی تورکیە و عێراق و ئێران و سوریە و هەتا ئێستا هەروا ماونەوە، بەڵام دیسان کورد لە کۆنفرانسی سوڵحی پاریسدا هاتەوە کایە و لەسەر سەحنەی سیاسەت خۆی نیشانی دنیا داوە. ئێستا وەنەبێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کێشە هەر لەسەر عەرەب و جولەکان بێ، بەڵکوو مەسئەلەی کوردیش سەردەمێکە زۆر زل بووە و هەموو مەحافلی سیاسی بەخۆیەوە خەریک کردووە.

کورد وەک جولەکان نین کە لە هەموو جێی دنیایە ئەقەلیەتیان ببێ و بۆ ئیستقلالەکەیان پشتیوانان زۆر پەیدا بکەن، بەڵام ئەوانیش شتی وایان هەیە کە زۆر مۆهیمیان بکا و کۆمەگی دەوڵەتانی گەورەیان بۆ تەئمین بکا وەک پشتیوانی ئیتحادیەی ئەعراب لە کورد.

بە ڕاستی کوردان توانیان ئەو ڕێ و شوێنەی دەوڵەتی ئینگلیس و فەرانسە دوای شەڕی پێشوو بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایان نابوو بە تەواوی وەریگێڕن و ڕێوشوێنێکی تازە بێننە ڕوو.

وڵاتێکی کە ئەوڕۆ کورد داوای دەکەن، چەند بەشێکە لە خاکی ئەسڵی کوردستان و هەر وەک داسێک لە دەریای مدیتەرانەوە بۆ لای

حەڵەب و لەوێرا هەتا خانەقین و شیمالی بەغدایە درێژتر بۆتەوە بەشی خاریجی ئەو داسە لە جنوبی شەرقیەوە تا شیمالی خاکی تورکیە ناپسێتەوە، گۆلی وانیش لەو نێوە دایە و هەتا ئەرمنستانی شووڕەوی تا نیزیکی شاری ئیرەوان دەڕوا، ئەو جارە بۆ لای جنوب یانی بۆ شیمالی ئێرانێ دێ و پڕ پیت و بەرەکەت و بەرێژەوتر مەزرای ئێرانی کە دەوروبەری گۆلی ورمێیە بەری دەکەوێ. ئەو خەتە لە قەراغ میاندواوەوە بەرەو قیبلە بۆ لای خانەقین دەڕوا و لە خاکی عێراقیشدا دەگەڵ ئاوەڕۆی زێی دیجلە دەچێتە پێش و کانگا پڕ لە نەفتەکانی مووسڵ و کەرکوکێ لە باوەش خۆی دەگرێ و دیسان ئەوبەشی جێ نەفتی جنوبی ئێرانی کە هێشتا ڕەنێو نەهاتوە، ئێدعای کوردانی تێدایە.

لەو وڵاتەدا کە لە حدودی سەدهەزار میلی مورەبەع دا دەبێ لە ٧ ڕا تا ١١ ملیۆن خەڵکی تێدا دەژی، میللەتپەرەستەکانی کورد ژمارەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە ٨ ملیۆن دادەنێن. بەڵام ڕەنگە عیددەی وان لە ٣ تا ٤ ملیوێن زیاتر نەبێ.

بە قسە و عەقیدەی ئەوانەی بێ تەڕەفن کوردان لە هەر دەوڵەتێکی دا کە هەن کۆمەڵەی زلزل و بە کاریان دروست کردووە. ژمارەی کوردان لە تورکیە ملیۆن و نیوێک و لە ئێرانێدا ٥٠٠ هەزار و لە عێراقێدا ٨٠٠ هەزار و لە سووریە ٢٥٠ هەزار و لە ئەرمنستانی شووڕەوی ٢٠٠٠٠ کەسن.

سازبوونی حکومەتی مللی کورد

لەسەر ئەو حیسابە دەبیندرێ کە کورد هێندە بچوک نین کە پیاو بە هیچیان دانێ بۆ چی؟ ئەگەر لە زۆر و کەمیان پرسین، قەومێکی زۆر و قابلی توجهن و ئەگەر لە چلۆنایەتیان بکۆڵینەوە دەبینین کە کورد لەو

چەند مانگی دوای‌دا لە ناکاو بە شکڵی عاملێکی زۆر بە کار و سیاسی هاتنە مەیدانی سیاسەتەوە و گریَوگۆڵێکی زلیان دەکاری دنیا خست و هەراو هەنگامەیەکی گەورەیان بەرپا کردووە.

ویستا لە شیمالی غەربی ئێراندا حکومەتێکی مللی کورد ساز بووە و دەگەڵ حوکومەتی مللی ئازەربایجان بۆتە یەک و پەیمانێکی نیزامی لە گەڵ بەستووە.

سەرەک وەزیری حکومەتی مللی کورد بە نێوی ئەندامی هیئتی نمایەنـدەی ئازەربایجـان بـۆ گفتگـۆ دەگەڵ کاربەدەسـتانی مەرکەزی ئێرانـی بـۆ تـارانێ چـووە. کـوردان لە پـاش بەسـتنی قەراردادی لـۆزان توشـی گـۆڕان و هەڵگێـڕ و وەرگێـڕی زۆر بـۆن و مەرامـی یەکیەتـی میللیەت لە نێو ئەوانـدا زۆر بە هێزتر بووە.

میللەتی کورد لە ڕۆژێکەوە دێنە دنیا و هەموو ئازا و شەڕکەر و نەترسن لەبەر ئەوە خەیاڵ ناکرێ ئەو هەلە لە کیس خۆیان بدەن.

پێموایە زۆر سەهوە ئەگەر بڵێن هەرای کوردان مانۆرێکی سیاسی دەوڵەتی شووڕەویە، کاربەدەستانی کوردانیش ئەو تۆهمەتانە سەخت تەکزیب دەکەن. یەکێ لە پێشەوایانی کورد حلمی‌بەگ دەڵێ: ئەو جارە کوردان قەراریان داوە هەتا بە ئارەزوی خۆیان دەگەن لە تێکۆشین و مۆبارزە دەست هەڵنەگرن.

ڕەنگە کورد سەیارەی سیاسەتی ئاسیایی بۆ دەوڵەتی شووڕەوی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابن، دەگەڵ ئەوەش مەعلوم نییە دۆستایەتی و هاموشـۆیەکی زۆر لە نێـو ئەوان و کـورد دا بـێ. کـوردان لە گەڵ ئەوەش لە شـەڕی گەورەی ڕابـردوو دا لە یاریـدەدان بە مـۆتەفەقین زۆریان تەجروبەی تاڵ دی، دیسان لەو شەرەشدا زۆر بۆ مۆتەفەقین

بە وەفـا و خزمەتگـوزار بـوون. ئەوان لە سـاڵی ١٩٣٩ دا قەولیـان بە ژێنـڕاڵ ویێکانـدا کە بە هـیچ جۆرێـک ئەسـبابی زەحمەتـی فەڕانسـەویان پەیـدا نەکەن، دیسـان لەو دەمیـدا کە هێنـدێک لە خەڵکـی عێراقـی سـاڵی ١٩٤١ بەسەرکردەیی ڕەشـیدعالی گەیلانـی یاغی بوون، کوردان ڕەگەڵ ڕەشـیدعالی نەکەوتـن و ئێسـتاش دەبینـین کە دەگەڵ کـۆمەڵی عەڕەب قازانجیـان شـەراکەتە و زۆر بـاش دەتـوانن لە یـاری دەی دەوڵەتـی ئینگلیس بەشدار بن.

چۆنییەتی کوردان لە تورکیەدا بە چاکی مەعلوم نییە، سەنگەرێکی ئاسـنین بە دەورەی کوردسـتانی تـورکیەدا کێشـراوە. ئەوی ئـێمە خەبەرمان هەیە ئەوەیە کە لە ساڵانی١٩٣٠ و ١٩٣٧ و ١٩٣٨ لەشکەری تـورکیە بە زدایەتـی وانـی کە بەری کـوردان دەسـتی بە کـار کـرد. لەو دەمیدا جەلالبەگ وەزیری کیشوەری تورکیە خەبەری دا کە مەسئەلەی کورد لە تورکیەدا هەر نییە. دوای ئەو تـاریخە کوردان وجودی خۆیـان لە تـورکیەدا بە ڕەسـمی نەک بە عەمەلـی لە دەسـت دا، بەڵام دەبێ ئەو نەمانەی وان ئەمانەتی بوبێ یا یەکجاری؟ ئەی هەوەلی زۆرتر وێدەچێ لەو ڕێگەوە دەتـوانین بڵێین کە زۆر مـومکینە کـورد هەوەڵـین سـەبەبی زۆرهێنانی شووڕەوی بۆ تورکیە بن.

مەسئەلەی کورد لە عێراقدا

وەک گوتمـان ٨٠٠ هەزار کەس کورد لە عێراقدا دەژین. پێشـەوای کوردی ئێرانـی کە نێوی قـازی محەمـمەدە، یەکێ لە شەخسـیەتانی زۆر بەرز و مۆهیم(گرینـگ) بـوو کە مـانگی نـوامبری ڕابـردوو لە کۆنگرەی کوردان لە باکۆیە شیرکەتی کرد. مەلامستەفا بـارزانی کە مـانگی ئوتی ڕابـردوو ڕەئیسـی هەراو شـەڕی کـوردانی عێـراق بوبـۆتە فەرمانـدەی

لەشکەری کوردی ئێران، وەک زاندراوە ژمارەی لەشکەری وی بە ٣٠ هەزار کەس دەگا. کوردی عێراقی بە پێچەوانەی قسە و ئیدعای بەغدایە لە وەزعی خۆیان ناڕازین.

ئەگەر کوردی ئێرانی لە تارانێ کۆمەگی مادیان پێ بکەن زۆر لە کوردی عێراقدا تەسیری دەکا، لەبەر ئەوە ئەوڕۆ کوردی عێراقی دەزانن کە دەوڵەتی گەورەی شووڕەوی زۆر دەگەڵیان باشە و ئەگەر لازمیان بێ هەموو جۆرە کۆمەکیان پێ دەکا.

ساڵێک لەوە پێش کە دەیزانی ئازەربایجان چییە و کۆمیتەی نەجاتی مللی وێ کێن و چن، بەڵام مەسئەلەی کوردان ئەمڕۆ گەورەتر و قەتحیترە.

لەو وەختەدا کە سیاسەتی ئینگلستان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەست بە کار بکا، دەبێ چاوی زۆر دە کوردانەوە بێ. خۆ بێتو ئەوەی جێبەجێ نەکا هیچ دوور نییە ئەو نەقشانەی کێشاویە لێی سەرنخون بێ و مۆفەقیەتێکی لۆرد کرزن لە کۆنفرانسی لۆزانوە گیری کەوتبوو، ئەوجار بێتە بەڵایەکی گەورە بۆ خۆمان-

نووسەری مەقالە هەرچەند زۆر لە ڕووی ئاگاداریەوە باسی کورد دەنووسێ، بەڵام سەیر لەوە دایە لە باسی نفوسی کورد دا یا زۆر بێخەبەرە یا خۆی لێ گێل کردووە.

بە پێویستم زانی چەند کەلیمەییێکی لەو بابەتەوە بە عەرز بگەێنم.

١- بۆ خۆی دەڵێ لە ٧ ڕا تا ١١ ملیۆن نفوس لە کوردستاندا دەژی و پێشی وایە کورد ٣ تا ٤ ملیۆنن، یانی دەبێ ئەو زیادیە بێگانە بن و لە کوردستاندا ڕایبوێرن. خۆ ئەوەش لە هەموو دنیا ئاشکرایە کە کوردان بێجگە لە مەئموری حوکومەتەکان هیچ قەومی بێگانەیان

دەنێو دا نییە و دیارە مەئمووریش بە نسبەت دانیشتووی وڵات ئەگەر سەتی دو بێ زۆرە، تەواوی دانیشتوی کوردستان کوردە و بە ئیتفاقی هەموو مستەشریقین کورد لە بەینی ۹ و۱۰ ملیۆن دایە.

٢- دەنووسێ کوردی ئێران ۱۰۰ هەزار کەسن، دەسورەتێکدا هەر کوردی قوچان ٦۰۰ هەزار و کوردی لوڕستان ٥۰۰ هەزار کەسن، ئیدی کرماشان و ئەیالەتی کوردستان و سەقز و مەهاباد و ئەترافی ڕەزائییە و شاپور و خۆی و ماکۆ و..... و... نازانم بە چەندە حساب دەکا، ئەگەر نووسەری مۆحتەرەم ئاماری کوردی ئێرانی پەیدا بکا، تێدەگا کە کوردی ئێران بە لانی کەمەوە یەک چوارەمی ئێرانی ۱۲ ملیۆنیان تەشکیل داوە.

### ١٧- میتینگی گەورەی دە هەزار نەفەری لە شاری مەهاباد (وتار)[١]:

گزینگ لە سەرانیدا هێشتا شاری مەهاباد و داوێنی کێوەکانی دەورەی دایپۆشیبوون، کێوەکانم وەک ئەو حاجیە پیرانە دەهاتە پێش چاو کە بە کەشیدەی زەردەوە وێستاون و چاوەنۆڕی ئەمری ڕەئیسی ناحیەی خۆیانن:

هەرچەند لەو ڕۆژەوە کە حزبی دیمۆکراتی کوردستان تەشکیلی بووە، هەموو ساتێکمان بەرجەستە و تاریخین. بەڵام ڕۆژ و وەخت و سەعاتی واش دێن کە فەرقێکی تایبەتی هەیە و لە ڕۆژانی دی تاریخیترن، ڕۆژی ١٣٢٥/٧/٥یش لەوان دژمێردرێ. لەو ڕۆژەدا لە پێنج لای شارەوە لە هەر لایەی خەڵکی ناحیەیەک بە سازی و بە موسەلەحی کۆبوونەوەوە لە پاش حازر و غایبی کە بە جێ هات، بە مەشق زۆر بە ڕێکوپێکی ڕوویان کردە مەیدانی عمومی چوارچرا.

تەماشاچیان لە پیاو و ژن، جوان و پیر، کچ و کوڕ هەزارەها وەک کۆ لە دەورەیان کۆبوونەوە، هەیئەتی ئەنجومەنی کوردستانیش بە ڕیاسەتی جەنابی حاجی باباشێخ (سیادەت) و بەشێکی زۆر لە گەورە گەورانی عەشایر لە حەساری حزب لە خزمەت پێشەوا دا بە سەف ڕاوەستابوون. کە هەمووی شەهامەت و مەردی و نیشتمانپەروەری لە سیمایان نەمایان بوو.

وێستا دەهەزار کەس چەکدار تەواوی سەری ساعات هەشتی بەیانی کە بە سەر وەختی میتینگ داندرابوو، لە تەڕەف حاجی مستەفا

---

(١) هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٩٢، ١٣٢٥، ل ١، ٢.

داودی مەعــاوینی ئەنجــومەنی کوردســتانەوە، میتینــگ ئیفتتــاح کــرا. بەرجەستەتر و ئەرشەد و مەحبوبتر ڕۆڵەی نیشتمانی کورد حەزرەتی پێشـەوای مـۆعەززەم وەک فریشـتەی ڕەحمەت لەسـەر تریبـوون خـۆی نوانـد. بە چەپڵەڕێـزان و هـورای زۆر بە تـین و ئێحساسـاتی زۆر بە شددەت، کە لە نێو کەم میللەتـان وەگیـر دەکەوێ لە لایـان جەمـاعەتەوە پەزیرایی لێ کرا. نوتقێکی زۆر بە تین و مەتین و پڕ پەند و ئامۆژگـاری ئیـراد فەرمـوو، کە دڵـی دۆسـتانی خـۆش و پـڕ هومێـد کـرد و پشـت و ئەژنۆی خائینانی شکاند و لەرزاند و گوێگرەکان هەر لە مابەینی چەند جوملە یەکدا بە هـۆی چەپڵە و هـورا ئیزهـاری ئیـرادەت و مـۆحەبەت و عەرزی ڕزایەتیان تەقدیم بە پێشەوای خۆیان دەکرد.

٢- هەژار مەقالە و شێعری خوێندەوە.

٣- ئاغای مستەفا داودی مەقالەی خوێندەوە.

٤- ئاغای سەرهەنگ ٢ مستەفا خۆشناو نوتقێکی بەتینی ئیراد کرد.

٥- عەبدولڕەحمان زەبیحی مەقالەی خوێندەوە.

لە مابەینی هەریەک لەو نتق و ختابانەدا سـرود و موزیکـان ئـاگری ئێحساساتی خەڵکیان خۆشتر دەکرد و ئامـادەتری دەکردن، بـۆ بیسـتنی ئەوی دی، لە سـاعاتی ١١ دوایـی میتینـگ خەبەر درا و میتینـگ دوایـی هات.

هەیئەتـی کـۆمیتەی مەرکەزی و ڕۆئەسـای دوایەر لە پێشـەوە و بە تەرتیب ئەهلی هەر پێنج نـاحیە هەر یەکە بە دوی ڕەئیس (ی) نـاحیەی خۆیـانەوە کە هەمـووی مۆسـەلەح و لە چەکانـدا خۆیـان ڕەش کردبـوو، زۆر بە ئارام و مەتینی زۆر بە نەزم و تەرتیب بە مەشـقێکی سـەربازی و بە ڕێـژە بە پـێش پێشـەوای خۆشەویسـتیان داهـاتن و بە ئەنـدازەیەک

شــەوق و کەیفخۆشــی لە ســیمایان دیــار بــوو کە هەر تماشــاچییەک چاوی پێ ڕوون دەبۆوە و بێ ئیختیار فرمێسکی شادی بەسەر ڕومەتی خۆیەوە دەدی و دڵی هەر غەمدیدەیەکی دەخستە پێکەنین و خۆشیەوە.

## ١٨- موناجاتی هەژار (شیعر) بەشی یەکەم[1]:
## کارخانەی قەندی یا سلسلەی شاهی نەقشبەندی

هـۆنەری بەناوبـانگی کـورد هەژار رازونیـاز لە بارەگـای یەزدانـی تەوانا دەکات. وە دەسەوداوێنی رابەرانی تەریقەتی نەقشبەندی دەبێت، وە لەسەر سلسلەی تەریقەت و شەریعەت و پێشەوا و رابەری عالەمی بەشەرییەوە حەزرەتی (محمد المصطفی صلی الله علیه وسلم) دەس پێ ئەکات، تا ئەگاتەوە پیری تەریقەت و پێشەوای مەزنی کورد خوالێخۆش بوو حەزرەتی (شێخ حسام الدین) نەقشبەندی.

ئیلاهـــــی! تـــــۆ بەذاتـــــی ذولجەلالـــــت
خـــودا! تـــۆبی و صـــفاتی بـــێ مثالـــت
بە حەققـــی ئەو کەســـەی فەرمـــووتە: لـــولاک
نەبـــوو مەطـــڵەب کە بـــیکەم خەلقـــی ئەفـــلاک
حەبیـــبەو مەحرەمـــــی ســـــڕری نیهانـــــت
محمـــــد(ص) خـــــاتەمی پێغەمبەرانـــــت
رســـــــل ئەســـــــتێرەن و ئەو ئافتـــــــابە
لە عوقبـــا بـــۆ شـــەفاعەت ئەو حیســـابە
کە بێـــتە بەخشـــش ئەو دەریـــای جـــوودە
پریشـــکێکی بەســـە هەرچـــی وجـــوودە
بە مـــوعجیز وەختـــی ظـــاهیرکردنی حەق
ئیشـــارێکی لە مـــانگی کـــردو بـــوو شـــەق

---

(١) هەژار، موناجاتی هەژار (کارخانەی قەندی، یا سلسلەی شاهی نەقشبەندی)، بڵاوکراوەی رۆژنامەی کوردستان، سیاسی- زانیاری- کۆمەڵایەتی- وێژەیی، بەشی یەکەم،ساڵی دووەم، ژمارە ١٠٢، ١٣٤٠، ل ٤، ٩، ١٠.

هەمـــــوو ئاحــــادی ئەوصــــافی کــــردووە
ســـــەهوم کــــرد یــــا رســـــوالله ببـــــوورە
بە ذەیلـــی وەصـــفی تــۆ ناکــا دەســـی کەس
ســزای تــۆ، نەعتــی تــۆ، قوئــان دەڵــێ و بەس
بە فەضــــلی حەضـــــرەتی بەبەکـــر صـــــدیق
کە ئەفضـــەل پــاش ئەییـــی، ئەوبـــوو تەحقیــق
هەمـــــوو ئیمـــــانی ئـــــوممەت نـــــزم و بەرزی
کەفەی ئیمـــــــــانی هەڵنـــــــــابڕن لە عەرزی
کە دۆخـــی شـــیری بــۆ کـــوفرێ نەباســـەد
کەمـــی مـــابوو، موســـوڵمان ببـــنە مـــورتەد
ئەوە ثـــــانی اثنـــــین یـــــاری غـــــار ئەو
لە ڕێـــی جـــانی جهیانـــدا، جـــان نثـــار ئەو
بە روشـــدی حەزرەتـــی مەحبـــووبی وەهـــاب
خەلـــیفەی ثـــانی، یەعنـــی ابـــن خطـــاب
خەلافەت بـــــوو بە تەشـــــریفی عمـــــر ئەو
عەبـــــایێ بـــــوو عەدالەت هـــــاتە بەر ئەو
لەســـەر بــاش گەر نەبـــوو ئەحکــامی جــاری
نـــــدایی الجبـــــل چـــــۆن گەیـــــیە ســـــاری
دەفەرمـــووێ ئەو کەســـی خیرالبشـــــر بـــوو
لە دووری مــن گەر نەبــی بووبــا عمــر بــوو
بە ئـــــازەرەو حەیـــــای عثمـــــانی عەفـــــان
تنۆکێکـــــــو لەوی دەریـــــــای عمـــــــان
بە ســــەعی و هیممەتـــی، قورئـــانی کـــۆکرد
ڕێگـــای دیـــن ببینـــی تەخـــت بـــێ کڵـــۆکرد
لە رۆح بـوورد، نەک لە قورئـان بەسیە تەعریـف
فســــیکفیکهم بــــۆی بەســــتە تەشــــریف
بە حەققـــی دەرکـــی شـــاری عـــیلم و جەوهەر

علی موشکل گوشایی دەرکی خەیبەر
نەبی فەرمووی: کەسێ مەولای ئەمن بم
ئومێدی بۆ تکای ئەولا ئەمن بم
دەبێ حوببی علی چێ کا لە دڵدا
بەسەر دڵ دەرکی بوغضی ئەو قفڵ دا
بە حەققی حەزرەتی سلمان و قاسم
کە هەردووکیان بە دۆستی تۆ دەناسم
لە ئالی مصطفی مەعدوودە سلمان
لەوێدا بوو پەیا، قەدرو محەلمان
نەوەی بووبەکرە قاسم سەر طەریقە
یەمی فەضلی گەلێ پان و عەمیقە
بە سەیدانی جحێڵانی بەهەشت
ئومێدو دۆستی ئەهلی حەوتو هەشت
بە تێبینی لە دین و خەیرخواهیی
حسن بەر پێلەقەی دا تەختی شاهی
حسین مەظلومی دەشتی کەربەلا بوو
لەسەر مولکی شەهادەت، پادشا بوو
بە ترسی رێگەیی هاتونەهاتم
دەغیل ئەی رۆڵەیی شیرینی فاطم
خوداوەندا، بە زین العابدینت
بە وەروون زەینی ئەهلی سەر زەمینت
علی رۆڵەی حسین قوطبی مەدار ئەو
لەسەر صەفحەی چنان نەقشو نگار ئەو
بە حەققی کێوو بەحری فەضلو ئێحسان
کە بۆ چاوی هەموو ئینسانە، ئینسان
دەریخست باقری کوفرو ضەلالەت
امام باقر گوڵی باغی رسالەت

بە حەققـــی جعفـــری مەصـــدوقو صـــادق
لە عیلمـــی دووکەون، پـــڕ دەســـتو فـــایق
نە جعفـر بەحـری عیلمـو قـولزومی جـوود
بە خـــامە نـــاکرێ ئەوصـــافی مەعـــدوود
بە حەققـــی ئـــالو بەیتـــی پـــاکو خـــاوێن
کە ئـــالوودە نەیـــان بـــوو، چـــاکو داوێـــن
لە داوای دیـــن بە مەردی چـــوونە ســـەنگەر
وەکـــوو کەشـــتی لە هەردی بـــوونە لەنـــگەر
بە واڵیـــی ئەولیـــا، دڵ قـــولزومی نـــوور
لە ڕاحـی عیشـقی تـۆ سەرمەسـتو مەخمـوور
طەریـــقەت بایزیـــد کـــردوویە مەعمـــوور
شـــەهی مـــوڵکی فنـــا فـــی اللهـــی طیفـــور
بە نـــوورە بەدری خەرقـــان، بوالحســـن بەو
ســـەرای ذکـــری خەفیـــی پـــڕ بـــوو لە پەرتەو
بە فەضـــلی بـــوعلی قـــوطبی یەگـــانە
بحـــاری فەضـــلی نـــا پەیـــدا کەرانە
بە خـــواجە یوســـف ئەلوەنـــدی حەقـــیقەت
بنـــاوان هەڵگـــری بەنـــدی طەریـــقەت
بە عبـــدالخالقی، خواناســـی فـــانی
لە نێـــو عـــالەم شـــەهیدە غجـــدوانی
بە عـومری روویـی کـوللی ســەعاتو تـاو
بە دووی پێغەمـــبەرا هەنگـــاو بە هەنگـــاو
بە خـــواجە عـــارفی عـــارف- ئەســـرار
بە محمـــودی گەلـــی پیرانـــی ئەبـــرار
بە جـــۆڵای تـــاروپۆی خـــاوەن تەمیـــزان
عەزیـــزی لای خـــودا، پیـــری عەزیـــزان
بە حەققـــی حەزرەتـــی بابـــائی سماســـی

طەریـــقەت بـــوو بەوی مەحـــکەم ئەساســـی
بە ئـــــــاوێنەی دڵـــــــی ســــــید کــــــلات
لەوێـــــدا دەینوانـــــد صـــــونعی جەلالـــــت
بە شـــێخی ئینســـو جنتـــی قـــوطبی لاهـــور
ڕەوا بـــوو حـــوکمی بـــۆ ســـەر ئەخـــتەرو نـــوور
ســـەری هەودای طەریـــق پـــاکی بەوی بـــوو
گەمـــێ وانـــی بحـــاری عـــارفی بـــوو
ئەوە مەرکەز، مەشـــــایخ حەڵقەیـــــی دەور
وەلیـــی ســـــەوزەگیا، ئەو بارشـــــو هەور
هەڵـــی کـــرد بـــۆ طەریـــق ڕوونـــاکترین شـــەم
لەو ئەولادی حســـن بـــوو غەوثـــی ئەعضـــەم
بە حەققـــــی پیـــــری پیرانـــــی بوخـــــارا
بـــــــوزورگیی زۆرە نـــــــاگونجێ لە زارا
شەهەنشـــــاهی ســـــەریری نەقشـــــبەندی
بەســـەرهەچی لە شـــەئنی دابـــوو، ســـەندی
دەڵـــێ: هەرکەس لە هەرچـــی دڵغەمیـــــنە
لە مـــــن داوا بکـــــا، ئەســــــپم بەزیـــــنە
لە ئەنفاســــــــی علاءالـــــــدینی، دڵســــــــۆز
لەســـــەر فەرشـــــی، طەریـــــقەی، ڕادەدا تـــــۆز
بەحەققـــــی حەزرەتـــــی یعقـــــوبی ثـــــانی
کە چەرخـــــی پێئەڵـــــێن، چەرخەمەکـــــانی
بەنـــــــاڵینی عبیـــــــدالله اطـــــــرار
لە دەرکـــــی کبریـــــات ئامـــــال و ئەبکـــــار
زمـــــان مەدحـــــی بکـــــا، شـــــێتو نەزانە
نەزیـــــــلەی ئاســـــــمانو ڕێســـــــمانە

## ١٩- موناجاتی هەژار (شیعر) بەشی دووەم[(١)]
## کارخانەی قەندی یا سلسلەی شاهی نەقشبەندی

بەحەققـــی تـــارک الـــدنیای موجاهیـــد
غەواصـی بەحـری عرفـان خـواجە زاهـد
بەدەروێشـــــی مەولانـــــای دەروێـــــش
لە فەیضو رەحمەتت بێحەد، دەچوو پێش
بەســـۆزی خـــواجەگی و رازونییـــازی
بەعیشـــقت بـــوو لە مەشـــقی رۆحبـــازی
بەمەبەســتی ســاغری صــەهبای الســتی
زەمـــانە وەک نقیمـــی بـــوو لە دەســـتی
ولایەت شــــاهدە ئەو ببـــووە رەواتـــی
لە مەوجـی عیشـق خـانی خـواجە بـاقی
بەســـەردا عێلـــی خێڵـــی خوداشناســـان
نەفس بـوو لەو بەرەنجـو دێـو هەراسـان
کە دی تینـــوو زەوی قەڵبـــی هـــونەروەر
لەرێ ناســینو ئیجــرای شــەرعی ئەنــوەر
بەهـــۆی شـــانی لە دەریـــایی مەعـــانی
هەڵیبەســت جۆگەیێـک بـۆ ئەلفـی ثـانی
لەوە ئـــــاوی بەشـــــەرعی مصـــــطفیدا
جیهـــانی رەونەقـــو بـــاغی صـــەفادا
بەدڵ تینووی طەریقەت فەیضی بەخشی

(١) هەژار، موناجاتی هەژار (کارخانەی قەندی، یا سلسلەی شاهی نەقشبەندی)، بڵاوکراوەی رۆژنامەی کوردستان، سیاسی- زانیاری- کۆمەڵایەتی- وێژەیی، بەشی دووەم، ساڵی دووەم، ژمارە ١٠٣، ١٣٤٠، ل ٣، ١٠.

هەزاران ئـــافەرین ئـــاودێری نەخشـــی
ســەری هێنـد ســەروەرانی بـۆ بـووە خەم
بە ســەرهیندیی بـووە مەشــهووری عــالەم
کە رەبـــــانیی ئەوە ئیتـــــر زمــــانی
بەوەصــفی چـوون دەکـا نـوطقی بەیـانم
بەنووری چاوی ئەو مەعصوم کە نووری
هەبـــوو شـــەوقی لە نێزیکـــو لە دووری
بە شــێخ عبدالاحــد نەجمــی درەخشــان
محمـــد عابـــدت لەعلـــی بەدەخشـــان
بە شمشــیری دەبـانی دیـن طەڵەب کـار
کە ســــــیفالدین جەوهەری ئاغـــــار
بەینـــووری عـــالەم ئەفـــرۆزی ســـیدنور
وەلی بەم نـوورە بۆ عـالەم دەکەن سـوور
بەحەققـــی مەظـــهەری لوطفـــو عینـــایەت
بە مظـهەری شـا شــەهی تەختـی ولایەت
بەشـــا بەیتـــی قەصـــیدەی خواپەرســـتی
نەشەبەخشـــی شـــەرابی عێشقومەســـتی
کە شــەو بـوو رۆژی هیندوسـتانو ئەهلـی
هەڵات رۆژی جیهـــان ئابـــادی دهلـــی
حەکـاکی کـرد ئەوی بـوو عینـزو جـاهی
لەســـــەر دڵ نـــاوی عبـــدالله شـــاهی
بەنـــووری شـــەوچرای شـــامی غەریبـــان
بەســـەرووی بـــاغو گـــوڵزاری حەبیبـــات
کە سەردەسـتەی هەمـوو مەسـتانە خالـد
نەمـــامی بـــاغی کوردســـتانە خالـــد
فیـــداتم نیشـــتمان بـــۆ شـــارەزوورت
روونـاکە شـامو ئەسـتەمبوول بەنـوورت

به عبـــدالله و طه پیـــری شـــــەمزین
له داوای دین نەماندوو بوون نەشـەمزین
شەمسـی دڵ بوونـو زینی مەحفەلی دیـن
وەتەن شادبینی تۆ ئەو دوو کورەت دین
بەحەققـــی حـــورمەتی عثمـــانی ثـــانی
که فەصـلی ئەو مەگەر بـۆ خـۆت بزانـی
معطــر بـــوو لەوی راقــاف هەتــا قــاف
چ باغێـک دی، گـوڵی واجوانـو شـەففاف
دەســی قــودرەت بەفەییاضـــی چەقانــدی
هەوای صـــافی تەوێـــڵە پەروەرانـــدی
بەحەققـــی گەوهەری یەکتـــای بەهـــادار
بهاءالـــدین محمـــد دڵ پـــڕ ئەنـــوار
فرەیـــدا هەر شـــتێ چەوتـــو چەوێـــڵە
موضـاعەف زیـادی کـرد نرخـی تەوێـڵە
بەشـــــەهبازی طەریقـــی نەقشـــبەندی
برووزیـــدا، له عیشـــقا مەردوورەنـــدی
که کـانیو مەعـدەنی صـدقو صـەفا بـوو
له زامـــی دڵ شـــفا بـــوو بوالوفـــا بـــوو
بەحەققـــی خـــادمی شـــەرعو کەلامـــت
گزیـــــدەی ئەولیـــــا یـــــانی کرامـــــت
بـوزەرگە زیـاد له ئەنـدازەو له تەخمـین
ضـــیاءالدین عمـــر ضـــەوئی دڵـــو دیـــن
بەچەشـمەو مەنبەعـی عـیلم و سـەعادەت
بەســـیپارەی خوداناســـی و عیبـــادەت
که بـــازی بێـــری زانـــا بێـــتە پەرواز
بەپیـرۆز نـاوی ئەو چـاوی دەکـا بـاز
حسـامالدین علـی شـیری دەسـی دیـن

کلیلـــی نەگبەتیــو خۆشـــی بەدەس ویـــن
بەهاو ضەوئی چرای دین رەونەقی سـەند
بەوو، دنیـای فرێـدراو رێ حەقـی سـەند
کە هەورامـــــانییە طـــــواغرای نەخشــــی
هەور ئامـانی بـوو هێند فەیضـی بەخشـی
بـــــکە روحمیـــــبەمن بەس روســــــیاهم
بـــــدە دەورە ســــــیاهی هەر گونـــــاهم
بەفریـــــادم بـــــگە مەخشوشـــــە حـــــاڵم
بەخـۆرایی صـــەرف بـوو مـــانگو ســاڵم
نەشـــــێوی طەعەتـــــێکم بـــــۆ بـــــڕاوە
نەتـــــۆوی چـــــاکەییێکم بـــــۆ چنـــــاوە
لە بەردم داوە شیشـــەی نـــامو دەنگـــم
لە خەرمـــانی عەمەل هەر بـــا بەچەنگـــم
تەواوی عومری خـۆم صـەرفی هەوا کرد
هەتـا خـۆم بـابە چەنگـو بـێ نەواکـرد
لەناکـــاو هەر بینـــا وەختـــی ســـەفەرهات
ئەوی لـــێ غـــافڵم گـــورحم بەســـەرهات
عبـوورم چـۆن دەبـێ مـن لەو سـنوورە
کە تێشــــــوو لازمە لەو رێـــــگە دوورە
نیـــیە تێشـــووم لە ڕێگـــا یـــا مزلگـــاه
مەگەر لاتقنطـــوا مـــــن رحـــــمە اللـــه
گەدایـــــێکم لە دەرکـــــی کبریاییـــــت
ئەمـن مـوفلس ئەتـۆیش خۆتـو خوداییـت
بەمســــتە خـــۆڵە مێشـــکم جەهەنـــنەم
نەتـۆزێ زیـاد، نەیەک زڕڕە دەبـێ کەم
بکە روحم، ئەرحەمـی زومـرەی روحـمبەر
لە دەرکــی تــۆ بەدەر، ئـێمەیە نـاو دەر

که بێ ئەنوا لە دەستی مەحشەرابم
لە عەفوت دا، طوفەیلی ئەولیا بم
ئیتر من هەر بەوە ئومێدەوارم
کە تۆ نێوت کەریمەو من هەژارم

## با: گۆڤارەکان:

### ١- دەردی دەروون، دەمەتەقەییێکی دوو کەسی[1]:

بایز- توخوا مام باپیر چی باسە؟
باپیر- چی چلۆن؟
بایز- کوڕە چوزانم دەنگ و باسی ئەو شەڕە؟
باپیر- دەک خوا بتکوژێ تۆ چیت داوە لە شەڕ دەردی خۆمان کەمە نۆرەی شەڕە
بایز- بۆچی دەردمان کەمە کێ هەیە دەرد و داخی نەبێ
باپیر- ها ئەوجار بویتە پیاوێکی باش وەرە گوێت لێ بێ تازە پیاوێک هاتووە بۆ گەنم کڕین دراوێکی زۆریشی هێناوە
بایز- جا کێ هەیە هێندە نەفام بێت گەنمی پێ بفرۆشێت
باپیر- بەخوا ناتێگەیشتووی دراو بەرد نەرم ئەکا لە پێش هەموو کەسێکدا ئاغا گەنمەکەی ئەفرۆشێت.
بایز- ئەی بۆ خۆی چی ئەکا؟
باپیر- مام بایز وەها دیارە چونکو باسی دراوم کرد عەقڵ و هۆشت لانەماوە کوڕە هەی نەفامی تێنەگەیشتوو! ئەی گەنمی ئەم جوتیارە چارەڕەشانە هی کێیە؟ماڵی جوتیار هی ئاغایە

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٣٢٢، ل ٤، ٥.

## ٢- دەردی دەروون، دەمەتەقەییێکی دوو کەسی[1]:

بایز- مام باپیر ماندوو نەبی
باپیر- خوا سەلامەتت کا بایزە ڕووت
بایز- ئەرێ مام باپیر لە شاریش ئەم دەنگوباسە هەبوو؟
باپیر- دەنگوباسی چی؟
بایز- ئەمەی کە ئەڵێن ئەڵمانەکان لە ناوچەی جەنگی ڕوسیا زۆر شپرزە بوون
باپیر- بەڵێ مام بایز ئەمە ڕاستە
بایز- هەی ئافەرین بۆ ئاغای
باپیر- جا شپرزەی ئەڵمانەکان چی داوە لە ئاغای؟
بایز- سێ چوار مانگ لەوەو پێش بوو ئاغا دەیفەرموو ئەگەر دەس بدەمە دەمانچەی گوی کەت بە جارێک ئەوردوی ئەڵمان تێک ئەدەم ئینجا لەم ڕۆژانەدا بوو من بە چاوی خۆم دیتم ئاغا لەسەر یەک هەشت فیشەکی بە دەمانچە گوی کەتەکەی خۆی بە ئاسماندا هەڵتوقاند من هیچ لە بیرم نەبوو تا دوێنێ کە ئەم باسەیان بۆ گێڕامەوە هاتەوە بیرم
باپیر-خوا عەقڵ و هۆش بدا بە منداڵی تۆش و ئاغاش دەنا بۆ خۆتان تازە پیر بوون
بایز- بۆچی چی بووە؟
باپیر- کوڕە هەی نەفامی تێنەگەیشتوو ئەمە ئەوردوی سورەکە لە ژێر فەرمانی (مارشال ستالین)دا نەیروی هیتلەری تێک و پێک داوە نەک دەمانچە گویکەتی ئاغا
بایز- ئەی مام باپیر توخوا بۆچی ئاغا وای دەفەرموو؟
باپیر- ئاغاش یەکێکە وەک تۆ

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٣٢٢، ل ٩، ١٠.

## ٣- دەمەتەقەیێکی دوو کەسی[١]:

بایز- ئەرێ مام باپیر! کتێبە پەڕپووت
باپیر- سندان، دەڵەی چی دیسان بایزە ڕووت؟
بایز- پرسینم هەیە، جوابم دە، زووبە
ئاغا تەشریفی بۆ چووە...
باپیر- ڕەئیسێک ناردی لە شوێنی و بردی
نامەی ڕزگاری بدا بە کوردی
بایز- زۆر باشیان بەخێر هێنابوو؟ (ئەیچۆن)
دەیفەرموو بەپێی فیلان قەیسیوڕۆن
بایز- وای هەر نەگوتووە، پێم ئیفتڕایە
باپیر- بۆ لای تۆ ئاغا ئیبنووسینایە؟
وەڵڵا وای دەگوت، لە خۆم بیستووە
بایز- کە وا بێ ئاغا... بووە
باپیر- بەڵێ هەموو کەس پێی ماخولیایە
بایز- نەفام چ وەختی جەفەنگە و کایە!
پێم بڵێ چی کرد، چلۆن هاتەوە؟
باپیر- بە تۆن و نیوێک خەرافاتەوە!
بایز- ئاخر شەرحی دە، مەیرێسە نەفام
نازانی عەیبە ڕستن بێ مەرام
باپیر- ئاخر هی ئاغاش وەک هی من وایە
چوو بۆ لای ئەوەی لە... شایە
گوتبووی بە مەردی لێوت ببزێوی

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک،ساڵی یەکەم، ژمارە ٣ و ٤، ١٣٢٢، ل ١٢.

ڕزگاریت بوێ دەبییە خێوی
ئاغا فەرمووبووی: ئازادی چییە؟!
فەرمایشتی من لەسەر قەندییە!
ئەگەر دەمدەنێ قەند و زین باشە
وەئیللا هێجگار کارم لە پاشە
بۆ موغالەتە زینی هێنابوو
لە سایەی وانیش تێر قەند و چا بوو
بایز- دەک نەژی باپیر، ئەمەش خەبەر بوو
دەخوێنی سالێ جارێک؛ ئەمیش...

## ٤- مەرامی کۆمەڵەکەم دینگە (شیعر)[١]:

له خۆشی کۆمەڵەوە چەندە خۆشە ورینگە ورینگم
بزانە کوردە ئەمن کێم کە هێندە ژیر و زرینگم
بەری نەجاتی وەتەن دادەدرووم بە عەزمی مەتین
محافزی وەتەن ئەمنم؛ مەتاڵی گوللەیە سینگم
لە عیشقی شیرینی میللی، لە بێستوونی مخالف
لەباتی تیشەیی فەرهاد ئەمن مژۆڵە قولینگم
لە دەمبڕینی ئەوانەی لە کۆمەڵەم بەدگۆن
لەبار و تیژە دەمی؛ موو دەکا مقەست و برینگم
بە پشتیوانی خوا زووم لە بەینی... و ...
دەبینی باز و شەهێنم، لە ڕاوی قاز و قورینگم
مەرامی کۆمەڵەکەم دینگە، سۆفی تۆش چەڵتووک
لە توێکڵت دەر ئەکا زوو، کە بێیە بەر دینگم
لە کووزی ٤ کۆمەڵەدا ملکەچ و فەقیر و هەژارم
بەرابەری نەتەویی ئەو حەریفی شێر و پڵینگم

(١) ع. هەژار، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣ و ٤، ١٣٢٢، ل ٢٢.

### ٥- دەمەتەقەییێکی دوو کەسی[1]:

بایز- سەلام عەلەیکم باپیر وەحەلێ
باپیر- کەسەلام بایز، بەخێرێی گەلێ
بایز- خوات لێ ڕەزا بێ، زانیوتە باپیر
پاشای ئەمیرکە و چرچیلی وەزیر
ئەگەر لە بەحرێ یەکتریان دیوە
مژدێکی خۆشیان بۆ مە نووسیوە؟
باپیر- ڕاستە ئەحمەقی، سەرت بۆ گێژە؟!
نەقلی ئەتلانتیک هەیهوو لەمێژە!
بایز- بە ئاغاشم گوت- توخوا چی فەرموو (باپیر)
بایز- متتەقی نەکرد، لێشم تووڕە بوو
فەرمووی تەماتە بەوەم ئەغفال کەی
شەکری ئەوسالەم بە زاری تاڵ کەی
هەتا تێر شەکر و شەقی بێگانەم
داوای ئازادی بکەم دێوانەم
هەتا بێ حوکمن شەکر بە بارە
دەستیشیان ڕۆیی شەق بە خەروارە
بایز- بۆچی حەز ناکا بە سەربەخۆیی؟
بۆ لە ئازادی دەکا نامۆیی؟
باپیر- عەقڵ سەرچاوەی لە مێشک و دڵە
ئەو دووەش بۆ ئاغا گەلێ مشکڵە
بایز- ئەدی مام باپیر کورد بە کێ دەڵێن؟

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥، ١٣٢٢، ل ٧، ٨.

بەوانەی لەبەر خۆشبەختی هەڵێن؟
بایز- بۆچی لە کتێب قوشقی و سڵ دەبن؟
باپیر- ئەگەر بخوێنن پێی عاقڵ دەبن!
بایز- بۆ دروست ناکەین (ئەوەی دەفڕێ)
باپیر- بایز لە هەولێر گێرەت دەگەڕێ!
لە مەلام پرسی، فەرمووی بەتاڵن
فڕۆکە وێنەی کەری دەجاڵن!
کوردیان گوتووە و دروێنە و گێرە
شوانی مەبارەک، گاوانی خێرە!
بایز- بە خوای مام باپیر لێمان شێواوە
بە ئاغا و نۆکەر، شێخ و مەلاوە!

## ٦- جووجەڵەی نیشتمان (شیعر)[1]:

ڕاوکەری بەدخـوو، خـوێنڕێژی خوێنخـۆر
ئەتـۆ بـی و خـودا بەسـیە زوڵـم و زۆر
ئەمجـاریش بمـدە مـۆڵەت و مەودا
ڕۆڵەی شـیرینم لە شـیرینخەودا
لە ژێـر باڵمـدا ڕایمەپەڕێـنە
هێلانەکەمـان لـێ مەڕووخێـنە
لە خـوێنی خـۆم دڵ ئەندێشـێ ناکـا
بەڵام دەترسـم تیـرت خەتـا کـا
لەبـری ٢ لە مـن وە ڕۆڵەم کەوێ
جەرگەکەم ببـڕی لە شـیرینخەوێ
دنـدووکی شووشـی شووشـەی گیـانمە
خەت و خـاڵەکەی خەتـی ژیـانمە
تـۆ بـاخەبەر نـی لە ئـێش و دەردم
دڵ دەبرژێنـێ هەناسـەی سـەردم
لە دایکـت پرسـە پێـت دەڵـێ حـاڵم
ئینجـا تـام دەکەی ژیـانی تـاڵم
پـێم خۆشـە بمـرم نەک جـووجەڵەکەم
بڕەنجـێ و بێشـێ بەنـدی دڵەکەم
هەژار جـووجەڵەی نیشـتمان ئەتـۆی!
وەهـای خـۆش دەوێـی؛ باوەفـا بە بـۆی

(١) هەژار، گۆڤـاری نیشـتمان، بـڵاوکەرەوەی بیـری کـۆمەڵەی ژ. ک، سـاڵی یەکەم، ژمارە ٥، ١٣٢٢، ل ١٩.

## ٧- دەمەتەقەیێکی دوو کەسی[١]

بایز- باپیر لە کوێ بووی؟ (چووبوومە شاری)
بایز- دەنگوباس چ بوو لە ناو بازاڕی؟
باپیر- دەڵێن ڕووسەکان هێجگار لەپێشن
بەم زووانە کلکی هیتلەر دەکێشن
سوپای هەشتەمیش لەولا ئازایە
خەریکی گرتنی ئیتالیایە
بایز- ئەدی ئاغامان خەریکی چییە؟
لەمێژە ئاگام لە حاڵی نییە
باپیر- ئەمن چووزانم، هیچ ناسەلمێنێ
خەریکە دیسان قەندی بستێنێ
بایز- جا قەندی بۆچی دەدەنێ کاکە؟
خۆ ئاغا نەیبووە قەت بۆ وان چاکە
باپیر- قەندی دەدەنێ، دەبەستن دەستی
هەتاکوو نەکا بیری سەربەستی
بایز- لەباتی قەندی چی دەدا قیمەت؟
باپیر- شەرەف و نامووس، ویژدان و غیرەت
بایز- دەک یاخوا جەرگی بێ پارەپارە
شەرەف دەفرۆشێ بە پووڵ و پارە؟!
هەلاهەلا بێ، کەم دەوڵەمەندە؟
چ ئیحتیاجی بە پووڵ و قەندە؟
باپیر- مەگەر نەتبیستووە بایزەڕووت ئەتۆ

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ساڵی یەکەم، ژمارە ٦، ١٣٢٢، ل ٨، ٩.

کەشک ڕەقترە، تا پتر بێ دۆ!
بایز- بەخێر نەیەوە نەفامی بێهۆش
ئەمدی قەت پێت بێ خەبەرێکی خۆش

## ٨- دڵی دایک (شیعر)(١)

بوێژی بەناوبانگی ئێران ئیرەج میرزای بەناو (قلب مادر) هۆندویەتییەوە، هەژار وەریگێڕاوەتە سەر کوردی.

دڵبەرێ ناردیە لای دڵداری — ئاخ لەبەر دڵبەر و داخ بۆ دڵدار؛
دایکی تۆ کێشە بە من دەفرۆشێ — زۆر خراپە لەگەڵم؛ سەربەدەوار
هەر بەیان بەر بوو هەتا ئێوارێ — ئەوە گرتوومیە نێو تەوس و پلار
تا بڵێی بەس لەگەڵم ڕووناخۆش — خۆ جنێویش چ بڵێم؛ دوور لە شمار
چاوی مۆنی لە دڵم تیری وەهای — داوە، گێڕانەوە هەر خۆشە بە زار
تا ئەوە ماوە، بە زاری من و تۆ — قەند و هەنگوینە لەگوێن ژەهری مار
نابمە یەک لەگەڵت تا نەکوژی — پیرەدایکت کە منی دا ئازار
دەتهەوێ ببمە ژنت هەڵسە بڕۆ — بیکوژە؛ سینگی بە خەنجەر کە شەقار
دڵی دەربێنە بە گەرمی و بە خوێن — بۆ منی بێنە لەبات سێو و هەنار
ئاگری تووڕەیی من دادەمرێ — کاری تۆش سازە نەمێنێ بەدکار
کوڕی بێبەش لە هەموو زانستێک — شێت و دێوانە و پەخمە و پەتیار
گەورەیی دایکی لەبیر چۆوە، کە بۆی — دەچرووسا و نەدەحەجمی بە چ بار
دایکی کوشت، سینگی دڕی گورگانە — دڵی هێنایە دەر و کردیە غار
ڕوو بە خانووی کچەکە و هێشتا بوو — دڵی دایک لە لەپیدا گیاندار
کەوتە هەردێ لەپڕێ و هانیشکی — کەمێ ڕووشا، دڵی دایک بە تلار
کەوتە نێو خۆڵ، کە هەڵستا بۆی چوو — بیستی دەنگێ لە دڵ؛ ئەیکوت: هاوار
کوڕەکەم لاقی بە بەرد ئێشاوە — داخەکەم دەست و پلی بوو زامار
نیشتمان دایکە، کوڕی چا بە، نەکەی — دڵی بێشێنی بە هیچ بارێ هەژار!

---

(١) ئیرەج میرزا، وەرگێڕانی: هەژار، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ساڵی یەکەم، ژمارە ٦، ١٣٢٢، ل ١٩.

## ٩- دەمەتەقەییێکی دوو کەسی[1]:

بایز- ئەهۆی مام باپیر، خەرارەشڕە
باپیر- دووشاخەت لێدا چت دەوێ کوڕە؟
بایز- ئای لەم کابرایە بۆچ وا تووڕەیە!
گوێت لێ بێ قسەی حیسابیم هەیە
باپیر- دە ها گوێم لێیە؛ تۆ چت بیستووە؟
بایز- چم دەکوت، پەککوو لەبیرم چووە
باپیر- هەناوت ڕەش بێ، چ وریا و ژیری
جا چۆن پیاو قسەی دەچێ لەبیری
بایز- لێم تووڕە مەبە باب و باپیرم
ڕاوەستە ئەوا هاتەوە بیرم؛
دوێنێ ئەو دەمەی لە لای ئاغا بووم
باپیر- دەگەڵت چۆن بوو؟ (بایز) وەڵا دانابووم!
باپیر- ئاغا کەنگێ وا بە ئیحترامە!
خوێڕی وەکوو تۆ دابنێ مامە
بایز- بەکوێری چاوت دانام لە لای خۆی
بۆ منی دانا؛ کە چاش هات لەبۆی
باپیر- چاکە، چی دەگوت؟ (بایز) دەیکوت فەقیرە
بایز! ئەرێ تۆ و ئەم مام باپیرە
دە خەرکەمانوو بۆچی کێشاوم
بۆچ بەخۆڕایی پیس دەکەن ناوم
چ سووچم هەیە، تاوانم چییە

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ساڵی یەکەم، ژمارە ٧، ٨، ٩، ١٣٢٣، ل ١٤.

خۆ من بۆ ئێوە زبانم نییە
وازم لێبێنن و وازوو لێدێنم
قەولوو پێدەدەم قەندی نەستێنم
باپیر- ئەی تۆ لە جوابا چت کوت بایز پێی
بایز- کوتم ئاغا گیان ئەگەر ڕاست دەڵێی
بە قەند و کووتاڵ شەرەف مەفرۆشە
لەبۆ ئازادی کوردان تێکۆشە
بە من و مام باپیر بۆت دەکەین دۆعا
دەڵێین یارەببی هەر بژی ئاغا
کە دەست هەڵنەگری هەر هەجوت دەکەین
بە دەمەتەقە ئابڕووت دەبەین
باپیر- هەی بارەکەڵڵا، ئافەرین لاوە
وەباڵ بە ئەستۆم چاکت جواب داوە
گەنم بفرۆشی هیچ مەخۆ غەمێ
ئەو کەوا شڕەی خۆمت دەدەمێ
بایز- خودا دوژمنمان فەوت و فەنا کا
لە من و لە تۆ، ئاغاشمان چا کا

## ١٠- دەمەتەقەی دوو باز پێکەوە[1]:

دوێنێ ئەو دەمەی کۆچی دەکرد شەو — بۆ مۆژدەی بەیان لە قاسپەی دا کەو
چووڕە پۆپنە کەوتەوە سەما — بە هێز دەیسپراند ڕۆژە شەو نەما
چاوی خەواڵووم لە خەو ڕاپەڕان — چوم بۆ دەشت و دەر بۆ سەیر و گەڕان
چاوم پێکەوت بە زەردێکەوە — گوفتوگۆیان بوو دوو باز پێکەوە

بازی یەکەم

برادەر تاکەی ژینی خۆڕایی — وێڵگەرد و چۆڵ بڕ دوور لە ئاوایی
تەواوی ژینت قەڵشە بەرد جێتە — کێوی زانیوتە نەزان و شێتە
شەمەک چڵکن و ئەندام دژوێنی — لە کوێ شیو دەکەی تێدەوەشێنی
چیاو و کەژ دەگری دەفڕی لە خۆوە — کەوێک قووت دەدەی بە پەڕ و پۆوە
نەخواردەمەنیت پوخت و پاراوە — نە هەرگیزماڵت گەسک دراوە
نە کوورە و کورسی بە سارد و سەرما — نە باوەشێنێ لە جەنگەی گەرما
شەو بە تاریکی لەو چۆڵ و هۆڵە — سەرینت بەردە و دۆشەگت خۆڵە
بە گاڵەی کوندێ دەنووی سەری شەو — بە ناڵەی درنج هەڵدەستی لە خەو
نە ژەمێکی باش دێتە بەر دەستت — نە کەس ئاگادار لە نیست و هەستت
هەزار نەخۆشی و سەر ئێشە بگری — بێ داو و دەرمان نەش مری دەمری
لە کاری چەتوون کێ یاریت دەکا — کێ لە ڕاست دوژمن داشداریت دەکا
کەواکەت شڕ بێ کێ بیکا پینە — ئەوە سەگ مەرگە هەر نێوی ژینە
ئەمن وەک تۆ بێپیشە و ئاکارم — لێم نابیەی بڵێم تیرەی باڵدارم
بۆ ئاسوودەیی هیچ تێناکۆشی — بۆیە لە ژینت نابینی خۆشی

---

(١) ع. هەژار، گۆڤاری نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ساڵی یەکەم، ژمارە ٧، ٨، ٩، ١٣٢٣، ل ٢٣، ٢٤.

بازی دووەم

تا بشتم نییە مەمشێلە ئیدی      بە تەوس و پلار مەمکوژە چیدی
لەت لەتە جگەر لێم مەدە تەشەر      سەد هێندی کوتت بێکەسم و بێدەر
ئەتۆ وەکوو خۆم نازانی من چیم      بە چەند ئاخ و داخ لە دنیا دەژیم
پێم خۆشە ئەمنیش وە خۆشی گەڕێم      ئەگەر دەزانی کوانێ شوێن و ڕێم
دەرمان کە دەردم برای چاکم بە      تا دەمرم برام ئەتۆ کاکم بە

بازی یەکەم

پێت خۆشە تووش بی شوێنی ڕزگاری      لەگەڵ من وەرە بچینە شاری
لە کۆشکی شادا پاڵکەوە بێخەم      لەگەڵ کوڕی شا دەبیتە هاودەم
لە سەر تەختی زێڕ هەڵنیشە تاوێ      لە سەر دەستی شا بچۆرە ڕاوێ
لە بەر بریسکە هەڵنیشە بە شەو      گوێت لە شمشاڵ بێهەتا کاتی خەو
لە بان لیسی زێو بە سەرینی قوو      بنوو بە خۆشی هەر بەیان بەربوو
سەرپەنجەت دەکوشن هەڵت دەسێنن      سنگە مریشکت بەرچا بۆ دێنن
زەنگوڵەی زێڕت لە قاچی دەکەن      زرە باڵت بێ هەڵپاچی دەکەن
چەن ماڵ تەرخانی ڕۆژی پێویستیت      لە کن شا لە ڕووی زۆر خۆشەویستیت
جێگایەک بێشێ چ ژوور چ دەرت      چل دەرمان فرۆش دەگاتە سەرت
کاتی سەرما و سۆڵ لە پەنا سۆبە      ڕاکشێ و دەت شێلێن نۆکەر بە نۆبە
بە چلەی هاوین گەرما و کوڵەکوڵ      نیسێت لێ دەکا شا بە چەتری گوڵ
هەر مانگی تۆنێک شەکر بۆ چینە      دەت دەنێ کامی سپیە و شیرینە
هەرچی دەتەوی هەرزان و تالان      دەسا بابدەین لە شەقەی بالان

بازی دووەم دەپرسێ

ئەو شارەی گوتت شاری بازانە؟      پاشای ئەو شارەش بازی چازانە؟
دەست و پێوەندی هەموو هەر بازن؟      لە ڕێی نیشتمان سەر پردە بازن؟
ئەو شەکری گوتت باز دەیدا بە پیاو؟      باز دەمان داتێ کە باب و پلاو؟
دەرمان باز دەیکا ساز بۆ زام و ئێش      دەس کوژی بازە دەمان هێنە پێش

تەختی زێڕ، زێڕی خاکی خۆمانە
باز هەڵی دەکا چرا بە شاباڵ
بە زمانی بازان دەمان دوێنن
بۆ باز ڕاو دەکەین کەوی بۆ دەگرین

وەستای زەنگی زێر کاکی خۆمانە
بازە لێدەدا بلویر و شمشاڵ
بە ڕووی خۆشەوە دەکارمان دێنن
لە خاکی خۆمان دەنێژرێین بمرین؟

بازی یەکەم

ئەوە تۆ شێ تی یان وا دەنوێنی
کەی باز شای بووە تا ئێستە بی بێ
کوا ئەو هۆشەیان دروست کەن شاران
چۆن پیاو نەخوێنی هەڵدەکا چرا
ئێمە و دروست کەین لیسی زێو بۆخۆ
زانستی دەوێ دروست کەی چەتر
دەندوکی بازی بۆ شمشاڵ نابێ
ئێمە و زەنگی زێر دەنگ بداتەوە؟
ئەوانە بۆمە گەلێک حەستەمن
خوێندنیان هەیە و ڕێگا دەزانن
هەموو تیرەیەک براو کۆمەڵن
خوێنیان دەرێژن لە سەر تۆزێ بەش
فرۆکەیان هەن کە لێی دەخورن
گەڕۆکیان هەیە خۆی ببزوێنێ
شتێکیان هەیە کاری کارەبا
لە هەر کوێ بدوێن لێرە گوێت لێیە
کوڕیان دەنێرن پیشان فێر دەبێ
زێڕی خاکی مە ئەو دەری دێنێ
کن هێلانەکەت پڕە لە جیوە
زەڕنیقی تۆیە لە پێشتی دەبەن
دەکاری دێنن بە خۆبەخۆیی

ئەو وتانە چن دەیان ڕاوێنی
بیسراوە کێوی تانج و تەختی بێ
هەر بازیان گوتووە ماڵ لە نزاران
هۆشت لە کوێیە بەش خورا برا
بۆ هۆش و خۆش ت هاوار و ڕۆڕۆ
خوێندنی دەوێ کارخانەی شەکر
زێر لە خاک دەرهێن دەبێ زانا بێ
پێم وایە گێژی خەو دەتباتەوە
ئەوی من دەڵێم ڕۆڵەی ئادەمن
ئارەزووی هەر کار بکەن دەتوانن
لە داوای بەشدا لە مەیدان کەڵن
لە ڕێی ئازادی بێسەر دەکەن لەش
ئەوان لە ئێمە چاتر دەفڕن
هەزاری وەک مە بە جێ دەمێنێ
وتەی کوێستانی بۆ گەرمێن دەبا
پاک دەن گ و باسی سەر زەوی پێیە
هۆز ئەگەر وابێ گر چوو تێر دەبێ
نەوتی ئێمەیە ئەو دەیسووتێنێ
دارستانەکەت خڕە لە میوە
خوێی خاکی تۆیە لە چێشتی دەکەن
تۆ کەنگێ کردت گردەوە کۆیی

بنێشتی تۆیە دەیکەن بە ئامراز        بەبەنی خۆتە دەدروون چاوی باز
پێویستە ئێمە وشەی وان فێربین        لە کاری وان دا ئازاو دلێر بین
سەد هەزار بازی تیژباڵ و ڕاوی        بوونە نۆکەریان تۆ بە جێ ماوی
سەر بەستی بۆ باز چۆن دەبێ کاکە        ئەوی من دەڵێم وا بکەی چاکە

بازی دووەم

کە وا بێ هۆش و بەستە زمانین        بێکارە و خوێڕی و جێگەی گەمانین
پیشەی وان بۆمە ڕێگەی تێ نەبرێ        پاشا لە بەر چی ئێمە ڕادەگرێ
ئێمەی بۆ دەوێ بە کاری چی دێین        بۆ ئەو نازانێ ئێمە چین و کێین
لە ڕووی چی بۆچی؟ بۆ خوشەویستین؟        بۆ کام کاری ئەو ئێمە پێویستین؟

بازی یەکەم

تۆ ئەوڕۆ برام هۆشت لە کوێیە        باسی ڕۆستەمە نێرە یان مێیە
ئەمن پێم گوتی ئەو خا ک و موڵکە        ئەگەر تۆ هەتە بۆ ئەو بە کەڵکە
گیانی خاکەکەت دەکێشێ بۆ خۆی        دەزانی خاوەن ئەگەر بێ ئەتۆی
چاوت دەبەستێ هەر ئەو بناسی        ڕێت لێ ون دەکا کورت و بڵباسی
دەتنێرێتە ڕاو کەوی بۆ بگری        مەرگ بۆ ئەو ها ت، دەبێ تۆ بمری

## ١١- هەی لایە لایە (شیعر)[١]:

رۆڵە ڕووناکی گلێنەی چاوم      بەندی جەرگ و دڵ هێزی هەناوم
ڕیحانەی بۆن خۆش سوورە گوڵەکەم      ئاو پرشکێنی کوڵی دڵەکەم
چۆڵەمەی ئەستۆم، ڕەگی حەیاتم      هەنگوین و قەندم، نوقڵ و نەباتم
خەوی خێرێت بێ بنوە درەنگە      تا کەڵەبابی بەیان بێدەنگە

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
ئەمشەو بەزەت بەمن دا نایە

ژێر بەوە ڕۆڵەی ژێر و جوا نم      لە داخی لانک دەگری دەزانم
کوڕم من بیرم لە تۆ زیاترە      دەسرازە و لان ک بتبێ چاترە
دەڵێی بۆ حەپسم بۆ دەستە بەستەم      بەو بەند و حەپسە من جەستە خەستەم
لە نێو کورد نەبێ دەسرازە نی یە      ئەو بەند و قوڵ ف و قەڕازە چییە
بۆ چارە ڕەشیەت نەماوە تینم      هەر حەزی دەکەم مەرگت نەبینم

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
گوێ گرە پێت بڵێم لە بەر چی وایە

ڕاستە تۆ نەوەی شێری ژیانی      نەتەوەی پاکی گەلی کوردانی
بەڵام چونکە کورد ئەوڕۆ بێکەسە      بەشی لە دنیا کۆت و مەحبەسە
بۆیە دەت پێچم تا خووی پێ بگری      نەک تا من ماوم لە بەندا بمری

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
هەزار تێبینی دواڕۆژم لایە

---

(١) هەژار، گۆڤاری هاواری کورد، ژمارە ١، ١٣٢٤، ل ١٦، ١٧.

بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم — سەد تاڵی و سوێریت لە سەر دەچێژم
نەمامی باڵات بە فرمێسکی چاو — شەو و نیوە شەو لێی دەنێم شەواو
سەد چاک و پیرت بۆ دەخولێمەوە — لە بن سێبەرت بحەسێمەوە
هەر گەیشتی دوژمنی زاڵم — دەتبڕێ و بەزەی نایە بە حاڵم

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
دەک خاک بە سەر خۆم ڕەنجم بە بایە

ئەو پێت خۆشە یەخسیر نەمێنی — سەر بەستیت پێ بڵێم بکەویە شوێنی
قەڵەم دەست دەیە و ببە مەکتەبی — وەخت و بێ وەخت لە خوێندن نەبی
ئەو کاتەی لەگەڵ کاکت دوو بە دوو — بکەن هاواری هەققی لە دەس چوو
دەس دەنە دەس یەک بە ڕاو بە تەگبیر — یەکتان بە قەڵەم، یەکو بە شمشیر

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
شیریش جەوهەریی لە قەڵەم دایە

یەک نامە ڕەش کا لە داد و هاوار — یەک زەوی سوور کا لە خوێنی بەدکار
یەک لە قوڕنیشێ بڕوا بۆ تکا — یەکێ قوڕ بەسەر دوژمن دا بکا
ئەو پەلەقاژەی ئیستا لە کن من — دەکەی بەند لادەی لە دەست و گەردن
ئەو تەقەلایەت بۆ دوا ڕۆژ باشە — جوچک هەوڵێ دە، بێ ڕوحمە واشە

هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە
دەس لە دەس تەوفیق لە کن خودایە

ڕۆڵە نیشتمان چاوی لە ڕێتە — دایکمان هەویای دوا ڕۆژی پێتە
بۆیە ئەندامت وەک مینای بێ گەرد — خاوێن ڕادەگرم بە سەد ڕەنج و دەرد
چاکەم دەیەوە بۆ وەتەن وەک کوڕ — تۆش بیگەوزێنی لە ناو خوێن و خوڕ
پێت بڵێم ڕۆڵە سەر سوودی چییە — بۆ پەردە بازی ڕێی ئازادی یە


هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
نیشتمان بۆ تۆ دەستە و دوعایە

ڕۆڵە ناموسـت وەک خزمەکانت
نەفرۆشی بە پوول دەستم دامانت
شەرەف گەوهەرە قیمەتی نایە
دەویت ڕووڕەشی هەردوو دنیایە
ئەو کەسە پیاوە بۆ خاک و ئاوی
ڕۆح دانێ و بە چاک بمێنێ ناوی
نەتبیستوە، واتەی زانای سەرزەمین
مەردانە مردن نەک حیزانە ژین

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
بخۆینە نەزان چی لە دەس نایە

### ١٢- ئەی میلەتی ئاوارە (شیعر)[(١)]:

لەو کۆپییەدا خوێندنەوەی شیعری ئەی میلەتی ئاوارە زەحمەت بوو، بۆیە تایپ نەکرایەوە.



١١

گەنجینەی ئەدەبیات

ای ملتی آوارە!

ر. م

[illegible]

---

(١) ر. م، گۆڤاری ئاوات، گۆڤارێکی ئەدەبی و تاریخی و کۆمەڵایەتی کوردییە، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٣٢٤، ل ١١.

### ١٣- هەڵاڵە (شیعر)[(١)]:

| | |
|---|---|
| مۆژدە بێ سەری ساڵە | تار بوونی قەل و داڵە |
| باوی پیرە شەماڵە | بە سەرمایەی کرد گالە |
| بۆ زاڵمان زەواک | دنیای کرد بەرئاوەڵە |
| جێژنی پیر و ڕواڵە | دێنای بۆنی هەڵاڵە |

کامە هەڵاڵە خانە؟

### ١٤- نیشتمانی خۆشەویست (شیعر)[(٢)]:

ئاغای هەژار ئەم شێعرانەی بە ئاڵای کوردستاندا هەڵگوتوە و لەو جێژنەدا خوێندوویەتەوە.

نیشتمانی خۆشەویست شەوگاری ڕەش نەیما ئەگەر
ڕۆژی بەختت مۆژدە بێ ئەمڕۆ لە ئاسۆ هاتە دەر
ئەی وەتەن ئەمڕۆ کە ڕۆژێکە کە مندالانی تۆ
داری ئومێدیان چرۆی دەرکردەوە و هاتۆتە بەر
ئەی وەتەن ئەمڕۆ بە ئازادی لەنێو ئامێزی تۆ
کووە بوین نابین لەمەو دوا دەرکراو و دەربەدەر
ئەی وەتەن چاو و دڵی مندالەکانت ڕوون و شاد
دیتنی بەیداغی سێ ڕەنگت جەلایە بۆ بەسەر

(١) ع. هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٣٢٤، ل ٤.
(٢) ع. هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٣٢٤، ل ١٢- ١٤.

دیـــــــاره ئەو ئـــــــالآیە شـــــــابالّی پەڕی ئـــــــازادییە
دەیشـــەکێنێ بـای فەرەح دەشـکێ سـوپای دەرد و کەدەر
دەنگەکـــانی پـــێم دەڵـــێ حـــاڵی براکـــانی شــــەماڵ
چـون لەڕێـی ئازادیـا کۆشـین بە سـەد خـوێنی جـگەر
ڕەنگـی سـووری خـوێنی پـاکی نەوجەوانـانی شــەهید
تـا ئەبەد ڕوویـان سـپی بـوو سـپییەکەت دەیکـا سـەمەر
ڕەنگـی سەوزیشـی ئەڵێـی کـوژراوی ڕێـگەی میلیـیەت
چینە ناو سەوزەی بەهەشت و بەرگی سـەوزیان کردە بەر
دوو گـولّی گەنـم و قەڵەم پێمـان دەڵـێ عیلمـۆ ببـێ
نـانەکەو بـۆ خـۆی نەبـا دوژمـن نەبـێ ڕەنجـۆ هەردەر
ئەی وەتەن بـۆ حیفـزی ئەو بەیـداغە لاوانـت هەمـوو
خـوێن دەڕێـژن لەش دەنێـژن سـینەیان بـۆتە سـویەر

## ١٥- گەزی چی و جاوی چی؟ (وتار)[(١)]:

هەتـا شـەڕی بەگەلەکـۆمەکی لەسـەر زەوی دا گەرم بـوو. هەتـا تەندوری کێشە و هەرابوو اوروپا نێڵ درابوو. هەتا کولی دنیا سوتین بۆ بەشەر چندرابوو، سەردەمێکی تەنانەت دەوڵەتی عێراقیش گوێی لە کڵاو دەرپەڕاندبوو خەریک بوو لە تاوی هاری پاڵ وەماری بدا لە کاتێکا هێندێ دەوڵەت گوریسیان لێ گەییوە هیچکان و دەیزانی ئەو گەلانەی کە چەند ساڵە عەبدو کنیزی بێ خەڵات و بەراتن، ئەو ملەتانەی کە هەر یازدە کەس لەوانی کردووتە خزمەتکاری یەکێک لەخۆیان سەرەڕای ئەوە کە نانیشیان ناداتێ، نانەکەی ئەوانیش دەخوا هەربینا پەنایان بۆ دوژمن بردو دەشی زانی هەموو کەس لاگری ئاڵمانی پێ چاترە لە نۆکەری وان. چاری ناچار بوو، پەیمانی ئاتلانتیک کە لەڕوو بەڕووی بابی هەژار و داماوانی دنیا ژنراڵیموس ستالین و بە گەوایی دەریا بە شەرم و شوورەیەکان نوسرابوو، ئیمزایان کرد و مژدەیان بەنەتەوە لاوازەکان دا بە هەرەوەز دوژمنم لە پێ بخەن و لە کۆڵم کەنەوە لە ژێر پەنجەی زوڵم و زۆری خۆم ڕزگار دەکەم، تازە چیدی ڕیخۆڵەی خۆم بە خوێنی ئێوە پڕ ناکەم، هەر کەسە کاری خۆی بە خۆی بێ.

ئـای... چ لەوە خۆشترە لە دەس ئێستعمار نەجاتت بێ و هەر نێوبانگی... چە لەوە چاترە ئازاد بی و نانی خۆت بۆ خۆت بیخۆی و خاکی خۆت بپارێزی؟ چە دەگاتە ئەو خۆشیە وەک مامڵەتەکانی

(١) ع. هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٣٢٥، ل ١٦- ١٨.

شوڕەوی بە برایەتی و بە زانایی و کاری بێترسی لێقەومان و برسێتی بژی و چاوت لە دەستی کەس نەبێ؟ هیچ

گەلی لاواز لە خۆشیانا فرین، بە ڕۆح و ماڵ چۆتە پێش، داس و کوڵەوەژیش هاتنە کار خوێنی خۆیان ڕشت تا نازەدارە گوڵە سوورەکانی ئەوان بێ ڕەنگ نەبن، لەسەر خاک و خۆڵ دەگەوزێن تا چاوی مادمۆزیلەکانی وان خەوی تێنەشکێ، منداڵی خۆیان بە زک دڕین دا تا منداڵی ئەوان نەگرین.

بە کۆمەگی دۆستی ڕاست و پاکی بەشەر ئیتحادی جەماهیر شوڕەوی دوژمنیان لەسەر لابرد. دنیایان بۆ کردنە ماستی مەیو، ئەوجار چاویان چڕداگرت بەری کردەوەیان پێکا، خوێنی شەهیدانیان بێنەوەڕێ، نەبوو کە نەبووە و ناش بێ.

ئاغای جیبڕی مەستا قڕەی بۆمی باڵداری لەبن گوێ بڕاوە، تومەز خۆی لەسەر کورسی سوڵح و ئەمینی دیوە وەک نە بای پێدا هاتبوو نە بۆران قومار بە کلکی خۆی دەکا. گەزی چی و جاوی چی؟

بە وان چی ملیۆن ملیۆن خەڵک لە برسان دەمرن، بە وان چی کورد هەزاری یەکی نان و بەرگی نییە، حەقی کفن بەوان پیری مردوو گۆڕبەگۆڕ چی.

## ١٦- خێوی گوڵ و وەنەوشە (شیعر)[١]:

خێوی گوڵ دوێنێ لەسوچی چەمەن
گـوڵی دیـن لەنێـو سـەوزەی بەهـارا
وەنەوشە لە گشت جوانترو قەشـەنگ
چەمەن لە گولان وەک نۆ بووک وابوو
وتــــی ئەی نــــووری گلێنەکــــانم
بە دڵخـوازی خـۆت دەتـدەمێ داخـواز
وتــی: بمــدەیە ســەوزە و شــینایی
نەوەک گــوڵبژێر بــێ بە کــن منــدا
نـابینێ مەسـت و خەوالـووی غفـڵەت
دێــتە بیــرت ئەگەر لە دایـک بــووی
وا بــژی کــاتێ مردنــت هەر تــۆ

کەوتە مەڵبەنـدی سوێسـنە و یاسـەمەن
هەمــــوو وەک پەری لە لەنــــجەو لارا
بەلام لە شەرمان سەر نەوی و دڵتەنگ
وەنەوشـە خـاڵ بـوو لە ڕووی کۆترا بـوو
ئــــارەزووت چیــــیە؟ بڵــــێ بــــزانم
کە تـۆ واجـوانی و وا بە غەمـزە و نـاز
ون بــم لەبەر چــاو ئەهــالی ئــاوایی
هەڵــــم پســــێنێ لە بــــیخ و بــــن دا
نە ئەمـن و جوانی نە ئەتۆ و سـەنعەت
تــۆ دەگریــای و خەڵکــی پێــدەکەنین
پێبکەنــی و عــالەمیش هەمــوو بگــرین

## ١٧- کورد و ئازەربایجان (شیعر)[٢]:

بخــــوێنە بولبــــولی خــــوێن گەرم و دڵســــۆز
لە شــــــادیانەی بەهــــــار و جێژنــــــی نەورۆز
ئیتــــر ســــــەرمایی زســــــتانی بەســــــەرچوو
ئەوی تــــۆی دڵــــبەغەم کــــرد، تــــازە دەرچــــوو
بە خێــر چــوو تــاو و بــا و بــارانی ســـەرما
لە هەر گۆشــــە و کەنارێــــک بــــێ ئەســــەر مــــا
دیســــان وا خــــاکی خــــۆی دەســــکەوتەوە گــــوڵ

---

(١) هەژار، گۆڤاری هەلالە، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٣٢٥، ل ١٨.
(٢) هەژار، گۆڤاری هەلالە، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣، ١٣٢٥، ل ٢٠، ٢١.

جــێگەی چــاکردەوە بــۆ تــۆش لەســـەر چـــڵ
گـــوڵی جـــاران نیـــیە تووشـــی خەمـــت کـــا
لەگەڵ هیجـــــران و دووری هاودەمــــــت کـــــا
هـــــــونەروەر پەروەرە و زانـــــــا پەســــــندە
لە مەشــــــــــدا وا کەش و وا ســــــــــەربڵندە
لە تـــۆش زیـــاتر ئەمـــن مەســـروور و شـــادم
ســـــروود خـــــوێنێکی خـــاکی پـــاکی مـــادم
هەتـــا وێســـتا منـــیش یەخســـیر و دیـــل بـــووم
لە بەنـــدی ئیرتجـــاع مـــات و زەلیـــل بـــووم
ولاتـــــــی گرتبــــــــووم بەفـــــــری هەژاری
کرێــــــوەی نەگـــــبەتم پێــــــدا دەبــــــاری
لە ســـــایەی کـــــۆمەڵی پـــــاکی دێمـــــوکڕات
بە ئــــــاواتی دڵــــــم گەیــــــوم بە ئــــــاوات
مـــــژی خەم بە شــــنەبای ئــــاگرادی ڕۆیـــــی
لە ســــەر ســــابڵاخە ئــــاڵای ســــەربەخۆیی
چ ئــــــازادی هەتــــــا وێســــــتا ئەگەر کــــــورد
لە ڕێـــــی ڕزگاریـــــا دەیکـــــرد دەســـــوو بـــــرد
بە تەنهـــــا هـــــۆزێ یـــــاخۆ پـــــۆلە ســـــوارێ
بە شــــــــیر و خەنجەرێــــــــک و بەردوداریێ
دەهــــــاتە کــــــار و هەر بەم جـــــۆر و تەرزە
تەواوی هەردوبـــــــــۆی دێنـــــــــایە لەرزە
ئەوێســـــتا سەربەســـــەر کـــــوردی ولاتـــــی
ڕەعـــــیەت، عاشـــــیرەت، شـــــاری، دێهـــــاتی
لە ســـــایەی پێشـــــەوای زانـــــا و هـــــونەروەر
هەمـــــوو پێشـــــمەرگە و گیانبـــــازە یەکســـــەر
ژن و پییـــــاو، کـــــچ و کـــــوڕ، گەورە و ورد
بە خـــوێنگەرمی بە یەک ئـــاواز دەڵـــێن: کـــورد

هەموویان بێچوە شێری سەف شکێنن
هەموو دۆست هێنەر و دوژمن ڕفێنن
بە چاتر ئەسلیحە تەجهیز کراون
بە چاتر تەربیەت تەعلیم دراون
نەخوازە ئەمڕۆ لوتفێکە خودایی
کە ئازەربایجان دەستی برایی
لەگەڵ کوردی بە ڕاستی ناوەتە دەست
کە ئیستعمار بکەن بەربەست و بێ هەست
چ ئازەربایجان، ئاگرستانە
ئەوی دەیبینی وەک شێری ژیانە
لە ڕێگەی نیشتمان پاکی فدایین
نیفاق سووتێن و داخوازی برایین
دەسا کێیە بکۆخێ ڕووبەروومان
مەگەر وەک سەگ بقۆڕێنن لە دوومان
میساله: گەر برا یاری برا بێ
لە لای خوارا مەگەر دەرد و بەڵابێ
وەرە بولبول مەبە چی دیکە خامۆش
لە تۆ دەنگ و لە من شێعری تەڕ و خۆش
خودا ئەو دوو گەلانە پایەدار کەی
لە جێی من ارتجاعیون هەژار کەی
ئیلاهی هەر بمێنێ پێشەوای کورد
لەویرایە هەموو بەر گونەوای کورد
بمێنێ ڕەهبەری ئەزەرستانی
کەری و شوێنی برایی باش دەزانی

## ١٨- فرمێسکی هەتیو (شیعر)[1]:

ڕۆژێ بە کووچەیەکـــدا دەڕۆیـــی پادشـــایەک
لە هەر کـۆڵان و بانێـک بـوو بەهەرا و قریـوە
پرسـی هەتیـوێ بـێ کەس چیـیە دەدا تروسـکە
لەتـــاجی پادشـــادا؟ جـــوانی وەهـــام نەدیـــوە
کەسـێ وەرامـی داوە: لەکـوێی دەناسـین ئـێمە؟
هێنـدەی هەیە بە پـووڵی زۆر و فـرەی کڕیـوە
پیرێژنێکـــی بـــێکەس گـــوتی: ئەمـــن دەزانـــم
فرمێسـکی چـاوی ئـێمە و خـوێنی دڵـی هەتیـوە
بە بەرگ و چێـوی شـوانی ئـێمە فریـودراوین
گـورگە لە پێسـتی مەڕدا، هەزار زگـی دڕیـوە
ئەو شـێخی گونـد و ئەسـپی کڕیـوە ڕێگـرێکە
گەدایە شـــا کە مـــاڵی مســـکێنەکەی بڕیـــوە
لە دوڕڕی تـاجی پاشـا دیـقەت بـکەی دەزانـی
فرمێســـکی دانە دانەی هەتیـــوە هەڵوەریـــوە
هەژار لە پەنـدی بێ سـوود چتە دەگەڵ نەزانـان
نـازانی ئێسـتە نـاهەق پـرزەی هەقـی بڕیـوە

(١) پەروین اعتصـامی، وەرگێڕانـی: هەژار، گۆڤـاری کوردسـتان (گـۆوارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردییە)، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٩٤٥، ل ١٤.

## ١٩- جوتیاری بەمشور (شیعر)[1]:

ئەم شـیعرە لە جێژنـی ٢٨ سـاڵەی هـوردوی سـوور لە مەهابـاد خوێندراوەتەوە.

بیســـت و هەشـــت ســـاڵی لەمەوبەر لێنـــین
کە بە ســــــەد دەردەوە نێـــــوی دێنـــــین
جـــووتە گـــای هـــیمەت و عەزمـــی هێنـــا
تـــــووی ســــــوفیاتی و عەدلـــــی لێنـــــا
نیـــــروو بە ئـــــامووری مســـــاواتی بـــــرد
لە ملـــــی هـــــیمەت و ئیقـــــدامی کـــــرد
گاســـــــنی کـــــــارگەری و ڕەنجـــــــبەری
زۆر بە ڕۆحـــم و بەزەیـــی خســـتە ســـەری
خـــــاکی ڕووســـــانی لە زۆردار و تەزار
پـــاکەوە کـــردوونە مـــا گەنـــد و بـــژار
لێکـــی کـــردن وە کـــوپەک بەرز و نەوی
شـــیوی کـــردن بە هـــونەر عەرز و زەوی
تـــووی یەکبـــوون و برایـــی لـــێ چەنـــد
پـــاکی دڵخـــۆش بـــوو نەمـــا هـــیچ دڵمەنـــد
شـــورەوی چـــونکە بە خوێنـــدن کـــرد کـــوت
لە هەمـوووی بە کچـی گـوڵی سـوور پشـکووت
چە گـــــوڵە ســـــوورەکە پـــــائیزی نیـــــیە
هەر گەش و جـــــوانە گەڵاڕێـــــزی نیـــــیە
کە زەبـــوون بـــوونی بکـــا خـــۆی دەگـــرێ

(١) هەژار، گۆڤاری کوردستان (گۆوارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردییە)، ساڵی یەکەم، ژمارە ٤، ١٩٤٦، ل ٢٠.

مەســــتەبید بـــۆنی بکـــا پێـــی دەمـــرێ
بـــۆ زەعیـــف دیتنـــی خۆشـــی و بەهـــرە
کەچـــی بـــۆ خـــوێن مـــژی زاڵـــم زەهـــرە
ئەو گـــوڵە نێـــوی نـــرا ئەرتەشـــی ســـوور
لە هەمـــــوو گیتیـــــیە نێـــــوی مەشـــــهور
دامەنـــــــــی هیمەتـــــــــی گەر دا لە کەمەر
خـــولی کـــردە ســـەر و کەلـــلەی هیـــتلەر
کـــورد کە مردیـــو و لە حەفـــای بەدخـــۆوە
بـــــۆنی هەڵمــــژی زینــــدوو بـــــووە
هەر بە خۆشـــی بـژی ئەی ئەرتەشـــی ســـوور
تـــاکوو ڕوونـــاکی هەیە مانـــگ و مـــوور

## ٢٠- قەڵەم (شیعر)[١]:

هەموو تێگەیوەکان زۆر باش دەزانن
کە کورد ئازاتری موڵکی جیهانن

هەموو مێژوو گەوای ئازایی کوردە
لە نێو شانامەدا هەر کوردە گوردە

دمی شمشیری وان هەردی دڕیوە
لە ترسی نێزەیان ئاسمان چەمیوە

بەڵان چون شیر و نێزەی بێ قەڵەم بوو
بەشی ئێمە لە دنیا دەرد و خەم بوو

لە یەکترمان دەدا شمشیری خۆمان
لە خۆمان بوو پووانی تار و پۆمان

لە دنیادا دەمانگەوزاند سەر و لەش
لە گەنجی سەربەخۆیی بێ حەز و بەش

لەبەر جەهلی، وڵاتی کوردەواری
لە شانی نیشتبوو تۆزی هەژاری

قەڵەم پەیدا بوو چوارساڵی نەکێشا
نیفاق و نەگبەتی لابرد لە پێشا

بەبێ شمشیر و نێزە و کوشت و کوشتار
وڵاتی کوردی ئازا کرد و ڕزگار

لەویرا ساز بوو سەرکەوتنی کورد
بەوی ئیمزا کرا حوڕڕییەتی کورد

... مەحبووب و عەزیزمان
جەنابی پێشەوای بەرز و بەڕیزمان

بە ڕوحم و عەقڵ و عەدڵ و نوکتەزانی
نییە بۆ ئەم لە سەر ئەم هەردە سانی

لە سایەی خوێندن و نووکی قەڵەم بوو
کە بۆ مە لابەری دەرد و ئەلەم بوو

هەتا ماوە دەر و دەشت، کێو و وادی
بمێنێ پێشەوای ئێمە بە شادی

---

(١) هەژار، گۆڤاری گروگالی منداڵانی کورد، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٣٢٥، ل ٤.

## ٢١- وتەی هەژار (شیعر)[(١)]:

لاوە خـوێن پاکەکـانی خـوێن شـیرین
ئەم دووعـــایەی دەکەم بڵـــێن ئـــامین
ڕەبـی هەر کەس لەبەر تەمـای نەوتـی
خـاکی مەی کـردە لەت لەت و زەوتـی
نەوتـــی پێـــدا بکەیـــن و گـــڕ بگـــرێ
گـــررەی زوڵمـــی لە گێتیـــدا بمـــرێ

## ٢٢- دەمەتەقێی بایز و باپیر[(٢)]:

باپیر: مام بایز ڕۆژباش
بایز: علیک السلام
باپیر: ئەمە یانی چی؟
بایز: جیرانی مەلام
باپیر: نەمدی دوێن و پێرا!
بایز: بەخوا چوومە شار
باپیر: چت پێ بوو بە خێر؟
بایز: بەخوا بارە دار
بایز: بە سێ چوار قیمەت
باپیر: وەک شەکرت فرۆشت بووی وەبلیمەت؟
ئەگینا چییە نرخی بارەدار؟
بایز: چۆن نرخی نییە؟ هەتیو شەڕە و شەڕ

---

(١) هەژار، گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ساڵی سێیەم، ژمارە ٢٣، ٢٤، ١٩٤٦، ل ٦.
(٢) هەژار، گۆڤاری هیوا، ساڵی دووەم، ژمارە ٥، ١٩٥٨، ل ٧- ٩.

باپیر: شەڕی کێ؟
بایز: شەڕی منالّی مەکتەو
باپیر: گوایە منالّی جوولەکە و عەرەو؟
بایز: سەلا لە عەقلّت، خەیالّت وردن!
ئەوی لێک دەدەن هەموو هەر کوردن!
باپیر: بایز وامەلّێ!
بایز: دەشلّێم و واتر
باپیر: توخوا وەرە پێش تێت بگەم چاتر
بایز: چیت بۆ بلّێم؟ بە خوا بوونە دوو دەستە
هەر داوێنە یەک بە جوێن و پەستە
یەک دەلّێ سوورم، یەک ئەلّێ بۆرم
یەک ئەلّێ زەردم، یەک دەلّێ زۆرم
یەکێ دەلّێ قیڕ، یەکێ دەلّێ ماست
یەکێ ئەلّێ لار، یەکێ دەلّێ ڕاست
تاچەنە شل بوون چەقە و جنێوە
ئەم جار شەڕە شەق ئەچێ بە ڕێوە
هەر دار بەشانە و هەر سەر شکانە
هەر خوێن ڕژانە و ئابڕوو تکانە
باپیر بەو خوایە لە بان سەرمانە
جوێن وەبارانە، شەق وەخەرمانە
باپیر: بایز چیمان دی و چیم چاو پێ کەوت
هەرچی ئەیبینی گشت لارە و چەوت
وتمان ئەم زولّمە لە سەرمان لاچێ
کورد ئیتر ناچێ یەکتر داپاچێ
گشت ئەبن بە یەک خێلّی جاف و لەک
ڕزگارمان ئەبێ وە بنووس و چەک
نایەلّن ئاغا وەل یەک بجەنگن

ئەیان کەن وەداس هەرچی تفەنگن
کەچی وائێژی میرزا و مەتکەوی
لێک ڕادەکێشن ئەو لەم، ئەم لەوی
ئێژن هەر شتێ بۆگەنیو ئەوێ
خوێی پێوە بکەی فریای ئەکەوێ
بەڵام ئەگەر خوێ بۆ گەنیو ببێ
ئیتر ئەم دەبێ دەرمانی چبێ!
خەلیفەی خۆمان فەرمووی کورد کورتە
ڕۆژمان بەسەربرد بەو ورتە ورتە
منیش وا ئەچم بارێک دار ئەبرم
چش سەر دەشکێنێ، خۆ کەڵاش دەکرم

## ٢٣- ماو ماو (شيعر)[١]:

ماومــاو مــن و تــۆ دوو دۆســتی هــاودەرد
بە خـــوێنی گەرم و بە هەناســـەی ســـەرد
هەردوو گیـــرۆدەی دەســـت ئیســـتعمارێک
هەردوو مارانگـــاز بە نێشـــی مارێـــک
ئەو وەحشـــــــەی بە دەم کینیـــــــامژە
بە جـــووتە و چەپـــۆک کوردســـتانکوژە
مـــن و تـــۆ ماڵمـــان بەرەڵـــلا و بێخێـــو
پـــڕنەوت و گەنـــم پـــڕ لە زێـــڕ و زێـــو
تـــۆ بە قســـەی کـــاهین مـــن بە گفتـــی پیـــر
تەوەککەلگیـــر بـــووین، بـــبن خـــوداگیر
لەیەکترکـــوژی و دوژمنـــی یەک بـــوون
بیـری یەک بـوون و دوژمـن لەبیـر چـوون
دێـــوێکی پیـــاوخۆر، فێڵبـــاز و بەدکـــار
لە پێســـتی مەڕدا گـــورگێکی خوێنخـــوار
شـــــەیتان لە پێســـــتی مەلائیکانـــــدا
لەژێـــر ســـێبەری پیـــر و کەهانـــدا
شارســـتانیەتیی ســـپیان بـــۆ هێنـــاین
گورگـان کەوتـنە کـۆز، لمبۆزیـان تـێ نـاین
هـــاتن فێرمـــان کەن چـــۆن مەدەنـــی بـــین
چـــۆن نـــانبڕاوی دەســـتی دەنـــی بـــین

---

(١) مامۆسـتا هەژار، گۆڤـاری ڕزگـاری، گۆڤـاری برایەتـی کـورد و عەرەبە لە پێنـاو پاراستنی جەمهوریەت و دیموکراسـی و ئاشـتی خەبـات دەکـات، ژمـارە ١، ١٩٥٩، ل ٢٣.

چ زوو مامۆسـتای سـپی دز دەرچـوو!
زگپـــــڕی درۆ درۆی لەبەر چـــــوو
کـاڵ و کوڵیویـان گشـت لـێ فڕانـدین
گۆشـتیان برژانـدین ئێسـکیان کڕانـدین
دزییـان، بردییـان هەر شـتێ مـاڵ بـێ
وتیـان مـاڵخوراو بە کـۆی زوخـاڵ بـێ
ئێسـتاش بە قسـە هەرخـۆی هەقـدارە
دروسـتە دز بـێ خـاوەن حەزارە
قەیناکـا بـدزێ هەر نـانێ هەتە
تـۆ بڵێـی برسـیم پێـت دەڵـێ چەتە
تـۆ بـۆ مەزەی ئەو جگەرکەبـابی
مەڵـێ ئـاخ و ئـۆف دەبـیە ئیرهـابی
ئەوان بە بۆمبـا بمـانکوژن چـش
وەحشـین بە مێشـیان ئـێمە بڵێـت: کـش
گەر بخنکێـنن کـۆرپە سـاواکەم
دەبـێ مـن بچـم بـووردن داوا کەم
تـا کـوڕی بـۆر و ڕەشـمان خنکـاوە
مامۆسـتای سـپی دەسـتی ئێشـاوە
گەر بسـترمەوە تفیـان لەسـەر ڕووم
هێشـتا هەر کێـویم، ئەدەب فێـر نەبـووم
گەر نـانبڕاو و خـانە بەربـادین
قەیناکـا، لەگەڵ دنیـا ئـازادین
گـوێ مەدەرێ خـۆت کە ڕووت و برسـیت
خـۆش ڕادەبـوێرن خەڵکـی واڵ سـتریت
خـانەویرانی، شـەقێ لە خەم دە
دڵخۆشـن خەڵکـی داونینـگ ڕەقەم دە
گەر کـورد و ماومـاو بەبـێ ڕۆن کـوێرن

خـــۆ دالّـــس و ئیـــدن تەســـەل و تێـــرن
گەر دیمـــــــــوکراتی و ئـــــــــازادی گەلان
ئەمەیە، خـــــــۆزگەم بە ورچـــــــی تەلان
کەنگـــــێ قـــــانوونی جەنـــــگەڵ وا بـــــووە
چ جانەوەرێـــــــک ئەمەی خـــــــواردووە!
ئەگەر ئـــــازادی مانـــــای هەر شـــــادی
بـــۆ بەهێـــزان بـــێ، تـــف لە ئـــازادی
بـــــــرام خەم مەخـــــــۆ دەوران دەورانە
هاکـــا تێکچـــوو ئەم دەور و دووکـــانە
قانوونیـــــان تفـــــی ســـــەربەرەوژوورە
مەرگــی ســەگی هــار مەشــهوورە ســوورە
ئەو خـــــوێنە ئـــــاڵەی ئەوان لە تەنمـــــان
ڕژانـــدیان لەســـەر خـــاکی وەتەنمـــان
لاشـــەی لاوانـــی لە خوێنـــدا شـــەتڵ
دەدێـــرێ کە وا خـــراونە بـــن گـــڵ
هەربینـا شـین بـوو، بـوو بە گـوڵی سـوور
بـــۆنی ئـــــازادی دا نزیـــک و دوور
نەمـــامی بـــالآی شـــــەهیدانی لاو

## ٢٤- ئەدەبی کوردی سەربەرەوژێر دەڕوا (وتار)(١):

چەندێک لەمەوبەر جارێک لە گۆڤاری بڵێسەوە پرسیارێک کرابوو کە ئایا ئەدەبی کوردی لە چ بارێکدایە و چی دوای خستووەو چۆن پێش ئەکەویت؟

جا وابزانم هێندێک لە نووسەران وەرامیان دایەوە، بەڵام من بۆ کلۆڵیم وەک کابرای کوردە گوتی: خەرمانم سور کرد تا چووم لەدووی سەرکار کەو دەکونی کەودا دەنگی لێ بڕی!! تا بیرم کردەوە چ ڕۆژێک دەستم بەتاڵ دەبێ و دەتوانم کاتێک تەرخان کەم و وەرام بنووسمەوە بڵێسەی خۆشەویست کوژایەوە و هەر وەک گەلێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان هێشتا تام لەژیان نەچێشتوو بەکامی دڵ نەگەیشتوو جوانەمەرگ کرا!! وا ئێستا دەمەوێ لە گۆڤاری روناهیدا کە هومیدێکی تازەیەو چاومانی ڕوون کردۆتەوەو هومێدەوارین بە تەمەنێکی درێژ و پڕ لە بەهرەوە بژی، بیرو ڕاوێژی خۆم لەو بارەوە دەبڕم. مامۆستای سەجادی وەک باوکێکی زۆر دڵسۆزو منداڵ خۆشەویست، کە لە هەموو شتێکا لایەنگری کوڕی خۆی دەکا و هەرگیز هیچ کەم و کووڕی لەودا نابینێ وەرامی دابۆوە. مامۆستا شاکر فتاحیش تاسەرێک بە ڕچەی ئەودا ڕۆیشتبوو، پاشان چاری پەرەپێدانی ئەدەبی کوردیی خستبووە سەر پیاوەتیی بێگانان و نانی هەنجنیبوو بە هیوای شۆربای جیرانان هەروەها دنەی خۆشمانی دابوو، کە پێویستە ڕێز لە نوسەران بنێین و زۆرمان خۆش بوێن تا بتوانن ئەوانیش بەدڵێکی خۆش و بیرێکی ئاسوودەوە گوڵ و گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردیمان بۆ بنەخشێنن و

---

(١) هەژار، گۆڤاری ڕۆناهی، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٩٦٠، ل ٥٩- ٦٦.

بیگەشێننەوە. هەردوو وەرامەکان زۆر جوانن، هەردووکیش دەتوانین بڵێین: ئاخ ئەگەر وانەبا وەک سەجادی دەڵێ و خۆزیا وابا وەک شاکیر فەتاح وتویەتی ئێستا ئەدەبی کوردی زۆر لە پێشەوە بوو، بەڵام داخەکەم هەرگیز ئاخ و ئەگەر و خۆزیا شین نەبوون و بەر و سێبەریان بە کەس نەداوە!!

ئەدەبی کوردی ڕاستە نەچۆتە ڕیزی ئەدەبی جیهانەوە چونکە ئێمە ڕێگەی کوردی نووسینیان پێنەداوین و چونکە خوێندەوارمان کەم بووە و چونکە گەل ڕێزی لە شاعیر و نووسەران نەناوە، بەڵام: ئایا کام گەل و تیرەیەک هەیە لە جیهان کە ئەمڕۆ لە هەموو بارێکەوە پێشکەوتووتر نەبێ لە سەد ساڵ یان لە ٥٠ ساڵ لەمەوبەری؟ چونکە دیارە هەرکەس بە ئەندازەی خۆی میراتێکی لە باوباپیرانەوە بۆ بەجێ ماوە و کورگەلیش لەسەر ئەو سامانەوە سات و سەودا و گردەوەکۆیانی کردووە و ئێستا هەم کەلەپوورەکەی پێشوویان ماوە و هەم لەسەریشیان داناوە، ڕێک و پێکیشیان خستووە و هەروا بەبێ وچانیش تێدەکۆشن ڕۆژ بەڕۆژ پتری بکەن و پتر دڵخۆش و ئاسوودە بن.

من هەر بیر لەوە دەکەمەوە کورد هەر ئەو کوردە بووە کە ئێستا هەیە. خۆ هەرگیز بە درێژایی مێژوو ڕێگەی پێنەدراوە بە زمانی خۆی بنووسێ، خۆ کەس ڕێزی لە شاعیر و نووسەری کورد نەناوە. ئەی خوایە بۆچی لە ڕابردوودا پیاوی وەک مەلای جەزیری و خانی و مەولەوی و نالی و کێ و کێمان لێ پەیدا بووە. لە سووچی مزگەوتان، لەبن شاخ و بەردان، بە نانی هەرزن، لەبەر ڕۆنگەرچەک، بە قەڵەمی قامیش و مەرەکەبی قوومیخانوو، ئەو ئەدەبیاتە بەرز و پڕ لە کاکڵ و

بەتام و بۆنەیان بۆ نووسیوین و بەمیرات بۆیان بە جێ هێشتووین، کەچی وێستا ئێمەی کوڕانی ئەوان لە خانووی سپی و بەرزدا، لەبەر شەوقی کارەبا و مڕیی پلاوگۆشت و بە خۆنووسی پەنجاویەک و مەرەکەبی پلیکان، هەڕەی لە بڕەی ناکەینەوە و ناگەینە قولەقاپەی ئەو ڕابوردووانە و یەکێکی وەک ئەوانمان لێ هەڵناکەوێ دەگەڵ ئەوەش کە میراتەکەی ئەوانیشمان بۆ بەجێ ماوە و سی چلساڵیشە کەم یا زۆر ڕێگەی کوردی نووسینیشمان پێ دراوە؟!! ئا ئەمە نابێ وەک دەروێشان بخەینە ملی قەزا و قەدەرەوە، پێویستە تۆزێک بەسەر و گوێلاکی خۆماندا بێین.

هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کە شاعیرانی پێشوومان بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەگەر شێعر بڵێن دەتوانن چاپی کەن پارەیان لێ دەست دەکەوێ و پێ دەژین. تەنیا سۆز و ئەوینێک لە دڵیان خزیوە و مێشکیانی ئاخنیوە جا چ بۆ یاری دڵڕفێن یان بۆ نیشتمانی لەت لەت کراویان یاخۆ بۆ پیری تەریقەتیان بووبێ کوورەی دڵیان وا جۆشی ساندووە ناچاری کردوون دەری بڕن. خەڵکەکەش دیتوویانە جوانە و بیستوویانە خۆشە، گۆرانییە مایەی ڕابواردنە، دەستا و دەست و دەما و دەم وەریانگرتووە و داویانە بە یەکتر. خۆ ئەگەر خەڵاتی ئەو بوێژەشیان نەکردبێ جوێنیشیان پێنەداوە. جا لێرەدا دەبوو مامۆستا شاکر فەتاح نەیگوتایە ڕێزیان لێ بنێن دەبوو بیفەرمووبا با جوێنیان پێ نەدەین. بەڕاستی بەڵای هەرەگەورەمان ئێستا ئەمەیە هەر نووسەرێک یان شاعیرێکی بەرز کە دێ پەیدابێ و بۆنی ئەوەی لێ دەکەی کە دەتوانێ خشتێک لەسەر دیواری ئەدەبیات دانێ و پەردەیەک لەناو ماڵەکەی هەڵاوەسی، لەبەر جوێن پێدان و گاڵتە پێ کردنی ئەم و ئەو،

ناتوانیٚ سەرهەڵێنیٚ و خۆبنوێنیٚ تا دەمریٚ بە جاسووس و هەرزە و شێت و سەرسەری دوای دەکەون و ڕێی گەشەکردنی لیٚدەبڕنەوە. جا ئەگەر مرد و دیتیان تازە دەگەڵ مردوو چ ناکریٚ ئەمجا بەسەر و پۆڕیدا دێن ولینگی درێژ دەکەنەوە و دەیکەنە نەمر و دێنەوە چاودەگێڕن کامە زیندوو ماوە کە لەوان باڵادەستترە بیدەنە بەر لیسی جوێن و پاشملە گوتن و بە زمانی ناساز بیکرۆسنەوە.

پیرەمێرد و فایەق بێکەس و سەلام و ڕەفیق حلمی و حوزنی موکریانیمان لە بیرن کە تا ژیابوون مراندبوویانن و کە مردن ژیاندوویاننەوە و پێیان دەڵێن نەمر. نووسەر و بوێژە چاکەکانی ئێستامان وەک گۆران و قانیع و سەجادی و شاکر فەتاح و شێخی خاڵ و ڕۆژبەیانی و کیٚ و کیٚ وا ئێستا لەو چەرمەسەرەدان و خەریکن بەدەرد و داخەوە بیانمرێنن و خۆیان لیٚ قوت کردوون کەنگیٚ لە ناودەچن تا چەپکە گوڵ بەرنە سەرگۆڕیان و پێیان بڵێن نەمر و ئەوەندە پارە لە میوانداریی بیرەوەرییان بەخت بکەن کە هەرگیز ئەو شاعیرانە ناونیشیان نەبیستووە و ئەگەر هەریەک لەوانە دەیەکی ئەم پارەی بووایە ڕەنگ نەبوو بمریٚ. جا نازانم بوێرم وەک پیرەمێرد بڵێم ئەم دەردە گرانەمان لە حزب حزبێنەوە پێوە نووساوە یان نا؟!

### لاسایی مناڵانەش

دەبینین لە دێیەک بووک ئەهێنن: سوار سوار بووە ڕمبازی ئەکەن، داوەت دەگەڕیٚ کەسک و سوور تێکەڵ بووە، شادییە، بووکێکی تەواو بە تارایی سوورەوە بۆ ماڵی زاوا دەگوێزرێتەوە.

زاوایەکی زەبەلاحی چوارشانە گیڤەی سمێلی دێ و دەچێتە پاڵ بووک. بەرهەمی ئەم هەرا و گرمە و بەزم و ئاهەنگە پاش چەند ساڵێک چەند منداڵێکی زیت و خونچیلانەیە.

منالیش لە گاڵتەی خۆیاندا لاسای ئەوان دەکەنەوە پەڕۆیەک بە سەر کچۆڵێکدا ئەدەن و یەکێکیش ناو دەنێن زاوا و چەند منالێکیش سواری قامیش دەبن لەقەستی ئەسپە و بووک ئەبەن، بەڵام پاش تاوێک بڕوانە هەر خۆشیان لەبیریان چۆتەوە چییان ئەکرد.

ئێمەش بیستوومانە ڕۆژئاواییەکان زۆر پێشکەوتوون، ژیانی پێشووی خۆیان تەواو گۆڕیوە. هەرچی هەیانە بە جۆرێکی باشتر تازە بۆتەوە و هاتۆتە ڕوو، ئەگەر بەرێ بە سواری کەر و ئەسپ و عەرەبانە سەفەریان دەکرد ئێستا سواری گەڕۆک و فڕۆک و کەشتی دەبن. دەسا با ئێمەش چاو لەوان بکەین و بگۆڕێین، جا وەک فارسەکە دەڵێ: ئەگەر دەستت ناگاتە خانم کارەکەری چێشت لێنەریش هەر باشە! خۆ ئێمە لەدەستمان نایە باژێڕ و گوندەکانمان بگۆڕین و لە وزەماندا نییە بە گەڕۆک و فڕۆکی دەستکردی خۆمان بچینە ئەولاولا. دەسا ئەوی دەتوانین با ئەوە بکەین: ئەدەبەکەی خۆمان وەک هی ئەوان لێ بکەین. ئەگەر نەمانتوانی مەعنا و نیازی وەک ئەوانیش بێنین قەی ناکا هەر کەسم و بیچمەکە حەسابە، دە وەرن بڕوانین باوکم: کوا ئەوان لەسەر ڕەوتی فەعوولون فەعوول دەڕۆن؟ شێعری ئوروپایی نە قافیەی هەیە و نە وەزن. ئێمەش با لەسەر ڕەوتی ئەوان بڕۆین و زۆریش هاسانە. گوێ بگرە:

خۆشەویستەکەم
دوێنێ ئێوارێ دەرنگێک

هاتم
لە ماڵ نەبووی
لە ماڵ نەبووی لە ماڵ
دەزانی؟
ئەی دۆستی گیانی
لە ماڵ نەبوون چییە؟
ئاخ و داخ لە ماڵ
بەڵێ لە ماڵ
نەبووی لە ماڵ

دە چەپڵەیەکەم بۆ لێدەن وا دارم دا بە ڕۆحی شکەسپیریشیاندا، ئیتر چیتان دەوێ؟!!!

بریا کەسێک بووایە بە گوێی ئەم تازە کوڕانەیدا بسرکاندایە و بیگوتایە کاکە! ئەو کونەی تۆ دەستت پێدا کردووە جێ مارە، چوێلەکەی تێدا نییە!!! ڕۆژئاواییەکان کە باری ژیانی خۆیان گۆڕیوە، کەریان گۆڕیوەتەوە بە فڕۆک. بەڵام ڕەوت و هەوای شێعریان هەر هی هەزار ساڵ لەمەوبەرە. شێعر ئەوەیە گەل بە گۆرانی دەیڵێ، گەلەکانی ڕۆژئاوا گۆرانییەکانیان شێعری ئاوای دەوێ، باری ژیانیان گۆڕاوە بەڵام زەوقی گۆرانییان نەگۆڕاوە، هاتوون هەر لەسەر کۆنەکەی خۆیان زیادیان کردووە و ڕێکوپێکیان خستووە لە گۆرانیی ساکارەوە خستوویانەتە ناو مۆسیقاوە و لەسەر کاغەز دایانکوتاوە کە گوم نەبێ. بۆ نموونە لەناو لادێی ئازەربایجان گۆرانییەکی زۆر کۆن هەیە کوچە باغی پێ دەڵێن کە لە جێی حەیران و لاوکی ئێمەیە. مۆسیقاری سۆڤیاتی هەر ئەوەیان تۆزێک دەسکاری کردووە و بۆتە سیمفۆنییەک کە لە ئامریکا جائیزەی پێ وەرگیراوە.

تۆ کە خەیاڵی نووسینی تازەت هەیە و دەتەوێ وەک خوداپێداوان بکەی زۆر بیرێکی پەسندە، منیش لە گەڵتام کە دەست لە فەعوولـون فەعـوول و مەفـاعیلون فەعـوولات بەر بـدەی کە ئەمە میراتێکـی کـۆنی دوابڕاوی عارەبانە لە بن عەبا و عەگاڵەوە بە سواری حوشتر بۆمـان هـاتووە و بەسـەتان سـاڵە بە ملمـانەوە چەسـپیوە. بەڵام ئەگەر ئەوت لە خۆت تەکاند و لە سواری کەر دابەزیت، ئەسـپی رەسـەن و محەندەکی خـۆت لەبیـر نەچـێ و بە پـێ ملـی ڕێ بگـری بـۆ ئەوبەری دەریایـان بەتەمـای ئەوە کەسـێک لەوێ بە خێـری خـۆی لەپـاش تەرکـی خـۆی سـوارت دەکـات. بەخـوا ئەگەر وا بکەی لە ئیشـکانیش دەرچـی لە ئـاوا دەخنکێی!! بۆیە دەڵێم دەست لە کلکی هەوای شـێعری عەرەب هەڵگرە چـونکە پـێم وایە زەوقـی کـوردی گـۆرانیبێـژ و گـوێگر دوورە. تـۆ کە ئەوەم بـۆ بەهەوای ئوروپـایی بگـۆڕییەوە، بەســەد هەزار گوریســیش بەزەوقی هیچ کوردێکەوە نانووسێ!

هەر گەلەی پێودان و ڕێوشـوێنێکی هەیە بـۆ شـێعر و گـۆرانی، کە عەرەب پێی دەڵێن (عەرووز)، کورد لە عەرووزی خۆیدا لە هەموو کەس دەوڵەمەنـدترە. عەرووزە کـۆنەکەی خـۆت زینـدوو بـکەوە. خۆشـت و ئەدەبەکەشـــت تـــازە دەبـــنەوە، ئەو هەزاران هەوای کـــوردییە کە لە گۆرانییەکانماندایە هەر یەکەی ڕەوتێکی شێعر و هونەرێکی جیاوازە. من چـۆن بە تـۆ دەڵـێم تـازە؟ مـن بە مەولەوی تـاوەگوزی دەڵـێم تـازە کە شێعرەکانی بۆ گۆرانیی هەموو گۆرانیبێژێکی کورد دەست ئەدا و لە گەڵ پتـر لە پەنجـا هەوادا ڕێـک دەکەوێ. دەتەوێ تـازە بیـیەوە بچـۆ شـێعری بە مەعنـای تـازە بە هەوای بەیتەکـانی کـوردی، لەسـەر ڕەوتـی حەیـران و لاوک و لەشـکری و خەزاڵ بڵـێ، چـی لە دڵتـدایە بـیخە نـاو

هەوایەکی کە کورد بە گۆرانی دەیڵێن تا ببیسن و بچتە دڵیانەوە و بەم هۆیەوە باری ژیانی ناخۆشیان پێ بگۆڕە...

کوڕە سەیری لە هەمووی خۆشتر ئەمەیە: ئەگەر یەکێک لەو تازە کوڕانە بە دەستەوا پەسندی ئەوی تر دەدا دەڵێ شاگردی مامۆستا گۆرانە کە مامۆستا گۆرانیش خاوەنی فێرگەیەکی تازەیە لە ئەدەبی کوردیدا!!! دەسا قورئان بەحەقت، بە ساحێبت، من تا ئێستا شێعرێکی گۆرانم نەدیوە کە وەزن و قافیەی نەبێ. وە باوەڕیشم وایە کە گۆران خاوەنی مەدرەسەیەکی تازەیە بەڵام فێڵەکەی باش دۆزیوەتەوە دەستی لە کلکی حوشترەکە بەرداوە و مەعنای تازەی خستۆتە ناو بەندو باوی کوردانەی خۆمانەوە. دە شێعرێکی بێ وەزن قافیە یان بە کوردی بڵێین- بێ ڕەوت و پاشڵی مامۆستا گۆرانم نیشان بدەن و سەرم بشکێنن.

کاکی خۆم! ئەوانەی کە داتان هێناوە شێعر نین و لەترسی گێرە ناوی خۆیان گۆڕیوە، پەخشانیش نین چونکە پەخشان پارچە پارچە و بێ مەعنا نابێت. ئەمانە وەک وشترمرغ وان ئەگەر دەڵێن بفڕە دەڵێ وشترم ئەگەر دەڵێن با بارت کەین دەڵێ باڵدارم.

لە موکریان دەغڵێک هەیە سووریشە و وەک جۆ دەچێ ئەمە ناویان بۆ نەدۆزیوەتەوە پێی دەڵێن: نە گەنم نە جۆ. جا ئەم نە شێعر نە نەسرانە چونکە ئەرک و بارگرانییەکی هەر کەس سەری لە هێلکە جووڵاوە شاعیرە و شاعیری تازە و پێشکەوتووشە، ئەگەر زۆریش لەسەری برۆن دەڵێ شاگردی مامۆستا گۆرانیشم و هەر کەسیش پێم قایل نییە با سەری خۆی لە بەرد بدا و تێر ئاوی سارد بخواتەوە.

## ٢٥- هاواری زۆر لێکراو (شیعر)[١]:

من کێم؟ چۆن ژیام؟ بۆچ ئەمرۆ دەژیم؟ ڕەشم وەک دیزەم، ڕەشم وەک ڕەژیم
ڕەشم وەک لەعنەت وەک قورمی دووکەڵ ڕەشم وەک بەختی بێکاری تەنبەڵ
ڕەشم وەک مردن بە ڕۆژی جێژن کەس لە بڕودوای چاکەم نابێژن
دۆستم یەک یەکە و هەزاران دوژمن هەموو کەس بە سووک دەڕوانێتە من
وەکو دەڕوانە کرمی سەر عەرزی ئەستێرەکانی عاسمان لە بەرزی
دووریان خستمەوە و ناهەق کوشتمیان پێم پێ دەکەنین کاتێ ناشتمیان
دەیان گوت ئەی ڕەش گڵی گڵ مەنزڵ تەنیا هەر بۆخۆت دەچیەوە ناو گڵ

*

پیاوەتیم لایان بێ قەدر و باوە یاساو دین بەشی منیان نەداوە
هیچ باوەڕ ناکەن من هیچ بزانم لە دڵ ڕەشی وان من سەرگەردانم
شەو و ڕۆژ وەک سەگ کێشکچی ماڵم وەکو گەسک و بێڵ ماڵیان دەماڵم
مناڵ ژیرکەرم، چێشکەم، پشیلەم ئەسپابین چ خۆم چ قەوم و قیلەم
بۆ قەیسەر بەشەو بەزمم ئەدا ساز بە ڕۆژ پردی بووم لە کورتی ڕێ باز
کە نەشمان کۆیلە و قەیسەری ڕما ئێمە میراتی ئەوانمان بۆ ما
بە ڕۆژ قەسابم، کێردم، بەرازم بەشەو گۆرانیم، هەڵپەڕکێم، جازم
ناخۆشیان ئەوێم، بۆچی؟ نازانم هەژار، بەستەزمان، بەسوود، بێ زیانم
دڵیان دەلەرزێ نەک خوێنی گەشیان تێکەڵ بە ڕەش بێ و بچێتە لەشیان
خوا نەکا تەبیات زۆرم بۆ بێنێ ژنێکی سپی دڵم بستێنێ!
خرکە بەش ناکا بۆ پێدادانم گرێوە باسکە بۆ زوو خنکانم
بە هیچ لە دەستیان نایە ڕزگاریم هۆردوو بەش ناکا بۆ پارێزگاریم

*

(١) ماک کریا، وەرگێڕانی: هەژار، گۆڤاری ڕۆناهی، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٩٦٠، ل ٣٠- ٣٤.

ناویرم چ بڵێم، لەبەر خۆمەوە
گۆرانی دەڵێم دنەبەگ لێ دەدەم
دەڵێم لە بیرم بچێ من ڕەشم
بەلام لە بیریش بچێ: زللەیان
زوو دەمهێننەوە سەر ڕێی وشیاری
ئەو هەمووە بۆچی؟ هەر چونکە ڕەشم
ڕەشایی ڕەشیان لە بەرچاو زۆرە
نازانن کە شەو ڕەشە و هەر دەشبێ
شەو ڕەشە و ئەگەر بڵێن شەو نەبێ

*

ڕەش بووم هەر ڕەشیش دەبم تا زیندووم
بولهەوڵ و ئەهرام دەسکاری منن
ڕێسمە و شیپانەی قەیسەرم ماڵی
لە کۆنگۆی بلژیک دەستیان پەڕاندووم
بەلام گەر زەویش گەڕام تەواوی
فێربووم لەو نیلەی بە میسرا دەهات
کە میسیسیپی بە من پێکەنی
گیانم پیر بووە و ئێستا زۆرزانە
ئێستا ئینسانم دەبێ ئینسان بم
فەرقی شەو و ڕۆژ لای خودا نییە
ڕەشی شەو شەپۆل ئەدا و ناسرەوێ

ئاخ هەڵدەکێشم پیش دەخۆمەوە
زۆر سەرخۆش دەبم سەمایە دەکەم
لە هۆز بێگانە و لە ژین بێ بەشم
شەقیان، بەڵغەمیان، داریان، گوللەیان
بۆ هەستی پەستی و سووکی و هەژاری
کەمتر لە سەگ و دز و چەتەشم
گورگە، کێوییە، بنیادەم خۆرە
کێ لە جوانی شەو دەکرێ بێ بەش بێ
یانی سانەوە، یانی خەو نەبێ

*

لەلای فیرعەون ڕۆژێک بەندە بووم
شاهیدی دەرد و ئازاری منن
بێ پارە و بێ نان بوومە حەنباڵی
دەمێک بۆیەچی جۆرج واشنتۆن بووم
بڕیم ئەو ڕێگەی دوور و خوێناوی
باوەڕی بەخۆ و بێ دەنگی و سبات
پاشان بۆم گریا، هۆشم ڕاچەنی
کەندال گوشادە وەک ئەو چۆمانە
ڕەشیش بم دەبێ وەک سپیەکان بم
شەو بۆ ڕۆژ وەکو چاوەی کانییە
تا ڕۆژی سپی لێ دەردەکەوێ

## ٢٦- نامە بۆ وارشەو (شیعر)[(١)]:

لە کۆنگرەی لاوان نووسراوە، کە لە شاری وارشەو گیرابوو.

١٩٥٥/٧/١٢- بەغدا

کوردێکم دەوێ چاپک و پتەو    سەفەرێک هەیە بۆم بکا بە شەو
نەهێڵێ تورک و عەجەم بزانن    داگیرکەرانن لە کوردستانن
ماڵ لە خانەخوێ حەرام کراوە    مەسەلی کوردە و لە کورد ڕووی داوە

*

پێشان بچێتە شاری مهاباد    تڵیشێ بێنێ لەو داری بێداد
ئەو داری قازی و سەیفیان پێداکرد    جمهووریەتی کوردیان پێ لابرد
بچێتە ئاگری داغ نێزەیەک بێنێ    ژەنگی هینابێ بە دڵۆپی خوێنێ
کام خوێن! خوێنەکەی لاوانی کوردی    لەڕێی ئازادی مردن بە مەردی
ئەو کوردەی گیانیان بە ئاواتەوە    ئێستاش لەو کێوە دەنگ ئەداتەوە
ئەو دار بەو نێزە دادەن وەک قەڵەم    قەڵەمێ هەر خۆی هاوارکا بە دەم

*

خوێنە خەستەکەی کورە بارزانی    کە ئیستعماریان بە سەگ ئەزانی
بە ئاوی چاوی کورکوژراوانی    بەردەرکی سەرا لە سولەیمانی
شل بکرێتەوە و لێکدرێ تەواو    بکرێتە کەڵەی مستەفا خۆشناو
لە جلکی شەڕی هەتیوبارەکان    یان دەربەدەر و شارە و شارەکان
ڕیتاڵێ بێنن بەو خوێن و خامە    هەژارێکی کورد بنووسێ نامە
کۆترێکی سپی تیژباڵ، بە سەرڕەو    نامە بەرێتە کۆنگرەی وارشەو

*

لاوانی دنیا، پیاوچاکانی مەرد    شەریفانی هەرد، سافانی بێگەرد

---

(١) هەژار، گۆڤاری ڕۆناهی، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣، ١٩٦٠، ل ٣٦- ٤٠.

زۆر ملیۆنن کورد له ئاسیادا      کۆنتری گەلان لەرووی دنیادا
وەحشی ئیستعمار لەسەریان زاڵه      بریویه ڕێگەی هەناسە و ناڵە
زمانی زکماک مەنع کراوە      دەرکی خوێندنمان لێ داخراوە
دەرمان و دوکتور بۆتە ئەفسانه      لێدان و قەمچی لەجێی دەرمانە
سێڵاوی نەوتم، پەیدابووی خاکم      توووتنم، گەنمم، خەرجەم، پیتاکم
دەرژێته (ستی) و (واڵ ستریتەوە)      سەدیەکی بۆ من دەگەڕێتەوە
ئەویش دەستبەندی بۆمن پێ دەکڕن      یاخۆ تیغێکە سەرمی پێ دەبڕن
یاخۆ بۆ زیندان، دەمخەنە ناوی      یان بنکەی شەڕە و مەتاری ئاوی
کێوانمان هەمووی کرایه سەنگەر      هێزی شەڕ و شۆڕ لێی دەخا لەنگەر
موساعەداتمان هەر تۆپە و تفەنگ      لاومان دەکرێنە دەستەچیلەی جەنگ

*

چەکفرۆشانی شەڕهەڵایسێن      له ژێری گەلان گەلێک دەترسێن
له نیسێی خۆیان دەسڵەمێنەوە      له گەمەی کۆتر دەڕەوێنەوە
زمان هێمنی بڵێ دەیبڕن      قورعان سەلامی تیابێ ئەیدڕن
دەستێ بنووسێ وشەی ئاسایش      توند ئەکرێ لەناو کەلەپچە و قایش

*

بەلام بێگومان خەیاڵیان خاوە      مەودا نەماوە، کاریان کراوە
لێدان و بەند و زیندان، زگدڕین      قەناره و قەبر و کوشتن و بڕین
دەرمانی دەردی ئیرتجاع ناکا      با ڕێی هەڵاتن بۆخۆی پەیاکا

*

لاوانی کوردیش لەسەر ئەو حاڵەش      لەگەڵ ئەم ژینەش، ئەو ڕۆژەتاڵەش
دەست درێژ دەکەن بۆ دەستی ئێوە      سوێند ئەخۆن لەسەر مەبەستی ئێوە
تا تەڕاییی خوێن له ڕەگیاندا بێ      تا شەڕهەڵگیرسێن له دنیا مابێ
بەبێ ماندوو بوون بێ شلی و سستی      تێکۆشن به گیان لەڕێی سەربەستی
نەک هەر سەربەستیی خاکی کوردستان      بەڵکوو ڕزگاریی هەموو ژێردەستان
ئێوەش ئەی لاوان نامە، هاوارێک      لەو کوردە زۆرە باسێک، پرسیارێک
      شەرمە خەبەر و باسیان نەزانن

کوردیش وەک ئێوە تیرەی ئینسانن
کۆمەڵی بەزەی جانەوەر هەیە
نابێ ویجدانتان بەمە ڕازی بێ
لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانا
یادێکی بکەن لە کوردی هەژار
گەر ئێوە دەستێک بدەنە دەستم
کوردم بەناوبانگ ئازا و بەکارم
دڵدانەوێکم ئێوە بۆ بنێرن

کورد کە ئینسانە لێی بێبەهرەیە
گورگ لەناو مەڕ هەرخۆی قازی بێ
لە کۆیوونەوەی ڕۆژ و شەوانا
قووڵە لە گورگی وەحشی ئیستعمار
هەر هێندەی لەناو زەلکاو هەڵدەستم
یەک بم خەنیمی هەزار نەیارم
مەرگی داگیر کەر بەخۆم بسپێرن

## ٢٧- كوردم (شيعر)[1]:

له وەرامی کۆنە دۆستێکا نووسراوە.

برا زۆر سەیرە زوو نەمناسی، من هەر زۆر لە زوو کوردم
کە تۆ پێنج شەش کەڕەت گۆڕاوی من بێ سێ و دوو کوردم
لە تەکیـیە بـوویە جێگـر، ڕێگـر و مێگـر لە بـن بەرمـاڵ
ئەمـن لەو سـاوە جێ و بـانم لە بـانی بێشـکە بـوو کـوردم
عەجەم بووی بوویە تورک و بویە عارەب ئێستە سەر شێواو
ئەمـن بـێ گێڵمەگـێڵم و کەشـمەکەش بـێ چاشـنو کـوردم
سپی بووی، بوویە شین و بوویە سوور و ئێستە ڕوو زەردی
ئەمن یەک ڕەنگ و ڕوو، وەک پیاوی خاوەن ئابڕوو کوردم
کە تـۆ بـۆ مـز لە نـاو مزگەوتـی، کوردسـتانە ڕووگەی مـن
کە تـۆ دەروێشـی زەرگ و مەرگـی مـن بێ هـایوهو کـوردم
کە تـۆ پەل بـۆ هەمـوو جێـیەک ئەکێشـی و بێ ڕەگ و پنجـی
ئەمـن گەر پەل پەلیشـم کەن، لە سـەریەک ڕێـگەم و کـوردم
دڵـت بـۆ پـارە پـارە، بیـر لە لیـرە گیـرە، دەم بـۆ دەم
سـەراپا، ڕەگ بەڕەگ، ئێسـقان بە ئێسـقان، مووبەمـوو کـوردم
کە تـۆ دەرپێـت فـڕێ دا و چـاکەتی چاکـت دەبەر خـۆ کـرد
ئەمـن شـەرمم بە خـۆو شـاییم بە خـۆمە، جل شـڕ و کـوردم
کە تـۆ گیرفـان پـڕی گیرفـان بـڕی، مـن هەر هەژار مـاوم
کە تـۆ خـۆت دا بە خـواردن، مـن لەگەڵ گـاڵ و بەڕوو کـوردم

(١) هەژار، گۆڤاری ڕۆناهی، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥ و ٦، ١٩٦١، ل ٣٦.

**٢٨- به ڕاستی دنیایەکی سەیره! ئەمەیه دەڵێن کەس ئاگای له کەس نییه (وتار)[(١)]:**

هەی داد هەی داد مـن کـوردم و خەڵکـی ئەم کوردسـتانه پـان و بەرین و پڕ پیت و داهاتەم.

کوردسـتان که بـۆته عەنبـاری دەغـڵ و دان و نەوت و گۆشـت و تـوتن و لـۆکه و هەمـوو مـایەی بژێـویەکی تـر بـۆ ئیمپریالیسـت و داگیرکەران!!

من پەیدای ئەکەم و خەڵک ئەیخوا، خۆم ڕووت و ڕەجاڵ و خەڵک پۆشـته ئەکەمەوه، مـن ڕەنجـبەر و ڕەنـجەر و هەرچـی کـۆی ئەکەمەوه سـەری سـاڵ نەغـد و پوخـت لـێم وەرئەگـرن و له جیـاتی سـوپاس (پدەرسوخته)یەک یـان (ئویلـدرم بیلـدرم)یکم له دەست دەنێن و بڕۆ به خوات ئەسپێرم.

ئەمه بۆ؟

هەر چونکه هەزار ساڵه له پێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسـلامدا خـۆم له بیـر چـووەتەوه و بـۆ ئەو بـرا موسـڵمانانەم (خـوا له خێـری دەرنەکا) خوێنی خۆم ڕژاندووه و پاڵەوانی مەیدان هەر خۆم بووم!

هەر چـونکێ له جەنگـی خـاچ پەرسـتاندا سـنگی خـۆم کـرده مەتـال (قەڵغان) و هەموو ئەوروپاییم بۆ جەهەنەم ڕەپیچەک دان و نەم هێشـت وڵاتی موسڵمانان به دەردی ئیسپانیا بەرن؟

هەر چـــونکه به هەزاران له مێژوونـــاس و زانایـــان و بـــوێژان و پاڵەوانانمان خزمەتی زۆر و زۆربەیان به ئاینی پاکی ئیسلام کردەووه؟

---

(١) هەژار، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژماره ١، ١٩٦١، ل ٣، ٧، ٨.

هەر چونکە ئەگەر سوارەی شیر بە دەستی من خۆیان نەخستایەتە ئەزمیرەوە کە وا سەری داگیرکەرانی تورکیایان وەک گەڵاڕێزانی پایز هەڵدەوەراند ئێستا تورکیا داری بە سەر بەردەوە نەدەما؟

هەر چونکە بە شایەتی هەموو مێژووناسی بێ ئینسافیش هەزار و یەک جارم ئێران لە مردن ڕزگار کردووە کردوومەتەوە ئەو ئێرانەی کە ئێستا بە ڕیشم پێ دەکەنێ!! باشە. دیسان من پەشیمان نیم. من بە دڵپاکی و برایەتی ئەوەم کرد، کە کردوومە و پێشم وایە خۆی گەورە لەگەڵ پاکانە، ئەو چاکەیەشم دێنێتەوە ڕێ و دەشزانم بەشی گزیکەر و دزیکەران هەتا سەر هەر وەها نابێ!

بەڵام ئێستا لە شتێکی تر سەرم سوڕماوە و هیچ سەری لێ دەرناکەم:

وەک ئەوەی تا ئێستا کردوومە هیچ بەدڵیان نەبووبێ و کەمم هێنابی و درەنگ هاتبم وایە؟ پێیان وایە کە من ئاوا زیندووبم و لەسەر پێ بڕۆم و کاریان بۆ بکەم بەس نییە!

دەیانەوێ بم توێننەوە!! ئا بەڵێ هەر توانەوەی بەڕاستی چۆن قورقوشم ئەتاوێننەوە ئاوا. گوایە دەبێ بم توێننەوە و سکەی خۆیانم لێ دەن و کەس نەمناسێتەوە! بەڵام چونکە بە ناشکوری ناڵێم- توانەوەیەکی چەند قولییە وەستاکانم قسەیان یەکتر ناگرێتەوە و چز و هوری ئاگر و تاوەکەیان بۆتە سەیر و سەمەرەیەک دنیای هێناوەتە پێکەنین.

فارس ئەڵێن: کورد لە ڕەگەزی ئارییە و سەری خڕە و پشتی پانە و لوتی کورتە و بەژنی درێژە و چل پەنجا وشەی زمانەکەشی وەک هی فارس وایە، پادشاکانی پێشوومان و زەردەشتی پێغەمبەریشمان لە

کوردستان ژیاون و له بەردی چیاکانیان نوسیون. کەوابێ بە هەزار و یەک بەڵگەی بێ گرێ و گۆڵ کورد له خۆمانن و بەشی کەسی پێوه نییه.

بەڵێ ئاغای فارس قسەکانت ئەگەر درۆشن زۆر خۆشن، هیچ ناشڵێم ئەو پێغەمبەر و پادشایانەش که تۆ ناویان ئەبەی هەر هی خۆم بوون و هەر وەک دەغەڵ و دانەکەت بە تاڵان بردووم و پادشا و پێغەمبەریشت لێ دزیوم.

جارێ با بچین بەلای تورکەوه بزانین ئەو چیمان بۆ ئەڵێ:

ڕۆژنامەی (ئاکیس) له ۲۷ی تەمموزی ۱۹٦۰دا بە بۆنەی سەردانی گورسیل له سیواس ئەمەی نووسیوه:

سەرۆک گویرسل له گەڕانەکەی ڕۆژهەڵاتیا ڕۆیشتنی بۆ سیواس له هەمووی خۆشتر هاته بەر چاو، چونکه سەردانی سەرەک بۆ ئەم شاره –که له کاتی خۆیدا یەکێک بووه له مەرکەزه هەره گرنگەکانی ڕۆژهەڵات– تەنیا بریتی نەبوو له سەردانێکی سوک و هاسان، بەڵکو نرخێکی تایبەتی و جیاوازی هەبوو، وەکو بۆ ئەندامانی کۆمیتەی میللی ساغ بۆتەوه هێندێ له کاربەدەستانی حکومەتی ڕابوردوو (مەندەریس) که ئێستا له بەندیخانەی (یاسی ئادان) دان وه لایەنگرەکانیان تا ئێستاش دەستیان هەڵنەگرتووه له خۆشکردنی ئاگری بزووتنەوەی کوردایەتی له ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمانا، بە هەموو جۆرێک خەریکی پلان ڕێکخستنن. هەرچەنده شتێکی ئەوتۆ له ئارادا نییه لەم بارەیەوه، که پێویستی بە لێدوان بێ و هەرچەنده تا ئێستا میللەت چەند جارێک نیاز پاکی و دڵسۆزی خۆی بەرانبەر بە حکومەتی تازه دەربڕیوه و هەموو بە دڵ و بە گیان لەگەڵ ئەو حکومەتی ئێستامان دان، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشا ڕوونکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم باسەمان بە تایبەتی بۆ چینی خوێندەوار و تێگەیشتووی سیواس بە پێویست زانی.

سەرەک لەم کۆبوونەوەیەدا مامۆستایانی شاری سیواس لە خەتەرێکی زۆر گەورە و ئاگادار کرد وتی: هەموو ئەو بەڵگانەمان دەست خستووە، کە حکومەتی کۆن پڕوپاگەندەی بڵاوئەکردەوە و گۆیا تورکیا لە لایەن کوردەکانەوە ئەبرێ بەڕێوە. ئەم جۆرە شتانە بێ گومان (بێ بنکە) نەبووە و نییە.

کاربەدەستانی کۆن بۆ قازانج کردنی دەنگی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنا سەریان لە هەموو دەرگایەک داوە. لەم بارەوە بە تایبەتی یارمەتییەکی زۆر ئەم جۆرە بزووتنەوانەیاندا و پارەیەکی زۆریان بە سەرەک عەشیرەتە کوردەکان و شێخە کوردەکان داوە، مەبەستیش تەنها دەنگ وەرگرتنی ئەم جۆرە کەسانە بووە کە لە ئەسڵا تورکن.

هەروەها گوتی:

حکومەتەکەمان توندترین و بەهێزترین پیلانی داناوە بۆ لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشانی ئەم جۆرە بزوتنەوەیە.

بەڵام مەبەستی سەرەک لێرەدا شتێکی ترە، کە ئەمەش مامۆستایان دەتوانن بە جێی بهێنن، ئەوەی شیاوی باسە: تا ئێستا زۆربەی منداڵە کوردەکان زمانی ئەسڵی خۆیان، کە تورکیە نازانن و فێر نەبوون، هەرچەندە ئەیانتوانی بە ئاسانی بگەڕێنەوە سەر باری ڕاستی و لە خزمەتی هوروژاندن و هاندانی چەند کەسێکی خراپ ئاوایان بە سەر هاتووە، لە پاشان سەرەک گوتی:

هیوادارم، مامۆستایان بتوانن ئەم ڕێ لێ ون بوانە بگەڕێنەوە سەر باری ڕاستی و لە خزمەتی نیشتمانەکەمانا دوانەکەون.

خوێندەواری خۆشەویست باش سەرنجی بدەیە: (پارەیان داوە بە شێخە کوردەکان و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان، کە لە ئەسڵا تورکن: بۆ ئەوە کوردایەتی بکەن).

تا ئێستا زۆربەی منداڵە کوردەکان زمانی ئەسڵی خۆیان، کە تورکیە فێر نەبوون و نایزانن و هەرچەندە دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی خۆیان، بەڵام گێرەشێوێن نەیان هێشتووە زمانەکەی خۆیان کە تورکیە فێربن) ئەمە قسەی گورسیلە!

باوەڕ بکەن وەک کابرای کەڵهوڕ گوتی: ئەگەر من ئەمەم بگوتایە دەمێک بوو ڕیشیان تاشیبووم و لە (خەجەتو)یان کردبوومە ئەوبەرەوە.

گوایە یانی چی منداڵە کوردەکان فێری زمان ئەسڵی خۆیان نەبوون کە تورکییە؟ بە خوا مەگەر هەر خۆی مانامان بۆ لێداتەوە، ئەگینا کەس سەری لێ دەرناکا.

هەروەها لە مانگی تەمموزی ١٩٦٠دا کۆمیتەی میللی یەکگرتوو لە ئەنقەرە بەراتیەکیان پێک هێنا مەبەست لەم کۆبوونەوەیە: بنچینەی کورد بوو، مامۆستای مێژووناسی هەرە گەورە (فخری کزرئوغلی) زۆر لە سەر ئەو مەسەلە دوا. فەرمووی کورد لە ئەسڵا تورکن و تورکی ساغ و دروست کە مابن هەر کوردەکانن، بڕوانن سەریان وەک خۆمان خوارە، ئازایەتی و بەڵێن بەجێ هێنان، کە هەمووی ئاکار و خۆی ڕەگەزایەتی تورکییە، تەنها لە کوردەکانا ماوە (وادیارە پێی وابووە لە تورکەکانا نەماوە) ئەمەش باشترین نیشانەی ڕاستی قسەکانمە کە کورد تورکن.

دەم خۆش مامۆستا کزر ئۆغلی مێژووناسی هەرە گەورە کە وەک تۆ ناتوانێ کورد بکا بە تورک!!

دەسا کاکی فارس و برای تورک بۆ ئەوە دڵتان بحەسێتەوە لەگەڵ منا وەرن- ئەگەر عەرەبیش نازانن من لە سایەی قامچییەوە هەموو زمانێک دەزانم بۆتان وەردەگێڕم- با سەیرێکی ڕۆژنامەی بەغدا و سەورە و مەورە بکەین و بزانین کلوفلیس و ملوفلیس چمان بۆ ئەنووسن.

یەکیان زۆر بە وردی کاری بە ناو مێژوودا گەڕاوە و چل بەچل و بنجک بەبنجک پشکنیویە، هەرچەندە تیرە و هۆزی کورد هەن هەمووی بردوونەتەوە سەر عەرەب و تەلاق و سوێندیشی لە سەر دەخوا، کە بە ئەندازەی سەری نوکی دەرزییە درۆی تێدا نییە. بەم پێیە هەر کەس بڵێ کورد عەرەب نییە با سەری خۆی لە بەرد بدا و تێر ئاوی سارد بخواتەوە...

ئەمیان هەڵئەداتێ و ئەڵێ: وا ئێمە هەزار ساڵە پێکەوە ژیاوین ئەوان کردوویانە و ئێمە خواردوومانە، یاخۆ ئێمە خواردوومانە و ئەوان کردوویانە، هەرگیز ئەم کورد کورد و من من و تۆ تۆیە نەبووە و ئەوانەی کە ئێستا دەڵێن با کوردیش ناوی لەناو ناوان بێ وادیارە لە دین لایان داوە. پیاو چۆن ئەبێ بڵێ کوردیش با بە زمانی خۆی بخوێنن و تۆزێک بە خۆشی بژی؟

بەڵام خاوەنی سەورە سەری لەبن باخەڵی کلوفیس ئەفەندیەوە دەرێناوە چونکە لە پنچە دەگاتە سەر خوا لێ خۆشبوو، حاتەمی تەی ئەویش هەموومان ئەزانین چەند بەخشندە و بە دەست و دڵ بووە. تێکڕای گەلی کوردی خستۆتە سەر سفرە و بە ئاغاکانی ئەڵێ: ئەم مقۆ مقۆیەی بۆ چییە؟ فەرموون هەمووی بکەنە پارویێک و نۆشی گیانتان بێت.

جا لێرەدا کە من سەرم سوڕماوە و پێم خۆشە وەرامی ئەم یەک دوو پرسیارانە بەنەوە، خوا خێرتان بنووسێ.

وا باوەڕم بە فارسەکان کرد، کە کورد لە خۆیانە و هی خۆیانە، بەڵام گوایا لە سەر ئەو هەشت نۆ ملیۆن برا فارسە کوردانەی، کە لە بەردەستی تورکیادا هاوار و ناڵەیان ئەچێتە کەشکاشانی فەلەک بۆ جارێک لە جاران وەدەنگ نایەن؟ بۆ ناڵێن: تورکی دراوسێی خۆشەویست ئێوە هیچ نەبێ ڕێگە بدەن با ئەو کوردە فارسانەی ئێمە، کە کەوتوونەتە بەردەستی ئێوە بە زمانەکەی خۆیان، کە فارسییە بخوێنن و تۆزێکیش یاردەیان بکەن با وەک بنیادەم بتوانن بژین. بۆچی جارێک لە ئێرانمان نەیست تۆزێک گلەیی لە تورکە جیرانە خۆشەویستەکەی بکا لە سەر کوشتن و بڕین و گرتنی هەزاران لەو فارس کوردانەی کە خۆی ئەڵێ بڕبڕەی پشتی خۆمن و خوێن گر و خوێن ئەستێنم هەر کوردی پاک و پاک نەژادە؟

ئەی بۆچی ساڵێک ئەبو تالیب ناوێکی ئێرانی کە لە (مەککە) چوو بۆ کەعبەی پیرۆز پلیس بکا، گرتیان و سەریان پەڕاند پێنج شەش مانگ هەموو ڕۆژنامە و ڕادیۆی ئێران هەر شین و گابور و جوێندانیان بوو تەنانەت پەیوەندی سیاسیشی لەگەڵ عەرەبی سعودیدا بڕی هەر چونکە ئێرانییەکەی مل باریکی کوشتووە. ئەو خوێن گەرمیەت بۆ تاقە نەفەرێک لە چی بوو ئەم خوێن ساردیەت لە هەشت نۆ ملیۆن فارسە کورد، یان کوردە فارسی بەردەستی تورکیان لە چییە؟! تۆ لە سەر بەحرەینێکی کە عەرەبە و هەر عەرەب بووە و بە عەرەبی قسە دەکا و تاقە وشەیەکیش فارسی نازانێ و سەریشی خڕ نییە ئەم هەرایەت ناوەتەوە و دەڵێی هی خۆمانە و برای خۆمانن و دەیان سێنینەوە. ئەی

بۆچی لە ڕاست تورکیاوە قیرت بە چاوتەوە نوساندووە و جیوەت کردۆتە گوێچکەتەوە و دەمت بە شوژن و بەن دادوراوە، وەک نەبات دیبێ نە بۆران؟

هەر لە خۆت ئەپرسم: تۆ بی و خودات: خۆت باوەڕت بەم قسەی خۆت هەیە، کە دەڵێی کورد فارسە و بەشی کەسی پێوە نییە؟!

ئەمجا لە تورک ئەپرسم: ئارکەداش! تۆ لە سەر حەفتا هەزار تورکی قیبرس ئاشێکت نایەوە بە حەوت ئاشگێڕ ئاو نەدەگەڕا. ئەستەنبولی خۆت سوتاند بۆ ئەوەی چەند یۆنانییەکی تێدا تالان بکرێ، کە گۆیا زۆر لە تورک دەکەن و نایەڵن هەتا هەتایە ئینگلیس لە قیبرسدا بمێنێتەوە.

دەی ئەدی چۆنە وا لە حاند چوار پێنج ملیۆن کوردی -بە دەردی خۆت ئەڵێی ڕەگەز تورک- کە لە ئێرانن و نایەڵن فێری تورکی ببن، کە زمانی ئەسڵی خۆیانە و بە زۆر فێرە فارسییان ئەکەن و ڕۆژ نییە سەد و دوو سەتتان لە بەندیخانەکاندا نەکوژن و شەو نییە ماڵی هەزاران لەو کوردە بنیچە تورکانەت لێ وێران نەکەن. قڕ و قەپت کردووە و بگرە یاریدەشی ئەکەی، کە پتریان چەرمەسەرە بدا و لە بنەوە بزەی سمێڵت دێ و دەشڵێی تورکی پاک و ڕاست ئەگەر مابێ هەر کوردەکانن.

دیارە ئێوە بنەماڵەی مێژووناسینتان زۆر لە مێژ نییە، بیستومە ڕۆژێک لە ڕۆژان -یادی بەخێر- کە میراوی دەریا و سەرکاری وشکانیان بوون یەکێک لە زانایانی مێژووزانی قامچی بەدەستتان فەرمووبووی:

خەڵکی لیبیا تورکن و تورکی تەواویشن، بەڵگەشم ئەوەیە ئەوان ماست ئەخۆن و ئێمەش ماست ئەخۆین!!

زۆر دەترسم هەر ئەو بەڵگە ڕاستەشتان بۆ کورد بە تورک زانین بەدەستەوەبێ، ئەگینا خۆشت ئەزانی منالی خۆشت باوەڕی پێ نەکردووی، کە ئەفەرمووی کورد زۆر تورکی باشن هەر چۆنێک بێت خۆ ماست نییە بە لێوتەوە دیار بێ. تا تۆ دەستت ئەڕوا و من وا گز و کەنەفتم با وابێ دەسەڵات چییە؟!

جا با ئاوڕێک بدەینەوە سەر ئەو برا خۆشەویستانەی کە کورد لە ڕەگەزا ئەبەنەوە سەر عەرەب و شەجەرەی زۆر پاک و ڕووناکمان بۆ ئەنووسن و هێندیان بەڵگە پەیدا کردووە پیاو لە وزەیدا نییە وە درۆیان بخاتەوە. ئەرێ برا گیان ئەوە بۆ جارێک باسی چارەڕەشی و کڵۆڵی ئەو سێزدە چاردە ملیۆن کوردە پنچە عەرەبانەی بەردەستی تورکیا و ئێران نانووسن، تەنانەت ئەگەر ئێمەش دەنووسین و بۆتان ئەنێرین بۆمان چاپ ناکەن، کەچی ئێمە زیاتر لە ئێوە هاوار بۆ ڕزگاری برا عەرەبەکانی ئەسکەندەرونە و ئەهواز و بەحرەین دەکەین؟ ئاخر ئەگەر بەڕاست پێتان وایە ئێمە عەرەبین و لە نەسلی ئێوەین چ خوا بەردارە داوای ڕزگاربوونمان لە چەنگ تورک و فارسان ناکەن؟ ئاخر ئێمە لە خۆتان نین؟ هاوخوێن و هاودینتان نین؟!

جا ئێوە بیر بکەنەوە بۆ جوابی ئەمانە تا من پرسیارێکی دیکەتان لێ بکەم:

لەسەر تواندنەوە، کە ئەگەر بۆتان لوا چۆن پێک دێن؟

بە هەزاران و سەد هەزاران ماڵە کوردی وا هەیە بابێک لە ئێرانە و برایەک لە تورکیایە و ماڵە مامێک لە عیراق و خاڵ و خوشکێک لە سوریایە و ماڵەکانیشیان زۆر لێک نزیکن و هەموو ڕۆژیش ئەگەر ئارەزوو بکەن یەکتر دەبینن.

چۆن ئەکرێ باوکێک بە تورکی بتوێننەوە و بە فەرمایشتی جوان و ڕەنگین و هەڵبژاردە و زانایانە دڵنیای بکەی، کە تورکە و تورکی تەواوە و ئەبی بچێتە ناو بۆتەی تورکایەتییەوە و بتاوێتەوە.

ئەمجار ئەو لێت پرس و بڵێ ئەی کوڕ و کچ و برا و کەس و کارم لە کوێن تا بێن و بتوێنەوە و وەک خۆم بگەڕێنەوە سەر ڕەگەزە تورکیەکەی پێشوومان؟!

تۆ پێی بڵێ: نا کورم باسی ئەوان مەکە، ئەوەتا بە پێی فەرمایشتی مێژووناسان و زانایانی بلیمەت کوڕەکەت لە ڕەگەزی فارسە و براکەت و کێ و کێت لە بنەماڵەی عەرەبە و هەرکەسە پێویستە لە جێگەی خۆی بتاوێتەوە بچێتەوە سەر ڕەگەزەکەی پێشووی خۆی.

پێم وایە ئەمە بەزمێکی زۆر خۆشی لێ پەیدا دەبێت!

خۆ ئەگەر یەکێک لەو کوردە نازانم بنیچەچی-یانە وەبیری بێتەوە، کە ئامۆزاکەی لە پارچە کوردستانەکەی سۆڤیەتدا دەژی و بڵێ ئەی قوربان بۆ ئەوەی ئەفەرموون چی؟ لادەبن وەرامتان چی؟

بەڵام وا بە باش دەزانم بە ئەسپایی بە گوێی تورک و فارسەکاندا بچرلینیم و بڵێم:

دەداش کە دەڵێم ئێوە و عەرەب دەتانەوێ بم توێننەوە –مەبەستم لە حکومەتی عێراق نەبوو، هیچ دڵی خۆتان خۆش مەکەن بڵێن هاوڕێمان لەو کارە خێرەدا زۆرن بەڵگەشم نووسینی ئەم وتارەیە، کە توانیومە لە بن سێبەری ئاڵای عێراقدا بە ئازادی بینووسم.

ئەو عەرەبانەی داوای توانەوەم دەکەن بە دەنگی ئەو زوڕنانە هەڵپەرکێیان گرتووە کە لە دەست بێگانان دایە و مل داوە دەزووەکانی ئەوبەری دەریا فوی پێدا دەکەن!! بەر لەوە دوایی بە گفتوگۆیە بهێنین

ئەمەویٚ دڵسۆزانە ئامۆژگاریەکتان بکەم نەوەک لە دواڕۆژا کە دەستی پەشیمانیتان گەشت بڵێن: کەس هیچی فێر نەکردووین.

کاکی خۆم من پێم وایە بە مێژوو پشکنین و کۆنە کتێب تەکاندن و بەڵگە دێننەوە ئەم توانەوە و توانەوەکارییە ناچێتە سەر و ئەم قسانە برسی تێر ناکەن. تۆ هەزار ساڵ بڵیٚ سەرت خوارە و لوتت کورتە و مزوری لە وشەی موضەرەوە هاتووە هەمووی بایی پوولێکە.

کــــوردێکی زۆر و زەبەنــــدی لەو کوردســــتانەدا دەژی بەر لە نووسینەوەی کۆنە کتێب و مێژوو کورد هەر بووە و هەر هەیە و هەر دەشبیٚ، هەموو زیندوێکیش نان و ئاو و ستارێکی پێویست دەست لەم بیـری تـوانەوەیە هەڵگـرن باشـە. تۆزێـک پشـووتان بێـتەوە سـەرەخۆ بیرێکی وردی لیٚ بکەنەوە چاوێک بە حاڵ و باڵی کوردانـدا بخشـێنن. کورد یاریدەدەرێکی باشن بۆ ئێوە. زۆر کار دەکەن زۆر پەیدا دەکەن، بە کەم ڕازین. لێیان گەڕێن با بە زمانی خۆیان بخوێنن با تێر زگیان نـان بـکەن، بـا خـانووی تۆزێـک پـاک و خاوێنیـان هەبیٚ، لە نەخۆشـیا دەرمانیان بکەن.

ئەگەر گۆرانیـان گـوت و بە وڵاتـی ڕەنگینـی خۆیانیانـدا هەڵدا و بە پاڵەوانەتی باب و باپیرانی خۆیان گوت دەستتان بەدەما مەگرن، ئەگەر چیرۆکی ئێستا و ڕابردووی خۆیان بە زمانی خۆیان خستە سەر کاغەز و بۆیان چاپ بکەن. بە دەرامەتی ئەوان ئێوە دەتوانن بە سەدان کارگە لە وڵاتـی خۆتانـدا دامەزرێـنن، دە دوازدە کـارگەش لە وڵاتـی ئەوانـدا بە پـارەکەی خۆیـان بۆیـان دابمەزرێـنن، کە دەتـوانن گەلێـک جامیعـات و دانشکەدە لە بەهرەی ڕەنجماشان و بیلی ئەوان. ئاواکەن و بە هەزاران لاوتان بۆ دەرەوە بنێرن بۆ خوێندن و فێربوون با کوردیش لە هەشتی

مشـتێکی بەش تێدابێ. فـارس ئەڵـێن: بـا سـەری دیـزەش ئـاواڵە بـێ و کابانیش چاوی لێ نەبێ، دەبێ پشیلە تۆزێکی تێدا هەر بهێڵێتەوە.

هەر ئەو پـارەی کە خەیاڵتـان وایە لە توانـدنەوەی کـوردی بەخـت کەین بۆ ئاسوودەیی کوردی خەرج کەن کورد گلەییتان لێ ناکا.

## ٢٩- گورگ و بەرخ (شیعر)[١]:

گــورگێ خوێنــاوی پەل دەشـــواتەوە
بەرخێــک لەبەر ئەو ئــاو دەخـــواتەوە
گـورگ بـانگی کـرد: لـێم شـلوێ مەکە
تـووڕەم لەو فیـزەت زۆریـم لـێ مەکە
وتـی: گورگاغـا تـۆی لەسـەرووی مـن
لێخنــاوی تــۆیە دێــتە گەرووی مـــن
گـــوتی: دەردەکەی پێـــرار بەهـــارە
ئێســـتاش لە شـــاخت لەشـــم زامـــارە
وتـــی: مـــن ئەمســـاڵ زاوم لە مەڕێـک
تـۆ لە بەهــانەی پـێم بـکەی گەڕێـک
گـوتی: جـوێن دەدەی کـۆنە دوژمـنم
دیـــارە پێـــت وایە مـــن درۆزنـــم
تـــۆ تاوانبـــاری گـــۆڕت خـــواردنە
بەهـــرەت بــۆ نــادا ئەم خــۆ بـواردنە
لەچەنگـــی گورگـــا بەرخ هەڵـــدڕا
ئـاوی چەم دەیگـوت لەگەڵ خوڕخـوڕا:
کەی دەبـــڕێتەوە بیـــانووی زۆرداران!
کێـیە وەدەنـگ بـێ لەسـەر هەژاران!

---

(١) بێ نووسەر، وەرگێڕانی: سیپاڵ، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٩٦١، ل ٣.

## ٣٠- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت[١]:

بایز- مام پیرۆت چۆنی؟
پیرۆت: بایز چە بێژم؟
بەخوا ئەم بەینە سەرسام و گێژم
بایز- چیتە؟ سەرماتە، بارانە، هەورە؟
پیرۆت- کوڕە نا، لە داخ ڕۆژنامەی سەورە
ئێژێ گەلی کورد ئەتاوێنمەوە
ناوی لە دەفتەر ئەکوژێنمەوە
ئەبێ قویتیان دەم کورد و چیاکانی
خۆمیان لێ بکەمە گەماڵی سانی
بایز- چی، چی؟ ئا، پیرۆت بۆمی بڵێوە
پێم ناڵێی کێیە ئەم سەگباب خێوە!
هەی باوکی لە گۆڕ نەحاوێتەوە
کورد مۆمی نوشتەس بتاوێتەوە؟
بۆ من دۆلارم بخرێمە باخەڵ
شێر چۆن ئەچێتە ناو ورگی چەقەڵ؟
ئەمە کەی کوردگەل بوونە پەقلاوە
کەر لە کوێ و کوندە لە کوێ دڕاوە؟
پیرۆت- بایز ئەی چییە ئەم قویلەقویلە
بایز- پیرۆت وەگیان تۆ گشتی بۆ پویلە
ئینگلیزمان دەرکرد وەچەپڵە و فیتە
لە دەستی دەرچوو ئەم حەمکە پیتە
هەر خەون ئەبینێ بێتەوە ناومان

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٩٦١، ل ٣.

ببێ وەلەکە لە بانی چاومان
لات بە کرێ ئەگرێ شەڕ بنێتەوە
خۆی هەلێک دەس خا و بگەڕێتەوە
پیرۆت- ئێستا نەترسم؟ بایز- ترسی چی پیرۆت؟
گەل قوتدانی چی؟ هەر بەبیری خۆت
هێتلەری باوکی ئەم ڕۆژنامەیە
کوا! کێ ئەزانێ گۆڕی کامەیە؟
هەزار پاڵەوی و سەد گەماڵ مردن
بەکەس قویت نەچوین کوردت هەر کوردن
پیرۆت- بەڵێ ڕاست ئێژی، خوا نەت باتەوە
گا، لە جێیە تر ئاو ئەخواتەوە
باوکم لێم مەگرە سەیرە ئەم دەورە
ترسام وەک خورما قویتم دا سەورە

## ٣١- دڵۆپی فرمێسک (شیعر)[(١)]:

لەســـەر چــۆمی ڕایــن لە ڕۆژگــاریّ جــاریّ
تکـــا ئەشـــکی ئـــاوارە کـــوردیّ، هەژاریّ
بەسەریا خوڕیّ: کوێندەریی ئەی تکەی سوێر
ئەتۆ و ئێرە چی دەنکە فرمێسکی بیّ خێر؟
وتـــیّ: ئـــاوی چـــاوی کـــوڕی کوردســـتانم
لە دەجـــلە و فـــوراتڕایە نـــاو و نیشـــانم
لە زێـــــڕینەڕوود و تەتـــــاهۆ ســــــەلامیّ
لە بەژنـــت لە چلچەشـــمە پـــێمە پەیـــامیّ
لەســـەرخۆ بە ئەی ڕاینـــی شـــۆخ و شـــیرین
شتێک بووین ئەمەش گەرچی ئێستا ئەسیرین
هەچەنـــد دیـــل و بێچارەشـــە نیشـــتمانم
ببەخشـە لە جێـی تـۆی بە خۆشـتر دەزانـم
چ کەڵـــوە و چ ســـیروان و ئـــاوێژەڕۆیە
بە دیمەن هەمـووی شـۆخ و شـەنگتر لە تـۆیە
ئەگەر لادەچـــــیّ ئەم تەمەی نەگبەتیمـــــان
بە خـاوەن دەبـیّ کێـو و چـۆم و زەویمـان
لە دڕکـــی نەیـــاران بژارێکـــی دەکـــریّ
هەزارانـــی وەک تـــۆ لە شاباشـــی دەدریّ
بەڵـــیّ ئـــاوی چـــاوم لە دڵ هەڵکـــزاوم
لەڕێـــی ســـەربەخۆبوونی کـــوردان ڕژاوم
وتـی ڕایـن: ئەی تیشـک و هێـزی دڵـی مـن
وەرە باوەشـــم بتـــبەمە بەحـــری بـــیّ بـــن
بە هـــاوار و دادت موحیـــت بشـــڵەژێنە
لە چەپـگەردی گەردوون بەشـی کـورد بسـێنە

(١) هەژار، گۆڤاری کوردستان،ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٩٦١، ل ٣.

## ٣٢- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت[١]:

بایز- مام پیرۆت سڵاو..
پیرۆت- ئای وەحەلەیکم
بایز- چۆنی؟ لە چیدای؟
پیرۆت- بەخوا نارێکم!!
بایز- نارێکیت لە چی؟
پیرۆت- ئەپرسی لە من؟؟!!
بـــووم وە پەنـــد لە نـــاو گـــش دۆس و دوژمـــن!
بـــایز- ئێـــژن تـــوو گـــورزە تـــێکەڵ بوونەســـەو؟
پیـــرۆت- بەڵـــێ جـــا ئێســـتە ئەو بـــازە و مـــن کەو!
وەگیـــان تـــو هەســـت و نیســـتی خـــۆم دایە
بـــایز- جـــا گـــوایە هێشـــتا بەرچـــاوی نـــایە؟!
بـــایز- چـــاو و مـــاوی چـــی؟!! مـــن خەتابـــارم!!
وای بەســـــــەرهێنام لە ژیـــــن بێـــــزارم
لە ڕەمەزانـــــام ســـــاڵی دوازدە مانـــــگ
نەم زانیـــوە چـــین پارشـــێو و بەربانـــگ
ئەو نـــانم ئەخـــوا و مـــن ســـوێند بەســـەری
ئەو زێـــر ئەکێشـــێ و مـــن کـــوێرەوەری
بـــۆ خـــۆی تێـــر گۆشـــتە لە ئـــاژەڵی مـــن
کـــــز و فـــــت ئەدا وە منـــــاڵی مـــــن
کاســـــــــە دراوســـــــــێ ئەدا بەم و بەو
ئـــــێمەش چەورایـــــی نـــــاوینین بە خەو
بـایز- جـا بـۆ.. خەوتـان هەس وەشـەو لە برسـان؟

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٩٦١، ل ٣.

پیــــرۆت- نەبەخــــوا.. وە درۆ ئەنـــوین لە ترســــان!!
بــــایز- دەک پیــــرۆز نەوی! ئەشــــتان ترســــێنیّ؟؟!
پیــــرۆت- ترســــاندن و بەس؟ گیانمــــان دەردینــــی!!
هیــــــوام کەچەڵ بــــــوو وەملــــــی وردم
ســــــــەری هەڵ مــــــاڵی، زراوی بــــــردم!!
خــــۆم کــــۆڵەوار کــــرد بــــۆ دەنگــــی دەهــــۆڵ
کــــــێ بەزەیــــــی دادیّ وەپیــــــاوی کڵـــــۆڵ!!
وەر قورعــــانەکەی ســــەی ســــادق ســــوێنم
دەردم ســــــــەرباره و بەربــــــاری جــــــوێنم
بــایز- پیــرۆت نەت بیســتووە- بــۆ دەســتە وەســتان
بەهەرەیەک نــــــادا گەرمــــــێن و کوێســــــتان!!
کــــــــێ دانــــــــی بــــــێ خـــــــواردنی ئەویّ
پیــــرۆت- ئــــا وەخــــوا بــــایز دەردت لــــێم کەویّ
گەر ڕەمەزانە و گەر شەشـــــــــــــــــــەکانە
بەشــــــــم هەر ژەم و دوو تــــــــیکە نـــــــانە!!

## ٣٣- ڕێوی و کەڵەشێر (شیعر)[(١)]:

ڕێـــــوییەک دەگەڕا ملۆمــــۆی دەکـــــرد
هەر چـــاوەنۆڕی ڕۆزیـــی خـــۆی دەکـــرد
کەڵەشـــێری ســـوور دوور هـــاتە بەرچـــاو
پـاش چـاک و چـۆنی و ڕۆژبـاش و سـڵاو
پێـی وت: بەهەشـتی باوکـت بـرام بـوو
یـان مـن لای ئەو بـووم یـان ئەو لە لام بـوو
دەنـگ خۆشـی وەک ئەو کـوا دەبێـتەوە
هــیچ کەڵەبابێــک جێـــی نـــاگرێتەوە
کەڵەشـــێر وتــــی: ڕێـــوی چە ئێـــژی
خـــۆت هەڵە ئەکەی یـــان گێـــل و گێـــژی؟
ئـــاواز خۆشـــترم گەلـــێ لە بـــاوە
ناوبـــانگی دەنگـــم گەیـــوەتە لاوە
چـــاوی قووچانـــد و بـــاڵی پێکـــادا
ڕێـــوی بە قەپێـــک کرکـــرەی بـــادا
بـــردی و قیڕانـــدی و پێـــی زانـــی خێـــوی
ســـەگەلی بەردا شـــوێن پیـــرە ڕێـــوی
کەڵەشــــێر وتــــی: ئەگەر دەتەوێ
چیـــدی گەمـــاڵ گەل وەدووت نەکەوێ
بێـــژە وەخێـــوم بـــا دڵنیـــا بـــێ
بۆخـــۆی پێـــی خۆشـــە لەگەڵ منـــا بـــێ
ڕێـــوی بـــۆ وتـــار دەمـــی کەوتە کـــار

---

(١) بێ نووسەر، وەرگێڕانی مام سیپاڵ، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٩٦١، ل ٣.

کەڵەشـــــێر بەغـــــار پەڕیە مــــــازودار
ڕێـــــوی بـــــانگی کـــــرد: بەڵام لە زاریٚ
بە بــــیٚ کـــات جـــاریٚ هـــاتە وتـــاریٚ
کەڵەبــاب گــوتی: بــا کــوێر بــیٚ چاوێــک
لە ڕووی دوژمنـــان لێــک نـــریٚ تاوێــک

## ٣٤- شۆڕشی خۆکرد (شیعر)[(١)]:

تا دوێنێ دنیا پڕ لە سەرما و سۆڵ  بەفر گرتبووی دەشت و چیا و دۆڵ
ڕەنگی گوڵ، دەنگی بولبول دڵخۆشی  پێی دادرابوو پەردەی خامۆشی
ژینی هەزاران نەمامی ئازاد  بە زۆری سەختی شەختە چوو بەرباد
حوکمی پۆلیسی چڵەی ناهەموار  قەل و کوندەبووی هێنایە سەرکار
دەقرپین بۆ قڕبوون، بۆ ماڵ وێرانی  بۆ درێژبوونی ژیانی زستانی
کێ ناوی کۆتر و سورگوڵی دەبرد  بە چنگ و دندووک چاویان دەرئەکرد

* * *

بەڵام مەنشووره بەفر ئەچێتەوە  ڕووی ڕەش بۆ خەڵووز ئەمێنێتەوە
وا بای وادە هات سەرما تەواو بوو  گوڵزار پڕتاو بوو، قەل بێ کڵاو بوو
شۆڕشە ئەمڕۆ هەور ئەگرمێنێ  باران دەڕژێنێ، بەفر دەمرێنێ
کوند وێرانەماڵ، قەل قڕەی بڕا  سەرماداواکەر دەهۆڵی دڕا
نیشانگەی سەرما و شەختەی دنیاگر  نەماوە غەیرەز دوو کێلی قەبر
شۆڕشە شۆڕش، کۆتر ئەگمێنێ  گیا سەر دەردێنێ، گوڵ خۆی دەنوێنێ
ئەرخەوان ئالای شۆڕش لەسەر شان  سوپای مێلاقە و سوێسن گرتی سان
بولبول و قومری سروود ئەخوێنن  پیردار لە خۆشیان سەر ڕادەژێنن
قاسپەی کەو لە کێو، تەقڵەی باز لە دەشت  تا کوردستان بێ لەکوێیە بەهەشت؟
ساز و ئاوازی سێرو هەزار دەنگ  سەد هەزاران گوڵ بە هەزاران ڕەنگ
وەنەوشە مل کز نەرگز دیدە مەست  لاسایی دەکەن ژێردەست و سەربەست
پاشای نەوبەهار لەسەر تەختی گوڵ  ئەمڕۆ ڕووی کردە بولبولی سەرچڵ
وتی: کوردستان وا ژیایەوە  زیندوو بوونەوەی کوردان مایەوە
هەروەک نەورۆزی کوردەکان هەیە  ئاخۆ نەورۆزی ئازادییان کەیە!

---

(١) هەژار، گۆڤاری کوردستان،ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٩٦١، ل ٣.

## ٣٥- بە ڕاستی دنیایەکی سەیرە (وتار)[١]:

زۆر جار لە ناو کوردەواریدا ئەبیسین: کابرایەک دەغڵێکی بە دڵ نابێ و بە تورەیی ئەڵێ نانەکەی زۆر خراپ و ناخۆشە دوور لە زەوادەکەی!! ئەوە گوایە نان لەوە پیرۆزترە، پیاو بە سووک تەمەشای بکا، جا بۆ ئەوەی ڕاستی کاتەوە ئەڵێ: دوور لە زەوادەکە!! وەک نان و زەواد یەک نەبن وایە.

بەیانییەک دەرکەوتم ئەڕوانم ڕۆژنامەی (فەجری جەدید)، یان با بڵێین (شەوی ڕابردوو) بە خەتێکی گەورە نووسیبووی: (نیاز وایە برایم ئەحمەد بگرن) و ماڵم هەقە زۆر وردیش بە پیاوە قانون زانە پیاو کوژەکانیشەوە گەڕابوو، ژمارەی هەموو ئەو بەند و باوە قانونیانەی کە پیاوی پێ دەخنکێنرێ ریزی کردبوون و تەنیا چاوەنوڕی هۆندنەوەی گوریس و چەقاندنی سێ پای قەنارە بوو!! وابزانم ئەو ڕۆژەش نەچووبووە مزگەوت بۆ ئەوە: سەیرانی ئەو کورد هەڵاوەسینەی لە کیس نەچێ! بەڵام پێتان وانەبێت ئەو بێچارەییەی خاوەنی شەوی ڕابردوو لە خۆیەوە ئەمەی هەڵبەستبێ و نووسینەکەی لە جێیەکی تر ئاوی نەخواردبێتەوە.. نەخێر بیستوویەتی وەک خۆیشی ئەڵێ: لە جێگەی باوەڕ پێکراو (باوەڕ پێکراوی خۆی) ئەمەی دەست کەوتووە واتا ئەو پاڵەوان کە چەلانەی کە هەموو شەو خەون بە توانەوە و هەل قوراندنی کوردەوە ئەبینن و بە پارویێکی زۆر چەور و شیرنمان ئەزانن،

---

(١) شرۆڵ، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣، ١٩٦١، ل ٢، ٦.

پێشـیان وایە زۆر درەنگیـان پـێ چـووە و مەعلـوم نیـیە تـا ئێسـتا دڵـی ماموٚستا کلوفیس مەقصودیشیان لێ نەڕەنجابێ: ئەمەیان پێ گوتووە!!

بەڵـێ... جـا: (نیـاز وایە بـرایم ئەحـمەد بگـرن)، وەک: نـانەکە خـراپە دوور لە زەوادەکە هاتە پێش چاو، بۆیە بزەیەکی تاڵ و تفتم هـاتە سـەر لێوان و لە خـۆمەوە گـوتم: بەڕاسـتی دنیـایەکی سـەیرە! بـرایم ئەحـمەد کێیە!! برایم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانە.

جا بزانن ئەمە یانی چی؟؟

بۆ زانینی ئەمە گەرەکە ئاوڕێک لە ڕۆژانی ڕابردوومان بدەینەوە و پێی دابێینەوە تا ئەمڕۆ.

باوەڕ ناکەم کەسی وا هەبێ –جا مەگەر لە خۆی بگۆڕێ– ئەزانـێ: لەو ڕۆژەوە کە (عوصبة الامـم)ی کوتەکی دەسـتی هەندرسـن خـۆی لە کوردستان کردە کەوچک بە دەست و لە کەلەپووری پیاوی نەخـۆش – کە بە حـوکمی عوسـمانیانیان ئەوت– پـارچە یەک لە وڵاتـی عەرەب و پـارچەیەک لە کوردسـتان کە ئەکەوێـتە سـەر ڕێـگەی هیندوسـتان: گەوهەرە گەورەکەی ئەوسای تانجی ئیمپراتوری.

لێکـی دان و کـردیە خوانێـک و لە نـان و گوشـت و ڕۆن و ...... کوردسـتان و لە خورمـا و پرتەقـاڵی بەسـرە و فـاو ڕازانـدیەوە و لە بیریشی نەچوو ئاگری باوەگوڕگوڕ بۆ سوتاندنی بخوور و ئاوی (شـط العرب)ی بۆ خواردنەوەی لە سەر دانا و پێش کەش بە ئینگلیـزی ئاغـای خـۆی کـرد و نـاوی نـا: مەملەکەتـی عێـراق و سـواڵکەرێکی مەکە و مەدیناتی بۆ هێناین و لە سەر کورسییەک هەڵی تووتەکاند و ناوی لـێ نـا خـاوەن شـکۆی یەکەم، لەو ڕۆژەوە خەڵکـی ئەم پـارچە کوردسـتانە هەسـتیان بەوە کـردوە کە ڕەنجـبەر و بەش خـوراون و تـا ئێسـتا هـیچ

ساڵ و مانگ و ڕۆژ بە سەردانی نە پەڕیوە کە لە داوای بەشیان بێدەنگ بووبن. هەر دەستەیەک لەم ڕێیەدا مردوە دەستەی دوای خۆی ڕاسپاردوە! کە مردووی بەڕاستی ئەو کەسەیە نانی بە حیزبی نەخوا و زیندوی نەمریش ئەو مەردەیە لە ڕێی ئازادیدا گیان ئەبەخشێ.

کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود کارێکی بە داگیرکەران کرد بە داستانیش ناگەڕێتەوە: ئەوەندەمان بۆمبا پێدا درا کە دوژمن میدالیان بۆ ناردین؟! چونکە فرۆکەوانەکانیان لە کوشتن و ماڵ وێران کردنی کوردانەوە زۆریش باش فێرە فرۆکەوانی و بۆمبا بە خەسار نەدان بوون.

لە شۆڕشەکانی بارزاندا ئەو ئینگلیسانەی کە بە خوێن ساردی ناویان دەر کردوە گەیشتنە ڕادەیەک هەتا هێزیان تێدایە بنەڕێنن و بڵێن: بەهرە و دەرامەتی عێراقمان کەوتۆتە مەترسییەوە ئەزانین هێزی نوری سەعید و عبدالالهی دەست کردی خۆمان ئەم کۆمەڵە بچوکە کوردەیان بۆ بەربەست ناکرێ و ناچارین خۆمان پارێزگاری لە مولکی خۆمان بکەین!!.

ئەمە دوو نموونەی بچووک بوولە کوردستانی عێراقمان هەڵبژارد بۆ نیشان دانی گیانی نەبەزی کوردایەتیمان و هیچ نەشچوم بە لای کوردستانی دەرەوەی عێراقەوە..

خۆ ئەگەر لە ڕاپەڕینی ڕۆژی شەشی ئەیلول و کانونی ساڵی ٤٨، ٥٢ و ٥٤ و لە ڕۆژگاری هەوەڵی شۆڕشی تەمموز و لە سەر بزوتنەوەکەی شەواف و لۆلان بڕوانین... ئەزانین لە کەنگێوە تا کەنگێ ئێمە خۆ بە کوشت ئەدەین و خوێنمان ئەبەخشین لە ڕێگەی دەست کەوتنی بەشی ڕەوا و هەقی خۆماندا و هیچ شەقام و کۆڵانێکی بەغدا و

موسڵ و هیچ بن بەردێکی کوردستان نیە زرمەی کەلاکی ئێمەی لێ نەهاتبێ و بە خوێنی گەشی ئێمە نەڕەنگابێ.

ئەمانە هەموو تێمان ئەگەیەنن: کورد لە سەر داوای هەقی خۆی هەموو جۆرە قوربانییەکی داوە و هەرگیز بێدەنگ دانەنیشتوە و پشوی بۆ نەداوە و لە زڕەی زنجیر دڵی نەترساوە و لە مەرگ سڵی نەکردوە.

جا.. ئەگەر ئێمە پاش ئەو هەموو ڕەنج کێشان و چەرمەسەرە و چەوسانەوەیەش بەشی ڕەوای خۆمان دەست نەکەوتووە یاخود هێندە کەم بووە کە وەک پارچەی پادشاکە (چاوی حەڵاڵ زادە نەبێ نایبینی!) بەڵام لە لایەکی ترەوە زۆر بەهرەی بۆ داوین:

کورد لەو ماوە زۆرەدا و لەو سەفەرە دوور و خوێناویەی‌دا زۆر شت فێر بووە و هۆش و بیری هاتۆتە سەر و باش ڕێگەی بەرژەوەندی و دەستی ڕاست و چەپی خۆی ناسیوە.

لە هەر هەڵەیەکی ڕابردوو ڕاست کردنەوەیەک و لە هەر تێک چونێک دروست کردنێک و لە هەر هەڵەتگوتنێک هەستانەوەیەک و لە هەر خەسارە عەقڵێک و لە برینی هەر شەهیدێکی دەرسێکی وەرگرتوە. واتە ڕوپەڕی مێژوی تەنیا مەرکەب نیە لە سەر قاقەز و ببڕێتەوە.. بەڵکو هەمووی بە دڵۆپە خوێنی ڕژاو و پارچە مێشکی پژاو و فرمێسکی خوشکی برا کوژراو و تۆپەڵە قوڕی سەری دایکی زگ سوتاو.. ڕەنگاوە و لە پێستی پشتی لاوەکانمان کە بە قامچی خوێنمژانی زۆڵەوە زول زول ئەهاتە خوارەوە دەبەرگ گیراوە و بە مووی پرچی بڕاوی کچۆڵەکانمان شیرازە و چزوو بەندی کراوە!!.

جا.. پاش ئەو هەموو تەجرەبە دیتن و لە گڵ دەرهاتنە، گەلی کورد کۆمەڵێکی لە خۆی پێک هێناوە و کردوویەتە دەم ڕاست و وەکیلی

خـۆی کە لە جیـاتی هەموویـان ئەو کـۆمەڵە داوای بەشـی هەتـا نیەتـی خۆیان بۆ بکا و هەرچی ئەو کۆمەڵە پیَی باشبیَ قولی لە سەر بیکشن و ئەگەر شـــتیَکی لە مـــاف و بەشـــی ڕەوای خۆیـــان وەرگـــرت ئەوا موژدەیـان بـداتیَ و دڵخۆشـیان بکـا و ئەگەر تەنگ و چەڵەمەیەکیشـیان هـاتە بەر تیَکڕا کۆشـش بکەن و یاریـدەی بـدەن و لە تەنگـانە ڕزگـاری بـــکەن، یـــاخود مـــردن و ژینیـــان پـــیَکەوە بـــیَ.. جـــا.. لیَـــرەدا کتیَبـــی تەجرەبەنامەی میَژوو لیَک کراوەتەوە و بە خەتیَکی سووری زل (پارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی) پیَ نوسـراوە.. پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی نـویَنەری خەڵکـی کوردسـتانە نـویَنەری گەلە هاوبەشـەکەی کۆمـاری عیَـراقە و ئەو هەقەی کە بـۆ کـوردی داوا ئەکـا لەوە دەرنـاچیَ کە لە بەرانبەر خۆ بە کوشت دان و خویَن ڕژان و چەرمەسەرە و جەزرەبەی ئەو چەند ساڵە و یاریدەدانی برا عەرەبەکان بۆ دەرکردنی ئیستعمار و بۆ چەسپاندنی جمهوریەتی ١٤ی تەمموز.. بۆی دیاری کراوە و بەڵیَنی –بە هەزار سویَندەوە– پیَ دراوە کە بەشیان ئەپاریَزریَ و ڕۆژ بە ڕۆژ گەلـی کـورد لە عیَراقـا بەرەو خۆشـی تـر ئەچـن و ئـازاد و روزگـار تـر ئەبن! تەنانەت پیَیان گوتوین کە کوردی عیَراق ئەبیَ ببنە چرا هەڵگری ئـازادی بـۆ کوردسـتانی داگیـر کـراوی دەرەوەی عیَـراق!! دیـارە ئەو بەشـانە کە لە ڕۆژی خۆیـان دیـاری کـراون بە خیَر و سـەدەقە نەبـوو.. بەرانبەر بەو خدمەتانە بوە کە بەو جمهوریەتەمان کردوە و ئەمیش ئەو مانـدوبونەی لیَـک داوەتەوە و هەڵـی سـەنگاندوە و پاداشـتی بـۆ دیـاری کردوین.

جا.. ئەم پارتی دیموکراتی کوردستانە، یاخۆ بڵیَین:

ئەم گەلی کوردە کە لە عێراقایە و پارتی کردۆتە نوێنەری خۆی بۆ داوا کردنی هەقی خۆی، دەستی گیراوە.. ڕۆڵەیەکی زانای نەبەزی لە ڕۆڵەکـانی خـۆی هەڵبـژاردوە.. ڕۆڵەیەکـی وا کە لێـی دڵنیـایە ئەگەر عاسمان و زەوی بە سەردا وێک بێنی یان وەک برایم پێغەمبەر بیخەنە نـاو ئـاگری سـوورەوە هەرگیـز واز لە هەقـی کـورد نـاهێنێ و هەرگیـز نیشـتمان و گەلـی خـۆی نـادۆڕێنێ و مسـتە خـۆڵێکی کوردسـتان بە هەزاران بـار گەوهەری بێگـانە نـاگۆڕێتەوە. ئەم کابرایەیـان کـردۆتە سکرتێری کۆمەڵەکەی خۆیان.. واتە یەکێک لە وەکیلە دڵسۆزەکانی ئەم گەلە بەش خوراوەیە بۆ داوا کردنی مافی ڕەوا و هەقانیەتی کورد.. ئیتر ناوی برایم ئەحمەد هەر زیادیە ناوی: دەم ڕاستی گەلی کورد بۆ داوا کردنی بەشی هەقانیەتە. واتا ئەگەر ئەم سکرتێرە بە بڕوبەهـانەی بێ سەروبن و بێ هیچ سوچ و تاوانێک بگیرێ.. مانای ئەوە بە ئاشکرا بە کوردەکان ئەڵێن: -کوردینە: هیچ دڵی خۆتان خۆش مەکەن ئەو بەشـەی گوتمان ئەتان دەینێ پێتان ناگا، ئەگەر باوەڕیش ناکەن ئەوا سکرتێری تاقە حیزبەکەتان چونکە زۆر سەرڕەق بوو لە داواکردنی هەقتان و ....... لە مەیـدانا چەقـی بـوو بەشـی کـوردی داوا ئەکـرد و ئەیـوت ئەبـێ بەڵێنەکانی خۆتان بە سەر ڕاستی پێک بێنن و لەگەڵ برا عەرەبەکان بە چاوێک تەمەشایان بکەن.. ئەوا ئەومان خستە بەندیخانەوە و ئەو دەنگە زوڵاڵەمـان کپ کرد و ئەبێ لەمەولا باش تێ بگەن زەوی خڕ نیە و ناسـوڕێتەوە و هەر کەسـیش نەڵێ بەڵێ وایە لە پـێش دەمـی کلیسـای ڕۆمادا ئەسوتێنرێ..

مەبەستم لێرەدا ئەوە نییە کە برایم ئەحمەد ناوێک ئەگیرێ یان ناگیرێ.. بەڵام ئەزانم ئەگەر خوا نەخواستە بگیرێت لەبەر ئەوە نیە کە

ناوی برایم ئەحمەدە یان سەری سپی بوە یان لە بەغداوە تفەنگێکی هاویشتوە و لە شەقڵاوە کاک سەدیق میرانی کوشتوە (فوو ئەکا لە هەمەدان ئارد با ئەیبا لە خوراسان)!! چی بە سەرچی‌یەوە! —بەڵام ئەزانم ئەگەر سکرتێری تەنیا پارتەکەی کوردستان بگیرێ واتا چیتر دەنگی کورد بەرز نەبێتەوە بۆ داوای بەشیان و هەر کەس بڵێ برسیمە گلی دەرخوارد ئەدرێت.. جا.. ئێستا ئەمەوێ بە خاوەنی —شەوی ڕابردوو– بڵێم:

مامۆستا ئەزانم پێت خۆشە سکرتێری تاقە حیزبەکەی کوردستان بگیرێت و ئەو ڕۆژنامانەی کە داوای بەشی ڕەوای کورد ئەکەن لە ناو هەڵگیرێن و تۆش هەل بە دەرفەت بزانی، بچی بانگی کلوفیس و ئاغاکانی بکەی و بڵێی: وەرن وا عێراقمان شەل کرد و قاچێکمان پەڕاند و ئەو کوردەی کە قەڵایەکی زۆر قایم بوو بۆ پارازتنی جمهوریەتی عەرەب و کورد ئەوا هەر بە دەستی عێراقیان بێ دەنگمان کردن و خستومانتە ناو بۆتەوە و لە سەر ئاگری فیتنەیەک بەندین تا عێراقی کورد و عەرەبتان بە تەواوەتی بە گەروودا بکەین.

بەڵام مامۆستای شەوی ڕابردوو.. تۆش هیچ دڵی خۆت خۆش نەکەی باشە. مەڵێ مارم بە دەستی سەید ئەحمەد گرت.. ئێمە وەک عەرزم کردی زۆرمان تەجرەبە بە سەر هاتوە و داری زەمانە زۆر باش وشیاری کردوینەوە. ئەزانین پارێزگاری لەم جمهوریەتە زۆر گرینگە بۆ کورد و ئەم جمهوریەتە هەنگاوێکی زۆر بەرزە بۆ پێشەوە چوونی گەلی کورد. لەبەر ئەوە.. ئەگەر خوانەخواستە وەک تۆ پێت خۆشە لەوە خراپتریشمان بە بەر بێنن، هەر سەعاتێک بزانین جمهوریەت کەوتۆتە تەنگانەوە و کلوفیست سەری خۆی لێ قوت

کـردووین و دەمـی بـۆ کـردوینەوە، هەمووومـان تـا دوامـین تنـۆکەی خوێنمان پارێزگاری لەم جمهوریەتە ئەکەین و هەرگیز تا کوردێک ماوە نـایەڵین ئەو خەونەتـان بێـتە دی و نـایەڵین تـۆ و کلـوفیس لە بەغـدا و سولەیمانی دەست لەملی یەک بکەن و بەڕیشمان پێ بکەنن.

بۆیە پێت ئەڵیم هەرچەندە لە جێگەی باوەڕپێکراوتەوە بیستوتە، کە (نیـاز وایە بـرایم ئەحـمەد بگیـرێ) هێشـتا بـرایم نەگیـراوە و بـاوەڕیش ناکەم هیچ سەید ئەحمەدێک مارت بۆ بگرێ و تۆش بە پێکەنینەوە بڵێی: ڕەقیب و مـوددەعی شـەڕیانە مـن هەر خۆشـی خۆشـیمە- کە دەعـوا لە هەر لایە بکوژرێ سوودی کلوفیسە.

ئـێمە هەرچـەنـد گلەییمـان هەیە لە کاربەدەسـتان و بە هومێـدین کە هەر بەڵێنیەکیان داوە بە کورد بەجێی بهێنن و گوێ بۆ قسـەی گورگی نـاو پێسـتە مەڕ نەگـرین و برایەتـی کـورد و عەرەب و دڵسـۆزیمان بەرانبەر بە یەکێتی ڕاستەقینەی گەلی عێراق پتەوتر بکەین، لەو ڕێیەشدا ماندوو نابین و لە داواکاری خۆمان ناکەوین..

بەڵام دیسان ئەگەر –خوا بەو ڕۆژە نەکا- بە دڵـی تۆشمان لەگەڵ بـکەن.. ئـێمە هەر ئامـادەین پارێزگـاری لە جمهوریەتەکەمـان بکەیـن و باوەڕیشـمان وایە جـا زوو یـا درەنـگ محەکێکی وا دێتە دەسـت زێڕ و مـس لێـک جیـا بکـاتەوە و هەمـوو کەس تـێ بگـا و پشـتی خۆیـان پـێ بسـپێرێ و ئەوانەیـش کە بـۆ ئێسـک و بەرماویـک کلـکە سـوتە ئەکەن سـبەی ڕۆژ دەرئەکەوێ قـاچی خاوەنیـان ئەگـرن. ئەمەیـش بـزانە ئەو خەوەی تۆ لە شەوی ڕابردووتا دیوتە- ئەگەر تۆزێک زانایانە بیری لێ بکەیەوە ئەزانی هەروا بە هاسانی نایەتە دی و کورد کەوی کوڵیو نییە گورج لە تاوەیەکی بچوکدا سووری کەیتەوە و بە دیـاری بۆ کلوفیسـی

بنێری.. نەخێر!! ئەم هەویرە پتر ئاوی ئەوێت، ئەگەر لێت گران نەهاتبا ئەم وت هەویری وا گەرەکە بە خوێنی گەش بشێلدرێ!!

دەسا بۆ ئەوە کلوفیست تووشی دەردی سەری نەبێ وەرە با پێکەوە بڵێین: بژی برایەتی و هاوبەشی عەرەب و کورد.

بژی کۆماری نەمری عێراق، کۆماری عەرەب و کورد.. بمرن گەلی خۆران و زۆرداران!!

## ٣٦- بێکەس (شیعر)[1]:

ئاواتی ڕۆژی ڕزگاری     ژیانەوەی کوردەواری
کۆرپەیەک بوو ساوا و بێ هێز     کەس پێی وانەبوو دێتە ڕێز
ئەحمەدی خانی بۆ گەیشت     فرچکی کرد و چاوی ڕشت
بە هاوبێشکەییی ئەستی و زین     لەگەڵ مەم و قەرەتاژدین
پەروەردەی کرد بەشیر و قەند     تا کردیە خاوەن زەند و بەند
هەڵبەستەی تەڕ و پاراوی     خوێنی دڵ، فرمێسکی چاوی
بەژیری تێکەڵی کردن     هەتوانی هەرگیز نەمردن
لەشی هومێدی پێ هەنوو     زرێی هەرمانی تێ دروو
دەنگی کوردستانی بۆدا     هەر کوردە و دەهات بەخۆدا
کەوتە پێش و ئالای هەڵکرد     تا توانی بەرەو پێشی برد

*

حاجی کۆیە لە پاش خانی     ئالاکەی خستە سەر شانی
بە هەنگاوی بەرز و بەهێز     بە دڵی نەترس و بێ پارێز
بەشەوگاری ڕەش و تاریک     لە شیو و ڕێی تەنگ و باریک
گوێی نەدایە نەعرەتەی دێو     سڵی نەکرد لە جند و خێو
زۆر بەسەر بەرزی ڕای پەڕاند     لەسەر زۆر بەرزانی چەقاند
ئەو پێشمەرگەی توانا و زانا     قاوی کرد بە کوردستانا
بە دەنگی زل و بیری ورد     ئابرووی زۆڵە کوردانی برد
تەمی پڕوپووچی ڕەواند     گەلی لە دەردی خۆی گەیاند
دەرمانی ژینی نیشان دان     ماندوو نە دەبوو لە هاندان

*

دوای حاجی بێکەسی نەمر     هات و بوو بە ئالا هەڵگر
بێکەس کەسی کوردستان بوو     بێکەس بەڵگەی نەوەستان بوو
لە ناو لەشێکی ناقۆڵا

---

(١) هەژار، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣، ١٩٦١، ل ٣.

## ٣٧- دوو پشک و ڕەقە (شیعر)[١]:

ڕۆژێ دووپشــکێ کە ونبــووە نــاو ئــاو
بــێ هێــز و دامــاو وەک نیــوە خنکــاو
ڕەقەیەک دێنـــێ و بە زەیـــی پێـــداهات
ویســـتی لە مـــردن ڕزگـــاری بکـــات
ســواری پشــتی کــرد چــوونە وشــکانی
دووپشـــک هەلـــی بە دەرفەت زانـــی
گـــوتی: لە مـــردن کـــردت ڕزگـــارم
تـــا مـــردن بـــۆ تـــۆ سوپاســـگوزارم
کلکــی درێــژ کــرد نــایە نــاو دەســتی
گــوایە بــۆ ســوپاس دەرببــڕێ هەســتی
ڕەقە بە پەنــجەی ســـەر کلکــی گوشـــی
بە پێـــوە دانێـــک دا تـــولا لەشـــی
جـــزوی ژەهـــراوی هەر گەیشـــتە لەش
ڕۆژی ڕوونـاکی لـێ بـوو بە شـەوڕەش؟!
وڕێـــــنەی ئەکـــــرد لە گیـــــانەلادا؟!
بـــۆ پیـــاوەتیم کـــرد لەگەڵ نـــا پیـــاوا؟!

---

(١) بێ نووسەر، وەرگێڕانی: مام سیپاڵ، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣، ١٩٦١، ل ٣.

## ٣٨- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت[١]:

بایز- پیرۆت ئەخەنی؟ پیرۆت- ئەی چۆن نەخەنم!
قـــــاوتی بەربـــــا و کـــــای لەبەر شــــــەنم
بـایز گـوایە چـی بـووە؟ پیـرۆت لەمە زیـاتر چـی؟
دنیامـــــان بـــــووگە وەهەرچـــــی و پەرچـــــی!
بـــایز- هـــا، زانـــیم، ئێـــژی مانـــگ دروس ئەکەن
عەمـــــــیلکە گـــــــــرە و دەگەڵ ڕووس ئەکەن
پیـــرۆت- بـــایز خـــوا ئەقـــڵ بـــا بە مناڵـــت
بـــۆ مێشـــکی کـــۆن و بـــۆ بیـــری کاڵـــت
گیـــــانە، کـــــاورایەک مـــــرد لە شــــــەقڵاوە
ئێـــــــژن لە بەغـــــــا تیـــــــرت لـــــــێ داوە
وەک ئێـــــــژن غەوس لە بەغـــــــدا بـــــــووە
وە کەلاش یەکـــــــی لە هینـــــــد کوشـــــــتووە
بایز- گاڵتەم پێ ئەکەی؟ پیـرۆت- بێژم چـی گیـانە
چـــــۆن ڕێـــــی ئەگیـــــرێ بـــــڕ و بەهـــــانە؟
بـایز- ئێـژی بەهـانەس؟ پیـرۆت- بەهـانە و نیـوە
میـــاو میـــاو بـــۆ پیـــوە، هێشـــتا چـــت دیـــوە؟
چەنـــــد چەوســــــامەوە لە ڕێـــــگەی کـــــاکم
دنیـــــا شـــــایەتە چەنـــــد پـــــاک و چـــــاکم
پێشـــــــمەرگە وەڕۆژ پاســــــەوان وەشـــــــەو
هەزار بــــــــــرینم لە لەش لەســــــــــەر ئەو
ئێســــــــتە بەهــــــــانەم بـــــــۆ ئەدۆزنەوە
گفتـــــــی دوژمــــــــنم بـــــــۆ ئەقـــــــۆزنەوە

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣، ١٩٦١، ل ٣.

ئێـــــــژن پـــــــف ئەکەی لە هەمەدانـــــــا
ئـــــــارد وەبـــــا ئەدەی لە خۆراســــــانا
دیـــــارە ئەخـــــوازن بــــێ زاد و تێشــــوو
بـــــم گەڕێنـــــنەوە ســــەر دەقــــی پێشــــوو
بـــایز- پیـــرۆت چـــۆن ئەوێ چ خـــوا بەردارە؟
کــــورد بـــــۆ چ ئەمەنـــــدە کڵـــــۆڵ و ژارە!
پیـــرۆت- بـــایز کەس ئەمـــڕۆ ناشـــێ بخەنـــێ
منـــــاڵ تـــــا نەگـــــری شـــــیری نـــــادەنێ

## ٣٩- بە ڕاستی دنیایەکی سەیرە! نەورۆزمان کرد (وتار)[(١)]:

ئەوا پیر بووم دانم لە دەما نەما ڕیشی سپیم کفنم ئەخاتە بیر و پشتی کووڕم کڕنوش بۆ مەرگ ئەبا و ناوچاوانم گەلێک خەتی ورد و درشتی نیشتمانەی تەمەنی ڕابردوومی پێدا کێشراوە. ڕۆژم بە ڕۆژە گەیشتوە هەموو شتێکم بیست ئەمە نەبێ: کە جارێک لە جاران ڕووی دابێ دوو دراوسێ ماڵ لە گەڕەکێکا و جێژنە داهاتبێ و یەکیان چوو بێ و لە دراوسێکەی پرسیبێ: کاکە گیان وا سبەینە جێژنمانە ئایا تۆ ڕێگەمان ئەدەی ئێمە لەو جەژنەدا دڵ خۆش بین و پلاو لێ بنێین و منداڵەکانیشم، کە خزمەت کاری خۆتن تۆزێک هەڵپەڕن و پێ بکەنن و دوعای بەخێرت بۆ بکەن؟!؟

بەڵێ هەموو شتێکم بیستوە ئەمە نەبێ، جا ئەگەر خوێندەوارە خۆشەویستەکان بە بێ من شتێکی واشیان بیستبێ.. لێم ڕوونە ئەمەیان هەر نەبیستوە: کابرای دراوسێ پێی بڵێ: لێم ڕاوەستە تا وەڵامت ئەدەمەوە. جارێ برنج لە ئاو مەکە تا خۆم پێت ئەڵێم جل بۆ منداڵەکانت مەدرون نەوەک ڕێگەت نەدەم جەژن بکەی!! چونکە من بە پێکەنینی منالان قدیلکەم دێ و بە دەنگی چەپڵە سەرم دێشێ و بە ڕمبەی هەڵپەڕکێ توشی دڵەکوتە ئەبم!!

هیچ پێکەنینی ناوێ و مەفەرموون: شتی وا هەرگیز نەقەوماوە.. دنیا کە ئەوەندە سەیر و سەمەرەیە دوور نییە لەمەش سەیرتر ڕوویدا.

---

(١) شرۆڵ، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٤، ١٩٦١، ل ٢، ٧.

به پێی قانون عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا.. به پێی قانون کورد مافی نەتەوایەتی به تەواوی پارێزراوه لەم جمهوریەتەدا کەوابوو که هاوبەشین لەگەڵ برا عەرەبەکانمان و براین و وەک یەک ئەژین و هاومالین و هەر کەسیش بلێ دراوسێن ڕاست ناکا و دەمی خوار ئەبێت.

جەژنی نەورۆزمان نزیک بووه.. له بەغدا و له هەموو لایەکی کوردستانی عێراق داوامان له کاربەدەستان کرد: ڕێگەمان بده جەژنه بکەین جا بزانین ئەنجامی ئەو داخوازییه به چی گەیشت: له پێشا پرسیارمان لێ کرا: هەر سویسکەیی هەڵئەپەڕن یان هەموو نەزمێک ئەزانن؟؟ که وشەکانتان ڕمبەی دێت و ناڵچەدارن یان بێ پاژنەن و یەمەنی سوورن؟

ئەگەر پێ ئەکەنن دەمتان زۆر دائەپچڕن یان نا؟! نابێ لیچتان هەڵقرچێنن، نابێ دانتان جیر کەنەوه.

خۆ جلەکانتان سوور نین؟! خۆ تەفصیلیان ئینفیصالی نیه؟! نابێ له سەر زەوی ئاغا خۆشەویستەکان داوەن بگرن دڵیان دێشێ.. نابێ تەندورتان زۆر دووکەڵ بکا و داری تەڕی تێ خەن چاوی خاوەن موڵکه گەورەکان وەکو ....... نیشتمان فرۆشەکان فێره نەوەک فرمێسک بکەن.. تێگەیشتن؟؟

بەڵێ کاکه گیان هەر چۆنێک ئێوه ئەفەرمون وائەکەین، جێژنه و منداڵەکانمان چاویان له دەستی ئێوەیه و ئەیانەوێ تۆزێک خەمی خۆیان بڕەوێنن و تۆزێک لەم دەشت و دەره بای باڵی خۆیان بدەن.. ئیتر دوکەڵی چی و لێو هەڵقرچانی چی؟؟! جێژنه و به خێری خۆت پێمان ڕەوا ببینه.

هـا.. كەوابـێ ڕەنـگە ڕێگەتـان بـدەین.. بەڵام جـارێ دەسـت ڕاگـرن.. برنج لە ئاو مەکەن.. جل بۆ منالان مەدرون.. تا خۆمان پێتان ئەڵێینەوە..

سـەرتان نەئێشـێنم ئەم ئەمـڕۆ بـڕۆ فەردا بیـایە درێـژەی کێشـا تـا تەنیـا ڕۆژێـک پـێش جەژن ئەوسـا لە بەغـدا و سـولەیمانی و هەولێـر ڕێگەمـان پێدرا، کە جێژن بکەیـن و لە جێگەکـانی تـریش فەرموویـان بە پێکەنینـی منـاڵە کـورد قـانە قدیمان دێ و چەپڵەمـان پـێ خـۆش نییە. لە سولەیمانی وەک کاربەدەستان فەرموویتیـان کـێ گوتـویە ئێوە ئەوەنـدە زۆربن لە هیچ کوێ جێتان نەبێتەوە خۆشتانە و ناخۆشتانە ئەبێ خۆتان ئەوەنـدە کەم و بچکـۆلە بـکەنەوە هەمووتـان لە نـاو چـوار دیـواری سـینەمایەکدا جێتـان بێـتەوە!! (دیـارە ئەو سـینەمایە هەنبـانە بـۆرینەی عەزرەتی سولەیمان پێغەمبەرە هەموو شتێک تیا جێی ئەبێتەوە).

مـــن نـــاتوانم بڵـــێم ئەو تەفـــرەدان و دەردی ســـەریە لە ناخۆشەویستیمان بووە.. یان بۆیە بووە دڵمان بێشێنن نەخێر.. من ئەڵێم کاربەدەسـتە خۆشەویسـتەکانی بـرای هاوبەشـمان ویسـتویانە ئەوانـیش جێژن و پێکەنینێک بۆ خۆیان سازدەن و لەگەڵ ئێمەدا دڵ خۆش بن.

واتـا لایـان وابـووە ئەگەر درەنـگ ڕێـگەی جێـژن کردنمـان بـدەن ناتوانین وەک پێویستە خۆمـان ئامـادەکەین و بە دڵـی خۆمـان تەدارەکـی جێژنە ڕێک خەین، بە کاڵ و کرچی و پەلپەل و بەسەر لـێ شـێواوی بە خۆمانا دێین و ئەو دەمە لەبەرچاوی دەر و دراوسـێ ئەبینە گەپ و جاڕ و براکانیشـمان تێر و پڕ بەتریق و هـوڕ پێمـان پـێ ئەکەنـن و جێژنەی ئـێمە جێـژنەی ئەوانـیش ئەبـێ ئـاوا هیچمـان بـێ پێکەنـین و دڵخـۆش نامێنێنەوە.. بەڵام ئەم کوردە بە چی چاری ئەکرێ؟

بـۆ هەڵپەڕکـێ و زەماوەنـد ئەڵێـی؟ هەزاران سـاڵە هەزاران جـۆرە هەڵپەڕکـێ لە سـەر کوردسـتانی داگیرکەرانـی وڵاتەکەی کـردوە و هـیچ چەرخێـک خـولی نەخـواردووە. کە بەنـاڵچەی پـانی بەرز سـولی پـڕ لە بزماری قەبری چەند زۆردار و خوێنمژێکی نەتەوە پاندبێتەوە.

بۆ پێکەنین ئەڵێی؟ هەزاران و هەزاران لاو و کیژی کوردمان دیتوە و بیستوە کە لە پای قەنارە و مل بە گوریسـەوە و بە عەقڵی زۆرداران و گەل خۆران پێکەنیون!!

چەپڵە لێدان ئەڵێی؟! کوردێک نییە تا ئێستا چەند جاران دوژمنانی زۆردار و داگیرکەرانـــی ملهـــوڕی بە چەپـــڵە ڕێـــزان لە کوردســـتان دەرنەکردبێ.. کەوابوو هەموو کیژ و لاوە کوردێک هەڵپەڕکێ و پێکەنین و چەپڵەڕێزان زۆر لە مێژەوە فێر بووە و ئێستا کاری بە پراوە کردن نییە و هەر کاتێک پێی بڵێن دەی ئەو ئامادەیە.

کەسـێک هەڵپەڕکێـی سـەر قەبـران و پێکەنینـی پـای قەنـارە و چەپڵەلێدانی وەدەرنانی داگیرکەران باش بزانـێ هەڵپەڕکـێ و پێکەنین و چەپڵە لێدان لەسەر شانۆ و لە ناو شار چۆن نازانێ؟؟

بەڵێ نەورۆزمان کرد

هەڵپەڕین و چەپڵەمـان لێدا و پێکەنین. بە دەف و دەهـۆڵ و زوڕنـا کەلاکـی زسـتانی ڕزێـو و دوا براومـان بە سـۆزەی شـەماڵ سـپارد، کە پشـیلە شـوری بکـا و لە پەنـای گۆڕی داگیرکەرانـی کوردسـتانی نەمردا بینێـژێ و لە زمـانی کوردسـتانەوە لەسـەر کـێلە خـوار و خـیچەکەی بنوسێ:

بە بانیپاڵ من نەمردم
جەنگیز خان قڕی نەکردم

سەلیبی چوون، مردگەزە نقوم
کورد بە زیادەوە هەر وەک خۆن
شا عەباس لە بنەی نەهێنام
تۆزی بە با بوو من هەر مام
بە شێر نەخوراوم، تازە! ڕێوی ئەمخوا؟! های بە کلکی خێوی

ئەمجا بە ڕووخۆشی ڕوومان کردە جێژنی نەورۆزی پیرۆز، جێژنی ئازادبوونی کوردستان لە سەرما و سۆڵە و بەستەڵەک و بەفر.. ئەو بەفرە ساردەی کە لای وابوو لە چیا و کەژ و دەشت و دەری کوردستانی ڕەنگیندا جێی خۆی کردۆتەوە و تازە هەرگیز لاناچێ و زۆریش پێ ناچێ لەگەڵ سەهۆڵ و لێکمان ئەدات و ئیتر کوردستان ناوی نامێنێ و ناوی ئەکرێتە زستانی گەورە. ئەوا بۆ خۆی تواوەوە و چوڕ چوڕەی کەوتە بن و شوانان بۆ نەخۆشانی بە دیاری ئەبەن.

بەڵێ جێژنی ئازادبوونی کوردستانمان کرد.

بەڵام چ جەژنێک؟!

خۆزگە هەموو کوردێک وەک من لە ڕۆژ نەورۆزا لە بەغدا بوایە و لە قاعەی خولد چاوی بەو بەزم و ئاهەنگە ڕوون بکردایەتەوە، کە بارەگای گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکی خستبوو، تا ئەویش لە تەهی دڵەوە لەگەڵ منا بیگوتایە:

کێ دەڵێ کورد مردووە؟! کورد زیندووە
زیندووە و قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

با گوێمان لە وتاری نەورۆزنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بگرتایە، کە لاوێکی کوردپەرستی نیشتمان خۆشەویستی خوێن گەرمی

نەبەز بە کورتی نموونەی لاوێک لەو لاوە کوردانەی کە بوێژێکی کورد پێیان ئەڵێ:

بۆ مەرگ دێن بە ئازایی ئەڵێی تەڕونە سەر شایی گوێیان لێ بگرتایە و چاویشیان لێ بوایە، کە چۆن بە نەعرەتەی شێرانەی دڵی ناحەزان ئەلەرزێنێ و چۆن بە بزەی سەر لێوانی دڵی دۆستان خۆش و فێنێک ئەکاتەوە.

گوێیان لە دەنگی ئەو کیژ و کوڕە کوردانە بگرتایە، کە وەک دەنگی فریشتەی بەهەشت ئەهاتە بە گوێی دۆستان و وەک هارە هاڕی مەرگ دەکەوتە ناو دڵ و مێشکی ئەوانەوە کە ئەڵێن با کورد نەمێنێ.

ئای کیژە کوردەکان چیتان کرد؟! (نالی) شاعیری بەر زمان ڕاستی فەرمووە، کە بە یەکێک لە ئێوە ئەڵێ:

ئەڵێ ئەی ئاسکی ناسک بە باسک

شکاندت گەردنی سەد شیری شەرزە

بە ڕاستی دنیاتان تێگەیاند، کە هەر کیژی کورد ئەتوانێ گوڵ بێ لە ڕووی دۆستان و چقڵ و دڕک بێ لە چاو و دڵی دوژمناندا ئەوەی ئێوە کردتان هەرگیز کە چە بنووسی و شرۆڵێکی وەک من ناتوانێ پەسندی بدا.. هەر ئەوەندە دەزانم بڵێم: ڕووی بارەگای کوردستانەکەتان سپی کردەوە. ڕوو سووری بارەگای خوا بن و ڕووی کەس و کارتان سپی بێ!! بەڵێ.. کیژە کوردەکان کە ئێوە ئاوا مەردانە هاتنە دەست و لەگەڵ براکانتانا پێتان بە زەویدا ئەدا و چەپڵەتان لێ ئەدا و گۆرانیتان ئەگوت-ئەویش ئەو چەپڵە و گۆرانی و هەڵپەڕکێیانەی، کە هەر لە خۆتان ئەوەشێتەوە.. خەڵکی دنیاتان تێگەیاند کە لە مێژووی کورددا ڕووی داوە و ڕووش ئەدا قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا هەموو

کەس باوەڕی کرد، کە شێر لە کەلان هاتە دەر چ نێر و چ مێ! ئێوە لەم جێژنەدا دڵی ئێمەتان بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و چەپڵەڕێزان وا خۆش کـــرد و هەزاران ئـــافەرین و چەپـــکە گوڵتـــان لە لایەن کـــوردی نەزانانیشنەوە پێشکەش ئەکرا، لێم ڕوونە ئەگەر سبەی ڕۆژیش ئەگەر پێداویست بوو هەر ئاوا دێنەوە پێشـەوە و سنگ بە گوللەی زۆرداران ئەگـرنەوە و بەو دەنـگە زوڵاڵەتـان کـوڕە کـوردان هـان ئەدەن و بـۆ نیشتمان پارێزی و خوێن بەخشین و بەو دەست و پەنجە ناسکانەی، کە چەپڵەتان پێ لێئەدا، دەرمانی برینی برا پاڵەوانەکانتان ئەکەن و لە ئەنجامیشا بەو پانیە بەرزانە، کە پێیەوە هەڵئەپەڕن گۆڕی داتەپاوی کورد خۆران ئەتەپێتەوە.

ئەگەر چاوتـان بەو منـاڵە کـوردە وردیـلانە بکەوتـایە، کە لاسـایی شـوان و ڕێبـوار و ئاهەنگ گێڕانـی نەورۆزیـان ئەکردەوە، کە چـۆن بە یەکێتی و بە دەستی گەل داگیرکەر و گێرەشێوێن لەناو ئەچن و چۆن گوڵزاری کوردستان لەپێ پەست کردنی بێگانان ئەپارێزی؟ ئەو وەختە ئەتـانزانی، کە ئەوانەی ناشـیانەوێ تێبگەن بیریـان لەوە ئەکـردەوە، کە لەنـاوبردنی گیـانی کـوردایەتی هێنـدە سـووک و هاسـان نیـیە لە بـن عەبایەکدا داناپۆشـرێ.. بەڵکو قەفەزێکی وا هێشـتا لە دنیـادا دروسـت نەکراوە کوردی تێ بخرێ.

نەورۆزمان کرد و نەورۆزێکی زۆر خۆشیش بوو، هومیدمان وایە سـاڵ بە سـاڵ نەورۆزی خۆشـتر بکەیـن و هەرکەسـیش ختـووکەی بە پێکەنینی مناڵە کوردان دێ دەبا دەست دەبن هەنگڵی خۆی بنێ.

## ٤٠- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت[1]:

بایز- چۆنی؟
پیرۆت- هەر خۆش بی.
بایز- جەژنیشت پیرۆز
پیرۆت- پێکەوەمان بێ
بایز- لە کوێ بووی نەورۆز؟
پیرۆت- کوێخا ئەزانێ!
بایز- چی چی؟ باش بێژە؟
پیرۆت- بێژم چی بایز؟ دوورو درێژە
چیمان بەسەر هات چیمان چاو پێ کەوت
چۆن کەفتینە ناو ئەم دنیای وا چەوت!
چەژنی چەژناسا لە ناو مالّی خۆم
بێ پرسی کوێخا ڕەوا نابێ بۆم!
وە بلوێری ئەو ئەشێ هەلّبەزم
وەقسەشی ئەکەم هێشتا ناحەزم
ئێژێ پات خوارە، ڕانکەکەت شڕە
لەم هەرا و قڕە زۆر دلّم پڕە
بایز- خوا خەراو نەدا
پیرۆت- خەراو تریش هەس؟
بایز- بەلّێ دەرد فرەس بۆ پیاوی بێ
کەس
مزگەفتێ بکە و پەن شەش منارە
کلّۆلّ بی، ئێژن میعراوی خوارە

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری کوردستان، سالّی یەکەم، ژمارە ٤، ١٩٦١، ل ٣.

پیرۆت- ئا وەخوا بایز هێجگار کڵۆڵم
وەک پەلکە گوڵی بەر سەرما و سۆڵم
چاوم لە خوایە ئێژم هەر جارێ
بگەیبێمەوە دەمەو بەهارێ
بێ پرتەی کوێخا و بێ بۆڵەی سەرکار
هەوا هەڵمژم ئازاد و ڕزگار
ئەو چاخە ئەمرم چش وەجەحەندەم
سەر و ماڵی خۆم بەو ڕۆژە ئەدەم
بایز- پیرۆت عافەرم تۆ پیاوی ژیری
وەتەمەن گەنجی لە ئەقڵا پیری
تووشی بەهار بی واتا ڕزگار بی
بێ بۆڵەی کوێخا و پرتەی سەرکار بی
جەژنی خۆت بگری بە ئارەزووی خۆت
دەس لە دەست یەکا بایز و پیرۆت
هەڵپەڕکێ بگرن، کوردێک وەبلوێر
دۆستان شاد بکا و دوژمن بکا کوێر

## ٤١- هەر بە ئامانج دەگەم (شیعر)[(١)]:

نەورۆزی ١٩٦١/ بەغدا

بـــــا کـــــووەبن هەوری چڵکـــــن
بیـــــتە گەردەلـــــول و بـــــاران
بـــا هەڵـــی کـــاتە بـــاو بـــوران
بـــا دەورم لـــێ دەن پیـــاو خـــوران
بـــا زریـــان تـــێکەڵ بە لـــوورە
بە گەف پـــێم بڵـــێ مەبـــوورە
ورە بەر نـــــــــادەم هەر ئەڕۆم
تـــا ئەگەم بە ئامـــانجی خـــۆم

***

بـــــا بمـــــخەنە زینـــــدانەوە
بە پیوەنـــــــدی گـــــــرانەوە
لەشـــم قـــیمەی دەمـــی شـــێر بـــێ
پـــیلم دابـــڕاوی زنجیـــر بـــێ
بـــا قەمچـــیم لـــێ هەڵســـوڕێنن
بـــا چەرمـــم لە دار هەڵێـــنن
ورە بەر نـــــــــادەم هەر ئەڕۆم
تـــا ئەگەم بە ئامـــانجی خـــۆم

***

پەت و ســـــێدارەم زۆر دیـــــوە
لە زۆر جـــێ بـــۆ کـــورد چەقیـــوە
لاشـــــەم زۆر لە خـــــوێن گەوزاوە

---

(١) هەژار، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ساڵی یەکەم، ژمارە ٤، ١٩٦١، ل ٣.

هەرگیـــز دڵـــم نەترســـاوە
بـــا خـــوێنمێژ هەڵمەتـــی بێنـــێ
کـــۆرپەم لە بـــاوەش بڕفێنـــێ
ورە بەر نـــــــادەم هەر ئەڕۆم
تـــا ئەگەم بە ئامـــانجی خـــۆم

***

کـــوردم ڕۆڵەی کوردســـــتانم
پێشـــمەرگەم بـــۆ نیشـــتمانم
ئامـــانجی مـــن ئـــازادبوونە
هەر پێشـــی ئەگەم لـــێم ڕوونە
گیـــانم نـــاوەتە ســـەر دەســـتم
ئەیبەخشـــم لە ڕێـــی مەبەســـتم
ورە بەر نـــــــادەم هەر ئەڕۆم
تـــا ئەگەم بە ئامـــانجی خـــۆم

***

زسـتان هەرچەنـد سـەخت و دژ بـێ
بەســـتەڵەک و تەم و مـــژ بـــێ
بەهـــار خۆشـــتر خـــۆی ئەنـــوێنێ
گـــوڵزار زووتـــر گـــوڵ ئەڕوێنـــێ
بـــا هەرەس بێنـــێ بێـــدادی
بەرەو نەورۆزی ئـــــــازادی
ورە بەر نـــــــادەم هەر ئەڕۆم
تـــا ئەگەم بە ئامـــانجی خـــۆم

## ٤٢- کەر نابێتە شێر (شیعر)[1]:

کەرێک لە ناو پووش     لە لێژ و زەنویر
تووشی هات بەتووش     کەوڵی شیری نێر
کەوڵی کردە بەر     هاتەوە مالآن
جولیان گرتە بەر     ژن و منالآن
کەس نەما لە گوند     هەر یەک بەلایە
ڕائەکەن بە توند     شێرە و بەلآیە
کەر کەوتە گەشکە     گوتی سامەوە
کوا تیر و ڕەشکە     بێن بە لامەوە
ئەیان درێنم     ئەیان چرپینم
چنگاڵ بە خوێنم     مرو گورینم
گەل ئەترسێنم     ڕەنگم ڕەنگی شێر
با بش نەڕێنم     بەو دەنگی دلێر
لەسەر سم سەما     بە جیفرک دان
بە یادی کەما     دای گرتە بەندان
شیو و دۆڵ و دەر     دەنگی دایەوە
زەڕەی شینە کەر     زوو ناسرایەوە
کەوڵە شێر کرا     لور و جل و بەر
سەرپشتی خرا     باراشی زمهەر
ئەیکرد وتوویر     لەو سەر ڕێبازە
کەر نابێ بە شێر     بە بەرگی تازە

(١) بێ نووسەر، وەرگێڕانی: مام سیپاڵ، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٤، ١٩٦١، ل ٣.

## ٤٣- بە ڕاستی دنیایەکی سەیرە! ئێستگە کوردییەکەمان ئیستە چۆنە؟! (وتار)(١):

کێ هەیە کە نەزانێ لە دەوری دوابراویشا واتە لە زەمانی نوری سەعیدی گۆڕ بە گۆڕیشا لە ئیزاعەی بەغداوە شتێک هەبوو پێیان ئەوت: بەشی کوردی؟

لێم ڕوونە خوێندەوارە خۆشەویستەکان لەگەڵ منان، کە ئەو بەشی کوردیە لەو چاخەدا بۆ چاو بەستن و فریودانی کوردان بوو، هەروەک بەشە عەرەبییەکەش بۆ چاوبەستنی برا عەرەبەکان بوو.

ئیستعماری ئیلنگلیزی لە پشت پەردەوە و نوری سەعیدی نۆکەریان چڵکاوخۆرەکانی تریان لەسەر بەرزەویژی ئیستگاوە گاڵتەی خۆیان بە گەلی عێراق ئەکرد و نەغد و پوخت عێراقیان تاڵان ئەکرد و لەسەر ڕادیۆشەوە بە خەڵکیان ئەوت: عێراق بۆتە بەهەشتی بەرین و شەو و ڕۆژ هەنگوین و شیری لێ ئەبارێ هەموو ڕۆژ پتر لە دوازدە سەعات بە عەرەبی و چوار سەعاتیش بە کوردی بە ڕیشی کورد و عەرەبی عێراق پێ ئەکەنین و بە خەیاڵی خۆشیان فێڵیان پێ لە خەڵکی دەرەوە ئەکرد.

ئیزاعەکە ببووە زوڕنایەک بەدەست نوری سەعیدەوە و ئینگلیز فووی پیا ئەکرد!

با بڕوانین بزانین ئەو دەمە بەرنامەکانی ئیزاعە چۆن جێ بەجێ ئەکرا و بۆ چ مەبەستێک ڕێک ئەخرا.

---

(١) شرۆڵ، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥، ١٩٦١، ل ٢، ٧.

هەرچەند فیڵزانی و تەڵەکەبازی ئینگلیز وا ناوبانگی دەرکردووە کەس پێداویستی بەوە نەماوە پیاو چی لەو بابەتەوە بۆ بڵێت بەڵام من جارێک شتێکی بچکۆڵەم خوێندۆتەوە حەز ئەکەم وەبیر خوێنەرانی خۆشەویستی بێنمەوە:

لە کتێبی تاریخی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی ئینگلیزاندا –نازانم هی کامساڵیشیان بوو– باسی ئەسکەندەری مەقدوونی نوسرابوو لە پاش کۆتایی باسەکە ئەمەشی تێ خرابوو:

(ئەسکەندەر پیاوێک بوو ئازا و نەترس بوو هەر کوێی پەلاماری بردبا ئەیگرت، بەڵام زۆر عەقڵی دنیا داگیرکردنی نەبوو چونکە هەر جێیەکی ئەگرت وێرانی ئەکرد و خەڵکەکەی وا برسی ئەکرد لە هێزی کارکردن بکەون، گەلانی ژێر دەست وەک ڕەزی پیاوانە، ئەگەر ڕەزت دەست کەوت مەیسوتێنە بنی میوەکان بە پێمەرە بدەرەوە، بژاری بکە. هەر ترێیەکی کە گرتی بۆ خۆتی بەرە. با دارەکە هەر بمێنێ و لەبەر نەکەوێ تا تۆش هەرگیز بێ میوە و ترێ نەبی).

ئینگلیز ئاوا دەرسی منداڵی خۆیان دائەدا و داشی ئەدەن تا ئامادەیان بکەن بۆ گەل خواردن و درەنگ دەرچوون لەو وڵاتانەدا کە داگیریان کردووە یان خەیاڵیانە داگیری بکەن.

ئیتر وەک هەموو جێیەکی تری، کە بەرچنگیان کەوتبوو عێراقی ئێمەشیان بەو بیرە ڕەشەوە بەڕێوەدەبرد. ترێکەیان بە خڕی ئەبرد بەڵام نەشیان ئەهێشت بە یەکجارەکی دارەکە سیس بێ و وشک هەڵێ و لەبەر بکەوێ.

جا یەکێ لەو ئامرازانەی کە بۆ شوێنەوانی دزیەکەی خۆیان دەکاریان دەکرد و خۆیان پێوە دائەپۆشی ئیزاعە و ڕادیۆ بوو، کە ئەیان

زانی تەنیا لە ڕێگەی ڕادیۆوە ئەتوانن سەر بە هەموو ماڵێکا بکەن و لە هەموو سوچ و قوژبنێکی وڵاتا، ڕووبەڕوو هەموو کەس بدوێنێ، بۆ پێکهێنانی ئەم مەبەستە کەرستەی وایان بۆ ڕێک ئەخست تا خەڵکەکە خووی بداتێ و لێی نەسڵەمێتەوە و ئەوانیش زۆر بە پارێز و لە بنەوە پڕوپاگەندەی ژەهراوی خۆیان تێکەڵ بە گۆرانی خۆش و قسەی شیرین ئەکرد و بە بێ ئەوە هەستیان پێ بکرێ بە گەرووی گەنج و تەجرەبە نەدیتوەکانیان دا ئەکرد.

بۆ نموونە ڕادیۆ بەناوی (هەموو هیندستان)، کە پێیان ئەگوت (اول اول اینديا راديو) و ئێستگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک بۆ ئیزاعاتی عەرەبی-(محطة شرق الادنى للاذاعة العربية) وایان ڕێک ئەخست هەموو کەسیان ناچار ئەکرد کە هیچ نەبێ سەتی شێست لە بەرنامەکانی بەر دڵ بکەوێ، بە ناچاری گوێی پیاویان ئەکێشا بۆ بن ڕادیۆ و زۆر بە فێڵبازانە پڕوپاگەندەی خۆیان بەگوێدا ئەچرپاند.

لە عێراقی ئێمەشا تا ئەندازەیەک ئەم سیاسەتە ڕێوی بازیانەیان لەمەڕ ئیزاعەوە بەڕێوە ئەبرد و هەموو لە بیرمانە، کە ئێستگەی عێراق لەو سەردەمەدا بەشە کوردییەکەی چۆن بوو. وەک چاو ئێشەدار ئەگەڕان بە دووی دەنگ خۆشە باشەکاندا و پارەی زۆریان ئەدانێ و دەنگیان لێ وەرئەگرتن. قەوانەکانی سەعید ئاغا و کاوێس ئاغا و مەلا کەریم و مریەم خان و ڕەشۆڵ و سەید عەلی ئەسغەر و کێ و کێ.. بەکورتی بڵێین ئەو قەوان و بەستە و مۆسیقایانەی، کە ئێستا هەر زۆر بە دڵمانە و پێمان خۆشە گوێیان لێ بگرین هەمووی لەو زەمانەدا پڕکراونەوە و وەرگیراون.

تەمسـیلیاتی وایـان ڕێـک ئەخسـت هەمـوو کەس پەسـندی ئەکـرد. چیـرۆک و لێکـۆڵینەوەی ئەدەب و تـاریخ و باسـی مۆسـیقا و هـونەرە جوانەکانیـان تـێ ئەخسـت کـوردیش بـۆ گـوێ گـرتن لەمـانە ڕادیـۆی ئەکـردەوە و ئەوانـیش لەنـاو ئەو شـیرنایەتیەدا ژەهـری پڕوپاگەنـدەی ئستعماریان ئەکردە ناواخن و بەبێ ئەوە زۆر کەس هەستی پێ بکەن دەرخواردیان ئەدان.

هەتا خواوڕاستان لە پاش بەربەرەکانیەکی زۆر و زەبەند و خۆ بە کوشـت دان و خـوێن بەخشـین و زینـدان دیـتن و لێـدان چێشـتنێکی بەهەژمـــار توانیمـــان لەبەرەبەیـــانی ڕۆژی ١٤ی تەممـــووزی پیـــرۆز بەســـەرۆکایەتی زەعـیم عەبـدولکەریم و سـوپای پـاڵەوان ئەو دام و دەزگای پڕ زوڵـم و زۆری پادشـایەتی و حوکمی ئستعمار و کلکەکانی بڕوخێنن و بە شۆڕشێکی ئازادی خوازانە هەرچی ئەوان بۆیان بەجێ هێشتووین سـەرەو ژووری کەینەوە و حـوکمێکی دیموکراتی لە گەلەوە بـۆ گەل دابمەزرێـنین و لە سـایەی ئەم شۆڕشـە پیـرۆزەوە بـوو کە بـۆ یەکەم جـار لە قـانوونی عێراقـا نوسـرا: (عەرەب و کـورد هاوبەشـن لەم نیشتمانەدا) و (کورد بە تەواوی مافی نەتەوایەتی خۆی پێ ئەگا).

جا کە هاوبەشین لە هەموو شتێکا- دیارە لە سـەری ئەو سـەرەوە لە ئیزاعەشا هاوبەشـین، چونکە لام وانییە کەس هەبێ ئەمە نەزانێ کە ئیزاعە و ڕادیۆ ئەمڕۆ لە هەموو شتێک گرنگترە و چاکترین هۆیەکە بۆ تێگەیانـدن و پێگەیانـدنی چینـی نـوێ و ئامـادەکردنی مێشـک و بیـری نەتەوە بۆ خزمەت کردن بە گەل و نیشـتمان و... ڕوون کردنەوە بەرەو ژیانێکی خۆشتر.

ئیتر ئەمە بوو کەوا گورج بەشی کوردی لە ئیزاعەکەماندا- کە لە پێشدا چوار سەعات بوو کرایە چوار سەعات ئێواران و دوو سەعات بەیانیان و بەتەواویش لەو بارەی کە لەپێشا لەسەری بۆ کوردرا و ڕەنگێکی نوێی جوانتری بەخۆیەوە گرت و بەهۆی ئەویشەوە ئەگەر بەربەرەکانێ و خەباتەی کە لە پێشا بەنهێنی ئەمان کرد بە یەکجارەکی هاتەڕوو وە لەسەر ئیزاعەوە بە ئاشکرا هەرچی چۆنی دڵمان بخوازێ وا ئەکەین.

جاران کە لاوی کورد بە دزی و دوور لەچاوی پۆلیسی نوری سەعید سروودی نیشتمانی خۆیان لە شیعرەکانی زێوەر و بێکەس و پیرەمێرد و قانیع و کۆنە شاعیرەکانی تر ئەخوێندەوە- ئێستا بە ئاشکرا لە سەر ڕادیۆوە گوێیان نەشید و سروودی شاعیرە بەرزە تازەکانی وەک مامۆستا فەخری بامەڕنی و نەسرین شێروان و مامۆستا باکوری ئەبێ، کە ئاهەنگ و مۆسیقا و شیعر دانان و بە گۆرانی گوتنەکەش هەر هی خۆیانە و هەموو ئێوارە و سبەینان دڵ و دەروونمان گەش ئەکەنەوە و ئەتوانین شانازیان پێوە بکەین!!

جاران کەس چوار کۆنە مەلای وەک علاء الدین سجادی و قزڵجییان ئەهێنا بۆ وتاری دینی و کە پێنج شەش ڕووت و ڕەجاڵیان کۆئەکردەوە و لە ڕەمەزان و موحەرەمدا شیعری مەلای جزیری و شێخ مارفی نۆدێیان ئەخوێندەوە وا ئێستا لە سایەی خواوە مامۆستا فەخری بامەڕنی ئەم جێگایانەی هەموو پڕکردووەتەوە و ئیتر کارمان بەکەس نەماوە. خۆ بەتایبەتی ئەم بلیمەتە لە گۆرانی دڵداری و لە ئاهەنگ ڕێکخستنی مۆسیقاش دا کەس تای ناکا و لە دەنگ خۆشیشا ئەوپەڕی لێ گرتووە! جاران کە شەماڵ صائیبێک یان قادر دیلانێکمان ئەبیست

گوایه ئاهەنگیان بۆ گۆرانیە کوردیەکان دائەنا ئەوا ئێستا پیاوی وامان بۆ پەیدا بووە لە قاموس و المنجدیش بۆیان بگەڕێی ناویان نادۆزیەوە.

جاران کە فلان دەنگ گەورەیەک یان فیسارە دەنگ بچکۆلەیەک لەسەر ئیزاعەوە نومایشنامە و قسەی پێکەنین و چیرۆکیان پێشکەش ئەکرد و بەخت و خۆڕایی کاتی ئەو عالەمەیان بەفیڕۆ ئەدا ئێستا بە شانازییەوە ئەڵێین ئەم شتە بێ تامانە لە ناو هەڵگیراون و هەر گۆرانی بێژە و دێتە سەر ئێستگەی بەشی کوردی و لە شیعر و تەلحین و مۆسیقای خۆی چەند گۆرانییەکی تەرجەمە کراوی عەرەبی یان تورکیمان پێش کەش ئەکا و ئەیەوێ هەرچی زووترە بمانە گەیەنێتە کاروانی تەرەقی گەلە دراوسێکانمان- جاران ئەگەر نوکتەیەکی زۆر بەهێز نەبا نەی ئەخستینە پێکەنین کەچی ئێستە خوا بەزیادی کا نوکتەبێژی وامان هەیە لێی تێ ناگەین و هەر بەدەم و کاوێژەکەی پێکەنینمان دێ.

هۆی ئەم باش بوونەش من پێم وایە ئەبێ نەشاردرێتەوە، کە چییە؟ جاران واتە لە دەورانی گۆڕ کراوا وەک ئەزانین ئیزاعەکە بەدەست ئینگلیزی داگیرکەری خوێنمژی بێ بەزەییەوە بوو ئەو کەسانەش کە ئێستگەکەیان ئەداتە دەست، لە لەندەن پێیان ئەخوێندن و بۆ بەرژەوەندی ئستعمارگەری خۆیان ئەیان عاملاندن.. جگە لە تەرزی پڕوپاگەندە کردن و خەڵک فریو دان هیچیان فێر نەئەکردین.

بەڵام ئێستاکە دەورانی ئازادییە ئیزاعەکە دراوەتە دەست کەسانێک کە هەتا بڵێی ماهیرن لە تدریبی عەسکەری و تفەنگ و ڕەشاش لەبەریەک هەڵوەشاندن و چەورکردنیان، هەموو بەرنامە و ئەوامیری

سەربازییان وەک ئاوی ڕەوان لەبەر کردووە و لەپێ بەزەوی دا دان و ڕاست و چەپڕەویشتانا هەرگیز گرێیان نایەتە بەر.

جا با زمانی کوردیش زۆر باش نەزانن بخوێننەوە یان قسەی پێبکەن، بەڵام لە دڵدا ئەوەندە وشیارن دەنگی تۆپی هاوەن و گوللەی صارۆخی لە زۆر دوورەوە لێک ئەکەنەوە.. ئیتر ئەگەر ئەمەمان زانی ئەبێ تێ بگەین وەک کابرا گوتەنی: نازی شاگردی هونەرمەند ئەچێتەوە سەر مامۆستای زانا.

خوێندەوارە خۆشەویستەکان پێش ئەوەی بەجێتان بێڵم ئەمەوێ چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە، کە لەم ڕۆژانەدا لە چاپخانەیەک ڕووی دا بۆ ئەوەی تێ بگەن: بەم هەموو خزمەتەوەش کە ئەم ئیزاعەیە ئەیکا. هێشتا پیاوی ئەوەندە سپڵە و پێ نەزان هەیە لە جیاتی سوپاس گلەیی لێ نەکا:

ناوی دوو کەسەکەم نەزانی، کە لەم بارەوە ئەدوان، با بڵێین یەکیان ناوی وسو بوو، ئەویتریان: دەروێش، ئەمەش گفتوگۆکەیان بوو.

وسو: پێم ناڵێی ئەم ئیزاعەی بەشی کوردیە بۆچی ئاوا بێ سەرە و بەرەیە و بۆچی ئیزاعەی برا تورکمانەکانمان زۆر لە هینەکەی ئێمە خۆشتر و ڕێک و پێکترە؟؟ گوایە ئێمە وەک برا تورکمانەکانیش نایەین؟!

دەروێش: دەیسا وەک تۆ.. تورکمانەکان ئەو دوو سەعاتەی کە بەشیان داون، داویانەتە دەست خۆیان و خۆیان بە ئارەزووی خۆیان ڕێکی ئەخەن و زۆر باش پێی ئەچارین.

وسو: کوڕە قسەی سەیر دەکەی، بۆچی ئێمە دراوەتە دەست خۆمان تا پێی نەچارین؟

بەخوا من ئەڵێم حکومەتیش تا ئێستا خەبەری لەم ئیزاعەیە نییە، ئەگینا ئەم هەموو پارەی خۆی بە فیڕۆ نەئەدا، باوکم خۆ ئەوانەی، کە

چل ساڵ لەمەوبەرەوە تیا بوون ئێستاش ئەڵێی بە بزمار داکوتراون، ئەی ئەگەر دنیا گۆڕاوە بۆچی ئەمانە نەگۆڕاون، ئەمە بۆ هەرگیز شتێکی تازەی باشی بۆ پەیدا ناوی خوا بامیە و برنجیش ئەگەر هەموو ڕۆژ بیخەنە بەر دەمت لەبەرت ئەبینرێ.

دەروێش: دەلیسا وەک تۆ ئەڵێی با بچین بە حکومەت بڵێین یان ئەم ئیزاعەمان بۆ باش تر بکەن یان مەبێژن بەشی کوردی.

وسو: حکومەت تەنیا بە گوێی من و تۆ ناکا با گشت کەسێک لە ماڵی خۆیەوە قاقەزێک بۆ ئەو وەزیرە بنووسێت کەوا ئیزاعەی بەدەستە و پێی بڵێن ئەگەر ئیزاعەکەمان وەک هی مەردەمی تر لێ نەکەن ئەوا ئەگەر لە برسانیش مردبین گوێی لێ ناگرین.

دەروێش: ڕاست ئەفەرمووی ئێژن ئەگەر گشت کەس بەیەکەوە فوو بکەن تۆفان هەڵئەسێ.. بەخوا هەر هەزار کەس ئەمە بکەن، کە تۆ ئەڵێی بەشە کوردییەکەی ئێمەش وەک ئیزاعەی برا تورکمانەکانمان خۆش ئەبێ.

ئیتر نازانم گەیشتنە کوێ.. من لە داخان بەجێم هێشتن.. چونکە من پیاوی زۆر بڵێ و چەنەوەر و پێ نەزانم خۆش ناوێت.

## ٤٤- شێخ سەعید نامریّ (شیعر)[١]:

پـــێ و چەک زرمەیـــانە و خـــرمە
کـــۆ بـــوون کـــۆمەڵێ جەنـــدرمە
ڕق لە دڵ و نێـــــزە بەدەســـــت
لە نـاو گـۆڕاییەک ڕیزیـان بەسـت
دیـــاربەکر خەمگـــین و مـــاتە
چـــــاوەنۆڕی کارەســـــاتە
لە شـــــەوێکدا لە ئاقارێـــــک
هەڵخـــرا چەنـــد پەت و دارێـــک
شـــێخ ســـەعیدی پیرانـــی پیـــر
لەگەڵ چەنـــد لاوی مەرد و ژیـــر
بـــوونە قوربـــانی کوردســـتان
بـــوونە ڕووگەی کوردپەرســـتان
ئەنـــقەرە ئەمرێکـــی دەرکـــرد
شـێخ کـوژرا، کوردسـتانیش مـرد
بەڵام مێـــژووی ژیـــری بیـــر ورد
گەمەی بەو قســـــانە دەکـــــرد
بە خەتێکـی سـووری وەک خـوێن
نووسـی لە دیـاری تـرین شـوێن
ئەوانە نـــــامرن و زینـــــدوون
هەزار قـــات دێـــنەوە کە چـــوون
مەرگ هەر بـــۆ گەل خـــۆرانە
نەفـــرین بـــۆ خـــاوەن زۆرانە

(١) هەژار، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥، ١٩٦١، ل ٣.

سەد ئافەرین بۆ گیانبازان
بۆ گیانی ئازادیخوازان
شێخ سەعید هەرگیز نامرێ
ناوی با دنیا داگرێ
خوێنی کوردان کە ڕژاوە
ناوی تورکی پێ کوژاوە
هەر دڵۆپێکی ئەو خوێنە
بۆ تۆڵەساندن هەوێنە
تا لە کوردستانە ترکێ
خوێنی کوردان دانامرکێ
تۆڵەی شەهیدان دەستێنین
پەڕی مێژوو دەڕەنگێنین

## ٤٥- دەمەتەقێی بایز و پیرۆت[1]:

بایز- خوا قەوەتت با
پیرۆت- خۆت مانوو نەوی
بایز- وەچی خەریکی؟
پیرۆت- کێڵانی زەوی
بایز- چی لێ ئەچێنی؟
پیرۆت- گەنم و هەرزن
بایز- هەرزن بۆ مامر؟
پیرۆت- نە بەخوا بۆ من
بایز- چۆن هەرزن ئەخۆی؟
پیرۆت- گەر دەستم کەوێ!
بایز لەبەر چی؟
پیرۆت- کوێخا ئەویشی ئەوێ
بایز- کوا هەرزن ئەخوا؟
پیرۆت- بۆ مامری خۆم
پەتی ملیشم هەر لە خوری خۆم
ڕۆنە هی منە، گۆشتە هی منە
بۆ من ماندوبوون، بۆ ئەو خواردنە
بایز- کوێخا زویرە لێت
پیرۆت- کەمم هانیوە
بایز- نەخێر پێت ئێژێ خۆت نەناسیوە
پیرۆت- من مام پیرۆت نیم!
بایز- مەیژە پیرۆتم

---

(١) بێ نووسەر، گۆڤاری کوردستان، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥، ١٩٦١، ل ٣.

بێژە کوێخا گیان هەتیوی خۆتم
کوێخا ناخوازێ کەس خاوەن ناوبێ
هەرچییەک بۆی ئەکەی ناشێ بەرچاو بێ
چەرمی پشتی تۆ بکاتە سفرە
مەڵحەم داواکەی لەلای ئەو کفرە
کار بکە و داوای نان و ئاو مەکە
گشتی خزمەت بەو بیری خاو مەکە
پیرۆت- بەڵێ بایز گیان من خۆم ناناسم
هەر بۆیە هێندە ڕووت و کەساسم
ئەگەر وەک مەردم خۆم بناسیبا
ناشێ ئەو ڕۆژەم بەچاو بدیبا
بایز- پیرۆت خەم مەخۆ دنیا وە دەورە
ڕۆژمان دەرئەچێ لەبن ئەم هەورە
پیرۆت- ئا: وەخوا ئەگەر یەک بین من و تۆ
کوێخا ئەبێتە ڕاهێڵی بێ پۆ

## ٤٦- لە دەمی نەهەنگا (شیعر)[1]:

دەڵێن ئەگەر وردە گۆشت و بەرماو لە کەلێنە کەڵپی نەهەنگدا شەوێک بمێنێتەوە لێی دەبێتە ژەهر و دەیکوژێ، جا لە دوای خواردنی نێچیر دەم دەکاتەوە و مەلێکی بچووک دەچێتە ناو زاریەوە و ددانەکانی داژنێتەوە و بەو بەرماوە دەژی..

مەلم مەلێکی بچووکم          بێ هێزن باڵ و دەنووکم
بێ ناوم لە ناو مەلاندا          ئاوارە لە چیا و تەلاندا
ئەگەر هەوا گەرمە، سەردە          جێگەم تەڕاش و بن بەردە
کەس بەسەرم ناکاتەوە          کەس ئاوڕم لێ ناداتەوە
وەکو پووشێکم لەدەم با          شەماڵ دامنێ، زریان دەمبا
باشوو نەمخوا، باز دەمگرێ          ڕێگەم پڕ لە کۆسپە و گرێ
لە ژیانمدا خۆشی نەدیو          لانە شێواوم بێ بژیو
بە ناهومێدی سووڕ ئەخۆم          نازانم بەرەو کوێ ئەڕۆم؟!

دامەزراوم لەلای نەهەنگ          چینە و دانم کەوتۆتە چەنگ
دەمی بۆم داچەقاندووە          گەوی لیچی ڕەواندووە
پێک هاتووین ددان ئاژن بم          لە ناو کەڵپان بەرماو چن بم
من نەبم، دەمی بۆن دەگرێ          من یاریدەی نەدەم، دەمرێ
جێم باشە خوا نەیشێوێنێ          بەڵام تاکەی وا دەمێنێ
نەهەنگی ئاغام زۆرخۆرە          بێ بەزەیە، خاوەن زۆرە
ئەگەر جارێک لەم چینەمدا          مچوڕکێکی هات بە دەمدا

---

(١) هەژار، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، بەغداد، ١٩٧٠، ل ٢١، ٢٢.

ئەگەر گەرم داهـــــات گیـــــانی          گۆشـت مەلـی بە دەرمـان زانـی
ئەگەر لە جـــوابی پرســـــیارێک          دەمـــــی بە یەکـــــادا جارێـــک
منــــی کڵـــۆڵ چ بـــێ چـــارەم!          ئـــای کە هەژار و بـــێ چـــارەم!

## ٤٧- نەوا سوێر، نەوا بێ خوێ (وتار)[١]:

باوک مەلا بوو، دەبوایە بەچکەی مروای مەلەوان بێ. پیلی گرتم و دامیە دەست مامۆستا و نامیە بەر خوێندن. بەرنامەی خوێندن وەک ڕۆژ ئاشکرایە چی‌یە؟ سەتان ساڵە، هەرچی هاتووەو ڕابردووە هەر ئەمەی خوێندووە. خودا یەکەو نابێ بە دوو، هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەو هەر شتێکە و وەک بنێشتە خۆشکە جووراوە و جاوراوەتەوە و هەڵگەڕان و وەرگەڕانی بەسەردا نەهاتووە و هەر بە مۆری ماوەتەوە: جزمی عەممە و تەبارەک بە حینجەو بەڕەوانی (ئینەهو کانە تەووابا[٢]) مریشکە ڕەشەی سەوابا، لۆ مامۆستای کەبابا. مریشکی ڕەشمان بە قیرە قیرِ گرت و لۆ مامۆستامان برد. قافیەی (یەمنەعوونە لماعوون[٣]) دەگەڵ پارویێک سابوون یەکتر دەگرنەوە، جلکی چڵکنی مامۆستا شۆرا، جزمە تەواو بووە، ئاهەنگە بانگهێشتنی مامۆستا و هاودەرسانە، گیسکی بەلەمسیش لە ڕێگەی ئەم سەرکەوتنەدا خوێنی خۆی بەخشی و گۆشتەکەی کرا بە نەخشی سەر سینی ساوەر.

ئەمجارە نۆرەی وردە کتێبە: سمایل نامەو ناگەهان، سوڵتان جومجومەی ڕەحمەتی، سەنگ تراشە گێل و ماڵوێرانەکەی کێوی توور و شەڕی باغەوان و ماری بێ کلکو دووپشکی کلکپان و بێ ئامانیی

---

(١) هەژار، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد، ژمارە ٢، بەغداد، ١٩٧١، ل ٥١- ٥٦.

(٢) ((انه کان توابا)).

(٣) ((یمنعون الماعون)).

شێخ سەمیع، ماشەڵڵا کوریژگە زۆر پێشکەوتووەو کاتی ئەوەی هاتووە پێ بنێتە حەوت خووانی ڕۆستەم و دەرزی دژوار و حەستەم بخوێنێ.

دەی کوڕم! بیسمیللاهی ڕەحمان ڕحیم[1]، (بێ) حەرفی جەڕە، ئیسمی پێ مەجرووره، جارو مەجروور موتەعەللیقە بە...؟ دەبێ ببوورن ئێستا لەبیرم نەماوە بە چی‌یەوە بوو!! موزافو موزافوئیلەیهی[2] پێکیش هەیە، دەبێ لە بەریان کەی و سبەی گوێت لێ دەگرم، ئەگەر وەک ئاو ڕەوانت نەکردبوو، گوێت دەگرم و بەم گۆچانە وات بێزار دەکەم ئەگەر دەرسیشت لەبیر بچێتەوە ژانی لەشت هەرگیز لەبیر نەچێتەوە.

خوایە هاوار!. بیسمیللا، دەزانم بیسمیللایە و ئەگەر ماناشی نازانم لە ترسی تاریکایی‌و جنۆکە هێندەم گوتووە هاتۆتە بەرم. ئەمجا ئەم جاڕو مەجرووره چی‌یە لێی پەیدا بووە؟ موتەعەللیق چ قەرزێکی لە سەریەتی؟ موزاف و موزافوئیلەیهی دەبێ ناوی کام جرۆجانەوەر بن؟!

کێ دەوێرێ بپرسێ: مامۆستا جاڕو مەجروور بە چی دەڵێن؟ نیازت لە موتەعەللیق و جووتەی موزافان چی‌یە؟ ئەمجار کێ دەڵێ: مامۆستا خۆی دەیزانی، ئەوانە بەری چ دارێکن؟ خۆی وای خوێندووەو تۆش دەبێ وای فێر بی و بڕایەوە. فێر نابی؟ کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێ‌یە.

جوان نی‌یە پیاو مەدحی خۆی بکا، بەڵام من لێرەدا ناچارم، جوان بێ و جوان نەبێ، تۆزیک بە خۆمدا هەڵبلێم.

---

(١) ((بسم الله الرحمن الرحيم)).

(٢) ((مضاف و مضاف الله)).

لە زەمانی منداڵیمدا- یا خوا بێ چاوێنی بم – تا بڵێی زیرەک بووم، ناوبانگی بلیمەتیم بە هەمووو گوندەکەماندا گەڕا بوو – گوندەکەمان بیستماڵێک دەبوو – پیرێژن نەبوو نەزانێ: ئەم کوڕە ڕیوەڵەو مل باریکە چەند لە خوێندن زیت و وریایە و ئەگەر باسی من بکرایە دەیانگوت: خوشکم ئەو تڵفە- دار و بەرد گوێی کەڕ بێ – هەڵکەوتەیە کە هەر لە ئێستاوە دەزانێ بەنی لەرزوتا با بدا و بە چەقۆ دەمی گورگ ببەستێ، ئەوە ئەگەر بمێنێ و بگاتێ بە خوا تەلاقی سێ بەسێش چا دەکاتەوە.

تەنانەت کەس‌و کارم زۆر جار ئەسپەندەریان بۆ دەسووتاندم و کووژەکەی شین و نوشتەی چاوزاریان لەسەر شان درووبووم تا نەفەس و چاوی پیس کارم لێ نەکا.

جا ئەو ڕۆژە لە هەوەڵ دەرزی (عەوامیل)م خوێندبوو – تێشی نەگەیشتبووم – لەسەر گوێسوانەی بانێک هەڵوێستا بووم، دەستێکم نابووە بن کەوشەوە و بە فیزێکەوە سەیری کۆمەڵێک نەخوێندەوارم دەکرد خەریکی ناڵکردنی ئێسترێکی تۆڕ و چەمووش بوون. ناڵبەندەکە دارێکی دوو لکی هێنابوو، بەنێکی کشت و دوو بادی لێ پێچابوو، خستبوویە لیچی ئێسترە بۆزەوە و جەڕەبابەی دابوو، تا لە کاتی ناڵکردندا لە جووتە هاویشتن‌و گاز گرتن بکەوێ.

زیرەکی بۆ ڕۆژێکی وا نەبێ بۆ کەنگێ باشە؟ باوەڕ دەکەن یان ناکەن کەیفی خۆتانە، بەڵام سوێندتان بۆ دەخۆم: بەبێ ئەوە کەس پێم بڵێ من هەر بە زیرەکی خۆم هەڵم هێنا کە ئەم دار و پەتە جاڕ و مەجرووڕەکەی دەرزی منە، کەوا بوو، موتەعەللیق بزمار و ناڵ بارەیە و موزافو موزافوئیلەیهیش ئەوە دیارە: یان کلکە، یان یاڵە چونکە

موویـــان تێـــدایە. ئەگەرچـــی لە پاشـــان بیســـتمەوە کە نەخوێنـــدەوارە بەســـەزمانەکان بەو دارو بەنە دەڵـین: لەواشـە، بەڵام مـن هەرگیـز نەم سەلماندووە و ئێستا و ئێستاش هەتا ناڵبەندێک دەبینم کە لچ و لێوی یەکســـمی بـــاداوە و دەم و فلچـــی بەو دەردە بـــردووە، مـــن جـــارو مەجروورم دێتەوە بیر و تەواو بە زیرەکی ئەوسای خۆم دەنازم.

باشە! ئەوا من ئەو ئاگر پارەیە بووم کە هیچ شتێکم لەبەر حاسیە نەدەبوو، منداڵی دیکە چۆن لە وزەیاندا هەبوو ئەو مەتەڵۆکە دژوارە هەڵێنن و بە دەستییەوە دانەمێنن؟!

دەترســم پـێم پـێبکەنن، ناهەقیشـتان نیـیە، بەڵام ئەگەر بە وردی بیری لێبکەینەوە و بە درشتی لێکی دەینەوە، وابزانم قوڵپی گریانمان لە ئەوکدا گیر دەخوا و خەم و پەژارە بەربینگمان دەگرێ.

وەرن با پێکەوە ئەو کارەساتە بەسەر کەینەوە و ئاوڕێک لە بنج و بنـاوان بدەینەوە، بزانین چۆن تووشـی ئەو ڕۆژە ڕەشـە کراین و بەو دەردە براین و چۆن تا ئێستاش لەم قوڕە شـێلەدا مـاوینەوە و هەر لێی دەرنەچووین.

وا نـزیکەی چـاردە چەرخە، گەلـی کـورد لە خەویشـدا خـۆی بە سەربەسـتی نەدیـوە و دەرفەتـی پـێ نەدراوە دڕوێـک لە قـاڵبی خـۆی دەربێنێ، بێگانە دەستیان بەسەردا گرتووین، هەموو مایەی ژیان و مـان و تەنانەت مێژوو و زمانیشـیان بە تـاڵان بردووین، ناچاریـان کـردووین بەزمانی ئەوان بخوێنین و ئەوەندەی بۆیان لواوە بە ناوی ئایینەوە دەنـا بە ناوی شەق و زللە و دار و گوللەوە زمـانی زگمـاکی خۆمانیـان لەبیـر بـردووینەوە. کاریـان بە ڕادەیێـک گەیانـدووە، کە ڕەگەزی خۆشـمان و زمانەکەشمان وا لە بەرچـاو سـووک و چـرووک ببـێ. ئەگەر ڕۆژێک لە

ڕۆژان هەلیشمان بۆ هەڵکەوێ بێز لە خۆمان و زمانمان بکەینەوەو بە تیتوش ئاوڕ لە خۆمان نەدەینەوە.

بە عەرەبی خوێندوومانە و تێگەیشتووین کە ئەو زمانە زمانی گۆڕەوشار و ناو بەهەشتە و لە دەشتی مەحشەریشدا ئەگەر نەیزانین لاڵ و پاڵین و دەس بەتاڵین و لەناو چاڵین. ئەگەر کار بەدەستەکانی کوردستانیش غەیرە عەرەب بوون و بەسەرمان ڕاگەیشتوونو تێگەیشتوون کە گەلیان دەبێ بە زمانی خۆیان بخوێنن. گوێیان ڕاکێشاوین و بە زمانی خۆیان دەرزیان داداوین و لە بیریشیان نەچووە خوێندنە کۆنەکەمان بە یادگار بۆ بهێڵنەوە و ئەو ڕەقەن و بەردەلانەمان پێ بکێڵنەوە و لەناو دوو بەرداشا بمانهاڕن و نەمان پەڕژێ بیر لەو بیرە بکەینەوە کە تێی کەوتووین و تێدا نوقم بووین.

تەواو وەک دەرزە مێژوویییەکەی مــن، ئەوان جــاڕ و ئــێمە مەجروور و مەسەلەش موتەعەللیقە بە هیچ فێر نەبوونی ئێمەوە و موزاف فارسی و تورکییە و موزافوئیلەیهی نەحوە عەرەبییەکەیە و کەسیش نەیتوانیوە ماناماان بە کوردی بۆ لێداتەوە چونکە مامۆستاکانیشمان نەیانزانیوە کوندە لەکوێ دڕاوە.

تۆپی زەوی خولایەوە و تۆزێک بەرەو ئێمەش خزی و لە سووچێکی تەنگەبەری ئەم کوردستانە هەراو و بەرینەدا توانیمان ڕێگەی کوردی خوێندن بکەینەوە و کەم تاکورتێک نیوە ئاوڕێک لە خۆمان بدەینەوە، لاوانی کوردی دەست و دڵگەرم و خوێندەوار – خوێندەوار بە زمانی بێگانە – کە زمانە زگماکەکەی باب و باپیرانی خۆیان وا لەبەر چاو کەوتبوو، لایان وابوو لە زمانە مردووەکانە و هەر بەشی شوان و گاوان و دەشتییەکانە و ڕووی مەجلیسی یارانی نییە و

چڵکە هەورێکی هاوینە و هومێدی بارانی لێ ناکرێ و ئەوەندە لاواز و داڵ گۆشتە ئەگەر مارمێلکەشی بە گەروودا کەی نابووژێتەوە و خۆی بەسەر کاغەزەوە ناگرێ. هاتن چاکی مەردایەتییان لێ بەلادا کرد و هەرچی زمانی بێگانەکەیە و هەرچی زمانی شوان و گاوانە خۆماڵییەکەی خۆشمانە بە گەسک و بێڵ ماشتیان و ناشتیان و سەرلەنوێ کەوتنە کار و زۆر بە کارامەیی زمانێکی سەربەخۆی ئەوەندە سەیر و سەمەرەیان بۆ ئیجاد کردین کە سەری فیل و نەهەنگیشی تێدا گێژ دەبێ، کوردیيە و کوردییش نییە!. تەرجەمەی عەرەبییە و تەرجەمەش نییە! و عەرەبیش نییە! ئەدی چییە؟

دەڵێن: مەلاییێک لە دەرزی (ئەحمەدی)دا بە منداڵێکی گوت: نەجل و وەلەد چی؟ ڕۆڵەیە!. منداڵ پرسی: مامۆستا (چیرۆڵە) بەچی دەڵێن؟ مامۆستاش لێی ئاڵۆزا و فەرمووی: کوڕم چیرۆڵە شتێکی گرمووڵەی جوان و حەنتیکەیە لە باژێڕان دەست دەکەوێ.

لە پێشدا دەمانزانی شکڵ چییە، هەقی شەرعی بەچی دەڵێن، دەشمانزانی نیاز لە جامیعەی عەرەبی و دیفاعی مەدەنی چییە، بەڵام شکڵ بکرێ بە (ئێسک) و هەقی شەرعی (مافی پرۆژەیی) بێ و جامیعەی عەرەبی (مزگەوتی عارەبان) بێ و دیفاعی مەدەنی کرابێ بە (بەرەوانی باشی بۆزغی)، تۆ دینتان لە (چیرۆڵە) سەیرترن یان نا؟! جا ئەوە هێشتا باسی (حەیتە) و (ڕاژە) و (فلّقەکۆن) و (لاکێشی تەریبی) و چەند شتی لەوە سەیرترم بۆ نەکردوون. شیرم لە سەرت دابێ، تەپ و تۆز و هەرایەکە سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە.

کوڕه وەره بمکوژه!. کاغەزی کاغەز ئاسایی بابەڵباب و جەدد و عابادی کورد بوون و به کوردی ژیاوه کەچی فرێمان داوه و کردوومانه به (تیانووس؟) لەسەر قافیەی ئۆقیانووس!

شاعیر! شاعیری کڵۆڵ و نەگبەت نیوەی خەڵکی دنیا دەزانن ئەو ناوه بۆ چ ماڵوێران و چارەڕەشێک دانراوه کوردەکەش پێی دەگوت شایەر – کرا به (هۆنەر) گوتمان باشه، (بویژ)یان بۆ دۆزییەوه پیرۆز بێ، کرا به هەستیار دەنگمان نەکرد، وا ئەم ڕۆژانه سەر لەنوێ ناوکی بڕاوه و بانگیان به گوێدا لێداوەو ناویان ناوه (هەڵبەستێنەر)، ئەگەر خوا نەیکوژێ به دوو ساڵیتر وەک وشتری عەرەب خاوەنی سەد و پەنجا ناو دەبێ.

ئەو تۆزەی به نموونەم هێنانەوه، تنۆکێکه له دەریاییێک و چڵه کایەکه له بەرانبەر چیایەکدا. ئەگەر قۆشه و دراوێکی له خۆمان زیادمان هەبێ و بەوردی به شوێن ئەو وردەکتێبانەدا بگەڕێین که له پاش یازدەی ئازارەوه له پەستا و بەبێ وچان دەخرێنه بازاڕەوه و کات و تاقەتیشمان هەبێ بیانخوێنینەوه، ئەوسا دەردەکەوێ چەند ماڵ وێران و بریندارین و کۆنه برینمان چەندی وەبن داوه و به هیچ داو و دەرمانێک چاری ناکرێ و کەس نییه پێی بچارێ!!

برا کوردەکانی کوردی نووسی خۆشەویستم! ئەیزانم ئێوه له دڵپڕی و دڵگەرمی خۆتانەوه دەڕوانن و دڵسۆزیتان هەڵی ناون که ئەمه بکەن. تازه تۆزێک له بەندی گرانی زمانی به زۆر سەپاوی بێگانه ڕزگارتان بووه و دەتانەوێ هەرچی زووه به یەکجاری کوڵ و کۆی دڵی خۆتان بڕێژن و ئەم ڕێگه دوورەی که مەودای له هەزار ساڵ پتره به ڕۆژێک و به شەوێک ببڕن. واتا ئێوەش له شارەوه به نووکی قەڵەم

شۆڕشـتان بەرپـا کـردووە و شۆڕشــەکەش زۆر پیـرۆزە. بەڵام دەبـێ بزانن، هەر شۆڕشێک ئەگەر بە ڕێکوپێکی نەڕوا بەڕێوە و شۆڕشگێڕان هەموویان ئاگایان لەیەکتر نەبێ و هەرکەس هەرکەسە و پاشاگەردانی و بەرهەڵـدایی بـێ ســەر نــاگرێ و چـــی لــێ ســەوز نــابێ. ئەگەر شۆڕشگێڕان گوندێکی خۆیان ئازاد کرد و مەکتەبێکی تێدا بوو، ناشێ بیـڕووخێنن چونکە دەسکاری داگیـرکەرە. گەرەکە بیکەن بە فێرگە بـۆ منداڵانی ئازاد و بەهرەی لێوەرگرن، پیاو نابێ لە داخی خەڵک سەری منداڵی خۆی بشکێنێ.

ئەم پەلە و هەڵپەیەمان لە فڕێدانی وشـەی بێگانە و داتاشینی بێ سـەرەو بەرەی وشـەی تـازە بـابەت و ناڕێک و لەشـان گران و ئاگا لە یەک نەبوون و ڕێک نەکەوتنی نووسەران لەسـەر ئەو وشانەی کە هەر کەسـە بە شــەو لە مـاڵەوە بە تـاریکی ڕێکـی دەخـاو بە ڕۆژ ئەیخـاتە بازاڕەوە، زیـان بە منداڵی کورد دەگەیێنێ و سـەریان لێ دەشێوێنێ و هەر وەک لەوە دەچـــێ کە پیـــاو مەدرەســـەی پێشـــووی گونـــدەکەی بڕووخێنێ.

من دەڵێم با تۆزێک لەسەرخۆتر بڕۆین و زۆر لە سەرەنگرێ بوون بترسین. با نەخوێندەوار و دەشتەکییەکانمان بکەینە مامۆستای زمان و بە لامانەوە شەرم نەبێ کە لامان وابێ ئەوان لە شارستانی خوێندەوار باشـتری دەزانـن. ئەو وشـــەی دەمـــانەوێ لە جیـاتی وشـــەی بێگـانە بینووسـین لەوان پرسـین و ئەگەر ئەوان نەیـان بـوو بـا جارێ هەر ئەو کـۆنەیەی چەنـد سـاڵە بیسـتوومانە و فێـری بـووین دەکـاری بکەیـن و وەکاری خەینەوە تـا ئەو ڕۆژەی کە فەرهەنگێکی وامان بۆ دەرەخسێ هەمـوو زاراوەکـانی زمانەکەمـانی تێدا جـێ دەکـرێتەوە و هەمـووی لە

جیٚیێکا کۆ دەکرێتەوە، ئەوساش چەن کەسێک لە زانایانی کوردی زانی بەڕاستی لە دەوری یەک کۆ ببنەوە و ناوی لە بارو ڕێک بۆ ئەو وشانە بدۆزنەوە کە لە کوردییە خۆماڵییەکەدا دەس ناکەوێ و کارێکی واش نەکەن کە لە کۆنەکەی فێری ببووین گرانتر بێ و کورد نەتوانێ زووی فێر بێ.

بـا بە دەوروبەری خۆمانـدا بـڕوانین تـا بـزانین فارسـەکان و تورکەکان و هیندی و پاکستانی بە هەزاران وشەی عەرەبییان لە لایە و دەکاری دێنن و دەیخوێنن و یەکتری پێ دەدوێنن و هیچ زیانێکیش بە عەمر و ماڵیان نەگەیشتووە. هەر عەرەب بۆ خۆی بە سەتان وشەی کوردی و فارسی و ئاشووری هێناوەتە ناو زمانی خۆیەوە و کەسیش پێی ناڵێ پشتی چاوت برۆیە.

برا گیان! وەک برایێکی بچووک هاوارتان لێ دەکەم و دەس دەبەر پشتێنتان وەردێنم، بەزەییتان بە منداڵە کوردەکاندا بێتەوە و تۆزێک لەو گەرم و گوڕی و دڵپڕییە دابەزن باشترە، چونکە من بڕوام وایە کە ئەگەر نووسینە کوردییەکەمان بەم ڕەوتە بڕوا، کە ئێستا گرتوویەتە بەر دارێکە بەر ناگرێ و سەر لە خوێندەوار و نەخوێندەواریش دەشێوێنێ بەڕاستی ئەم سەربەستییە لە داتاشینی وشە و ئیجاد کردنی زماندا دەگەڵ خوێندنی سەد ساڵ لەمەو بەرماندا نەک هەر جیاواز نییە، ئەگەر بوێرم دەڵێم هێشتا خۆزگە بەو، ئەگەر ئەو بێ خوێ بوو، دەکرا تۆزێک خوێی تێبکەین و بخورێ، بەڵام ئەمەی ئێستامان زۆر سوێرە و جەرگ دەبڕێ، دەسا دەغیلتان بم نە وا سوێر و نە وا بێ خوێ، با وا نەبێ ئەگەر بیچێژین بیرێژین.

## ٤٨- حاڵی عەرزم بووی؟ (وتار)[(١)]:

ئێمەش کوردایەتیمان کردووە، بۆ نەمانکردووە؟ ئەی گوایە ڕۆژی خۆی، لە بەچکەشێرانی هیوا نەبووین؟!. هەموو ڕۆژێک، حاڵیی عەرزم بووی، سەرلەبەیانی سرووودی ئەی کوردینە، ئەی مەردینە.. دوو شەش هاتییە خوار؟!.. مەترسە ئەویشم هەیە. بە خوا هەتا ئێمە کورد بووین، حاڵیی عەرزم بووی، کوردایەتیمان دەکرد، نازانم ئەو خەڵکە.. دەی دەی دەزانم دووبارەت پێیە.. وەرە خوار.. کێ بەقەد من مەناشیری بە دیوارانەوە نووساند؟ کێ بە قەد من شۆرتە و ئەمن ڕاوی ناوە؟!.. بەخوا بەشی خۆشمان، حاڵیی عەرزم بووی، بە شاخ و کێوانیشەوە... ها ئەوەش بەیاز بۆ خاتری تۆ.. کەچی ئێستا هەر قسە دێتە ناو قسەوە، ئەو دەڵێ من پێشمەرگە بووم.. تۆ چ بووی؟ ئەم دەڵێ، حاڵیی عەرزم بووی، من سنگم بە گوللەوە.. بکێشە بکێشە.. دەزانم پێت نییە.. نازانم ئەو خەڵکە بۆچ لایان وایە ئێمەمانان لەبەر سێبەری دارگوێز نووستووین و هیچمان نەکردووە؟!.. ئەی گوایە، حاڵیی عەرزم بووی، پەروەردەکردنی.. ئەوا من بەم چوارە بەستم. کەس نییە لەوانە بپرسێ: ئێوە لە چیا چیتان کرد و ئێمە لە شار، حاڵیی عەرزم بووی، چیمان نەکرد؟! ببژێرە.. من حەفتاوشەش بووم، کەس تا ئێستا دۆمینەی لە کاکی خۆت نەبردووەتەوە. با تیزمان پێ بکەن و حاڵیی عەرزم بووی، لیچمان لێ هەڵقرچێنن!.. چەند ساڵ و زەمانە، ڕەنج دەدەین و لە

(١) هەژار، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد، ژمارە ٣، بەغداد، ١٩٧١، ل ٢٩- ٣٥.

دەرزگوتنەوەدا خۆمـان پیر و کوێر کرد و توانـا و جوانیی خۆمـان لە دەسـت دا.. کـاکە دوو چـای جـوان بـۆ ئـێمە و بـزانە ئەم بـرایەش چ دەخواتەوە.

مامۆستا تەوفیق ئەمانەی بە سیرعەتی سەد کیلۆمیتر لە سەعاتێکا لەدەم دەردەپەڕیـــن، نەمزانـــی لە کەیەوە ئەم بـــاس و خواســـەی دامەزرانـدبوو، وا دیـار بـوو دەمـێکە لە گەڵ هـاوڕێکەی وا خەریکـی دۆمینەیە و بە دەم کایەکردنیشەوە، لەسەر ئەو فەرمایشتە ڕەنگین و پڕ لە پاکانەی خۆی دەڕوا و دەردی دڵ بە دەم بادا ئەدا. مامۆستا تەوفیق لەوانە نییە هەرچی جارێکی دیتبێ نەیناسێتەوە.. هەرگیز دەگەڵ خەڵکی ڕەمەکیدا لێت ناگۆڕێ.

درێـژە، بـاریکە، تۆزێکیش خـوار و خـێچە، لـووتێکی قەپۆزبەران و دەمێکـی پەلـی هەیە. پشـتملی چڵکـن و بە گـنجە. سـەرێکی درێـژۆکەی بێتـووک و لووسـی بەو مـلەوە نووسـاوە، کە زۆر لە کەلـلەی سـەری ئـاوەڕووت کـراوی پـاچە دەچـێ! ئەوانەی غەرەزێکیـان دەگەڵـی هەیە، دەڵـێن هەر زگمـاک کەچەڵ بـووە!.. بەڵام وەک لە خـۆیم بیسـتووە، هەر خەم و خەفەتـی زەمـانەی بێبەقـا و تـۆزێکیش لە ئەنجـامی گرانەتـاوە، تووک مانا بە سەرییەوە نەماوە، دەنا لە چاخی خۆیدا، شانەی ئاسنیش لە کاکۆڵیدا شکاوە. جا وەک هەمووومـان دەیـزانین، زۆربەی ئەم خەڵکە عەقڵیان لە چاویاندایە، وە لە هیچ و خۆڕایی پێستەسەری کەچەڵیـان پێ سـەیرە. ئیتـر کەس نـاڕوانێتە مێشـکی پـڕ بیروبـاوەڕی نـاو سـەری هەڵـکەوتە و بلیمەتـان. مامۆسـتاش بـۆ داپۆشـینی ئەم دیـمەنە، جـاران سەرە لووس و سپییەکەی دە خەنە دەگرت و دیمەنێکی شـڵەی پنۆکی جوانی پێ دەدا. بەڵام ئێستاکە بەناودا چووە و تاقەتی خۆ جوان کردنی

نەمـاوە. سـدارە لەسـەر دەنـێ و پیـاو هەق بلـێ زۆر لە سـەرڕووتان بەویقارترە.

ئاشـنایەتیی مـن و مامۆسـتا تەوفیـق زۆر بە بـنج و ڕیشـە و لەمێژینە. وەک لەبیرمە شازدە ساڵە دەیناسم. بەڵام وا دیارە ئەو بیری زۆر لە من تیژترە و لای وایە لە زەمانی کۆمەڵەشدا لەو سەرە پێکەوە دۆستی گیانی بەگیانی بووین و من لەبیرم نەماوە!.. واتا ئەگەر ئەو ڕاست بکا، لێشم ڕوونە پیاوی درۆ نییە، بەو پێیە دەبێ تەمەنی دۆستایەتیمان خۆی لە بیست و ئەوەندە ساڵ دابێ!

شازدە ساڵ لەمەوبەر، کە بە حیسابی من بۆ یەکەم جار و بە حیسابی ئەو بۆ دووهەم جار، یەکترمان ناسی، لە گەڕەکی (ساری کەهیە)ی کەرکوک، لە چاخانەکەی مام مارف بوو، کە چاخانەیەکی پەڕپووت و هەژارانە و تەریک و لاکۆڵان هەرزان و خۆماڵی بوو. ئێواران کە لە دوای کاری ڕۆژانە، دەگەڵ چەند کرێکارێکی دیکە لەوێ کۆدەبووینەوە، مامۆستا تەوفیق هەمیشە گوڵی مەجلیس و نوقڵی سەر سینیمان بوو. تاوتاوێک کە تەواو بیزانیبا بێگانە بەدەرە و کەسی وای لێ نییە نامۆیی لێ بکرێ، کتێبێکی یاساغی لە باخەڵ دەردێنا و بە بەرچاویەوە دەنا. ناوی کتێبەکە بە خەتی درشت ڕووی دەکردە ئێمە و تەواو لە متاڵادا غەرق دەبوو.

ئـێمەی بەسـەزمان کەسـمان گومانمـان لەوەدا نەبـوو، کە ئەو عەقڵەی لە پێڵاوی مامۆستا دایە لەسەری ئێمەدا نییە و، ئەوی ئەو لەبەری ماوەتەوە خواردنی هیچ کامێکمان نییە. سەد خۆزگەمان دەخواست کە هیچ نەبوایە سەد یەکی مامۆستامان بزانیبا. لەو کاتانەدا کە لە خوێندنەوە پشووی دەدا و دەیدواندین، ئەوسا بوو کە بلیمەتیی

خـۆی ڕادەنـا و تێـی دەگەیانـدین کە ئەو ڕیشـەی لەبەر هەتـاو سـپی نەکردووە. ئیمپریالیزم.. فاشیزم.. بیرۆکراتی، ڕادیکالی و هەزار وشـەی وای بۆ ڕیز دەکردین، کە ئێمە هەر دەبوایە بە واق وڕمـانەوە تەماشـای دەمـی کەیـن و سـەرمان لە کاروبـاری خـوا سـوڕبمێنێ و بەبـێ ئەوەی دەنکێکـی لـێ تێبگەین بەڵـێ وایەی بـۆ بڵێین. بەڕاسـتی بەلامەوە سـەیر بـوو، ئەم کـابرایە چـۆن توانیبـووی ئەو هەمـوو وشـە ڕەق و تەقـانە وا لەبەر کا و وا بە پەلە بیانڵێ و هەرگیز زمانی گرێ نەکا.

بـا ئەوەشـم لەبیر نەچـێ، هەوێن و سـەروبنی فەرمایشتەکانیشـی، ڕستی (حاڵیی عەرزم بووی) بوو، کە زۆرجار هێندێک گوێگری گێل و هەرزەکار، دڵۆپەیان دەکرد و بەو تەکیە کەلامە شیرینەی پێدەکەنین و مامۆستایان تووڕە دەکرد.

جا هەر وەک باسم کرد، چونکە بە حیسابی ئەو من ئاشنای زۆر لەمێژینەی بووم و دووبارە بە دیداری یەکتر شـاد و شـوکر ببووینەوە، زۆرتـری کـات ڕووی قسـەی دەکـردە مـن و زۆرجـاریش کە باسـی ڕابـوردووی پـڕ لە شـانازیی خـۆی دەگێـڕایەوە و ئەو قارەمـانەتی و گیانبازییانەی بە گوێ هەڵدێناین کە لە زەمانی کۆمەڵەدا کردوویە، منی کڵۆڵی وەک شایەتێک دەستنیشان دەکرد و دەیگوت ئەگەر باوەڕ نـاکەن لە فلان کەس بپرسن. دیارە لەو وەختانەشدا نەدەکرا بڵێم: ئاگام لێ نییە و ناچار بووم بە درۆ وەباڵی بۆ بکێشم و بڵێم ڕاستە.

سـەرت نەئێشـێنم ئەوەنـدە هـۆگری یەکتـر ببووین کە هەر باسـی نـاکرێ. زۆربەی کـاتی بێکاریمـان پـێکەوە ڕادەبـوارد. وردە وردە دۆسـتایەتییەکەمان گەیشـتە پلەیەکـی وا کە هـیچ شـەرمەحزووری و ڕووبینیمـان لەنـاودا نەمـا و ئەگەر کەسـی غەیرەمـان لەلا نەبـا، تەواو

دوور لە دووڕوویی و ڕیابازی دەژیاین و لەبن پەردەی چاپ و چووپ و خۆگۆڕیندا، خۆمان لە یەکتر نەدەشاردەوە و هەرچۆنێک بووین ئاوا خۆمــان نیشــانی یەکتــر دەدا. جــا ئەوســا بــوو کە بــۆم دەرکەوت، مامۆسـتاش هەر بنیـادەمە خۆمـانەیە و ئەوانەی ئەو دەیـانڵێ ئـێمە تـێ ناگەین، بۆ خۆشی مانای هەموویان نازانێ. بەڵام بە زیرەکی و بلیمەتی خـۆی، وای خـۆ نیشـان داوە کە خەڵـک وا تـێنەگەن شـەندە لە مەنـدە کەمترە و ئەوی ئەو ئەفەنـدی و مەفەنـدییانە دەمـی بـۆ دەبەن، ئەویـش دەیزانێ و لەوانیشی تێپەڕاندووە. بۆ ئەوە ئەم مەبەستە باشتر ڕوون بکەمەوە، ناچارم (هەرچەندە بە زیانی خۆشم تەواو دەبێ) ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە:

ڕۆژێک کە هەر خۆم و خۆی بووین، بە تۆزێک منجەمنج و لاسەر خوراندنەوە عەرزم کرد: مامۆستا زۆر شت لەناو فەرمایشتەکانتدا دێنە بەرگوێم، هەرچەنـدە هەر گوتـوومە بەڵـێ وایە و خـۆم وا نیشـان دەدەم کە مــن لەوســەرییەوە دێــمەوە و باشــیان دەزانــم، بەڵام دەبــێ لــێم ببووری- زۆریش خەجاڵەتییە بۆ من - ڕاستت دەوێ لە زۆریـان هەر تەقەم لە سـەرییەوە دێ و لام وایە گـوێزم بـۆ دەبژێـری. حەرام ئەگەر تێگەیشــتبم چیــت فەرمــووە. ئەگەر لەبەرت گــران نیــیە، حەز دەکەم چەندێک لەو وشە ڕەق و تەقانەم بە کوردییەکی هاسـان تێبگەیەنی و لێم لە هەرا نەدەی، زۆر سوپاست دەکەم.

- وەک چی؟

- وەک: دیمـــاگۆگی، کـــۆمپەرادۆر و بە تێکڕایـــی زۆربەی ئەو فەرمایشتانەیش تیک و لیزم و لیستیان بە کلکەوە هەڵاوەسراوە.

– به خـوا شـتێکی سـەیرە!... ئەم وشـانە، حـاڵیی عەرزم بـووی، حەزرەتی فیلیش نازانێ بەری چ دارێکن. مردووت مرێ... سەری خۆت بە چییەوە دێشێنی!... برۆ تۆش سایری ئەو خەڵکە... بەبێ مانا زانین لە وەخت و بێوەختدا، بیانڵێ و بیانڵێوە تا پێت بڵێن زانا و فەیلەسووف. خۆ ئەگەر بتوانی، حاڵیی عەرزم بووی، چاویلکەیەکی شووشەش بکڕی و بە بەرچاوتییەوە بگری، ئەوە نووری عەلا نوورە. ئەمما ئەوە هەر بۆ تۆی دەڵێم، چونکە تۆم خۆش دەوێ. نەچی، حاڵیی عەرزم بووی، خۆت شێت کەی و لە عالەم بڵێی مامۆستا تەوفیقیش ئاوا... تێ دەگەی دەڵێم چی؟!...

ئیتـر خـوا بتحەسـێنێتەوە... لەو ڕۆژەوە مامۆسـتا تەوفیـق کلیلـی دەرگـای گـاڵەدراوی ژیـانی نـاو کۆمەڵەکەمـانی دایە دەسـتم و ئەو ئامۆژگـارییە بەنـرخەی ئەوەنـدەی لە دنیـا تـێگەیانـدم، کە لە هەمـوو ڕۆژگـاری خوێندنـدا لە مەدرەسـە فێـری نەبووبـووم، وا لەوسـاوە لە هەموو کۆڕ و مەجلیسێکدا باس لە هەر شتێکەوە بکرێ، ئیتر بیزانم و نەیـزانم خـۆمی تـێ هەڵـدەقوتێنم و هەرچـی لە دەمـی هەر کەسـەوە دەرچـێ، هەر لە حەوا دەیقـۆزمەوە و گـورج لەخـۆمەوە جـوابێکی بـۆ دەدۆزمەوە و بـۆ ئەوەش کە تـێنەگەن و نەزانیـنەکەم پیـنە بـکەم، کۆشـێکم وشـە و ڕسـتی ڕەق و تەقـی بێگـانە و دوورەدەسـت لەبەر کـردووە و لە پەسـتا بەسـەر و گـوێلاکی گـوێگرە خۆشەویسـتەکانیدا دەدەم و گێژیـان دەکەم و بـۆ خۆشـم هەرگیـز گنج مانـا چییە، نـایەتە نـاوچەوانم. ئـاوا لە سـایەی ئامۆژگـاریی مامۆسـتای بەڕێزەوە، وام لـێ هاتووە کە ناوبانگی زاناییم وەک کەری چەرچی سەر بە هەموو ماڵاندا دەکا و بیلاتەژبی، پەرژینەکە بە گوڵ بێ، فەیلەسووفێکم ئاو لێڵ ناکەم.

بەڵام نـــامەوێ وا بــزانن کە مامۆســـتا، هەر لە وشـــەی ڕەق و خۆگۆڕینـــدا ســـەرکەوتووە و بەس. خـــوا هەڵنـــاگرێ لە کـــوردایەتی کردنیشدا، هەر خۆی یەکە سوارەی مەیدان بوو. بەتایبەتی ئەگەر هەر دوو بە دوو بووینـایە و یەک دوو پێک ئـارەقی ئەبووکەلەبچەشـی گیـر بکەوتایە کە خۆی ناوی نابوو- شیری شێران – ئیتر هەر مەپرسـە... لە کوردایەتی کردندا چۆنی گوڵ دەکرد.

- کوڕم... برام... کوردایەتی گاڵتەی منالآن نییە... هەر دەمڕووتێک ڕاستەوە بێ، حاڵیی عەرزم بووی، سینگ داچەقێنێ و بڵـێ شـێلە وا و بێلە وا... ئەوە کوردستانە کوردسـتان... ئەو کوردستانە دابەش کراو و حاڵیی عەرزم بووی، داگیرکراوە پیاوی دەوێ، خـوێنی دەوێ، هەزاران گەنجی وای دەوێ، حاڵیی عەرزم بـووی، کفن هەڵگرێ و خـۆی نەزری ئـازادیی کوردسـتان بکـا. هەتـا کوردسـتان بە یەکجـاری لەژێـر بـاری، حـاڵیی عەرزم بـووی، دیلێتـی دەرنەچـێ، کەس نـابێ ئـاوڕ لە خـۆی بـداتەوە. وەک فەیلەسـووفەکە، حـاڵیی عەرزم بـووی، دەڵـێ پیـاو دەبـێ وەک مـــۆم بســـووتێ و تـــاریکی لەســـەر هەژاران بڕەوێنـــێ. ئەم مامۆستایەی خۆت کە لەبەر چاوتە مەدحی خۆشم ناکەم – بەسەری تۆ نا، بەو سەرەی خۆم ئەوەی بۆ کوردم کردووە، حـاڵیی عەرزم بـووی، بە لەشکرێک ناکرێ.

مامۆستا بووم... چنگێک مەعاشم وەرئەگرت- بۆ خۆشـت دەزانـی ئەو دەم چەند هەرزانی بوو- گوتیـان لەو سـەرە، حـاڵیی عەرزم بووی، کۆمەڵە پەیدا بووە... شەقم لە وەزیفە هەڵدا، ئیلتیحـاقم کرد. پێشـمەرگە بووم. برسێتی... تینوویێتی... مەڵـێ سـەرخۆشـە، سـەرخۆش نیم... حـاڵیی عەرزم بـووی، شـەڕ... هەرا بەراوبەر کـردن... سـەرما، گەرمـا... بۆ کێم

دەکرد؟!... بۆ میللەتی خۆم، چەند جار منت بە جلکی پێشمەرگەوە دیوە. کەچی نازانم نیازت لەوە چییە کە دەڵێی لەبیرم نەماوە... قەیدی نییە... ڕۆژێک هەر بە بیرت دێتەوە، ئاخ... سەد ئاخ... بە خوا ئەگەر کوردەکە خەیانەتی نەکردبا، خوا ئەیزانێ ئێستە، حاڵیی عەرزم بووی، بە شتێکی دیکە دەبووین. بەڵام داخەکەم کوردەکە هێشتا وای لێ نەهاتووە قەدری ئازادی بزانێ... ڕۆژێ هەر دێ کورد ڕێگەی خۆی بزانێ. ئەوسا چاوت لە مامۆستا تەوفیقت بێ بزانە چۆن، حاڵیی عەرزم بووی، خۆی دەردەخا هەرچەندە هێندێک کەسی تێنەگەیشتوو لایان وابوو مامۆستا پیاوێکی خەیاڵاوییە و هەرگیز لە قون تەندوور وەلا نەکەوتووە و دەستی بە کڵاوی خۆیدا گرتووە با نەیبا و وەک توولەنەمام دەگەڵ هەموو بایەکا دەلەرێتەوە و لە قسەی زل بەولاوە، چیی دە باراندا نییە. بەڵام بە ئێمە چی؟! پێشینە نەیانگوتووە، ئامۆژگاری لە دیواریش نووسرابێ هەر باشە؟! من زۆرم بەهرە لەو فەرمایشتانەیەوە پێ گەیشتووە و بەو ئەمەکدارییەش لە پاش ئەو چەند ساڵە، وا هاتووم دیدەنیی بکەم.

مامۆستا گیان تەندروستیت لە چیدایە؟!

– لە تەندروستیی چی و تەڕەماشی چی... لە سایەی ئەم منالانەی کە دەستیان پێ کردووە و کوردیمان، حاڵیی عەرزم بووی، لێ دەگۆڕن، ئەوی دەشمانزانی لەبیرمان چووەوە. بۆ ناڵێی مامۆستا نەخۆشی یان ساغی؟!..

ئەمەی پێ ناوێ... تۆ پێم بڵێ: ئەم بەینە لە کوێ بووی؟! بیستوومە بووبوویە پێشمەرگە!... باوکم ببووره... من کە باسی هێندێک پێشمەرگەم کرد، نیازم لە تۆ نەبوو من ناڵێم، حاڵیی عەرزم بووی،

پێشمەرگە درێغییان کردووە... قەدریان لەسەر سەرم بەڵام من دەڵێم پێشمەرگە خاوەنی ناوێکی بەرز و پیرۆزە. بە نیازین، حاڵیی عەرزم بووی، ئازادیی ئەو گەلە لێقەوماوەی گیانی خۆی لەسەر بەری دەست داناوە... حەیفە خۆی نەناسێ... حەیفە نەبێتە نموونەی دڵنەرمی و گەلدۆستی... حەیفە، حاڵیی عەرزم بووی، کاری وا بکا خەڵکی گلەیی‌ی لێ بکەن. ناوێرم دەنگ بکەم... بەڵام بۆ خۆشت دەیزانی، هێندێکی واتان هەیە هیچ ئەو ناوەی لێ ناوەشێتەوە... یەکێکتان لێ دەناسم چەند ساڵ، حاڵیی عەرزم بووی، لای خۆی خوێندوویە چەند ڕۆژێک لەو سەرە ماوەتەوە و ئێستا هاتووەتەوە. بەسەری تۆ نا، بەسەری خۆم، جوابی سڵاوم ناسێنێتەوە. قەت باوەڕ ناکەم، حاڵیی عەرزم بووی، فیرعەونیش ئەم فیز و لەخۆبایی بوونەی بووبێت. من دەڵێم ئەمە باش نییە... ئێمە هەمووومان کوڕی ئەم ئاو و خاکەین. لەسەرمانە خزمەت بە فەقیر و بێدەسەڵاتان بکەین... خۆ فشکردنەوە و کەشخەلێدان، حاڵیی عەرزم بووی، بۆ پێشمەرگە شتێکی جوان نییە... تۆش لات وانییە؟ ئەوسا کە ئێمە پێشمەرگە بووین، خۆت دەیزانی چۆن خۆمان بە خزمەتکاری گەل دەزانی... لە جیاتیی ئەوە خانوو بۆ خۆمان بکەین، قۆڵمان هەڵکردبوو خانوومان بۆ بێوەژن و هەتیوان دەکرد.

ئەرێ باسی چم دەکرد... ها... جا ئەوانە بە ئێمە دەڵێن: چیتان کردووە؟... بۆ نەهاتن بۆ چیا؟... باوکم چۆن بێم؟ کۆشێک منالّی ڕەش و ڕووتم، حاڵیی عەرزم بووی، بە ڕیشەوە بووە... گۆشت گرانە... پیواز، کووتاڵ پەڕیوەتە پشتی شێران، تەماتە... تەماتەی سەگباب حاڵیی عەرزم بووی، هەر باسی نەکەین باشترە، ئیجار، لیمۆن دۆزی،

سابوون، هەرچی دەستی بۆ دەبەی وەک مار پێتەوە دەدا... دەبینی ئەو شتانەمان بۆ هەرزان کەن، ئەوسا چی بڵێن هەقتانە...

- مامۆستای بەڕێز، من نەهاتووم باسی سیاسەت بکەین... دەمەوێ بزانم چۆنی و لەوەتا تەقاعود کراوی، هەر بە دۆمینەوە خەریکی یان ئیشێکی تریش دەکەی؟ ئیش، ئیشی چی؟ ئەوی ڕاست بێ، جگە لە دۆمینە، کەیفم لە خوێندنەوەی مەجەللەی کوردیش هەیە، بەڵام حاڵیی عەرزم بووی، ئەویش بۆ من مەسرەفێکە، کەس نییە بڵێ: ها بەخۆرایی بیخوێنەوە. قسەی خۆشمان بێ جارجار لە دەستی خەڵکی وەردەگرم... بەڵام قەت نایکڕم!... باوکم تۆ حیسابی کە... هەر وردە و پردەی ماڵ... حەمام، ئوتی، بنێشت، ئاووکارەبا، دەرزی و دەزوویش پارەی تێ دەچێ... لە کوێ بێنم؟... چیم لە خۆم زیادە تا بیدەم بە مەجەللە، مەسرەفی نادی و چاخانەم هەر لەبیر نەبوو... مانگی چوار پێنج، حاڵیی عەرزم بووی، دینارم هەر لەوانە دەڕوا، تۆ دێیتە لام ساردێک، ئەم دێ چایەک و وێرێک، حاڵیی عەرزم بووی، بۆ فلان و دەعوەتێک بۆ فیسار... ئیتر تاقە چل دینار لەم ڕۆژەدا بەشی چم دەکا؟!.. ئێستا دەزانم لە دڵی خۆتا دەڵێی واز لەو دۆمینەیە بێنە و ئەو پارەیەی لەوی سەرف دەکەی، بیدە بە کتێب و مەجەللە و بیخوێنەوە... بەسەری من وا نییە؟!... ئەگەر وەک تۆ دەڵێی، حاڵیی عەرزم بووی، وا بکەم... ئەوسا وەختی بێکاریم بە چی ڕابوێرم؟.. حاڵیی عەرزم بووی؟!...

- بەڵێ مامۆستا گیان حاڵیی عەرزت بووم... بەڵام تۆ ڕێگەت نەدام کە حاڵیی عەرزم ببی... خواحافیز.

## ٤٩- منالآنمان هان بدەین (وتار)[1]:

لە ڕۆژگارانی پێشوودا ئەگەر باسی کابرایەک، یان کارێکی لە شانان گران کرابا دەیانگوت: لە شەمووی منال خوێن تالتر و نالەبارترە، نیازیش ئەوەبوو کە خوێندن و چۆنی قوتابخانە بۆ مندال کارێکی گران و چەتوونە و دژی ئاوات و ئارەزووی ژیانی مندالییەتی...

بەلام بیریش لەوە نەدەکرایەوە کە بۆچی ئەو خوێندن و قوتابخانەیە وا لەو مندالە بووەتە دێوەزمە و زیندان و لێی تۆقیوە؟

با ئێمە بیدەینە بەر چاوی خەیالمانەوە، مندالێکی شلک و ناسک و خۆنەگرتووی کورد براوەتە قوتابخانەیەکی ڕەش و تاریک و خراوەتە بەر دەم و دەستی مەلایەکی گرژ و ڕووناخۆش و جنێوفرۆش و زۆر بیژووی ڕیش درێژ و بێ بەزەیی، دەرگا لەسەر منال داخرابێ، دار فەلاقەیەک، بە دیوارەوە هەلواسرابێ و هەژ نۆ شوولی درێژ و تەڕ لە بەردەمی مامۆستای بەڕێزدا ڕیز کرابێ و بە تووڕەییەوە تێی ڕاخوڕن: وەرە دەرسەکەت بلێوە، دەرسیش کام دەرسە؟ دوێنێ بە زمانێکی ڕەق و تەق و دژوارێکی وەها کە نە مامۆستا خۆی و نە باوکی مامۆستا خۆی و نە باوکی باوکی مامۆستاش سەرەدەرەی لێ دەردەکا شتێک بەو منالە گوتراوە و ئێستا لەسەریەتی بەبێ ئەوە مەعنای بزانێ ئەبێ وەک تووتی لەبەر بیلێتەوە و ئەگەر بە هەلەدا بچێ کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە. من نالێم هەر منال و بەس، بگرە فیل و دێویش بێ،

---

(١) هەژار، گۆڤاری پەروەردە و زانست، گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستییە بە سێ مانگ جارێک دەردەچێ، سالی یەکەم، بەغداد، ژمارە ١، ١٩٧١، ل ٣٠- ٣٧.

خواخوایەتی گوێ لەم قیڕوهۆڕە نەگرێ و چاوی بەم بەزم و ڕەزمە نەکەوێ.

سوێندی کەسم لەسەر نییە هەر من خۆم کاتێ جزمی عەمەم دەخوێند و حینجەم دەکردەوە، جگە لەوە کە لەسەروسیمای مامۆستام دەترسام، جگە لەوە کە لە دیمەنی قامچی و دار لەرزم لێ دەهات، زۆرجار وشەی دەرسەکانیشم لێ دەبوونە مار و دووپشک و خەریک بووم لە ترسانیان فەراقی ڕەش بکەم. بۆ نموونە هەر لە خۆوە لە (عەین واو عو) ئەترسام، لام وابوو جندۆکەی لێ دەردەپەڕێ. ئای کە ڕقم لە بیل فەلەق هەڵدەستا، زیل جیننە و ئەلخەن بووبوونە دوژمنی خوێنم و حەزم دەکرد بیانخنکێنم.

بەڵام ڕۆژێک لە سیپارەکەماندا تەواو نازانم لە کامە سوورەتدا بوو تووشی وشەی (حەسیر) هاتین باشم لەبیرە من و هاودەرسەکانم تێکڕا لە تریقەی پێکەنینمان دا و تەواوێک دڵمان خۆش بوو. ئای ئای، خۆ ناوی حەسیر لە قورئانیشدا هەیە؟ مامۆستاش لەو دۆزینەوەی ئێمە بۆ یەکەم جار بزەیەکی هاتە سەر لێوان و بەوە خۆشییەکەمان لێ بوو بە دوو خۆشی. هەرچەندە حەسیرەکەی ناو سیپارە ڕایەخە سەدپارەکەی ماڵی خۆمان نەبوو، بەڵام چونکە هەر لەمێژ بوو ئەو ناوەمان دەزانی و ئەو ڕۆژە لە خوێندنا تووشی بووبووینەوە تەواوێکمان خۆش دەویست و کردبوومانە بنێشتە خۆشکە و لە زارمان نەدەکەوت.

ساڵ هات و ساڵ چوو بە سەری پیری جارێک لە جاران بەسەرهاتی دەرسی حەسیرم وەبیر هاتەوە و زۆرم بیر لێ کردەوە. وای تێگەیشتم، ئەگەر بمانەوێ منداڵمان لە خوێندن وەڕەز نەبێ، ئەبێ دەرسەکانی لەو وشانە پێک هاتبێ کە خۆی بەر لە خوێندن

بیستوویەتی و ڕەوانی کردووە و دەگەڵیا ژیاوە، ئەبێ ئەو کەسانەی کتێب بۆ منداڵ دادەنێن و هێم و بناغەی دوارۆژی بۆ دادەڕێژن، ئەم مەبەستە دەبەرچاو بگرن و زۆر بە وەستایانە پەند و ئامۆژگاریی پەروەردەکردنی منداڵ بخەنە ناو وشەی دڵبزوێنی منالانەوە و دەرمانی دەردی نەخوێندەواری لەناو هەنگویندا بە قورگی شاگردەکانیاندا بکەن.

بەلام لە کاتێکدا کە ئەم خایالانەم دەکردەوە لە پڕ دێوەزمەی ناهومێدی لە بەردەمم خۆی قوت کردەوە و بە تەوسەوە پێم پێکەنی: ئەی هەژاری ماڵوێران بیر لە چی دەکەیتەوە کوردی خوێندنی چی و؟ منال پەروەردە کردنی چی؟ کوا زمانت تا بخوێنی؟ لە هەموو کوردستاندا تەنیا لە تەنیا مەڵبەندێکی بچووکدا، گوایە کوردی بەدەرس ئەوترێتەوە ئەویش بە ناشکوری نە کوردییە و نە دەرسە و نە لێت دەگەڕێن منداڵت فێری زمانی خۆی ببێ. بڕۆ بڕوانە کتێبە دەرسەکانی کوردی وشە بە وشە و ڕست بە ڕست لە زمانی بێگانەوە بە جۆرێکی وا وەرگەڕاوون کە خۆزگە بە زمانەکەی بێگانە بخوازی.

بیانخوێنەوە تا تێ بگەی کە هیچ شاگردێکی کوردی خوێن حەز ناکا گوێی لێ بگرێ و دەدڵی بگرێ. چونکە گەلێکی بێکەس و کەساسین و تێگوشینمان بە هیوای جیرانانە و دڵسۆزێکی خۆمان نییە، بەزەییی پێماندا بێتەوە و بەری بەرهەڵدااییمان لێ بگرێ و وشە و ڕستی تازە بابەتی وات بۆ خراوەتە ناو کتێبی کوردییەوە هەزار خۆزگەت بە بیل فەلەق و ئەلخەنەکەی پێشوو. بیر بۆ کێ ئەکەیتەوە، کێیە گوێت لێ بگرێ؟

کەچی لە پڕ شێعری مەلای کۆیەی نەمر گوێی زرینگاندمەوە، زۆر بووە بەرخێکی لەڕ و لاواز بووەتە خەرتێکی دووگ زەلام و قەڵەو، یان

منداڵێکی سیس و مردۆخە بووەتە پیاوێکی توندوتۆڵ و پتەو. باشە ڕاستە ئەمڕۆ بێکەس و کەساسین و چاو لەدەست و دەرۆزەکەرین، بەڵام ئاخۆ ئەم گەلە مەزنە هەروا دەبێ و هەر وا دەمێنێ. نەخێر ئەو ڕۆژە هەر دێ کە ڕۆژی بەختی لە پشت هەوری نەگبەت بێتە دەر و تەمی خەمی لە بەرچاو بڕەوێ و ئەویش وەک گەلانی خوداپێداوی تر بێتە دەر و بێتە بەر و سەرکەوێ و بە خۆدا بێت و گەشە بکا و برەو بستێنێ و ناوبانگی دەرکەوێ، منیش ئەو ڕۆژە دەڵێم نە ئیستە، دیارە گەل تا ئازاد نەبێ ناتوانێ بیری ژیانی خۆش بکاتەوە، بە لێوی دادڕاوەوە گۆرانی ناگوترێ، پیاو دەبێ هێندە پیاو بێ خۆی دە پێناوی ئازادیدا بەخت کا و بە هەر بارێکا بۆی دەلوێ باربووی کۆمەڵی ئازادی دوارۆژی کورد بکا. با من هەر لە ئێستاوە دەست پێ بکەم و دەستەچیلەی خۆم دانێم، ئەو ڕۆژە کە کورد ئازادانە خەریک دەبن کتێب بۆ منداڵەکانیان ڕێک بخەن تا لەمن باشتر دەستبەکار دەبن بڕواننە ئەو کۆششەی ئێستای من و ئەگەر بەهرەیان لێ دیت زۆر بەختەوەرم ئەگەر بەکاریش نەهات دەزانن درێغیم نەکردووە و هەر ئەوەندەم لە دەست هاتووە.

لەپاڵ خۆمدا بڕیارم دا لە کتێبی بێگانەی ئەوانەی زمانەکەیان دەزانم و لە فۆلکلۆر و وردە چیرۆکی کوردەواریی خۆمانەدا گوڵبژێرێک بکەم و بەرامبەر بە تەمەن و پلەی خوێندەواریی منداڵ، بیانهۆنمەوە و بەپێی توانام لە هەڵبەستی ناو کتێبی منداڵاندا کەلێنێک پڕ کەمەوە، لێرەدا ئەمەم بە دڵا هات: گەلۆ منوا چل ساڵ لە ژیانی منداڵیم دوور کەوتوومەوە، کوا لە بیرم ماوە کە منداڵ چیی پێخۆشە؟ کەوابوو لە هەمووی باشتر ئەوەیە هەرچی بۆ هەرجۆرە منداڵێک ئەنووسم لە

پێشدا لە منداڵەکەی تاقی بکەمەوە، ئەگەر پەسندی کرد، ئەوا دیارە لە کارەکەما سەرکەوتووم و ئەگەر خۆی لێ بووارد و تێ نەگەیشت دیارە نەمزانیوە چم نووسیوە.

هێنام کوڕێکی چوار ساڵان و کوڕێکی هەشت ساڵانی خۆم کردە کەیخودا و ڕیش سپیی خۆم و هەوڵ تاقیکردنەوەم بۆ خوێندنەوە:

## زنگی مشکان

کۆوە بوون مشکی ماڵان — لە نەنک و مام و خاڵان
کلک باریک و چاو زیت — لمۆز درێژ و گوێ قیت
بیریان گەڕ و گزی بوو — زە نگوڵێکیان دزیبوو
گوتیان: بێ هەست و چرپە — دەیخەینە کلکی گورپە
هەر کاتێ دەرچێ بۆ ڕاو — زەنگوڵە دەیکا بە قاو
بە خۆشاردنەوە فێرین — گورجێ خۆمان وەشێرین
لەبەر ئەو دەنگە زەنگە — مام گورپە کاری لەنگە
ناتوانێ مشکێ بگرێ — بۆ خۆی لە برسان دەمرێ
ئیتر دەژین وەک پاشا — لە کە ندووی نیسک و ماشا
هەڵمەت ئەبەین وەک شێران — بۆ بژیوی جووتێران
هەمبانان دەدڕێنین — کەشک و نان دەقرتێنین
ئەگەر نەما پشیلە — مشکان تلی للی لە
مشکێ چاویلکە لەچاو — زۆر جیهان دیدە و گەڕاو
سمێڵی سپی و درێژ — وریا و زۆرزان و کەم بێژ
دارگۆچانێ لە دەستا — هەستا لە کۆڕ هەڵوێستا
وتی ئەی برا و خوشکان — پیر و ڕیشسپی مشکان
مێشکو کۆن و رزیوە — بۆ ئەو زەنگەو دزیوە
ئێستا کێ وا ئازایە؟ — خۆ باویتە بەڵایە
بیخاتە کلکی پسیک — ئیتر نەخرتە و نە جیک
مشکان کردیان بڵاوە — زەنگیش لەو ناوە ماوە

کەوتە دەستی منداڵان    گوتیان تاڵان هەی تاڵان
هەر کارێ دەست پێ دەکرێ    بیری دواڕۆژی نەبرێ
وەک زەنگی مشکی لێ دێ    داخوا بەهرەی بۆ کێ بێ..

هەر کە دەستم پێکرد بە ناوی مشک پێکەنین، خۆ کە گەیشتمە کلک باریک چاو زیت، تریقانەوە، مام گورپەیان خۆش دەویست. کاتێ گوتم: بۆ خۆی لەبرسان دەمرێ، کوڕە چکۆلەکە هاتە ناو قسەکەمەوە و گوتی: بابە بچم نانی بۆ بێنم. مشکی گۆچان بە دەست و سمێڵ درێژ و هەمبان دڕاندن و کەشک قرتاندن و زۆر شتی تریان بەلاوە زۆر خۆش بوو، گورجێک ئەگەر نەما پشیلە مشکان تلی للی لەیان لەبەر کرد. ڕەوتی شێعرەکە لە گەڵ بەند و باوی منداڵاندا یەکتر دەگرێتەوە گوێم لێ بووە کیژۆڵەی خۆشناو هەڵبەزیون و گوتوویانە: دووم دووم حەلاجی، چوومە مارێ مامی حاجی، هێلکە و ڕۆنیان لێنابوو، بەشی منیان نەدابوو. ئەو وشە و ڕستی چیرۆکەکەیان لێ دروست بووە هەموویان بیستووە و دەیناسن و من وەبیرم هێناونەوە و لەو ئەزموونەمدا سەرکەوتم و بەڵگەشم ئەوەیە کە هەموو ڕۆژ بەربینگیان دەگرتم: دەی بابە هی تریشمان پێ بڵێ. ئەم جارە نووسراوێکی جوبران خەلیل جوبرانم بۆ وەرگێڕان کە دەڵێ:

## ڕێوی بە فیشاڵ

سەر لە بەیان تاو هەڵات    مام ڕێوی لە کون دەرهات
لە سێبەری خۆی ڕوانی    بە درێژایی و بە پانی
خۆی ئازا هاتە بەرچاو    دەستی کرد بە چاو و ڕاو
گوتی: وا بۆ ڕاو ئەڕۆم    هیچ نەبێ شێرێک ئەخۆم
گەلێ کردی ملۆمۆ    تا ڕۆژ هاتە نیوەڕۆ

ســـێبەر گەییـــیە بەرســـنگی       هیچـــــی نەکەوتە چنگــــــی
دیتـــــــی زۆری برســــــــییە       دەیگــوت تەمــاح بــاش نیــیە
هەر مشــــــکێکم دە س کەوێ       بەســـمە ورگـــم دەســــرەوێ
خەیــاڵ جێــی نــان نـــاگرێ       شـــێر بە ڕێـــوی نـــاخورێ

لێتان ناشارمەوە ئەوەی جاری دووەمم ئەوەندەی زەنگی مشک لە چکۆڵەکە خۆش نەهات، بەڵام گەورەترەکە و یەکی لەویش گەورەترم کە پـۆلی شەشــی ســەرەتایی بــوو، لە بەریــان کــرد و بە گــۆرانییەوە دەیــانگوتەوە. ئەمە خســتمییە ســەر ئەو بیــرە کە دەســتی خــۆمی لــێ بووەشێنم و لە قەدەر منالێی ئەوان سروودێکی نیشتمانییان بۆ دانێم و کوردستانیان لەبەر چاو شیرین کەم، ئەمەم بۆ نووسین:

## کوردستان بەهەشتە

زســـتان ڕۆیــی ســـەرما نەمــا       دەرچــووین لە نــاو مــژ و تەمــا
ســەری کوێســتان خــاڵ بەڵەکە       جەژنـــی مـــام ڕێـــوی و دەڵەکە
قـــــاو و قیـــــژە لەو بڵنــــدە       بە کـــــۆمەڵ دەفــــڕن باڵنــــدە
بەبــێ وچــان بەبــێ وەســـتان       گشـــتیان دێـــنەوە کوردســـــتان
پرســیمان لە قورینــگ و قــازان:       هــۆ لالــۆی گەڕیــدەی چــازان
ئێـــــــــــوە زەوی زۆر گەڕاون       لە زۆر جێگـــــادا زۆر مـــــاون
لە هەوار و شــــــار و دێیــــــان       کــوێ خۆشــترە لە گش جێیـان؟
پێیــان گــوتین: کەســی خــاڵان       شــەکەت بــووین لە لاق و بــاڵان
جیهانمـــــان گـــش پشـــکنیوە       وەک کوردســـــتانمان نەدیـــوە
جــێ نــین خۆشــتر لە نیشـتمان       کوردســـــــتانە بەهەشــــــتمان

هەمـوو منـاڵە کوردێک دەشـتەکی بێ یـان شارسـتانی نـاوی قـاز و قورینـگ و کوێسـتان و خـاڵ بەڵەک و هـاتنەوەی باڵداران لە گەرمێنەوە دەزانن. دیسان ڕەوتی شێعرەکەش هەر لەو بابەتانەیە کە منـاڵ خۆیـان

ئەیڵێن، بۆ نموونە کاتێ حاجی لەقلەق تەشریف دێنێتەوە، منداڵ دەیکەنە هەرا و دەڵێن:

لە عاسمانان چەرخ و فەلەک، لەسەر عەردی کوچک و کەڵەک، ماندوو نەبی عەبا بەڵەک.

واتا زۆربەی منداڵی کورد، کە بەزاراوەی سۆرانی ئەدوێن زۆربەی وشەکانی ناوئاخنی شێعرەکەیان لە پێشا بیستووە و ڕەوانیانە و تۆ کە بە دەرس پێیان بڵێی هەر ئەوەندەت لەسەرە وەبیریان بێنییەوە. دەتوانی ئەوەندە ئەرک بکێشی بڵێی لالۆ لە گەڵ خاڵ یەکن. جیهان دنیایە، کە ئەم ئەرکەش زۆر کەم و هاسانە.

جا من لەسەر ئەو بیرەی خۆم ڕۆیشتم و هەشتا و دوو چیرۆکم ئاوا هۆنەدووتەوە و هەزار بەیتێکی گرتووەتەوە. بەڵام وەک گوتم هەمووی بۆ منداڵی زۆر بچووک نییە. بەشی هەموو جۆرە تەمەنێکم داوە و ڕەوت و کێشی هەڵبەستەکانیش پلە بەپلە گۆڕاوە، بۆ ئەوە شاگردی کورد لەو کێشە جیاوازانە شارەزا ببێ، کە بۆیژانی پێشوومان شێعریان پێ وتووە.

زۆر بە هومێدم ئەگەر مامۆستایانی پەروەردە و زانست ئەم بیرەی منیان پێ پەسند بێ، ئەوانیش لەبەر خۆیانەوە خەریک بن لە دەرسەکانیاندا و لە دانانی کتێباندا ئەم ئاکارە ڕەچاو بکەن و چاویان لە دوارۆژی منداڵانی کورد بێ و بیانەوێ باش و پوخت فێربن و پێشینەش وتوویانە: شاگردی زیرەک و زانا کردەوەی جوانی مامۆستای دەردەخا.

هەتا جارێکیتر لەسەر ڕووپەڕی ئەم گۆڤارە بە یەکتر دەگەینەوە بە خواتان ئەسپێرم.

### ٥٠- کورد و سەربەخۆیی زمان (وتار)[1]:

وشــەی خۆیبـون یـان سەربەسـتی و سـەربەخۆیی کە هەرسـێک بە مانـا یەکن لەم دەوروزەمانـانەدا تیـا دەژیـن وەک بیـزانم پتـر لە هەمـوو واژەیەک بەسەر دەم و زارانەوە دێت و دەچێ و زۆرجـارانیش بۆ واتـا ئـاڵوگۆڕ کـردن رسـتێک یـان وشـێکی تـری وەک پاشـکۆ لـێ شـەتەک دەدەن، وەکـوو: سەربەسـتی نەتەوایەتـی، خۆیبـونی گەل و نیشـتمان، سەربەخۆیتی بیروباوەڕ، سەربەخۆ بوونی ئابوری یان خۆژیوی. وەک دەشـزانین هەمـوو مرۆڤـی سـەرزەمین بە هەمـوو زار و زمانـان چ بە دەستی گەل چ بە تاک ئەویندار و بەندەواری مانای ئەو رستە ڕەنگینەن و بۆی سەوداسـەر و هەڵوەدان و خوێنی لە پێنـاو دەرێژن و لاشـی لە رێدا دەنێـژن و ئەوانەی لەسـەر ئەم بیـرە خـراونە چـاڵ و زینـدان و لە گرتوخاناندا گیرن هەرگیز لە بیریان دەرناچێ و بە هیـوای وەدی هـاتنی ئەو نیاز و دۆزە پیرۆزە رۆژ دەسەر شەو دەخەنەوە و شەوی پێ رۆژ دەکەنەوە...

بەڵام بە ناشکوری ناڵێم ئێمەی گەلی کوردی کڵۆڵ چەندین چەرخە ئێسـتا و ئێسـتاش خۆیبـونە بـێ پاشـکۆیەکە و سـەربەخۆییە کلـکدارە نرخدارەکانی ترمان، بۆ نەڕەخسیوە و وەختە بشـڵێم: خەونیشـمان پێوە نەدیوە!!!

لە لایەکی تریشەوە لە سایەی شایی بە خۆیتی بێ کاکڵ و ئارەزوی رەگەڵ رەگەڵـی هەربەدەم و شـەرم و فەدیـی لە عـالەم خـۆهەڵاواردن...

---

(١) هەژار، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ٢، ١٩٧٣، ل ٢٨٠- ٣٢٣.

ئەشیٚ هیچ نەبیٚ: لاسایەک، چاولێکەریەک- با لاساو چاولێکەریەکەش بیٚ بەهرە بیٚ- رەچاوکەین و بە جۆرە سەربەخۆبوونێک کە وەک دەڵێن نە شیش بسوتیٚ و نە کەباب خۆمان نیشانی مەردم دەین و نەڵێن کورد دەستەوەستانن و قەدری سەربەستی نازانن! دەڵێن قسە قسە دێنیٚ: لە بیرمە رۆژێک لە رۆژان بە زەمانی (عەهدی باید) کە ئەوسا لە شارع نازی دوکانی وێنەگریم بوو، سەر و کەللەی مامۆستایەکی موحتەرەم گەورەی کردم... لە پاش من خۆش و تۆ خۆشیٚ گەرم و گوڕ و برایانە مەزبەتەیەکی دەرێنا و فەرمووی: ئەگەر زەحمەت نەبیٚ بیخوێنەوە و پەنجەمۆرێکی پێوە نیٚ!

نووسرابوو: لە بریکاری گەلی کورد بڕیار دراوە: مامۆستا فلانی شاعیر بە نازناوی(ئەمیرالشوعەرای کوردان) خەلات بکریٚ...

بیٚ لام و خوم و خۆگرتن لە لای سەروی چەند ئیمزایەکی دیکە ئیمزایەکی خوانا و درشتم لیٚ کرد و پیٚم دایەوە، بە بزەیێکی پڕ بەزەیتی و کەزەب کە هێشتا هێندێک فەیلەسوف بە میللەتی حەساو ناکەن و مافی رەوای خواداوێتی هێمان پیٚ رەوا نابینن، لە ناو ئەو هەموو ملیۆنە کوردەی لەبەر پیٚ پلێشاوەدا لە ناو کوولەکەی تەڕیشدا ناوی ئەمیرێک نابیسریٚ!! ئەوە چۆن بە بیرتاندا هات کە لە ناو وێژەواناندا پێویستە میرێکمان هەبیٚ؟؟ سوور دەشزانن کە چینی شاعیر و نووسەر لە کوردستان نەخوازەلا لەم چاخەشدا لە هەموو چین و دەستەیەک حەتتا لە دۆم و دەروێشیش رەجاڵ تر و بیٚ ئەنوا و بیٚ بژیوترن!! مامۆستای خۆم نازناوی میر لە ناو گەلێکی یەخسیردا زۆر ئەشتێکی زەق و زۆیە و دەترسم ناقۆلا دەرچیٚ! دەگەڵ ئەوەش بەو

میره شوکرانه بژێرم، چونکه کورده و له خۆمانه... خوا نەیبڕێ و پیرۆزمان بێ...

هەرچەند مامۆستای ناوبراو جیا لەوەی به عەقڵی من پێ بکەنێ درکانێکی نەخسته سەر... بەڵام دەیتوانی بفەرموێ: نەقڵی میری شاعیرانمان وەک ئاڵای گۆڕخانەکانه، هەموو کورد له کوردستاندا ئەوانەی دەجولێنەوه و ناوی خۆیان ناوه زیندو، کوته پەڕۆیەکیان نییه که دروشمی ناسینیان بێ، کەچی هەموو گۆڕستانێک له کوردستان هەزار ئاڵای سەوز و شین و مۆر و بۆر و بێ رەنگی پێوەیه!!! فەرقی چیه؟؟

ئەو مەبەستەی پرم پێدا و چیرۆکم تێدا وەگێرا: باسی میری شاعیران و ئاڵای سەر گۆڕستانەکان دێننەوه بیر که بۆ یەکدی یان... من یان هیچ نەبێ به بۆره خزمایەتیەکی به یەک دەگەن!!

بەشێکی باش له خوێندەواره کوردەکان، ئەوانەی له پاش شۆڕشی چاردەی تەمووزی پیرۆز ڕا دەستیان داوەته قەڵەم و نیازیان وایه خزمەت به زمان و ئەدەب و دیرۆک و چیرۆکمان بکەن و له گەرداوی کوردی نەزانینی پێشوو دەرمان بخەن و بۆ پلەی سەربەخۆ بوونێک- جا هەرچی بێ- به بارێکدا سەرمان بخەن.

وەختێ بیریان لێ کردەوه که سەربەخۆیی رووت و قوت داوا کردن مانای زۆر لێ دەدرێتەوه و هەویرێکی ئاو هەڵگره و لەوانەیه ئەو ئاگره پرشکێکی ریشی خۆیان بگرێتەوه، بایان داوه سەر سەربەخۆیی به کلکه و کاژی ئەوانیشیان دۆزی روانیان ئەویش رەوانابن، چۆن سەربەخۆیی ئابوری یان سەربەستی بیر و بڕواش به بێ خۆیبوونه بڤەکه نایەته جێ... ئەدی چبکەین؟ له هەمووی باشتر ئەوەیه: بۆ

سەربەخۆ بوونی زمان تێکۆشن و بە پلارێک چەند چوێلەکەیەک دەپێکن... وشە خۆش و شیرینەکەی هەموو دنیای لەدوو وێڵە کوردیش دەیبێ... زانایی و ڕێبەری خۆیان بە نامۆ و خۆ نیشان دەدەن و چونکە وشەی سەربەخۆیی بە زمانەوەش بەستراوە... هیچ کەسیان لێ دڕدۆنگ ناکا و هەر لەسەر داری بە مازووون...

بەڵام ئاخۆ ئەو سەربەخۆیی زمانە وەک ئەوانە دەیانەوێ قازانجمانە؟ یان زیانە؟. گەلێک لەو تازە نووسەرە تازەپێداکەوتوانەمان لایان وایە هەر وشەیەک کە دە زوانی عەرەبدا بە کار هاتبێ- یا دەبێ دەراوێژرێ و وشەیەکی داتاشراوی لە عەرەبی بۆ سەر کوردی وەگێڕدراوی لە جێ دانێن!! بۆ نموونە: دوکان کراوە بە کۆگا، لە باتی نوختە دەڵێن خاڵ، خەت بۆتە هێڵ، قەڵەم کراوە بە پێنووس، بۆ نەگبەتی کاغەزی کاغەزئاساییش بە کوردی حەساو نەکراوە و کردویانەتە هاوکێش و قافیەی پێنووس و هێندێک ناویان ناوە تێنووس!

لەو جۆرە بابەتە زۆرە و ئەگەر درێژەی پێ بدەین دەبێتە درێژدادڕیی و لە وتاری وا سەرچڵدا دواییی نایە و دبێتە هۆی سەرەگێژەی خوێندەواران...

بەڵام ئەگەر کوردێکی پشوو درێژ و خۆڕاگر تاقەتی هەبێ و یەکدوو جار ئیزگەکەی بەغدای بەشی کوردیی سەرلەبەری گوێ لێ بگرێ و بە وردی سەرنجی بدا ئەوسا دەزانێ چ باسە و کوردیی تازە لە سایەی مامۆستای تازەی کوردیناسی عەرەبیزان بە چۆن مەرەدێک براوە!! ئەگەر ئەو تابشتەش نەبوو بڕواننە وردە کتێبان کە لە پەستاو بێ برانەوە دێنە بازاڕ و پڕیانە لەو پەڕۆ و پاڵ و خشتۆخاڵە...

هەر دانەرەی بە هەوای خۆی وشە و رستی پێداویستی کتێبەکەی بە عەرەبــی لە مێشــکیدا دارشــتوە و ئەوســا هــاتوە دەنــک دەنــک عەرەبیەکەی بە کوردی تەرجەمە کردووە و دەیان رستی وەک هەواڵی تەندروستی و خولی ئاوەکانی گشتیی دێنە بەر چاو و پەیمانگا لە جێ معهدە و ناوی جامیعەی عەرەبی بۆتە مزگەفتی عەرەبان و هێندە شتی سـەیر و سـەمەرە دەردەچـن کە پیاو مووی لـێ گـرژ دەبـن و لە تـاوی زمانەکەمـان کە لە سـایەی لەسـەر وەجـواب نەهـاتنی خـاوەن کـاران خەریکی ئاویلکە دانە! ناچارین هەر ئاخ هەڵکێشین و بۆ چروکمـان لە هەنـاوان بـێ!! مـن گەرەکمە دەگەڵ ئەو جـۆرە کـوردانەی کە بە نیـازی بژاری زمـانی کوردی لە عـارەبی چڵوپنجە بە کەڵکەکانیش دەشـێلن و دەری داوێـن و لە جیـاتی خـاوێن کـردنەوە سـەروگوێلاکی دەشـکێنن، تۆزێک بدوێم.

لە سەرانسەری دنیادا هیچ زمانێکی سەربەخۆ بەو مانایە کە هیچ وشەی هەندەرانی تێدا نەبێ دەس ناکەوێ[1]، هیچ گەلێکیش بە تێکەڵاوی چەند وشەی بێگانە لە زمانەکەیدا تووشی هیچ زیانێک نـابێ و توشـیش نەبووە.

بـا لە زمـان زانـان بپرسـین: داخـوا زوانـی گەلانـی خـودا پێداوی خـاوەن تەخـت و بەخـت چـۆنە؟ پێمـان دەڵـێن: ئیتالیـایی و ئەسـپانی و ئەڵمانی و ئینگلیسی و فەرانسی و گەلێک لە زمانی ئوروپایی تر چونکە بنچینە لاتینین بە سـەتان وشـە و رسـتەیان وەک یەک دەچـن و هـیچ

---

(١) لە وڵاتـانی ئەورووپاییەکـان فەرهەنگـی تـایبەت بـۆ وشـەی هەنـدەرانی نـاو زمانەکەیان دادەنێن.

کامیش بە تەنگەوە نین کە ئەو وشە هاوبەشیانە وەسەر یەکتر بکەنەوە. دەڵێن ڕووسی کە زمانێکی سلاڤییە جگە لەوەی کە زۆر وشەی وەک بۆلغاری و چیکی دەچێ بە سەتان وشەی ئینگلیسی و فەرانسیشی تێخزاوە و هەرگیز ڕووسی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبریش نەیانگوتوە ئەو وشانە کاپیتالی و بۆرجوازی و کۆنەپەرست و فاشیستن، بێ دەسکاری هێشتویانن و جیا لە قازانج زیانێکیان لێ نەدیون. با دوور نەڕۆین، هەر لەم ناوە و لەم ڕوژهەڵاتە نزیکە و لە نزیک خۆمان بڕوانین... تورک، فارس، ئەفغان و هیند و پاکستان بەنگلادیشیشیان دەگەڵ بێ، بە سەتان نا بە هەزاران وشەی عەرەبی رەسەنیان خوازتۆتەوە، دەیان نووسن و دەیانخوێنن و دەناو فەرهەنگی خۆیاندا ریزیان دەکەن و بە هی خۆیانی دەزانن و دەزانین هیچ زیانێکیش بە عەمروماڵیان نەگەیوە و لە سۆنگەی وشەی بێگانە دەکارهێنان کەس ئازادی و نانی شەوی لێ نەبڕاوە و بە دەردی کورد گوتەنی زەرەدی لە پەز نەداوە.

پسپۆڕانی زمانی فارسی لە ئێران لایان وایە: سەعدی و حافزی شیرازی چاکەی زۆریان بەسەر ئێرانەوە هەیە چونکە زۆر وشەی عەرەبیان هێناوەتە ناو شێعری فارسی خۆیان و وایان دەگەڵ فارسەکەدا پیلۆز کردوون کە تازە هەڵناوێرێن و بەو کارەیان زمانە فارسییەکەی خۆیان دەوڵەمەند و بە پێز کردووە و ئەو گش وشە عەرەبیانەی کە خوازراون و راگوێزراون خزمەتی فارسی دەکەن و خزمەتکاری بێ مووچە و مز خێری خوایە.

بژار و خاوێن کردنەوەی زمان ئەگەر لە باری بزانین و بە لەباریی خەریکی بین کارێکی بێ بەهرە نییە. بەڵام بژاری بەهرەدار زانا و پسپۆڕی گەرەکە و هەرکەس دەستی قەڵەمی گرت و کوێرە سیوادێکی

هەبـوو مـل و وێـژە بنـێ دروسـت نییه و لە جیـاتی کـل دەچـاو کێشـان کوێری دەکا!!

بەر لە هەر شت پێویسته ئەوەی بزانین: ئەو وشـانەی بـۆرە پیـاگو نەخوێندەواری گەلەکەت دەیانزانن و لەبەریـانە و کە بۆیـان دەڵێی تێی دەگەن با رەسەنیان عارەبی نەبێ ترکی بێ، بـا فارسـی نەبـن ئەوە تـازە بـوونە کـوردی حەڵاڵـی خۆمـانن و خزمەتکاری زمانمـانن و ئەرکیشـیان لەسـەرمان نـییە. کـورد گـووتـوویە: نـۆکەر بـێ خەڵات و بەرات تـانجی سەری ئاغایەتی...

بۆ نموونە ئەو وشانەی وەکوو: دوکـان و قەڵەم و خەت و خـاڵ و ماڵ و ئیش و کشـمیش و سـەدەقە و خێر و سندوق و نەغد و وەفـا و دۆڵـمە و یـاپراغ و شـێخ و زەکـات و تەزبـیح و خـودبە و مێـزەر و شەربەت و قەساب و بەقاڵ و چەرچی و هەرچی وەک ئەوانە دەچن و هەموو کوردێک دەزانێ چن ئەگەر باپیرەی هەزار ساڵ لەمەوبەریشیان نامۆ بێ هیچ قەی ناکا... ئەو وشانەش وەکوو ئەولاد رەسـووڵەکان زۆر لە مێژە بوونە کورد و هۆگریان بوین و ناسـراون و شانازیشـیان پێوە دەکەیـن.. ئەو جـۆرە وشـانە ناشـێ بە هـیچ ئـاوا لە شـوێن خۆیـان بیانبزێوین.

بەڵام هێنـدێک وشـەی وا هەن کە مەلا و کـاڵی سـاویلکە و کـۆلکە میرزای بافیشکەر و هێندێ ئەفەندیی دەر دیتووی خۆ لە کوردان نەبان کردوو هەر بە هەوا و بۆ ئەوەی خەڵک وابزانن ئەو پیـاوێکی دیکە و لە کوردی رەمەکیی خزمـی جوێ بۆتەوە، خسـتوویاننە نـاو کوردیەکە و نەک هەر چینی نەخوێندەوار، خوێندەواریش بە بێ قاموس تێیـان ناگـا... دیارە دەبێ ئەوانە وەدەر بخرێن و وشـەی کوردیی رەسـەن و لەسـەر

زمان سوک له شوێنی ئەوان دابندرێن، بەڵام دیسان ئەم وەدەرنان و دانانەش کاری هەموو رەشکە و پێشکەنووسێک نییە. هەرگیز تاک و تەرای زاناش بە بێ یاریدەری هاوکاران ئەو ئەرکەی پێ هەڵناسوڕێ... گەرەکە کۆڕی زانیاری یان کۆمەڵێک لە زمانزانانی بژاردە کە دەست بەو بژارە دەکەن بەر لە هەر کار هەموو وشەی هەموو زاراوەکانی جوێ بە جوێی کوردستانیان بە فەرهەنگ لەبەر دەست دا بێ و کە بیانەوێ وشەیەکی زەق و زەق و نەگونجاوی رەزاگرانی بێگانە وەدەرنێن و بە وشەیەکی کوردیی خۆماڵی جێی پڕ وەکەن، ئەشێ ئەو وشەی لە مانای ئاوەکیەکەوە نزیکە و بە جوانتر دێتە بەرچاو و رەوانتر دێتە سەر زمان بێژێرن و لە شەڕەگەڕەک و منمن و ئێمە وای نالێین وای دەڵێین و هەر چونکە من نەمبیستوە کوردی نییە!!

خۆببوێرن و دڵسۆزانە و زانایانە وەرێگرن و ئەو کەلەبەرەی پێ بگرن کە جێی دەرکراوەکەیە.

تا ئەو رۆژەش کە ئەم ئاواتە دێتە دی و تا دەتوانین بژارێکی زۆر لەبار و تەیار بکەین و کردە پەشیمان دەرنەیەین، با ئێمەش وەک گەلانی دی چەند وشەی بێگانە بساچێین و ئەگەر یەکێک هاتوو پرسیی: بۆ فلان وشەی عەرەبی لە ناو کوردیەکەتان دایە؟ دەڵێین ئێمە خۆ لە عەرەبان زیاتر نین، ئەو عەرەبەی کە خاوەنی ئەو زمانە بەر بەرین و هەراوەیە کە هەموو کەسێک لای وایە هیچ ئاتاجی بە زمانی بێگانە نییە، هەزاران وشەی بێگانەی خواستۆتەوە و دەناو عەرەبیی ئاخنیوە و رەنگ و روخساری گۆڕیوە و کارێکی بەسەر هێناوە کە ئێستا خاوەنی پێشووی ئەو وشانە تووشیشیان بێ نایانناسێ... ئەگەر زانایانی عەرەب خۆیان راستیی ئەو ئاوەکیانەیان نەگوتبا و بە ئێمەیان

نەفەرمووبا: ئەو وشانە لاوەکین و هاتوونە ناو عەرەبیەوە، نەک یەکی وەک منی هەژار بگرە پیاوی دانا و زاناش بیری بەلادا نەدەچوون و لای وانەبوو عەرەبی نین و غەوارەن و عەرەب لە زمانەکەی خۆیدا پەنای داون و دەرنەکراون. بۆ شایەتی ئەم راستی‌یە زۆر کتێب هەن کە زمانەوانانی عەرەب یان عەرەبی‌زانی دیکە لەو بارەوە دایان ناون. بەڵام من هەر سێ کتێبم بۆ روانیون و بۆ نموونەی لوێچ لە تەغار، چەند سەت وشێکم(وشەیەکم) راگوێزتوون و لێرەدا دەیخەمە بەرچاو. هەرچەند خاوەن کتێبەکانی سەرچاوە بڵژ(؟) مامۆستا: ئەدی شێر کە جار و بار ناوی کوردیشی هێناوە هەر وشەیەکی رەگەزی بچێتەوە سەر زمانە ئێرانییەکان ناویان ناون: فارسی‌نەژاد، بەڵام من گومانم نییە هەر کوردێکی زیت و وریا چاوێکیان پێدا بگێڕێ لە ناویاندا کۆنە وشەی کەلەپوری کەونارای خۆی لە زۆر شوێنان دێنە بەر چاو کە ئەوانیش وەک ئێمە و باپیرەکانمان لە خزمەت بە برای عەرەبیان بێ دریغ بوون و لەناو زمانی ئیسلامدا شوێنی خۆیان کردۆتەوە.

بەشەکەی هەرەزۆریشم لەو وشانەی کە لەلاوە هاتوونە ناو عەرەبیەوە بۆ ئەو کەسانە هێشتەوە کە حەز دەکەن هەر ڕاستەوخۆ کتێبەکان بخوێننەوە.

ئەو سێ کتێبەش کە دەڵێم وەک سەرچاوە بۆم ڕوانیون و بەشی خۆم لێ هەڵێنجاون ئەم سێیانەن:

١- (المعرب من الكلام الاعجمى على حروف المعجم) لابى المنصور الجوالقى ٤٦٥-٤٤٠هـ چاپی دووەم، ساڵی ١٩٦٩ لە چاپخانەی دار الكتب لەسەر ئەرکی وەزارەتی ثەقافەی میصر چاپکراوە.

٢- (الالفاظ الفارسيه المعربه- تاليف السيد ادیشير رئيس اساقفه سعرد الكلدانی) ساڵی ١٩٠٨ له چاپخانەی کاتۆليکی ئاباء اليسوعيين له بێروتێ چاپ کراووه.

٣- المنجد فی اللغه- چاپی بيستەم- بێروت- لبنان.

ئەمەش ڕیزی وشەکانە:

| عەرەبی | واتای | ڕەگەزی |
|---|---|---|
| | - أ - | |
| آبنوس | دارێکه | یۆنانی |
| آجر | خشت | فارسی |
| آخر | ئاخوڕ | فارسی |
| آهو | ئاسک | فارسی |
| اباشه | اوباش | فارسی |
| ابد | هەتا هەتا | فارسی |
| ابريشه | كليسا | یونانی |
| ابريز | زێڕی پاک | فارسی |
| ابريشم | ئاوريشم | فارسی= ابريشم |
| ابريق | مەسینه | فارسی= آبريز |
| ابزيم | ئاغزونه | فارسی |
| ابليس | شەيتان | عەرەبی نییه |
| ابهه | جوانی | فارسی= آب بها |
| اثير | مادەیەکه | یۆنانی |
| ارجوان | ئەرخەوان | فارسی |
| ارخبيل | جريرەگەل | یۆنانی |

| | | |
|---|---|---|
| اریکه | تەخت | فارسی |
| استاذ | مامۆستا | فارسی |
| اسرب | سورب | فارسی |
| استبرق | پارچەی ئەستوور | فارسی= ستبرک |
| اسطبل | تەویلە | لاتینی |
| اسطرلاب | ئاسترلاب | یۆنانی |
| اسطول | گەمی گەل | یۆنانی |
| اسفنج | هەولە | یۆنانی |
| اسمنت | چیمەنتۆ | لاتینی |
| اسوه | پێشەوا | فارسی= ئاسا |
| اشنان | ئەسپۆن | فارسی |
| اصطوانه | ستون | فارسی |
| اقلیم | بەشێک لە زەمین | یۆنانی |
| اقیانوس | دەریا | یۆنانی |
| الکترۆن | کارەبا | یۆنانی |
| الماس | گەوهەر | یۆنانی |
| امد | زەمان | فارسی |
| انبار | عەمبار | فارسی |
| انبوب | لوولە | ئارامی و فارسی |
| انبیق | دلۆپێنەر | فارسی |
| انجر | لەنگەر | فارسی |
| اوج | بەرزی | فارسی= اوگ |
| ایضا | ئێدن | کوردی |

| | | |
|---|---|---|
| ایقونه | کۆتەڵۆکە | یۆنانی |
| ایوان | هەیوان | فارسی |
| | - ب - | |
| باب | دەرگا | ئارامی |
| بابوج | کاڵە | فارسی = پاپوش |
| بابور | گەمیە | فەرانسی |
| بابونج | بابوونە | فارسی |
| بادنجان | باینجان | فارسی |
| بارجە | گەمیە | فارسی = بارگاە |
| باز | بازی مەل | فارسی |
| باشق | باشوو | فارسی |
| باطیە | بادیە | کوردی |
| باع | نێوان دەست و ئانیشک | فارسی = باژ |
| بالون | باڵۆن | فرانسی |
| بالە | تابار | ئیتاڵی |
| بانطلون | پاتۆڵ | ئیتاڵی |
| ببغاء | تووتی | ئیتاڵی |
| بختر | شایی بەخۆ | فارسی = بختیار |
| بخس | کەم | فارسی = بخسیدن |
| بخشیدش | بەخش | فارسی |
| بذرقە | بەخشش | فارسی |
| بربط | ئەمرازی موزیک | ف= بربط= سنگە= مراوی |
| برذون | بارگین | فارسی |

| | | |
|---|---|---|
| برزخ | لەمپەر | فارسی |
| برغل | ساوار | فارسی- کوردی= بەرکوڵ |
| برغی | پیچ | ترکی |
| برکار | پرگار | فارسی |
| برکان | ئاگرپژێن | ئیتاڵی |
| برنیطه | شەپکە | ئیتاڵی |
| برواز | کەنارە | فارسی |
| برهان | بەڵگە | فارسی= پژوهان |
| بری | دادان | فارسی= بریدن |
| برید | پۆستە | فارسی |
| بزر | تۆو | فارسی |
| بزل | بزن | کوردی |
| بست | دەراو | فارسی |
| بستان | بێستان | فارسی |
| بستقانی | بێستانچی | فارسی |
| بستوقه | کوپەڵە | فارسی= بستو |
| بسن | جوان | فارسی= پسند |
| بشغ | پشکەباران | فارسی |
| بط | مراوی | فارسی |
| بطریق | شایی بە خۆ | فارسی= پتیارە |
| بغداد | خوادا | فارسی |
| بقسماط | نانێکە | فارسی |
| بقلاوه | شیرنی | ترکی |

| | | |
|---|---|---|
| بلاط | فەرشە | لاتینی |
| بلسم | هەتوان | یۆنانی |
| بلطه | تەور | ترکی |
| بلوط | بەڕو | فارسی |
| بلید | نازیرەک | فارسی= پلید |
| بم | ژێتاری سنوور | فارسی |
| بند | بە هەموو مانا | فارسی |
| بندر | مینا | فارسی |
| بندق | بەرێکە، گزمووله | فارسی |
| بنفسج | وەنەوشە | فارسی |
| بوتقه | بۆتە | فارسی |
| بوریا | حەسیر | فارسی |
| بوسه | ماچ | فارسی |
| بوص | گەمیە | فارسی = بوژی |
| بهلول | گەپچاڕ | فارسی |
| بهو | هویوان | فارسی |
| بیت | جێ ئاو | فارسی |
| بیدق | پیادە | فارسی |
| بیعه | کلیسا | عەجەمی |
| بیمارستان | خەستەخانە | فارسی |
| | - ت - | |
| تابل | بەهارات | فارسی |
| تاریخ | مێژوو | عەرەبی نییە |

| | | |
|---|---|---|
| تب- تباب | هیلاک | فارسی = تباه |
| تبان | دەرپێ | فارسی = تنبان |
| تدرج | پۆڕ | فارسی = تزرو |
| ترانزیت | ڕێی تێپەڕین | لاتینی |
| ترسانه | سەنگەر | فارسی |
| ترعه | دەروا | فارسی = دەرگا |
| ترمس | ساردوگەرم | یۆنانی |
| ترمومتر | هەوا پێو | یۆنانی |
| ترهات | پڕوپوچ | فارسی = تاررهه |
| تست- طست | تەشت | فارسی |
| تفاح | سێو | فارسی کۆن= تۆپا |
| تفه- تافه | بێ نرخ | فارسی= تباه |
| تکتیک | پلان | یۆنانی |
| تکنیک | ماشێنی | یۆنانی |
| تلامیذ | شاگردان | عەرەبی نییه |
| تلسکوب | عاسمان بیتن | یۆنانی |
| تلغراف | تێلگرام | یۆنانی |
| تلفون | تەلەفوون | یۆنانی |
| تلفزیون | تەلەفیزیۆن | یۆنانی |
| تنباک | تەماکۆ | عەرەبی نییه |
| تنبل | تەوەزەل | فارسی |
| تنجره | مەنجەل | ترکی |
| تنک | تەنەکە | فارسی |

| | | |
|---|---|---|
| تنور | تەندور | فارسی |
| تنورە | دامێن، زرێ | فارسی |
| توت | تو | فارسی |
| تیر | کاریتە | فارسی |
| تیماء | بانوو | فارسی |
| ثغر | جغزی دەم | فارسی= ژفرە |

- ج -

| | | |
|---|---|---|
| جادە | شاڕێ | فارسی |
| جارف | ڕامالّ | فارسی= جاروب |
| جاریە | کەنیز | رۆمی |
| جاش | کولّی | فارسی= جوش |
| جبس | گێچ | فارسی= جبسین |
| جربز | وریا | فارسی= گربز |
| جردبان | نانەوا | فارسی= گردەبان |
| جردق | کولێرە | فارسی= گردە |
| جزاف | وتەی سەربەخۆ | فارسی= گزاف |
| جزر | گێزەر | کوردی |
| جص | گێچ | فارسی=گچ |
| جغرافیا | جوغرافیا | یۆنانی |
| جفت | تفەنگی راو | فارسی |
| جل | گولّ | فارسی |
| جلاب | گولاّو | فارسی |
| جلاهق | گزمولە | فارسی= گل آهک |

| | | |
|---|---|---|
| جلخ | چەرخی چەقوان | فارسی= چرخ |
| جلسان | گوڵستان | فارسی |
| جلنار | گوڵهەنار | فارسی |
| جمرگ | بارانه | فارسی= گمرگ |
| جمل | پوختەی حیساب | فارسی |
| جمناستیک | وەرزش | یۆنانی |
| جمهور | حەشامات | فارسی= گروهه |
| جناح | گوناه | فارسی |
| جنبد | خونچه | فارسی= گنبد |
| جنزار | ژەنگ | فارسی= زنگار |
| جنق- منجنیق | گڕهاوێژ | یۆنانی |
| جنی | بەرچنی | فارسی= چنیدن |
| جوالق | جەواڵ | فارسی |
| جۆبار | جۆبار | فارسی |
| جوذاب | گوێزراو | فارسی |
| جوخ | کریخوری | فارسی |
| جوخان | جۆخین | کوردی |
| جوخه | قوڵکه | فارسی=گوچاوه |
| جورب | گۆریه | فارسی |
| جوره | قوڵگه | فارسی=گور |
| جوز | گوێز | فارسی |
| جوسق | کۆشک | فارسی |
| جوشن | زرێ | فارسی |

| | | |
|---|---|---|
| جوهر | ماک، گەوهەر | فارسی |
| جهبز(؟) | پسپۆڕ | فارسی |
| جهنم | دۆزەخ | عەرەبی نییە |
| جمهوری | بەرز | فارسی=جاهوار |
| جیرو | حەواله | ئیتالی |
| جیۆلۆجی | زەوی‌ناسی | یۆنانی |

- ح -

| | | |
|---|---|---|
| حب | کوپە | فارسی=خم |
| حباری | چێرگ | فارسی=هوبره |
| حداه | کۆلارە | فارسی= خات |
| حسک | نێزە | فارسی= خسک |

- خ -

| | | |
|---|---|---|
| خاتون | خات | ترکی |
| خافت | نزمی دەنگ | فارسی= خفتن |
| خام | دەکارنەکراو | فارسی |
| خان | بەهەموو مانای | فارسی |
| خباء | خێوەت | عەرەبی نییە |
| خبل | شێتی | فارسی=خوبله |
| ختل | فێڵ | فارسی= ختلی |
| خرج | توربێن | فارسی |
| خشاف | خۆشناو | فارسی |
| خشتق | گرۆڵ | فارسی= خشتک |

| | | |
|---|---|---|
| خشخاش | خاشخاش | فارسی |
| خط | خەت | فارسی کۆن= کتا |
| خف | کاڵە | فارسی= کفش |
| خلخال | خڕخاڵ | فارسی |
| خنجر | خەنجەر | فارسی |
| خندق | خەندک | فارسی= کندک |
| خوان | خوان | فارسی |
| خوذه | شەڕکڵاو | فارسی |
| خیار | ئاروو | فارسی |
| خیش | پارچەی گونییە | فارسی |
| | - د- | |
| داش | تازە ئیجاد | فارسی |
| دانق | دانگ | فارسی |
| داما | دامە | فارسی |
| دایە | مامان | فارسی |
| داب | داب | فارسی |
| دبج- دیباج | نەخش، نەخشاو | فارسی |
| دبوس | دەنبوس | فارسی |
| دجی | تاریکی | فارسی |
| دراج | پۆڕ | فارسی |
| درب | ڕێ | فارسی |
| دربونە | کۆڵان | فارسی |
| دردی | تڵپ | فارسی |

| | | |
|---|---|---|
| درزی | خەیات | فارسی |
| درهم | درەم | یۆنانی |
| درویش | دەروێش | فارسی |
| دسار | بزماری دووسەر | فارسی |
| دست | بەهەموو manای | فارسی |
| دستور | بەهەموو مانای | فارسی |
| دسکره | گوند | فارسی |
| دغل | دەغەڵ | فارسی |
| دف | دەفە | فارسی |
| دفتر | دەفتەر | فارسی |
| دقدان | کوچکئاور | فارسی= دیکدان |
| دکان | دوکان | فارسی |
| دکتاتور | لاسار | لاتینی |
| دلق | دەڵەک | کوردی |
| دلو | دولچە | فارسی |
| دمار | لەناوچوون | فارسی=دمآر |
| دمل | کوان | فارسی |
| دمق | مووشەدەمە | فارسی |
| دەمە | باوبۆران | فارسی |
| دهلیز | دالآن | فارسی |
| دهقان | گەورەی دێ | فارسی |
| دیان | حاکم | سریانی |
| دیوان | بەگش مانای | فارسی |

| | | |
|---|---|---|
| دین | ئاین | سانسکریتی |
| دین | قەرز | یۆنانی |
| دینار | دینار | فارسی، یۆنانی |
| دینامۆ | دینەمۆ | یۆنانی |
| | - ر - | |
| رافد | چۆم | فارسی= رود |
| رذاذ | وردە باران | فارسی= ریزە |
| رزق | رۆزی | فارسی |
| رسن | گوریس | فارسی= ریس |
| رشتە | هەرشتە | فارسی |
| رصاص | مز | فارسی= ارزیز |
| رطل | نیو من | یۆنانی= لتر |
| رهبان | رەبەن | فارسی |
| رهوان | خۆشڕۆ | فارسی= رهوار |
| | - ز- | |
| زاج | زاخ | فارسی |
| زاغ | قاژوو | فارسی |
| زئبق | جیوە | فارسی |
| زبانییە | دۆزەخەوان | فارسی= زبانە: گڕ |
| زبر | فێربوو، نووسی | فارسی= ازبر |
| زبون | کڕیار | ئارامی |
| زخرف | نەخشاندن | فارسی |
| زرابی | رایەح | فارسی= زیرپا |

| | | |
|---|---|---|
| زرد | زرێ | فارسی |
| زرق | جیقنه | سریانی |
| زرنیخ | زەرنیخ | یۆنانی |
| زری | کەنەفت | فارسی=زار |
| زفت | قیل | یۆنانی |
| زلابیه | زلوبیا | فارسی |
| زلال | ئاوی خۆش | فارسی |
| زمهریر | زۆرسەرما | فارسی |
| زنار | پشتێند | یۆنانی |
| زنبرک | باندۆڵ | فارسی=زنبورک |
| زنبق | گوڵێکه | فارسی |
| زنجار | ڕەنگ | فارسی |
| زنجبیل | زەنجەفیل | فارسی |
| زنجیر | زنجیر | فارسی |
| زندیق | زەندپەرست | فارسی |
| زنک | زنگۆگرافی | ئەڵمانی |
| زیخ | عاسمان نامه | فارسی= زیگ |
| | - س - | |
| ساده | ساکار | فارسی |
| ساذج | ساده | فارسی |
| ساجور | سەمەندۆک | فارسی= شکگیر |
| سبج | شەوه | فارسی= شبه |
| سجنجل | ئاوێنه | یۆنانی |

| | | |
|---|---|---|
| سجور | ئەحمەق | فارسی= سگوار |
| سجيل | گزمووڵەقوڕ | فارسی= سنگگل |
| سجيه | خوو | فارسی |
| سخط | رقی زۆر | فارسی= سخت |
| سراب | تراويلكه | فارسی |
| سراج | چرا | فارسی |
| سرداق | تاوڵی سەرماڵ | فارسی |
| سرج | زين | فارسی= سرک |
| سرجين | سەرگين | کوردی |
| سرداب | سارداو | فارسی |
| سردين | جۆره ماسييەكه | فەرانسی |
| سرمد | هەرهه | فارسی |
| سرو | سەوڵ | فارسی |
| سروال | دەرپێ | فارسی |
| سطل | پەقرەج | فارسی |
| سفسطه | وتەی بەهەڵه بەران | يۆنانی |
| سكر | شەكر | فارسی |
| سل | ديق | فارسی |
| سلخاف | كيسەڵ | فارسی= سولاخ پا |
| سمندر | خەمەگڕو | فارسی |
| سنبک | سمەوڵاغ | فارسی |
| سنجاب | سمۆره | فارسی |
| سەنجه | سەنگەتەرازوو | فارسی |

| | | |
|---|---|---|
| سنجەق | لیوا | فارسی |
| سندان | دەزگای ئاسنگەر | كوردی |
| سندروس | شتێكە وەک كارەبا | یۆنانی |
| سندوس | پارچەی ئاوریشم | فارسی |
| سندل | كاڵەپۆش | یۆنانی |
| سندیان | جۆرە داربەڕوێكە | یۆنانی |
| سنطور | ئەمرازی مۆسیقا | یۆنانی |
| سنونو | پەڕەسێلكە | عەرەبی نییە |
| سهم | بەش | فارسی= سامە |
| سیخ | زەرگ | كوردی |
| سیرج، شیرخ | رۆن كونجی | فارسی= شیرە |

- ش-

| | | |
|---|---|---|
| شاش | نەسفت: هەڵە | فارسی |
| شابندر | كونسول | فارسی |
| شابلوط | شابەڕو | فارسی |
| شاذروان | تاوڵیی بەر ماڵ | فارسی |
| شاقول | راستەی بەنتا | فارسی |
| شان | حال | فارسی= سان |
| شاهترج | شاتەڕە | فارسی |
| شاهین | - ی تەرازوو | فارسی |
| سبت | شەمۆ | سریانیی |
| شبت | شویت | فارسی |
| شبین، اشبین | برازاوا | سریانی |

| | | |
|---|---|---|
| شكره | شەوكوێری | فارسی |
| شبوط | قاشەماسی | فارسی |
| شتم | جنێو | فارسی=ستم |
| شخص | کەس | فارسی |
| شرب | وەخواردن | فارسی=سیراب |
| شرز | تورەیتی | فارسی= شرزه |
| شرس | شەڕانتی | فارسی= شرزه |
| شطرنج | شەترن | عەرەبی نییە |
| شفع | جووت | فارسی= جفت |
| شلغم | شێلم | فارسی |
| شم | بۆن | فارسی= شمیدن |
| شناڕ | شۆڕەبی | فارسی |
| شوبک | تیرۆک | فارسی |
| شواظ | گڕ | فارسی= سوز، کوردی= شەوات |
| شوکه | شکۆ | فارسی |
| شیهه | ئارەزوو | فارسی |
| شهلا | کاڵی چاو | فارسی |
| شی | شت | فارسی= چیز |
| | - ص- | |
| صابون | سابوون | فارسی- کوردی= ئەسپون |
| صاروج- صهریج | حەوز | فارسی |
| صحن | سینتی بچووک | فارسی |
| صدقه | خێرکردن | فارسی=صدیکه |

| | | |
|---|---|---|
| صراط | ڕێگه | یۆنانی |
| صر | سارد | فارسی= سرد |
| صرد | سارد | فارسی |
| صرصر | سارد/صارد | فارسی |
| صرم | گەرم، چەرم | فارسی |
| صقر | مەلی ڕاو | فارسی= چرغ |
| صک | ڕەسید | فارسی |
| صلاطه | زەڵاتە | ئیتاڵی |
| صندوق | یەغدان | ڕووسی |
| صنم | بت | فارسی= شمن |
| صهر | خزمی ژن | فارسی= شوهر |
| صیدلیه | دەرمانفروش | فارسی(؟) |
| صیف | هاوین | فارسی |
| صیوان | تاوڵی زل | فارسی= سایەبان |
| | -ض- | |
| ضنک | تەنگانە | فارسی |
| | - ط- | |
| طابە | تۆپ | فارسی |
| طابوق | خشت | فارسی |
| طارمە | بەپەسار | عەرەبی نییە |
| طازج | تازە | فارسی |
| طاق | تاق | فارسی |
| طاوس | تاوس | عەجەمییە |

| | | |
|---|---|---|
| طبر | تەور | فارسی |
| طباشیر | تەباشیر | تورکی |
| طراز | تەرز | فارسی |
| طربوش | تەپڵە | فارسی= سەرپوش |
| طرش | کەڕ | فارسی |
| طغری | مۆری شا | عەرەبی نییە |
| طلسم | تەلیسم | یۆنانی |
| طنبور | ئامرازی مۆسیقا | فارسی= دنب برە |
| طنفس | رایەخ | فارسی= تن پاس |
| طواشی | کویلەی خەساو | فارسی |
| طوایە | تاوە | فارسی |
| طوبی | بەهەشت | هێندی |
| طود | کێو | فارسی= تودە |
| طلیسان | جبە | فارسی= تالسان |

-ع-

| | | |
|---|---|---|
| عبقری | هەڵکەوتە | فارسی= آبکار |
| عسکر | لەشکر | فارسی، یۆنانی |
| عطش | تینگی | فارسی= تشنە |

-غ-

| | | |
|---|---|---|
| غث | کز | فارسی= کژ |
| غرارە | خەرار | فارسی |
| غرە | سەرەمانگ، چەرمگی، تۆپڵ | فارسی |
| غساق | کێم و زوخاو | ترکی |

| | | |
|---|---|---|
| غطرفه | بایی بوون | فارسی= غتنفر |
| غضاء | داری گەز | فارسی |
| غمز | چاوداگرتن | فارسی= گمژه |
| غوغاء | ئاپۆره | فارسی |

– ف –

| | | |
|---|---|---|
| فالوذەج | پاڵوده | فارسی |
| فانوس | چرادەست | عەرەبی نییە |
| فانیذ | هەڵوایەکە | فارسی |
| فتراک | پاشکۆبەند | فارسی |
| فجل | توور | عەرەبی نییە |
| فخ | تەڵە | فارسی |
| فدان | تەختەزەوی | سریانی |
| فرسخ | مەوداڕێ | فارسی= فرسنگ |
| فرشه | فرچه | فەرانسی |
| فرو | جلی کەوڵ | فارسی= پروه |
| فرن | تەندور | لاتینی |
| فستان | کراسی ژن | فارسی |
| فستق | پسته | فارسی |
| فسطاط | رەشماڵ | فارسی |
| فلز | مەعدەن | فارسی= پولاد |
| فلس | قۆشه | یۆنانی |
| فلش | بڵاو | سریانی |
| فلق | قەڵاشتن | فارسی= پلکه |

| | | |
|---|---|---|
| فلين | تەپەدۆر | یۆنانی |
| فنجان | فینجان | فارسی= پنگان |
| فنر | چرا | فارسی |
| فولاذ | پۆڵا | فارسی |
| فهرست | ناوەرۆک | فارسی |
| فيروزج | پیرۆزە | فارسی |
| فيشفاروج | پێشپارو | کوردی |
| فيلسوف | زۆرزان | یۆنانی |
| | - ق - | |
| قالب | قاپێلک | فارسی= کالبد |
| قابوس | لاوچاک | فارسی= کاوس |
| قبان | قەپان | فارسی= کپان |
| قبج | کەو | فارسی= کبک |
| قبه | هەڵمساو | فارسی |
| قربوس | قەڵپوز | فارسی |
| قرطاس | کاغەز | عەرەبی نییە |
| قرطبان | دەویت | فارسی= کلتبان |
| قسطاس | تەرازوو | رومی |
| قصار | گازو | فارسی |
| قصرى | گوێزر | کوردی |
| قطمير | کەمتر | فارسی |
| قله | سەرو | فارسی= کله |
| قمره | جێ خەو | ئیتاڵیی= کەمارە |

| | | |
|---|---|---|
| قمطرير | توش و باريک | فارسی |
| قمنجر | کەماندار | فارسی= کمانگر |
| قن | کولانه | کوردی= کون |
| قنب | گیاشریت | یۆنانی |
| قند | شەکری کەلە | فارسی |
| قنديل | چرا | لاتینی |
| قنصل | کۆنسول | لاتینی |
| قيثاره | گیتار | فارسی= سەتار |
| قيروان | کارون | فارسی |

- ک-

| | | |
|---|---|---|
| کاس | کاسه | فارسی |
| کاش | کۆشا | فارسی |
| کاغز | کاغەز | فارسی |
| کافور | کافور | فارسی |
| کاهن | پێشگۆ | سریانی |
| کبریت | گۆگرد | عەرەبی نییه |
| کبس | رێک گوشین | سریانی |
| کبسول | چەشنی | لاتینی |
| کتان | کەتان | فارسی |
| کثیراء | کەتیره | فارسی |
| کدی | گەدایی | فارسی |
| کرباج | قامچی | فارسی |
| کرفس | کەرەوز | سریانی |

| | | |
|---|---|---|
| کسوف، خسوف | گیرانی مانگورۆژ | فارسی= کشفتن |
| کشتبان | کلکەوانەی دورمان | فارسی |
| کشدە، قشطە | سەرتوێ | فارسی |
| کشمش | کشمیش | فارسی |
| کمبیالە | وام نامە | ئیتالیی |
| کمثری | هەرمێ | فارسی |
| کمنجە | کەمانچە | فارسی |
| کمون | زیرە | عەرەبی نییە |
| کمیت | کوێت | فارسی= کمخت |
| کناری | زەردەزێڕە | ئەسپانیی |
| کندوج | کەندوو | فارسی |
| کنز | خەزنە | فارسی |
| کنیسە | کڵێسا | ئارامی |
| کهرباء | کارەبا | فارسی |
| کهف | ئەشکەوت | کوردی= کێف |
| کهل | پیر | کوردی= کاڵ، فارسی= چهل |
| کیلۆ | نیوسییە | یۆنانی |
| کیمیاء | کیمیا | یۆنانی |
| | - ل - | |
| لازورە | عارەبی | فارسی=لاجورد |
| لبلاب | لاولاو | فارسی |
| لجام | لغاو | فارسی= لگام |

| | | |
|---|---|---|
| لوزینج | خوراکێکه | فارسی |
| لیمون | لیمو | فارسی |
| لینوفر | نیلوفەڕ | فارسی |

– م –

| | | |
|---|---|---|
| مائده | خوانی خۆراک | فارسی |
| ماخور | کوڕی مەستان | فارسی= میخوره |
| ماخولیا | گیژو ویژ | یۆنانی |
| مارستان | خەستەخانە | فارسی |
| ماس | ئەڵماس | یۆنانی |
| ماسوره | لووله | سریانی |
| متراس | مەتەرێز | فارسی=ترسانه |
| مرت | زەوی قاقژ | فارسی= مرده |
| مرج | مێرگ | فارسی |
| مرغ | شێتنگه | فارسی=مرغزار |
| مریم | پایەبەرز | سریانی |
| مزج | تێکلاو | سریانی= مزک |
| مسک | بۆن | فارسی |
| مس | مژ | فارسی= مک |
| مطران | مەلای فەله | یۆنانی |
| مکوک | مەکوک | ئەرمەنی |
| ملکوت | فرشتاوا | سریانی |
| ملیار | ژماره | فرانسی |
| ملیون | ژماره | فرانسی |

| | | |
|---|---|---|
| موسیقا | موزیک | یۆنانی |
| مومیاء | مۆمیایی | فارسی |
| مهر | مۆر | فارسی |
| مهرجان | جەژن | فارسی |
| مهره | موروو | فارسی |
| میدان | گۆڕەپان | فارسی |
| میزاب | لوساو | فارسی |
| میل | کلچۆک | فارسی |
| مینا | شووشە | فارسی |
| میناء | بەندەر | یۆنانی |
| | - ن - | |
| نارنج | نارنج | فارسی |
| ناسوت | خەڵکاوا | سریانی |
| ناطور | پاسەوان | سریانی |
| ناموس | رازدار | یۆنانی |
| نای | بلوێر | فارسی |
| نبراس | چرا | سریانی |
| نجل | رۆڵە | فارسی= نگل |
| نحریر | زیرەک | عەرەبی نییە |
| نرجس | نێرگس | فارسی |
| نرجیله | قلیان | فارسی |
| نرد | نەردێن | فارسی |
| نزیز | دەڵاو | فارسی |

| | | |
|---|---|---|
| نسترن | گولێکە | فارسی |
| نشا | نیشاستە | فارسی |
| نشوە | کەیفی مەستی | فارسی=نوش |
| نعناع | پنگ | فارسی=نانە |
| نفیر | شەیپوور | فارسی= نپور |
| نکس | نخوون | فارسی |
| غرق | باڵگە | فارسی= نرمک |
| نمرە | نمرە | ئیتاڵیی |
| نمق | نووسی | فارسی= نامە |
| نموذج | نمونە | فارسی |
| نورە | قسڵ | عەرەبی نییە |
| نیزک | ئەستێرەی خوشیو | فارسی |
| نیل | خم | فارسی |
| نیلوفر | نیلوپەڕ | فارسی |
| | - و - | |
| وردە | گوڵ | عەرەبی نییە |
| وردیان | زیندانوان | ئیتاڵیی |
| وصر | پەیمان | عەجەمی |
| وقت | وەخت | کوردی |
| | - هـ - | |
| هالە | خرمانە | فارسی |
| هاون | جون | فارسی |
| هرطقە | ئاین گۆڕین | یۆنانی |

| | | |
|---|---|---|
| هری | عەنبار | یۆنانی |
| هزار | بلبل | فارسی |
| هزبر | شێر | فارسی=هژبر |
| همج | تەپۆ | فارسی= چمک |
| هەمیان | هەمبانە | فارسی |
| هندس- هنداز | ئەندازە | فارسی |
| هندام | باڵای رێک | فارسی |
| هودج | کەژاوە | فارسی |
| هیولی | ماکی یەکەم | یۆنانی |

- ی -

| | | |
|---|---|---|
| یاجوج، ماجوج | عاجوج و باجوج | عەجەمی یە |
| یاسمین | یاسەمەنە | فارسی |
| یاقوب | گەوهەر | یۆنانی |
| بیاب | وێران و چۆل | فارسی |
| یخت | گەمیە | هۆڵاندی |
| یزک | سەعەسکەر | فارسی |
| یشم | گەوهەر | فارسی= یشب |
| یم | دەریا | ئارامی |

مخلص المقال

الكرد ونقاء اللغة

لعضو العامل: هژار

تعالى اللغة الكردية من مشاكل عديدة تختلف من حيث حدتها و تتفق من حيث ان جميعها بحاجة الى درس عميق و تقص مضن و بحث أصيل.

وان واحدة من اهم تلك المشا كل التى تنتظر الحل الجذرى العاجل تتعلق، فى رأيى، بمسألة وجود الكلمات و المصطلحات الاجنبية فى اللغة الكردية و منها و على رأسها الكلمات العربية، و تلك ظاهرة عامة شاملة بالنسبة لجميع اللغات التى تنفاعل فيما بينها، تأخذ من غيرها و تعطى لغيرها مما يعتبر عامل قوة لهما يساعد على تطويرهما و توسيع افقهما. ولكن مع ذلك دأب بعض المثقدين الأكراد و بحماس منقطع النظير على تنظيف لغتهم من الكلمات الدخيلة محاولين بذلك إثبات إستقلال كيان اللغة الكرديه و هم يخلقون بعملهم هذا مشكلة جديدة و خطيرة بالنسبة لهذه اللغة لان معظمهم فى أحسن الاحوال ليسوا أهلا لانجاز هذه المهمة الذى يتطلب اول مايتطلب معرفة واسعة بمختلف اللهجهات الكرديه و اطلاعا كافيا على تراثنا الادبى المدون و غير المدون و إدراكا تاما لتقدير ضرورة و كيفية التغيير والتبديل فى الكلمات و المصطلحات الاجنبية التى فى أحيان كثيرة تتحول بفعل عوامل و ظروف معينة الى جزء متمم للغة للمعنية وتكون فى قوة الأصيل بالنسبة لها فلا يمكن والحالة هذه تغييرها بكلمات و مصطلحات مصطنعة تبدو هى فى طابعها وصياغتها غريبة أو دخيلة مجردة من مقومات الحياة والبقاء، وليست

قليلة من أمثالها فى العديد من المؤلفات الكردية بما فيها الكتب المدرسية وغيرها.

وهذا لايعنى بطبيعة الحال إننى لست من انصار احياء ونشر المصطحات الكرديه الأصيلة التى تستطيع أداء دورها الصحيح فى التعبير الدقيق السلس عما يراد منها، بل بالعكس ارى فى ذلك ضرورة علمية سبقتها تجارب غنية لامم اخرى، ولكن علينا ان نعهد انجاز مثل تلك المهمة الشاقة الى اناس من ذوى الكفاءات والخبرة ومؤسسات لها من الامكانات العلمية والمادية مايؤهلها لاخذ تلك المهمة على عاتقها. ولكننى فى كل الاحوال أرى من للهم التأكيد على ضرورة عدم التقريط بالكلمات و للمصطلحات للقتبسة التى أصبحت جزءا حيويا متمما لكيان لغتنا دون ان تؤثر على إصالتها وقوتها. وليست تلك حالة فريدة فى واقعها بل امر شائع وحقيقة واقعة بالنسبة لجميع اللغات وحسى ما انشره رفق مقالى من شواهد على الكلمات وللمصطلحات الدخيلة فى اللغة العربية التى لايختلف إثنان على كونها واحدة من أقوى اللغات على وجه البسيطة، واستغنت فى تحديد تلك الأمثلة ب للعرب من الكلام الاعجمى على حروف المعجم لأبى منصور الجوالقى(٤٦٥-٥٤٠هـ) {من منشورات وزارة الثقافة المصرية- الطبعة الثانية- ١٩٦٩} و الالفاظ الفارسية المعربة للسيد ادى شير رئيس أساقفة سعرد الكلدانى[ طبعة بيروت-١٩٠٨] و المنجد فى اللغة.

## ٥١- بارەگای کۆڕ (شیعر)[1]:

ئەندامی کارای کۆڕ مامۆستا هەژار ئەم پارچەی شیعرەی بە بۆنەی دروست کردنی بارەگای نوێی کۆڕەوە داناوە و هەوڵی داوە هەموو شێوەکانی زمانی کوردیی تێدا کۆبکاتەوە و دوا بەشی دێڕی کۆتایی هەڵبەستەکەش (خۆشتر لە هەموو شوێنێ) دەکاتە ١٩٧٣، واتە ساڵی دەستپێکردنی دروست کردنی بارەگای کۆڕ:

ئەم کــۆڕە ژ کــوردارا جەوهەر بە خەڵات دێنـــێ
تیرێـــژی هــــونەر لەورا تـــاریکی دەتـــارێنێ
وێـژە و کەلەپـووری کـۆن، فەرهەنـگ و زمـانوانی
زانیــاری بە هــۆزانی خــۆی لە گــرەوە دەنــوێنێ
کرمانج و لوڕ و سۆران، زازا و موکوری و گۆران
وەل یەکتــری داخێــون، کەس نیــنە کــو دامێنـــێ
ئەو ڕووگەیە پیـــرۆزە ئـــاواتی گەلـــی کـــوردە
پێک هاتووە بۆ مێژووی خۆشتر لە هەموو شوێنێ

(١) هەژار، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ٢، ١٩٧٣، ل ٨٢٧.

## ٥٢- بەزمی بەهار (شیعر)[(١)]:

مزگێنـــی دا بە ســـروە بـــای بەهـــاری
وا هـــــاتەوە نەورۆزی کـــــوردەواری
بە تیشـــکە تێـــک شـــکا ســـوپای کڕێـــوە
هەواری ڕۆژ گەیشـــــتە خـــــاکەلێوە
فەرمـــان درا بە ســـەوزە ســـەر هەڵێنـــێ
چیـــدی لە بەنـــدی خـــاکی ڕەش نەمێنـــێ
بـــا دەرکەون، کـــوڵ و کەســـەر بنێـــژن
بـــا ڕۆژی ڕزگـــاری بـــکەن بە جێـــژن
شـــــەماڵ، گەواڵ گەواڵ هەور بنێـــــرێ
ئاهەنـــگ و بەزمـــی جەژنـــی پـــێ بســـپێرێ

***

حیلکـــانەوە لەو مـــوژدە ئـــاودڕ و خـــڕ
ڕەش بـــوونەوە، ڕیشـــی ســـپی چیـــای چـــڕ
چڵـــوو گەشـــایەوە و بـــزەی لەســـەر لێـــو
پـــۆتڕاکی خـــۆی ڕازانـــدەوە بە گـــۆی زێـــو
هەور لە دەشـــت و شـــیو و پـــۆپە شـــاخان
کـــردی بە تـــۆپ تەقانـــدن و چراخـــان
مـــــراری بـــــێ ژمـــــاری دادەبارانـــــد
لە دار و دەر ڕووتـــــی و نەداری تارانـــــد
شـــــەماڵە، گاڵەگـــــاڵیەتی و لە کـــــارە
هەڵگـــرنەو: شاباشـــــی شـــــای بەهـــارە

---

(١) مامۆستا هەژار، گۆڤاری سروە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ساڵی یەکەم، ژمارە ١، ١٣٦٤، ل ٤٨.

شـــینکه به گەل، له گــڵ ســـەری دەرێنـــا
هەر یەکه چەنـــد قـــل و پەلـــێ به شـــوێنا
خـــڕی بەرۆک پـــڕن له دەنـــکه بـــاران
تـــازه و تەڕن بـــۆ کـــۆڕ و بەزمـــی یـــاران
نەورۆزه مشـــــــتی پـــــــڕ گەڵای تەڵایه
هەر کـــارگه بـــێ بەڵا بـــێ، بـــێ گەڵایه
ئەگەر چـــی ســـاوایه بەهـــار و باشـــه
له چـــاوی بەد بەدوور بـــێ گیـــا هەراشـــه
به یەک یەکه و بەکـــۆ لەدەشـــت و دەردا
وەک کیـژه کـورد هەمـووی گـوڵی لەسـەردا
شـــالوور و بولبـــول ســـەرەڕۆی ئەویـــنن
هەر چاوەچاویـــانه گـــوڵان ببیـــنن
هەر مەله بـــۆ گـــوڵی دڵـــی ئەخـــوێنێ
هەر گـوڵه بـۆ دڵـداری خـۆی ئەنـوێنێ
نەرگســـی مەســـت له زەردەزیـــره زیـــزه
به جـوانی خـۆی دەنـازێ، زۆر به فیـزه
وەنەوشـــه مـــل کەچه له حانـــد پەپـــووله
ڕێـــی داوه بـــێ وتەی مەلا و پســـووله
وا کیـــژ و لاویـــش دەچـــنه دەر لەدێـــوه
له ڕێـــوه تێـــک دەگەن ژوانـــگه کێـــوه
گـــۆرمزه، مـــام ڕێـــواس و هەندرێشـــن
بـــۆ دڵـــتەڕان بەهـــانەن و له جێشـــن
گۆوەنـد له کەوشـه، دوور له وشـکه سـۆفین
دەرفەته مەم گوشـــــین و هەڵگڵـــــۆفین
شـــادن به یەک مەل و گـــوڵ و دڵ و دڵ
بەیەک ئەگەن له بـــن دەوەن، لەســـــەرچڵ

***

هەر مـــن لە دووری تـــۆ: هەژار و دامـــاو
دەڕوانـــمە ڕێـــگەکەت بەچـــاوی پڕئـــاو
بەشـــم هەتـــا لەشـــم لە تـــۆوە دوورە
هەنیســـک و هەڵمژینـــی ئەشـــکی ســـوورە
خشـــڵی گـــوڵان، بەژن نەمـــامی چاوکـــاڵ
وەرە دەرم خە لەو ژیـــــــانی وا تـــــــاڵ
مـــــن بولبـــــولم لە نـــــاڵەدا بەزانـــــدن
گەرم و گـــــوڕی دڵـــــم دڵـــــی تەزانـــــدن
بمـــــــگەیە، خۆبنـــــــوێنە، دڵ بســـــــتێنە
بـــازاڕی گەرمـــی نـــازی گـــوڵ بشـــکێنە

## ٥٣- یادی مامۆستا سەججادی (وتار)[(١)]:

دۆستێکی زۆر خۆشەویستم ڕووی لێ ناوم، چونکە چەند ساڵ لە بەغدایە دەگەڵ عەلائەدین ژیاوم، زۆر لە نێزیکەوە دیومە و بە هەموو باران ناسیومە، بە یادی کۆچی یەکجاری کە ئەم بەینانە ڕووی داوە کورتە وتارێک بنووسم.

من گەرەکمە نووسینەکەم تایبەتی بە تاکێک نەبێ، دەگەڵ ڕێز لە نووسەر گرتن سەرکۆنەی ئەوانەش بکەم کە بە دوو ڕبان دەپێون و هەر تاوێ جۆرێ داخێون.

جارێک لە گۆواری هەولێر کە لە هەولێرێ دەردەچوو. خەبەرۆکێکم نووسیبوو کەچی لەبەر بەختی کەچم دەچاپداندا تێک درابوو سەر و قوونی لێک درابوو، کەس تام و چێژەی لێ نەکرد، کورتە باسەکەش ئەمە بوو:

ڕۆژێک سەیری دووکانێکی بەغدام دەکرد، چەقەڵێکی مۆمیایی کراوی لێ داندرابوو، لە ژێر قاچیەوە نووسرابوو (بیست و پێنج دیناری تەواو) من سەری زمانی خۆم گەست، هات بە دڵما، هەیاران، ئەم مام چەقەڵە موحتەرەمە ئاخۆ دەبێ بە زیندیی سەر شاعیر، نووسەر، هونەرمەندێکی کورد بووبێ. لە ژیانیدا لەبرسان و لەترسان ئۆقرەی نەبووبێ و ئێستاکێ لاشەی مردگی بەم دەرد و مەخسەرە چووبێ؟ کێ ئەزانێ؟ هەزار دانە بە زیندوویی فلسێ ناژین کەچی

---

(١) مامۆستا هەژار، گۆڤاری سروە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ساڵی یەکەم، ژمارە ٢، ١٣٦٤، ل ٢١- ٢٥.

یەکێک بە مردوویی بایی بیست و پێنج دینارە. بەخوای سەیرە، لە درێژایی مێژووی، پڕ نەگبەتی کورددا، هەر

شاعیر، هەر هونەرمەندێک لەناو کورددا هەڵکەوتبێ و هونەرەکەی بە زمانەکەی خۆی رانابێ و شیعری بە کوردی دانابێ، هیچکەس ئاوڕی وێ نەداوە، بە سووک تەماشای کراوە، بوویتە مەسەل هەرکەس پینەی پێوە دیار بێ، کەوشی چەک و بەبزمار و لار و خوار بێ، دەڵێن لاچۆ تەرحت لە شاعیر دەکا. کەس تەنانەت تووشی بە کڵاوی ناپێوێ، کەس پێی ناڵێ کەرت بە چەند.

هەر بۆیەشە بەشێکی زۆر لە نووسەرانی بەچکە کورد، لەبەر ناچاری و هەژاری وە زوان نامۆیان نووساوە و خۆیان و مناڵ و کاڵیان لە مەرگی بێ کولێرەیی لە پەنایەک حەشار داوە. نامەوێ مەلای جزیری، خانی، نالی، حاجی مەولەوی و زۆری تر لەو کەسانەی ئێستا مایەی شانازی کوردەکانی کوردستان و کوردناسانن، بۆ نموونە بهێنمەوە، لازم ناکا مێژووی کۆنتان بۆ بخوێنمەوە، دەمەوێ هەر بەسەرچڵی و مەویژ نموونەی کەویژێک ئەوانە وەبیر بێنمەوە کە هاوچاخی خۆمان بوون و دەمانناسین:

مەلا مارفی کۆکەیی ئەگەر بێژم لەبرسا مرد ڕنگە باوەڕم پێ نەکەن، چونکە ئەودەم نانی وشک زۆر هەرزان بوو. مەلا ئەمجەد ئەو هونەرمەندە بێ وێنەی کە نازناوی شێعری (کاک) بوو، ئاغای لێ ببووە ڕمووزن و لە چەند جێ، دێ بەدەریان کرد. قانیع تا مرد نان و دۆی خۆی ڕۆژێک لە پەنایەک نەدیت. حاجی تەوفیقی پیرەمێرد کە حاڵی ماڵیشی خۆش بوو، هەر چونکە کمونیست نەبوو، کەس ڕۆژنامەکەی نەدەکڕی، دەیانگوت دەستندەخۆری ئینگلیسانە.

فایەق بێکەس کە چریکەی گوێی دوژمنانی کەڕ دەکرد، دوو لێفەی لە ماڵـدا نەبـوو کە خـۆی و منـداڵەکانی پـێ داپۆشـێ بە قەرزداریـی جوولەکەی ئارەق بە قەرزداریی مرد.

گـۆران ئەو ئەسـتێرە گەشـەی ئاسـمانی ئەدەبیـاتی کـورد، بـۆ دابینبوونی بژیوی دەگاتە یافای فەلەستین وتاربێژی ڕادیۆی شـەرقی ئەدنا بێ. جگەرخوون پەنجا ساڵ پتر بۆ شێعر و چیرۆکی کوردی چەوسایەوە، لەجیاتی نان خوێنی جگەری خۆی دەخوارد، چەندە لە کوردستان ژیا و من دەمناسی گەسک لێدەری کۆلانان لەو تێرتر بوون، کەس ئێرەییی پێ نەدەبرد، ئەوانە لە ژیان ئاوا بوون، لە پاش مردنیان چاوا بوون؟ ئەگەر تاک و تەرایەکیان وەک مەلا مارف و قانیع و مەلا ئەمجەد و چەند هەناسەساردی دیکەش، تەرم نێژان لە گۆڕستان بە چەند خودا عافووی بکا گوتن، بڵاوەیان لێ کردن و چوون هەر چوون و ناویـان دەگەڵ لاشـەیان ون بـوون، لەو شـار و شـوێنەوارانەی لەو پارەدارانەی زۆر بوو، کە خۆیان بە کوردپەروەر و ڕۆشنبیری دۆستی نووسـەران دەزانـی، لە پاش ساڵێ سـڵاماڵێ وەخـۆ کەوتـن، بۆ یادی فایەق بێکەس و پیرەمێردی گردی یارە و مەرگی گۆران میوانی و نان و خـوان درا، ڕووپەڕ بە جارێ وەرگەڕا، چـۆن دەبێ لەبیرمـان بچـن؟ ئەشـێ ناشـتنی لاشـەیان ئەم هەمـوو کـردە باشـەیان، لە لایەن ئـێمەی ڕۆشـنبیر، کە لە کوردی پەرستیدا ئاوی شـەوێ، شلوێ ناکەین وەبیر حەشاماتی مەردم بخرێتەوە، دەتگوت مەولوودنامە دەکەن، بەر دەرک و بـان و بێڵایی ئاوڕشێن کەن، بەڕان ڕاخەن، سەنیر و پاڵەپشت داخەن، شـتی بۆنخـۆش بسـووتێنن، چـرا و مۆمـان داگیرسـێنن، دنیـا بـکەنە چراخـان، چەنـد کەس هەر گـوڵاو بپـژێنن، کابـانی دەسـتاوخۆش بانـگ

کەن، قۆڵی بە بازن هەڵماڵن، تەشک و داوێنی لێ هەڵکەن، پڵاوملاوی زۆر چێ کەن با چەور بێ، کشمیش و خورماشی تێ کەن، خورشت و ترشک زۆر خۆش بێ، با هەموو چڵەیەک بۆش بێ، وێڕای هاوسای کۆک و پۆشتە و دەر و جیران، لەو ڕووتانەش بگێرنەوە کە دەم دە شێعران وەردەدەن و زۆر تامەزرۆن. با بەخێری گیانی مردووەکە تێر بخۆن، هەموو ڕۆژێ هەڵناکەوێ کفتەی مفتە وا بەلاش و بەلێشاو بێ. سا ئەوانیش لەسەریانە بە وتاری بایەخدار و بە شێعری تەڕ و ئاوداریان کۆڕەکە بڕازێننەوە.

لە پاش مڕبوون لە خواردن و لە پاش پڕ بوون لە شەکراوان و مەکراوان، هەردەم یەکێ لەسەر بەرزەک قوت دەبێتەوە و بەوپەڕی گفت و لفتی خۆش دەس پێدەکا:

خوشک و برایانی بەڕێز تکا دەکەم هەستنە سەر پێ، دەقیقەیەک قڕ و قپ، فەزای بێ دەنگە، ڕەنگە هەر لەم دەقیقەدا گیانی نازداری کۆچکردوو لە بەهەشتەوە بفڕێتە سەر ئەم کۆڕە و ببیسێ چۆنی باس دەکەین. دایکم دەیگوت پلکە بەسێ لە خاتوو ئامانی مامانی دەگێڕاوە کە ئەم زاتە موبارەکە هەر ئەو ساتەی سەری لە هێلکە جووڵاوە، سەهەندە و بلیمەتێک بوو هەموومان واقمان وڕمابوو، مەمک مژینی مەوزوون بوو، گریانەکەی لەڕەوتی شێعری ئازاد بوو، بیلامانێ، بیلاتەژبی، با پەرژینەکە بە گوڵ بێ ئاویژێنی بە قافیە و مافیە دەردەچوو، لە بێشکەدا بە گڕوگاڵی منداڵی بەیتی وای دەهۆندەوە نوون لە چاوی ئێمەدا بێ لەودا نەبوو، ئەی هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئەلفاتیحا.

یەکێکیتر قەسیدێکی دوور و درێژی داناوە مردوو دەلاوێنێتەوە، شێعر و وتار وەکوو قەتاری وشتران بەزنجیرە دێن و دەچن، لەسەر

یەک کەڵەکە دەبن، های لەو کوڕەی چالاکانە فریاکەوێ و ئەو یادنامەیە چاپ بکا، لە سایەی مەرگی خوابەخشیو ئەوەندە پووڵ پەیدا دەکا کە مردووەکە خەونیشی پێوە نەدەدیت.

وەک بۆیان گێڕاومەتەوە کە تەرمی پاکی جگەرخوون لە سوێدەوە هاتۆتەوە بۆ گۆڕستانی قامیشلی لە لایەن کوردەکانەوە پێشوازییەکی وای لێ کراوە کە کەمتر وێنەی دیتراوە، بە سەتان بگرە هەزاران ترومبیلی هەواداران لە و دەشتەدا وەکوو مەڕی حاجی تاغی سەریان دەپاشڵی یەک ناوە، سەد هەزاران لە ناشتنیدا بەشدار بوون، ئەی خودا خێریان بنووسێ.

خوشک و برا کوردەکانی هاوزەمانی هاوزمانم، دەزانم ئێوەش دەزانن ئەم قسانە ئەفسانە نین سەربەخۆ هەڵم بەستبێ، ئێوەش ئەوانەتان دیوە و بە دڵتاندا تێپەڕیوە، بەڵام وەک دەخۆتان ڕانەدیوە دەریبڕن، وەرن هەر لە خۆتان پرسن توخوا مەلا ئەوە ئاردە؟

بە بڕوای من ئەو خۆ لە زیندوو بواردنە و بۆ مردنی خەم خواردنە، ئاکارێکی نزم و نانەجیبانەیە، ئێمەی کورد خاکەسەر و بێ سەر و بەر، ژێرچەپۆکەی داگیرکەران، لە ناو خۆدا و لە هەندەران، خێرەومەندێک دەس ناکەوێ، دانی خێرمان پێدا بێنێ، دڕوویەک لە لەشمان دەربێنێ، هەزار و ئەوەندە ساڵە لەو چاڵەدا قەتیس ماوین و بێ ناوین، نەیارانمان ویستوویانە زمانە زگماکەکەمان لێ بەربەست کەن، لە سایەی بێزمانییەوە بە یەکجاری مافی ڕەوای نەتەوەییمان پێ پەست کەن، ئەگەر من و تۆش نەزانین، ئاغاکانمان باش دەزانن هەر زمانە قەباڵەی بوونی گەلانە، هەر گەلێ زوانی نەمێنێ قەت نایکرێ سەر هەڵێنێ و خۆ بنوێنێ و مافی ڕەوای خوداداوی وەدەست بێنێ.

هەر گەلێک یان هەر منداڵێک لە گەلێکدا زمانی تایبەتی بە خۆیان فێر نەبووە یان لەبیر براوەتەوە، لەناو بۆتەی ئەو بیانییەی زمانەکەیان فێر بووە تواوەتەوە.

لەو قەرارەی ئەمـــان لەو هەمـــوو مـــاوانە بە لەز و هەڵەداوانە ویستوویانە زمان و فەرهەنگەکەمان بنەبڕ کەن و کورد سڕ کەن و گیان و دڵی لە فەرهەنگی خۆیان پڕ کەن. ئێمەش لۆژ لۆژ وەک دەگوێی گادا خەوتبین و لەو بیرە دەرنەکەوتبین کە ئەوان ڕۆیان هێشتووینێ، نەشـمانزانیوە چ باسـە، چـۆنە تـا ئێسـتا هەر مـاوین و یەکجـارەکی نەفەوتاوین؟ کورد گوتەنی تەگبیر و تەغدیر لێک جودان هەموو شت بەدەستی خودان، خوا ویستوویە ئامیانی ژیانمان بمێنێ، چەند کەسی وا بخولقێنێ، زۆر گوێ نەدەنە نان و ئاو، بێ بەرگ و پێڵاو ڕابوێرن لە گۆشت و پلاو واز بێرن، دڵدان بە کیژی دنیایی، ئەوینی پاکی خودایی، خۆشەویستی زێد و خزمان هانیان بدا هەستی ناو دڵ و هەناوان بە زوانەکەی دای و باوان بدرکێنن ڕووپەڕانی پێ بڕەنگێنن، ڕەنگە لەبەر خۆ گوتبێتیان: خۆمانە بێ و دۆمانە بێ، نەک بە زوانی بێگانە بێ.

جزیری و خانی سەر پلی کوردی نووسینیان خۆش کرد و بەرەو دوای یەک بوێژانمـان داویـانەتە سـەر ئەو ڕچەی ئەو دوانە بۆیـان شکاندووین و ئەوانە تێیان گەیاندووین بە کوردی نووسین ڕەوایە، ئەگەر چەند دەور و زەمانێک کورد هەر برێتی لە بەیت و هۆنەی کۆنە بوو، دیسان شوکرانە بژێرین کە لە سایەی ئەوانەوە زۆربەی وشەی زمانمـان پـارێزرا و لە بـارەی مەبەسـتەکانی جۆراوجـۆری ئەدەب و ئەدەبیاتەوە زۆر هەژارتر لە خەڵکی‌تر نەماینەوە، خۆ دیاریشە پەخشان نووسین بۆ پاراستنی زمانمان لە شێعر و هۆتە باشترە، چونکە مەیدانی

نووسینی نەسر و پەخشان تا بێژی پان و بەرینە، نووسەر ریشی دەبەر دەستی وەزن و قافیە و هەیت و هووتی تردا نییە. خودا و ڕاستان لەم چەرخی چاردەهەمینی ئیسلامیدا ئەم دەروەشمان لێ کراوە و پەخشان و داستاننووسمان لێ پەیدا بوون، ئێستا کە زۆری وامان هەن، بە هۆی نووسینی چیرۆک و گردەوەکۆیی دیرۆکان دەستەبەری هەرمانی کوردییەکەمانن.

یەکێک لەو پەخشاننووسانە لە زەبرانە سەجادی بوو کە دەمەوێ یادی بکەن، پێش حەفتا ساڵ لە ماڵ مەلایێ سنەیی منالێک هاتە سەر دنیا ناوی (عەلائەددین) یان لێ نا، ئەلف و بێتکەی پێ خوێندرا و نرایە بەر فەقێیەتی، بەنانی دەقنە خواردن و بە ئالێ بابا ڕابواردن سوختە بوو بە موستەعید و موستەعید کرا بە مەلا، چۆن مەلایەک؟ لە عارەبی و فارسی و کوردی وریا و پیتۆڵ، بەڵام جلک شڕ و شۆڵ و تەبەک و باخەڵ چۆل و هۆڵ، دەگەڕا بە شوێنی ناندا لەبەغدایە گیرسایەوە، لە سایەی چەند خێرەوەمەندێک بە گیڕەگیڕ پێشنوێژییەکی لە کونە گورگێکا دەس کەوت، کە ناو نرابوو، مزگەوت.

حوجرەیەکیشی بۆ جێ خەوی مەلا هەبوو، سەد خۆزگە بە حوجرەی نالی، من ناوم نابوو کونەڕەش بە ڕۆژ دەبوو چرا بە شەو چۆنی تێدا هەڵکا؟ هەر خۆی و خودا بیزانێ.

ئاوارەیە، غەوارەیە گوناهی هەرە گەورەشی کوردبوونییەتی، ساڵە های ساڵ ڕۆژ و شەوێ و کات و ساتێ لەو حوجرەدا لەسەر حەسیر بووبووە سیپاڵ، جا مەگین چلۆنکایی با دەنا هەرگیز ئەو زیندانەی جێ نەدەهێشت، هێشتاش هەر لەوە دەترسا کوردی نامەرد کە ماڵم هەقە زۆریش بوون، تۆمەتی ئێرانی بوونی بە ملدا دەن، لەپاش گرتن و

جزیادان بۆ ئەودیو سنووری ڕادەن، ئەو نانە وشکەشی بچێ، کە ئێستا بێ منەت دەیخوا.

جیا لە کاری پێشنیۆیژییەکەی هەر پێنج فەرزان کە بە حاڵ نان و بژیوی لێ دەردەهات بە ڕۆژ و بە شەو بێکار بوو، بێکار لە بەهەشتیش بژی وەڕەز دەبێ، لەکن خۆی ناحەز دەبێ و قێزی لەخۆی دەبێتەوە.

خۆ نەمازە سەجادی کۆنە گەڕیدەی دنیادیدەی قسە زلی بە باڵا چووکی وا لەش سووک بە بێکاری لە ژوورێکی ڕەش و برشی تەسک و باریک و شەدار و ئاوا تنووک و تاریکدا دەس لە بان دەس کارێ نەکا، هەر دەشڤی با مەرەکەف لە قووم و مازوو دروس کا، قەفەچیتک و کاغەزی کاش زۆر هەرزانە، با بەختی خۆی لە نووسین تاقی کاتەوە.

بەختی لەم ئەزموونە گرتی: بۆ یەکەم جار لە گۆواری ''گەلاوێژ''دا ناوی سەجادی خۆی، نواند، نیزیک دە ساڵ ئەم ناوەمان لەسەر بەرگ و ناوەڕۆکی ئەو گۆوارە بایەخدارە دەخوێندەوە، ئیتر بەری بەرهەمدانی کرایەوە، وردە وردە، بووژایەوە، مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، باسی شۆڕشەکانی کورد، گەشت و گوزارنامەکانی، فەرهەنگۆکی بە عارەبی و فارسی و کوردی کتێبی رشتەی مرواری کە ئێژن بوویتە هەشت بەرگ، بەرهەمی (عەلائەدین)ن، ئەمە جگە لە وتاری ناو ڕۆژنامە و ڕاوەی شێعری شاعیران و زۆریتریش کە هەژماردنیان دژوارە. زۆر سەبووریی بەمن دەهات زۆر جار لە کونەڕەشەکە سەرم دەدا، بەیتێکم بۆ وەرگێڕابوو بۆم خوێندەوە:

تۆ نەمردووی ئەی (عەلائەدین)ی سەجادی نەسەب
خاوەنی مێژووی ئەدەب، پێشنوێژی پێخواسی عەرەب

دەیگوت: ئەرێ پێخواسەکە منم یان پاش نوێژەکانمە.

لەو ژیانە پڕ لە ژانەدا تەمەنی گەییە حەفتا ساڵ. ئەو هیچ لە دەست نەهـاتووانەی هەر ئیرادگـرتن دەزانـن و هەرگیـز لە هـونەر نـاڕوانن کردبوویـانە ئامـانجی تەوس و تـوانج و زەدەیـان لـێ دەدۆزییەوە و لە یەکتریان دەقۆزییەوە: مەلا دەس رژد و چنۆکە، ترسەنۆکە، گۆشـەگیرە، لەم ناوە هەر خۆی لەبیرە، سـەر بۆ حوکمـات دەنەوێنـێ، لە مەجلیسـی تەشریعی کە جاشخانەیە چۆن قەبووڵ دەکا بەشدار بێ و لەناو کۆمەڵ لەکەدار بێ.

ئیتـر سـەرتان نەئێشـێنم پـێ هەڵگـوتن بەدینـار و غەیبەتکـردن بە خەڵوار بوو ئەم بەدگویی و بە نـامۆیی لێڕوانینە تـا دەمـی ئـاویلکەدانی، تـا دوا هەناسـەی ژیـانی دوایـی نەهـات، تـا خەبەر هـات کە مامۆسـتا (عەلائەدین) عەمری خوای کرد.

ئەمجـار وەرە گـوێ لە ئـاخ و ئۆفـان بگـرە و لە داخـی دووزمانـان مەمـــرە، هەر ئەوانەی بە زینـــدوویی کەولّیـــان دەکـــرد، شـــین و چەمەرەیەکیـان کـرد بە داسـتان بیگێـڕنەوە، مەخـابن بـۆ ئەو جوانچـاکە جوانەمەرگە، لەوەتـا پەلکـی وەریوە هەمـوو کوردسـتان هەتیوە و سـەد بەیت و بالۆرەی تریش.

خوشـکی دڵسـۆز، کـاکی بـرا، نـاڵێم زۆر، بەڵام هەر توزێـک ئینسافتان بێ،

ئەو کەسـانەی پیشـەیان کـوردی نووسـینە و گەشـە بە زمـان و فەرهەنگی کوردی دەدەن، هەتـا مـاون وا بە سـووکی سـەیریان مەکەن، کەموسـکێک ڕێزیـان لـێ بگـرن، واتـا بە خـوت و خـۆڕایی نەجنێـو نە

پووڵیان پێ بدەن، نە خراپیان پێ بکەن، نەخێر، چونکە نووسەر ئەگەر فێری سواڵکەری بوو، خۆشی و هونەری هیچ ناژین.

با ئاکارە نالەبارەکەی کەونارا بەروپشت کەین، نووسەرێک کە بۆ بەدبەختی هەر زیندووە خۆتان وای دانێن مردووە، ئەو پووڵ و پارەی لە یادی لاواندنەوەی پاش مردنی بەخت دەکرێ لەناو خۆدا کۆی کەنەوە، کر و بەرهەمی نووسراوی هەڵسەنگێنن بینرخێنن، هەڵە و پەڵەی ئەگەر هەیە لێ بژار کەن، بەو دەسمایە بۆی لە چاپ دەن، لە فرۆشیاو پارەکەی خۆتان بە زیادەوە وەرگرنەوە لەو دزانەی بپارێزن کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا کاریان بۆتە دزی و فزی لە شاعیران و نووسەران، بۆ پرس و ڕا کتێبیان چاپ دەکەنەوە و ئاوڕ لە ویژدان و شەرەف نادەنەوە. ڕاستی ئەمانە خەتەرن و بەر لە زۆر نووسەران دەگرن کە بە کاری خۆ دڵخۆش کەن. لاوێکی کورد کە بزانێ هەرچی نووسی ئەو دزانە هەر لە حەوا دەیقۆزنەوە و هەق و مەقی بەرپێ دەدەن، چۆن واز لە نووسین ناهێنێ و ناچێ کارێکی تر بکا کە بەرهەمێکی پێ بگا؟

ڕاستان دەوێ، ئەو کەسانە نەنگی ناو شارەکانتانن، تا دەتوانن لەناو خۆتانیان دەراوێن. با ئاکاری کۆمەڵگاتان وەک ماڵ و کۆڵانەکانتان پاک و خاوێن ڕابگیرێ. مامۆستا سەجادی کە مرد، ئەگەر کاری ناپەسەندیشی کردبێ، کە نەشیکرد. دەگەڵ خۆی بردە بن گڵی. ئەو بەرهەمەی لەو بە میرات ماوەتەوە هەر وشە کوردییەکانی بێ و هیچی تر نا، دەتوانین فەرهەنگێکی قەبەی لێ پێک بێنین بیکەینە مایەی شانازی بە عەلائەدین بنازین. ئەو کەسەی چوو مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی بێ پرس و ڕای ئەو چاپ کرد و هەقەکەی خوارد، خۆی

لەسـەر کۆنەی ویـژدان بـوارد. بەلامەوە ئەو بە سـووکی لـێ ڕوانیـنەی نووســـەرانی بەکارمـــانە، پـــوختەی وتـــار، تکـــا دەکەم شـــاعیر و نووسەرەکانتان کە پارێزگاری فەرهەنگ و زمانتـانن، هەر بە زیـندوویی مەمرێنن و بە وشە مردوویش پێی ناوێ بە مۆمیایی بیانهەنوون و تازە نرخیان بۆ دیاری کەن و مەیکەن بە نەقڵی چەقەڵ و کابرای بەغدا.

خواحافیز

## ٥٤- بێگانە پەرستی (وتار)[(١)]:

جا ئێمەی کوردیماڵوێران بە ناشکوری خودا نەبێ، ئەگەر وەک گەلانی‌تری خودا پێداو، تا ئێستا بۆمان نەلواوە بە زمانی خۆمان بخوێنین و خوێندەوارە کوردە زانا و تێگەییوەکان بە زمانی کوردی بنووسن و ئەزمەوونی گەلانی ترمان بە کوردی تێ بگەیەنن و کتێبخانەی خۆماڵیمان، زۆر ئاوەدان و قەوغا بێ، دیسان نابێ لامان وابێ بە تەواوی بەشبڕاوین، گەلێک پەند و ئامۆژگاریی نرخداری کاونارامان، بە میرات بۆ ماوەتەوە، دەماودەم فێریان کردووین و نەفەوتاون ئەگەر بیانکەینە ڕێبەر و ڕێ نیشاندەر، کەمتر تووشی هەڵە دەبین و لە زۆر تەڵەی سەر ڕێگە خۆ دەرباز دەکەین. زۆر لە باپیرانی ژیرمان، ئەزمەوونی ژیانی خۆیان، بەچەند ڕستێکی لە شان سووک دەربڕیوە و هەر یەکەی گەنجینەیەکن، پێویستە سەریان دەینەوە و بەهرەیان لێ هەڵکرێنین و بیانکەینە مامۆستای خۆمان، بۆ نموونە فەرموویانە:

(هەرکەس بکا بێگانەپەرستی، ئاخری هەر دەهێنێ نوشوستی).

بێگانە بەو کەسە دەڵێن: خەڵکی وڵاتی خۆت نییە، نامۆیەکی لاپرەسەنە، وە زمانێکی تر داخێوێ، خووی ئاکاری ئیمانی، دەراوی زاری، دەگەڵ ئیمان و ڕەوشت و ڕەفتاری تۆ پێچەوانەن.

نەتیناسیوە، نایناسی، زاڵمە، دە ستدرێژکەرە، وڵاتەکەت داگیر دەکا، دەیەوێ هاووڵاتییانت، خزمانت، دەر و جیرانت، بکاتە بەندە و

---

(١) مامۆستا هەژار، گۆڤاری سروە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ساڵی دووەم، ژمارە ٨، ١٣٦٥، ل ٧- ٩.

کۆیلەی خۆی، بەروبووی وڵاتەکەی خۆت بە دەستی خۆت ڕەنێو بێنێ و بیبا بۆ خۆی، ڕەنجی ساڵی کوڕوکاڵی نیشتمانت بەرێتەوە وڵاتی خۆی، مایەی ژیانت تەنانەت زمانەکەشت لێ بەربەست بکا و بەیەکجاری بێ هەستت کا... ئەم جۆرە داگیرکەرانە ناویان لێ نراوە ئیستیعمار، کە بەڕاستی ژەهری مارن...

ئیستیعمار هەر ئەوە نییە قژی زەرد و چاوی شین بێ و لە ڕای دەریاوە هاتبێ، هەر هێزێکی دەستدرێژکەر بۆ سەر گەلێکی زەبوونتر ئیستیعمارە، جا با چاوی وەک قیل ڕەش بێ و تووکی بە ڕەنگی خەڵووز بێ (مەسەلەن بەعسی و سەدامیش و ئەوانەی وەکوو ئەو دەکەن ئیستیعمارن).

ئەو داگیرکەرە بێ فەڕەی لە وڵاتەکەی تۆ خەفتاوە، دەزانێ زۆر هاسان نییە داگیری کا، دەزانێ کە دانیشتوانی وڵاتەکە بۆ پاریزگاری لە ماڵ و نامووس و گیانی خۆیان و کەسوکار و رواڵ و کاڵ و منداڵیان، بە گژیدا دێن و دەیکوژن، ئەو مەسەلەشی بیستووە گوتوویانە: دەسکی بیور لە دار نەبێ دار ناقەڵشێ...

دێنێ هەر لە خەڵکی نێوخۆی وڵاتەکە چەند کەسانێک بە پووڵ دەکڕێ و دەیانکاتە قوڵەچۆماغی دەستی خۆی و بەڵاگەردانی باڵای و بە گژ گەلی هاوخوێنی خۆیاندا دەکا و هەر لایەکیان بە کوشت بچن قازانجییەتی و دەبێتە مایەی سەرکەوتنی. نەقڵی کابرای خۆی بە بێگانە دەفرۆشێ، بەسەرهاتی کەوی ڕاوە، کرپارەکەی لە دان و ئاو تێری دەکا و فێری دەکا: لە حەشارگەدا بخوێنێ و کەوەکانی هاوڕەگەزی بە دەنگی خۆیەوە بێنێ و دەنێو داوانیان هاڵقێنێ، بەڵام تاکەی قەدر و حورمەتی دەمێنێ؟ تا کەوی لەوی چاتریان گیر ناکەوێ، تا خۆی لە

خوێندن ناکەوێ و لە کەو فریودان ناسرەوێ... هەر ڕۆژێکی پەکی کەوت: کابرا بە گۆشت کەو فێرە کە، دەگەڵ چەند کەوێکی گیراو سەری دەبڕێ و لەسەر پلاوی دادەنێ، با نەڵێین کەو...

بڵێین تاژی، تاژیی ڕاوێ قەڵادەی ئاوریشمی خاوی پڕ زەنگوڵەی لە ملدایە، ڕاو بۆ ئاغای نامۆ دەکا، بە پڕتاو هاتوچۆ دەکا، کەروێشکی سیخوار لە پشتی بە یەکەم هەڵپە بۆ دەگرێ، لە چەم مڵ و مۆی بۆ دەکا، پەلەوەری بۆ وەکۆ دەکا، زۆر خۆشەویستە لای ئاغا، ڕێگەی دەدەن لە دەوروبەری وەتاغدا بحەپێ و ڕاوێچکە بکا، بەرماو بخوا، هەمیشە تێر و تەسەل و تەڕ و بەل بێ، شەوانە بۆ حەسانەوە لە نێو قەڵاغدا وەرکەوێ، جێی گەرم و نەرمی بەرکەوێ، سەگەلی گوند هەموو ئێرەییی پێ بەرن، نەوێرن لێشی بمڕێنن یا پارووی لە دەم بڕفێنن، ئاخۆ ئەو خۆش ڕابواردنەی چەند دەمێنێ؟ ئەگەر پیر بوو، ئەگەر چڕنووک و پەنجەی سوان، ئەگەر گیرگەی لەکار کەوت، ئەگەر دەم گەرمییەکەی نەما، چی بەسەر دێ؟... کەس کاری بە تاژییەک نییە هەر سەولەخۆری سل کەر بێ، خوێڕی دەکرێ، تاژییەکی دەم گەرم و تازە لە شوێنەکەی ئەو دادەنرێ، ئەویش دەشێ بە پیری و بە زەمینگیری بقروسکێنێ و کەس بە نەیلاوێنێ تا لە کەند و بوودڕێکدا بە ناهومێدی دەتۆپێ... ڕەنگە ئێستە خوا نەخواستە یاخوا داروبەرد گوێی کەڕبێ، ئەگەر کاورایێ کورد زوان، لە کوردستاندا دەس کەوێ، هەرچەند باوەڕ ناکەم هەبێ... خۆی بە دوژمنی داگیرکەر واتا بە هێزی ئیستیعمار فرۆشتبێ، ئەم وتارەی مـن بـژنەوێ، لە ئـاوێنەیەک بـنەوێ و تەرحـی خـۆی وەبەرچاو کەوێ، بە ئاوەزی من پێکەنێ و بزەیەک لێوی ببزێوێ و دەمی دڵی بورتێنێ: کە ئەم قسە قۆڕانە چین؟ خۆ من نە کەوم نە تاژیم،

من زەلامم بە سویێلم زەمین دەکێلم، زیت و وریا و خاوەن فیێلم، لە شوێن ژیانی خۆش وێلم، مایەی خۆشیی ژینم دەوێ، چەک و ئەسپ و زینم دەوێ، گەر بۆ داگیرکەر کار نەکەم، باری لاری بۆ بار نەکەم وەکوو خۆم گەرەکمە ناژیم، ئێستا وا لە سایەی ئاغام خوا نەیبڕێ دەوروبەرم لێم دەترسێ، کەس ناوێرێ، لێم بپرسێ بۆ وا دەکەم؟ خواردن زۆرە، دراو کۆمە دنیاکە بە کەیفی خۆمە.

بەڵام ئەگەر ئەو کوردە نەجیمزادەیە، هەر تۆزێک بیر بکاتەوە، ئاوڕ لە دواڕۆژ داتەوە و خۆی تەواو بەسەر کاتەوە رەنگە تێ بگا کە هەزار خۆزگەی بە تاژی. کەو یا تاژی دوو جانەوەری بێ بیرن، ڕاوکەر و بە ڕاوگیراویش بیر لە تۆڵە ناکەنەوە و ئەوی ئەمڕۆ بەسەریان دێ سبەی لەبیریان چووەتەوە، بنیادەم چی؟ کێ خراپەی دەگەڵ بکا لەبیریەتی... ئەگەر گەل و خزم فرۆش ئەمڕۆش دەستەڵاتی هەیە و ئازار و جەزرەبەی دڵدا، کینەی لە دڵدا هەڵدەگرێ تا ئەو هەلەی، کە دەتوانێ تۆڵەی خۆی، لێ بکاتەوە.

ئەو کابرا نەجیمزادەیەی کە دەبینێ بێگانە پشتی دەخورێنێ و دژی گەل و خزمانی خۆی دەکار دێنێ، دەبێ ئەوەندە تێ بگا کە قشقەڵە بە خۆڕایی پشتی نێرەکەر ناخورێنێ، ڕۆژێک دەبێ قشقەڵە هەڵفڕێندرێ و پشت خورێنی گیر نەکەوێ یا گریمان هەڵنەفڕێنرا و توانی خۆی سەقامگیر بکا و کەس نەمێنێ کشەی لێ بکا، بێگانەی وڵات داگیرکەر چۆن دەبێ ئەوەندە کەر بێ، پووڵ و پارە و پارووی چەور بدا بە نێرەزەلامێک، کە هیچ کاری پێ نەماوە. ئەگەر دار شەق و پەق کرا و سووتێندرا، هۆرە و کلکە تەور و تەشوێ فڕێ دەدرێ و دەکار ناکرێ، ئەوجا ئەگەر زەلامی خۆفرۆش کەرە، کاورای زەلامکڕ کەر نییە،

باش دەزانێ ئەو کاورا خوێڕی و ناکەسەی کەسی خۆی بە پارە داوە، هەر ڕۆژێکی بێگانەیەک بە کرێی بگرێ و پارەی زیاتری بداتێ، دەیفرۆشێ و بە گژیدا دێ، بە دەردی سەعدی گوتەنی: دامێن تەڕێک تەماح بکاتە دایکی خۆی چلۆن، لە ژنی بێگانە دەپرینگێتەوە؟

لەم بارەوە لە کتێبی (المستظرف)دا چیرۆکێکی زۆر خۆش و پڕ کاکڵ هەیە، دەڵێ: شاپووری شای ئێران گەمارۆی شارێکی دابوو (ناوی شارەکە حەزەرە)، دیواری شار لەوە بەرز و پتەوتر بوو بۆی بگیرێ، کیژی پاشای شاری دوژمن چاوی بە شاپوور کەوتبوو، عاشقی بووبوو، وەڵامی نارد:

ئەگەر بەڵێنم پێبدا کە دەمخوازێ وا دەکەم ئەم شارە بگرێ، بەڵێن درا، کیژ دەراوی هاتنە نێوی دەستنیشان کرد. لەشکر ڕژایە شارەوە، باوکی کچی پاشای کوشت و خوێنی ئاپوورەی زۆر ڕشت و کیژەکەش بە مراد گەیشت و کەوتە نێو پەردەی بووکێنی، شاپوور هات لە گەڵی بنوێ، دیتی دۆشەک خوێناوییە، بووک لە وەرامی شاپووردا، کە پرسی ئەو خوێنە چییە؟ گوتی تاقانە و نازدار بووم، دایک و باوکم بە شیر و هەنگوین و مێشک منیان پەروەردە کردووە، لەشم ئەوەندە ناسکە بە لاسکە گوڵ و ڕێحانەی نێو پێخەفەکەم زامار بووم، شاپوور بانگی لە جەلاد کرد:

وەرە سەری ئەم بێ ئەمەگەم بۆ ببڕە، باوک و دایکی ئاوایان بە خێو کردووە بە بێگانەی بەکوشت داون، سبەی ڕۆژێ چۆن ئەمەگی بۆ من دەبێ و بە کەڵەگایەکی دیکەم بە کوشت نادا؟

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست باپیرانمان بە خۆڕایی نەیانگوتووە: هەر کەس بکا بێگانەپەرستی ئاخری هەر دەهێنێ نوشوستی.

## ٥٥- شین گێڕی (شیعر)[١]:

لە چلەمین ڕۆژی مەرگی مامۆستا هێمندا، کۆبوونەوەیەکی زۆر گەورە لە شاری مەهاباد پێک هاتبوو، شاعیران و نووسەرانی سەرانسەری کوردستان، تەنانەت مامۆستایانی دوور وڵاتیش لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون. مامۆستا هەژار کە بەداخەوە لەو کاتەدا بە هۆی نەخۆشییەوە نەیدەتوانی بێتە کۆڕەکە، ئەو شیعرانەی ژێرەوەی بۆ شینی هێمن ئامادە کردبوو، قەرار وا بوو هاوکارێکی ئێمە بڕواتە خزمەتی وەریان گرێ و بۆ ڕۆژی کۆبوونەوەکە بۆمان بێنێتە مەهاباد، کە بەداخەوە لە بیری دەچێ و بە وەخت شیعرەکەمان پێ نەگەیشت. لە سەر داخوازی جەماوەری خوێنەرانمان ئێستا ئەو شین گێڕییە بڵاودەکەینەوە.

کاک هێمن برای شیرینم
چاوان دەگێڕم ناتبینم
زلکوێران دەڵێن مردووە
کۆچی یەکجاریی کردووە!
دڵەی پڕکوڵی هەژارم
گیانی بێ ئۆقرە و قەرارم
بەمەرگی تۆ باوەڕ ناکا
چۆن بێ منی لەتوێی خاکا؟
تۆ یەک هۆگری منداڵیم
هاوشکڵی و هاوکرچ و کاڵیم

(١) مامۆستا هەژار، گۆڤاری سروە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ساڵی سێیەم، ژمارە ١٢، ١٣٦٦، ل ١٥.

هەمدەمی دەمانی لاویم
تەواوکاری ناتەواویم
هاو هەنگاو لەڕێی خەباتا
هاوبەش لەهات و نەهاتا
هەواڵ دڵداری کوردستان
هاوپێشمەرگەی زێدپەرستان
هاوسروود خوێن، بۆ ئازادی
بۆ رزگاربوون لە بێدادی
هاوسەنگەر دژی داگیرکەر
نامۆی خوێنمژی سەرەخەر
هاوقەتار لە دەربەدەری
بە هەژاری و خاکەسەری
هاوقەڵەم، هاوبیر و هاوهەست
هاو زمان، هاودڵ و هاودەست
هەر یەکێک بوو (هەژار هێمن)
منیش هەرتۆ بووم، تۆش هەرمن
ڕوحێک بوین دابەش لە دوو لەش
دوو لەشی ماندووی بەخت ڕەش
پەیمان بوو بە جێم نەهێڵی
وێڵم نەکەی لەشوێن خێڵی
باری خەم وێکڕا هەڵبگرین
دواجاریش پێکەوە بمرین
تۆی کوردی وا خاوەن بەڵێن
چی تۆی کردە پەیمان شکێن
گەوی بەین و بەقات هەڵبوارد
خۆت بەئاسوودەیی ئەسپارد
لا باری خەم خواریت لادا

ئەویـــــــش بە مـــــــل منـــــــدا دا
جـــارز بـــووی لە دونیـــای بـــێفەڕ
دونیـــــای پـــــڕ لە دەزبـــــڕی و گەڕ
دونیـــــای وڕ و گێـــــژ و کاســـــــان
گەوهەر و ئەمەک نەناســـــــــــــان
دونیـــــای بـــــازاڕی نـــــامەردان
دونیـــــای خەم و کـــــوڵ و دەردان
خەلەســـــی لەدەم هـــــار و مـــــار
تەکـــــیەوە لەو ژینـــــی گەمـــــار
ژیـــــانی پڕژانـــــی بـــــێ دەرمـــــان
گەیشـــــــتییە هەواری هەر مـــــــان
بـــۆ ئەو کـــۆچەی بـــێ مـــن کـــردت
ئەو بەشـــە خۆشـــیەی تـــۆ بـــردت
زامـــــی گیـــــان و دڵ بەســـــۆیە
شـــین بـــۆ خـــۆمە نەک بـــۆ تـــۆیە
خـــــۆزگە بەر لەتـــــۆ دەمـــــردم
تـــــۆ شـــــیوەنت بـــــۆ دەکـــــردم
دوور لەتـــــۆ دڵگـــــۆمی خـــــوێنم
بە گازنـــــــــدەوە دەتـــــــــدوێنم
مـــنش وەک تـــۆ قەڵســـم لە ژیـــان
بـــۆ چـــت جـــێ هێشـــتم هـــێمن گیـــان

## ٥٦- یادی بابامەردۆخی ڕۆحانی (وتار)[١]:

وەک دەبینم، ئێمە ئەمڕۆ لەم شوێنەدا کۆ بووینەوە، داخ لەدڵین، ئازیەت بارین کە عەزیزێکی زۆر بەڕێز لە دنیایە بەڕواڵەت کۆچی کردووە. خۆ ئەگەر تۆزێک بە وردی سەرنج بدەین، کەمێ ژیرانە و پیرانەی تێگەیشتوو بیر لە حاڵی خۆ وەکەین، تێدەگەین کە بەشی زۆرمان بەناشکوری خودای نەبێ هەرچەندە بەڕواڵەت زیندووین، بەڵام سەت هەزار خۆزگەمان بە مردوان کا...

بەڵێ ئێمە لەم کۆڕو کۆبوونەوەدا، شین و گریانێکمان دەوێ، بۆکێ؟ هەر بۆخۆمان، بۆ کڵۆڵی و نەگبەتیمان، نەک شیوەنمان بۆ کەسێک بێ، وەک بابەشێخ کە هەرگیز مردن و نەمان سەری نا دا و تا هەتا، ناوی لەسەر پەڕی مێژوو، وێڕای هەموو ناودارانی بەرزی تەئریخ، بەشانازی خۆ دەنوێنێ.

ئێمەی کورد بەر لە ئیسلامەتی، هەر چێکمان بووبێ دیار نییە، بەڵام ئەگەر ئاوڕێکی وەسەر خۆمان بدەینەوە، شتی زۆر سەیر دەبینین: لە سەرەتای پەیدا بوونی ئیسلامەوە، بە هەزاران زانای لە زەبر و بلیمەت، لە شەریعەت، لە تەریقەت، لە شێعر و ئەدەبیات و مێژوو، لەهەر جۆرە هونەرێکی بابەتی زانیاری زەمان، لەم گەلی کوردە هەڵکەوتوون کە زۆربەیان مایەی شانازی گەلانی هاوسامان بوون، کە

---

(١) مامۆستا هەژار، گۆڤاری سروە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی،ساڵی پێنجەم، ژمارە ٤٤، ١٣٦٨، ل ٣٢-٣٤.

ئـێمەی نەگـبەت تـا ئێسـتا وەک لە گـوێی گـادا نوسـتبین، هەر ئاگـا و خەبەرمان نەبووە.

گوناهی ئەم بێ خەبەرییە لەسەر کێیە؟

دیـارە هەر لەسـەر خۆمـانە، ئـێمە بـێ پێـی توانـای خۆمـان، بە فەرهەنگـی نەتەوەمـان مانـدوو بـووین، بەڵام لەبیریشـمان نەچـێ، مـاڵم هەقە، ئۆباڵی ئەم بێ ئاگاییە تا ئەندازەیەکی بەرچاو- لە ئەستۆی ئەم گشـت زانایـانەی بەچکە کوردە- مەسـەل دەڵـێ: تـا مـاڵ پێویسـتی پـێ هەبێ، نابێ بدرێ بە مزگەوت کەچی هونەرمەندانی کورد، زانا و مێژوو نووسـانی کـورد، لەدرێـژی و پانـایی مێـژوودا و بگـرە ئێسـتاش، ئەم پەندەیان بەراوەژوو کردۆتەوە. چی لەم مەسەلەدا هەیە، لەبیر خۆیـان بردۆتەوە.

لە درێژایـی تـاریخی ئیسـلامەتیدا لە ڕابـردوو تـا ئێسـتاش هەر کوردێکی هێژا و بەرکەتی هەڵکەوت، بەبێ ئەوە خۆی لەبیر بێ، هەرچی بـوویە، داویە بە مـزگەوت و تەکـیە و، ئەگەر پاشـەکەوتێکی دیکەشـی بـووبێ، لە سـامانی هـونەرییەوە و لە سـەرمایەی بەخـتەوەری فەرهەنگیمان گشتی دراوە بە گەلەکانی هاوسامان. خۆمان دەم لەپووش و قەتـیس مـاوینەوە و لەدەرگـای دەرو دراوسـێ سـواڵی مـاڵی خۆمـان دەکەین.

تـۆ بـڕوانە ئەم هەمـوو مێـژوو، نووسـانەی تۆرەمەکـورد، دە ڕۆژگاری کەوناردا و لە دەورانی نیوەکەون و ئاماڵ تازە و نیمداشتی دا، شـوێنەواری پـڕ لە پیتیـان، کتێبخـانەی هەنـدەرانیان پـێنەخشـاوە، بـوونەتە مـایەی شـانازی گەلانـیتـر- لەو هەمـووانە جـگە لە تـاک و

تەرایان- دەربارەی وڵاتی خۆیان، گەلی خۆیان، لەفەنای بێدەنگا ژیاون و هەر متەقیشیان نەکردووە.

لەم هەزار و ئەوەندە سەت ساڵانەدا، چەندجار قەتڵ و عام کراوین، لە زێدی کەونارای خۆمان ڕاونراوین، دەرکراوین، چەند سەت جار تاڵان کراوین؟ نووسەر و هونەرمەندانمان، کەسیان نووکی قەڵەمەکەی بەرەو نووسینی دەردی گەل نەچەرخاوە. ڕەنگە هەربەدەم گوتبێتیان: ماڵ سووتا و ماڵ بریا و بەکۆی زووخاڵ بن، تەنانەت بەڵای عاسمانیش وەکوو لافاو، بەفروتەرزە، کوللەوپەتاو بوومە لەرزەش لە کوردستاندا ڕووی دابێ و ماڵی کوردی پێ خرا بووبێ، بە هیچ ئاوا نەنووسراوە، بەڕەحمەت بێ شەریعەتی(دوکتۆر شەریعەتی) لە نامیلکەی عیرفان و بەرامبەری دا، دەربارەی مەولانای ڕۆمی فەرموویەتی: پەسنی مەولەوی چەند بێژی هێشتا کەمە، بەڵام ئافەرین لەچی کەم؟ لە بەلْخ یا لە قوونییە یان لە وڵاتێکی تر ژیاوە، خۆی وا لە نێو لێفەی ئەستووری عیرفان پێچاوە، بە کوشت و کوشتاری مەغوول، بە شاڵاوی خاچپەرستان نەحەسیاوە. دەیسا من ناڵێم تۆ بڵێ! بوون و نەبوونی ئەو پیاوە بە هەژاران چی؟ بە بریندار و دەردەداری ئیمانداری موسوڵمان چی؟!

جا کە ئوستاد شەریعەتی تەوس و توانج دەمەولانای ڕۆمی بگرێ، ئێمە دەگەڵ ئەو هەموو زانایەی کورد، کە هیچ هەستیان بە تاوتوێی تێروائی بەئێش و ژانی خزمان و هاوماڵانی خۆیان نەکرد و خۆیان لێ بوارد، دەبێ چۆن بین؟ دەبێ چ بڵێین؟

ئەگەر ئەمانە واهاتن و وارۆیشتن، خوایان لە گەڵ، بەڵام ئێستاش زۆری وامان لەناو دایە، کە دەستی قەڵەمی دەگرێ و نووسراوی

دەخوێنـــدرێتەوە، هەژارانە روو دەکەمە ئەودەســـتەیە و لەبەریـــان دەپاڕێمەوە: خوشکی کوردم! برای کوردم! تۆی کورد لە زێدی کورد ژیاوی، نان و ئاوی ئەم گەلە بۆتە بژیوت، لە فێرگەدا هەر بەیارمەتی ئەو مـاوی. تـۆ لە سـایەی کوردەواریـدا بـوویتە پیـاو، دەیسـا تـۆش لەنووسینت دا ئـاوڕێکی وەسـەر بدەوە. لە خۆشیان هیچ، کە هەرگیز خۆشـی نەدیوە هیچ نەبێ بەنـووکی قەڵەم، لە دەردەکـانی بەشـدار بە. هەرچـی بەلاو دەردەســەری بەســەری دێ. تـۆ بـیخە سـەر ڕووی کاغەزێـــک، بـــاوەچە و بەرەی دوا ڕۆژی ئەم مـــیللەتە نەگبەتبـــارە، ڕابردووی باب و کاڵی خۆی لەبیر نەکا و جارجار پەندی لێ وەرگرێ.

خوشـــک و بـــرای هونەرمەنـــدم! هەر وەک گەرەگـــتە فەرهەنگـــی دراوسـێکان دەوڵەمەنـدکەی، لە هەشـت مشـتێکی لـێ لادە و بیـدە بە هاومالانی خۆت، با بەبێ ئەمەگ دەرنەچی.

خـۆزگە بە خـۆزگەی خـودا بـا زانـا و هونەرمەنـدانی کـورد، لە ڕابردووش و ئێستاشدا بزگوڕێکیان لە مامۆستای بەرز و نەمر، بـابە شێخی ڕووحانی خۆمان دادڕیبا. ئەم کارەی بابەشێخ کردی، دەربارەی مێژووی ناوداران، دەکرێ بڵێم بەونەبا، بەکەس نەدەکرا. هەر ئەو توانی پەڵەی هەڵەی سەرشانی زانایانی کوردی لە کورد خۆبوێر بسڕێتەوە و ئابڕووی ئێمەی دەڵەمە و نەبەگەی ئەمڕۆش بکڕێتەوە.

بەداخەوە منـــی هەژار بەخـــتم نەیهێنـــا، زۆر ســـالان لە فەیـــزی مامۆسـتای نەمـر بەهـرەوەر بـم، تەنیـا لەم دواییانە، بەهەڵکەوت ڕێگەم کەوتە لای ئینتشـــاراتی ســـرووش لەســـرووشەوە دەگەڵ ماجیـــدی ڕووحـانی بـوومە ئاشـنا. لەسـایەی کـاک ماجیـدەوە تـوانیم مامۆسـتا زیارەت کەم و بەدیتنی بەهرەوەر بم.

هەر لە هەوەڵ دیدارم بۆ ماڵی ئوستاد، فکرم سەر مەقولاتێکی دا، ئاخر منێکی هەژاری لە هەموو دنیا دەربەردەر، لەناو هەموو چین و بەرەیەک، لە کورد و عەرەب و تورک و فارسدا ژیاوم، بیرم وابوو کە ئاکاری خوداپەسند و ڕەوشی جوان و پاکورند، لەناو مەردم دانەماوە و لە حەوکێوان ئاوا بووە. دەمگوت پێشووش هەروا بووە، بەڵام نەخێر حیسابی من گشتی بەراوەژوو دەرچوو. ئەم خانەوادە نەجیبە، ژن و پیاوی، پیر و لاوی گشت لە گشتی خاوەنی ئەخلاقی بەرزی بێ نموونەن. لەو کەسانەی کەمن هەتا ئێستا دیومن، ئەمانە زۆر جیاوازان. هەیاران! ئەم ئاکارانە لەم خێزانە، دیارە سەرچاوەی لەو باوە و لەو دایکە هەڵگیراوە.

زانیم کە کەوتوومە شوێنێک، فیزو خۆ بەزل زانین و گاڵتەوگەپ بە هەژار کردن شوێنی نییە، هەر بۆیە بەڕاشکاوی پرسیارم کرد: مامۆستا تۆ مەشغوولی چیت؟ لە مێژووی ناودارانی کورد چەند ڕووپەڕێکی نیشاندام. سەیرێکم کرد، ئەم کابرایە لە فارسیدا نەهەنگێکە، لە زمانی عەرەبیدا دەریایە کە، لە زمانی کوردی خۆماندا بێ هاوتایە... هەر ئەوەندم بۆ کرا بڵێم: کارەکەت یەکجار بەنرخە، خۆزگە بڵاو کراباوە.

بە بێ ئەوە هەست بکەم کە پێی خۆش بووە، یان غرووڕێکی تووش بووە، بەوپەڕی خۆبەکەم زانی فەرمووی:

نەخێر، شتی نیە، بەڵام چی بکەین هەر ئەمەندەم لەدەس هاتگە، کردوومە.

قسەی ئەو شاعیرە ڕووسەم بیرکەوتەوە کە وتوویە: بۆشکەی پڕ دەنگی لێ نایە، بۆشکەی والا دەنگی لەدنیا بڵاوە.

بۆ خوا شوکور بڕیار درا کە ئەم ئەسەرە چاپ بکرێ. بۆ یەکەم جار لەژیانی پڕ کڵۆڵیم دا بەختی کەچم ڕاستی هێنا کە ئیدارەی پەژوهێشی ئێران زەمین بەخێری خۆی منی هەژاری نێونووس کرد کە بەر لە چاپ بیخوێنمەوە. مەسەل دەڵێ: ئەگەر خوا دای پاڵەوەدە. ئای لەو مزگێنییە شیرینە.

کتێبم هاتە بەردەستان، تازە بە تازە تێگەییم کە مامۆستای نووسەری ئەو پەڕانە چەی کردووە و پایەی زانستی چەندە بەرزە، تازە بە تازە تێگەییم کە ئەم پیاوە چەند حەول و تەقەلای داوە و چەند لە ڕێدا ماندوو بووە! پیاوێکی بێ بونییە و لاواز چل و چەند ساڵ خرابێتە ماڵێکەوە، سەر لەسەر کتێب هەڵنەگرێ، هەر لێرە متاڵا بکا و هەر لەوێوە قەڵەم بەرێتە سەر کاغەز و تۆمار بکا. بۆ نموونە ئەمڕۆ کێ هەیە بتوانێ چەند کتێبی هەزاران پەڕ وەک لۆغەتنامەی دێهخودا، (الکامل ابن اثیر)، (الاعلام زرکلی) مێژووی مەسعودی وبولفیدا، (معجم البلدان)ی یاقووت و سەتان کتێب و ناميلكەی گەورە و پچووک لە عەرەبی و فارسی و کوردیدا وەخوێنێ و هەرکامێکیان بپشکنێ، لە سووچی هەر ڕووپەڕێکدا تووشی ناوی کوردێک ببێ، دەست بەجێ بیقۆزێتەوە و بێ هەڵە بیگوێزێتەوە و ئەم چەند جڵدەی لێ پێک بێنین.

سەرەڕای ئەمەش کلیلی بەڵگە و سەرچاوە دینەوە بداتە دەستی لاوانی دوا ڕۆژی کورد، کە هەرکەس ویستی دەربارەی کوردێکی ناوداری مێژوو بتۆژێتەوە و بنووسێ، ناچار نەبێ کون و کارێژی کتێبان لە کتێبخانان پەیدا بکاو، بەخۆڕایی ماندوو ببێ.

من لەم پێدا چوونەوەم دا، بیرم لەوە دەکردەوە کە خوایە ئەم پیرەمێردە ممبارەکە، لەڕێگەی زیندووکردنەوەی ڕابردووەکانی

هونەرمەند، دەبێ چەند ڕەنجی کێشابێ؟ خوایە دەبێ چەند دڵۆپی خوێنی گەشی دڵی تەنگی، تێکەڵ بە مەرەکەف بووبێ ورژابێتە سەر ئەو کتێبە بەنرخە؟ چۆن توانیویەو چۆن دەتوانێ ئەم هەموو ئەرکە دەربەرێ؟ دیسان لە دڵی خۆما دەمگوت: ئەم پیاوە ئەویندارێکە گراوییەکەی ژینەوەی فەرهەنگی کوردە. ئەویندارن بەڕاستیش لە رای گەیشتن بە ئاوات لە هیچ خەتەرێ کۆناکەن.

من بە بیری هەژارانەم، لە مردوو و زیندوو کردنەوە، لە مەسیحیشی تێپەڕاند. ئەگەر مەسیح لازارێکی خستەوە ژین، مامۆستای نەمر بابەشێخ، میللەتێکی لە مردنی بێ فەرهەنگی ڕزگار کردووە، دروودی خودا لە گیانی پاک و پیرۆزی.

## ٥٧- هەبوون و نەبوون (شیعر)[(١)]:

هەبــوون و نەبــوون داوی ســپی و ڕەش
کۆچی دوایی کرد شـەوی سـەر بە هەش
بە قەدوومـــی ســـەرم لێـــی پـــاڕامەوە
بەقەد ســـەری مـــووی جـــواب نەدامەوە
زولفـــی پــڕ شـــکەن کەوتە ســـەر داوێـــن
تەڕ بــوو بە ڕێــژنەی فرمێســکی خــاوێن
دەریـــای بـــێ ســـەروبنی ســـەراوبن
گریـــا بـــۆ کـــوڕ و کـــچ و پیـــاو و ژن
باڵـــداری هەژاری شـــۆخ و ڕەنگـــین
دڵـــداری بە دەرد و ئـــێش و خەمگـــین
ئەی ســـەروەری هـــۆزی ســـینە داغـــان
ڕێ شـاندەری مەرگـی ڕاسـت و سـاغان
مەردانە دەبەخشـــێ گیـــان لە ڕێـــی دڵ
هەر تـــۆی کە لە مردنـــێ نەکەی ســـڵ
لەو ڕێـــگەیە خێـــوی نێـــوی بەرزی
داخـــــم کە دەچیـــــتە بەر دەلەرزی
ناوێســـتێ گەلێـــک لە ڕووی ئەوینـــێ
هەر کـــاڵی دەڕۆی لە ڕووی زەمینـــێ
زۆر شـــــەرمە پەلەی دەکەی ئەوەنـــــدە
لەرزیـــــنە کە تـــــۆزێ ناپەســـــندە

(١) ئەحـمەدی خـانی، وەرگێڕانـی: مامۆسـتا هەژار، گۆڤـاری سـروە، ناوەنـدی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ساڵی حەوتەم، ژمارە ٥٩، ١٣٧٠، ل ٣٨، ٣٩.

خـــــــۆڕانەگری لە كـــــــاتی تـــــــاڵی
مەرگـــت بـــوێ پـــوختە نیـــت و كـــاڵی
دڵـــــدار نەمـــــرە لە ڕووی زەمینـــــێ
كەی ســــــووتن و مردنــــێ دەبینــــێ
گەر پــــوختە بـــبن لە ڕووی ئەوینـــێ
كــــــاتێ دەمـــــــرن دەكەونە ژینــــــێ
لەشـــیان كە نەمـــا ژیـــانی پـــاكن
بەم بـــۆنەوە بـــێ گومـــان و پـــاكن

لە مەم و زینی خانی وەرگێڕدراوە

## ٥٨- مەستوورەی ئەردەڵان (وتار)(١):

ئەگەر هەمــوو کــوردێکی شێعرپەرســت و، ئەدەب خۆشەویســت دەگەڵ ناوی مەستوورەدا ئاشنایی نەبێ و لە تام و، بۆنی شێعرەکانی مڕوتێر نەبووبێ، شتێکی سەمەرە و سەرسووڕێن نییە.

چــونکە مەســتوورەش بە ناشــکوری نەبــێ وەبەر بەناشــکوری نەبێیەکانی زۆر، و زۆربەیتری ئەکەوێ. ئەویش وەک زۆربەی شاعیرە گەورەکانمان دیوانی فەوتاوە و، تاک و تەرا شێعری کوردی و هێندێک پتر لە شێعرە کوردییەکانی، شێعری بە فارسی ماون و درەنگانێک و لە هەلێکدا ئەو فارسییانەی لە چاپ دراون و کوردییەکانی لەبیر کراون و هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە. بەڵام لێم روونە هەموو کوردێکی ئەدەب پەروەر کەم و زۆر ناوی نالی نەمری بیستووە، و شێعری نالی خۆشویســتووە و نــالیش شــاهیدی داوە کە مەســتوورە لە شــاعرە گەورەکانە. نالی قەسیدەیەکی مەشهوری دەرباری مەستوورە هەیە و سەرەتاکەی بەو بەیتە دەست پێ دەکا: مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ، هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابی. ئێستە ڕەنگە کەسێک کە ئەم مەبەستە دەبیسێ زەردەخەنەیەکی بێتە سەر لێوان و بڵێ خۆ ئەم قەسیدەیەی نالی پێداهەڵدانی مەستوورە نییە و نیوە هەجوێکە.

---

(١) مامۆستا هەژار، گۆڤاری سروە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ساڵی ١٣، ژ ١٣٨، ١٣٧٦، ل ٣٤، ٣٧.

بەڵام ئەگەر دوای زەردەخەنـدە کە بـکەونە بیـرو لێکـدانەوەیەکی ورد، ڕەنگە بیریان لەم بابەتەوە بگۆڕن و وردتر لێی بنۆڕن و بزانن کە شـایەتی لەوە بە حەقتـر نـابێ. نـالی کە بێگومـان خـودای مانـای ورد و نەهەنگی دەریای وێژە و سـەردەسـتەی بـوێژان و تاقەسـوارەی مەیدانی زمان پاراوان بووە. خۆی باش ناسیووە وجێگەی خۆی لەهەرە بەرزاندا دیـوە، لە ڕۆژگـاری خـۆی دا بە هەر لایەکـی دا ڕوانیـوە کەسـێکی وای وەبەرچاو نەهـاتووە کە شیاوی مەیدانداری و دم لە دم نـانی ئەو بێ، خـۆی بە خـاوەنی سـێ ملـک زانیـوە و دیـوانی دانـاوە، نـالی شـێری بێشــەڵانی وێژەوانــی بــووە وەبەلایەوە کەمــایەتی بــووە کە پەلامــاری چەقەڵ و ڕێـوی بـدا، لە غەنیمێـک گەڕاوە کە هـونەری خـۆی لە بەگـژا چوونی ئەوا دەرخا. غەنیمی شـێر، ئەبێ پڵنگ بێ، غەنیمی نـالی، ئەبێ کەسێک بێ کە خۆی بە هاوتای نـالی بزانـێ و نـالی لێی بترسـێ، و لای وابێ لەوانەیە کاپی قارەمانییەتی لە دەست دەربێنێ. ئەو غەنیمەی نـالی یە تەنیـا مەسـتوورە بـووە، و بەڵگەشـمان ئەوەیە کە نـالی هەر بە گـژ مەسـتوورەدا چـووە. هەر بەوەدا کە نـالی بـۆ بەربەرەکـانی مەسـتوورە ئەم هەمــوو فەســاحەت و بەلاغەتەی بەکــار بــردووە، و ئەو هەمــوو کەرستە نایابەی لەو قەسیدەیەدا دەکار کردووە دیارە مەستوورەی بە چیـایەکی بەرزی وازانیـوە کە زۆر دژوارە دەرۆسـتی بـێ. لە زەمـانی (ابونواس)دا زۆر شاعیر لە بەغدا هەجوی ابونواسیان دەکرد و ابونواس جـوابی نەدەدانەوە. دۆسـتانی تەوس و پلاریـان تێـدەگرت کە چـۆنە وا لەبەر فڕهاوێژان دەمت بوەتە تەڵەی تەقیو، و بەگژیـان دا نـاچێتەوە؟ لە دەرامـا دەڵـێ: ئەمـانە هاوتـای خـۆم نین. مـن نـامەوێ بە شـێعری خـۆم ناویـان بەرز کەم و خەڵـک بڵـێن دەگەڵ ابونـواس کەللە لە کەللە ئەدەن.

بەڵێ ئەو کەسەی نالی بە شێعر لێی دواوە و بە ئەدیب و جوان چاکی داناوە شاعرێک بووە کە بۆ دەم لە دەمنانی نالی شیاوە، و بۆ نالی کەسری شان نەبووە کە بەگژیا بچێ.

مەستوورە کێ بووە و لە کوێ بووە؟

ناوی ماهشەرەف خانم بووە و نازناوی شێعری مەستوورەیە، کچی ئەبولحەسەنخانە و ناوی خانەدانیان بە قادری دەرچووە. محەمەدخانی خەزێنەداری ئەمانۆڵلاخانی والی دەبێتە باپیری ئەم شاعیرە کوردستانییە. خزم و کەسی مەستوورە زۆربەیان لە بارەگای حاکمانی ئەردەلانی دا دەست بەکار و کاربەدەست و بەڕێز و حورمەت بوون.

ماهشەرەف خانم ساڵی ١٢١٩ی کۆچی لە شاری سنە هاتۆتە دنیاوە و لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا لە شاری سلێمانی دنیای بەجێ هێشتووە.

مەستوورە و نووسەرانی ئەو ڕۆژگارە:

ئەگەر باسمان کرد کە نالی ناوی مەستوورە بە جوان چاکی وێژەوان ئەبا، مەولەوی تاوەگوزیش کە ئاڵاهەڵگری شاعیرانی کۆن و نوێیە، و ناوی ئەو مایەی شانازی هەموو کورد زمانێکە، لە جوانی یەکەی دواوە، و دیارە بە ئەدیب و زاناشی زانیوە و لێی روون بووە ئەو خانمە ئەدیبە حەتمەن ئەدەب پەروەر و قەدری شێعر دەزانێ، و پێ هەڵکوتنی شاعیرانەی بەلاوە پەسەندە، بۆیە وێراویە بەو دوو تاک بەیتە پەستی جوانییەکەی بدا کە ئەڵێ:

خورشیدەکەی ناز ئەوجی بورجی سەور
سەر توغرای دەفتەر مەحبووبانی دەور
هانە خانەکەی بورج شەرەف دا
نوورئەفشا نیشەن وەهەر تەرەف دا

میرزا عەلی ئەکبەری (صادق الملک) کە تاریخی کوردستانی لەژێر ناوی (حدیقەی ناصریە)دا نووسیوە لەم بارەوە ئەڵێ: لە بنەماڵەی ئێمەدا کیژێکمان لێ هەڵکەوتووە کە ئامۆزای منە و ناوی ماهشەرەف خانمە و نازناوی شێعری مەستوورەیە، ئەم ئامۆزایەی من لە زانست و هونەردا، لە خەت خۆشی و ئینشانووسین دا، و بە تایبەتی لە شێعر هەڵبەستن دا بلمەتێکە، و لێم روونە لە تاریخی شێعر و هونەردا، رووپەڕێک بۆ خۆی تەرخان دەکا. نزیکەی بیست هەزار بەیتی هۆندۆتەوە کە یەک لە یەک تێر و پاراو و جوانترن. ئەو کیژە مامە بە جەوهەری من کە خێزانی خوسرەوخانی والی ئەردەلان بوو، لە تەمەنی چل و چوارساڵی دا چاوی لە دنیا پۆشی، و لەو دنیا کەوتە خۆشیەوە.

رضا قلی خانی هدایت لە بەرگی دووهەمی کتێبی (مجمع الفصحا)دا لە رووپەڕی ٤٥٦دا نووسیویە: ماهشەرەف خانم کە نازناوی شێعری مەستوورەی کوردستانی‌یە کچی ئەبولحەسەن بەگ و خێزانی خوسرەوخانی والی سنە بووە، ناوبانگی خەتخۆشی و جوانی و ئاکاری مەردانە و شەرم و حەیای ژنانەی ئەو خانمە نەجیب و نەجیب زادەیە لەناو ناودارانیدا جێگەیەکی بەرزی گرتۆتەوە.

١- دیوانی شێعرەکانی- لە دیوانی مەستوورە کە بەشایەتی میرزا (علی اکبر صادق الملک) لە بیست هەزار بەیت زۆرتر بووە و زۆربەیان بە زاراوەی گۆرانی و بە شێوەی سۆرانی بوون، وەناوە ناوەش شێعری

بە فارسـی، دانـاوە، ئێسـتاش زۆر بەداخەوە تـاک و تەرایەک نەبـێ، کـوردی‌یەکـانی نەمـاوە، و تەنیـا تۆزێـک لە شـێعرە فارسـی‌یەکانیشـی دەست کەوتوون کە چەند ڕووپەڕەیەکی بە ناوی دیوانی مەستوورە پێ ڕازاوەتەوە.

٢- تـاریخی ئەردەلان مێـژووی بنەمـاڵەی ئەردەڵانەکـانە کە بە فارسـی نووسـراوە و لە سـاڵی ١٣٣٨ی هەتاویـدا بە کۆششـی خوالێخۆشـبوو ناسـرخانی ئـازادپوور لە شـاری سـنە لە چـاپ دراوە. خـوا خێـری بنووسێ.

٣- نـامیلکەیەک دەربـارەی بیروبـڕوای ئیسـلامەتی، و ڕێوشـوێنی خواپەرستی کە بەداخەوە هەروا بە دستخەتی ماوە، و کەسـی وای لـێ پەیدا نەبووە بڵاوی بکاتەوە.

چەند پارچە هەڵبەستێکی کوردی بە هەر دوو زاراوەی سۆرانی و گـۆرانی کە هەر بەسـەر کـۆنە بەیـازانەوە، قەتـیس مـاون، و بە چـاپ نەگەیێنـدراون. جـگە لەوشـێعرانەی کە لە دیـوانەکە دان لەنـاو تاریخەکەشـیا چەنـد پـارچە شـێعرێکی بەرچـاو ئەکەوێ کە دەگەڵ مەبەسـتی تاریخەکەیـا ڕێـکە، و نەخـراوەنەتە نـاوی دیـوانی غەزەل و هەڵبەستەکانی.

ڕەنـگە زۆر کەس بیـر لەوە بکەنەوە کە باشـە، دەزانـین زۆر کـچە کوردی زرنگ هەڵکەوتوون، بەڵام کۆمەڵی بێ مێشک و، دوور لە ژیاری و خوێندەواری هەمـوو لای لـێ تەنیـون، و نەیهێشـتووە ژن هەر چـونکە ریـش و سـمێڵی نیـیە وزەی لـێ بـێ و خـۆی بنـوێنێ، ئەوە چـۆنە؟ ئەم مەسـتوورە خـانمە، زیـاد لە هەمـوو مێـوینەیەک توانیـویەتی بنووسـێ و بخوێنێ، و دەستە و یەخەی شاعیران و بوێژانی پیاو و خاوەن ناو ببێ،

و له ڕێـگه لادان بـۆ ژن ناشـێ. بەڵـێ ئەو پرسـیارە بەجـێیە بەڵام وەرامیشمان پێیە.

مەستوورە خێزانی خەسرەوخانی ناکام بووە، و خەسـرەوخان بۆ خـۆی هونەرمەنـد و ئەدەبپەروەرێکـی بـێ هاوتـا و بـوێژێکی قەریـحە ڕەوان و دانـایەکی هـۆزان بـووە، و بە وتەی ئەستێرەناسـان دوو ئەستێرەی پیرۆز گەیشتوونە یەکتری، و هاوسـەری هونەرمەند، مـایەی شانازی هاوسەری هونەرمەند بووە.

ژن و مێـرد شـێعریان بە یەکتـردا هەڵگوتـووە، و تاسـەی خۆشەویستی بە زمانی هەڵبەست، زۆر لە خۆشم دەوێ ڕەمەکی نازک و نازەنینترە. چ لەوە خۆشترە، دوو هـاودەم بە زوانـی یەکتر بزانن، و لە یەک بـگەن، چ لەوە خۆشـترە خۆشەویسـتتـرین کەس هـونەرت هەڵسەنگێنێ، و لە وردەکاریت تێ بگا، و قەدری نوکتەسەنجیت بزانێ، و لە هەمان کاتا ئەگەر کەم و کۆڕییەکت هەبێ بۆت هەڵگرێتەوە، و شتی جوانتری لە جێگە، دانێ.

دیـارە خەسـرەوخانی شـاعیر و هونەرمەنـد، ئەگەرچـی نازنـاوی ناکامی بەخۆیەوە لکاندووە هاودەمی ئەم هاوسەرە زۆر کـامڕەوا بـووە، وەکـێ دەڵـێ ناکـامییەکەی لەبەر چـاوەزار هەڵنەبـژاردووە؟! دیـارە لە جیـاتی ئەوە بڵـێ ژن ژانە و چ کـاری بە کـاری پیـاوانە، گوتـویەتی ژن ژیانە و بە بێ ئەو دونیا وێرانە! لەجیاتی سـەرکۆنە کردن، دنە و هـانی داووە و لە شێعر و هۆنەر را یاریدەی داووە، و یاریدەی وەرگرتووە، کـامڕەوایـی ئەم جـووتە هونەرمەنـدە لە ڕۆژگـاری هـاولانی و دەسـتەملانیدا لە نووسـراوەکانی مەسـتوورەدا تـکە تـک هەنگـوین و

گەزۆی لێ دەبارێ، و دەربـاری مێـردی خۆشەویسـت و لەبەر دڵانـی، شیرەی گیان و ژیان دەدەڵێنێ.

مەسـتوورە سـەرەتا پێوەنـدی خـۆی و خوسـرەوخان بەم چەنـد ڕسـتەیە دەنـوێنێ کە دەڵـێ: کـاتێ کە ئەمانوڵڵاخـانی مەزن، خۆشـی سـەرزەمینی لە لا بـۆژە ببـوو، بـۆ هەوارگەی بەهەشـتی گـوێزتەوە، گەوهەرە تاقـانەکەی کە خوسـرەوخانی خۆمـان بـوو، بەزینـدی سـەری خـانی گەورەش هەمەکـارە و سەرپەرسـتی خـانەدان بـوو هـاتە سـەر حوکم، وەک حوکمرانێکی بێوێنە لە ڕووی جیهانا خۆی نواند.

لە سـەرەتای حـوکمی ئەوا، کۆمەڵێک کە هێشـتا هەیبەت و زەبـر و زەنگـی ئەولاوە نۆجوانەیـان نەناسـیبوو، لە کەل و قوژبنـانەوە کەوتـنە سەرەتاتکێ کردن و لەسەر ڕێگەی، مارئاسـایی پاپۆکەیان دەخواردەوە کە بەڵکوو زەفەری پێ بەرن و لەسـەر ڕێـی لابەرن. پشـێوی بنێنەوە و لە بـازاری ئاشـوفتە کەڵـک وەرگـرن، بەڵام زۆر زوو فـرت و فێڵـی گـزی بازان دەرکەوت و خان سەرکەوت. غەیانەتکاران سـزا دران. هێنـدێکیش خەپە دران و لە زینـدان تونـد کـران. لە پـاش لێکـۆڵینەوەی دادگەرانە دەرکەوت کە ئەوانە بـێ تـاوان بـوون، ئیحتیبـاری پێشـین و سـی هەزار تـمەن تاوانەیـان بـۆ گەڕایەوە و بـۆ دڵـداری خەڵات کـران و وەڵای سـەرەوە خـران و دۆسـتایەتی چـاتر ڕەگـی ئـاژۆت و کـار گەیشـتە خزمـایەتی و خۆشـی لە خـۆم بـوومە بـانووی خوسـرەوخان و لە گەڵ ئەو جوانە بێهاوتایەدا دەستەملان بووم. مەستوورە لە تاریخەکەیا کە دێـتە سـەر باسـی خوسـرەوخانی خۆشەویسـتی بـڕوانە چـۆنی دەڕازێنێـتەوە کە دەڵـێ: نـۆ سـاڵی ڕەبەق کوردسـتان لەژێـر سـایەی جـوانمێری خوسـرەوخاندا لەوپەڕی سەربەسـتیدا ژیـا. لە ڕۆژگـاری

دەسـەڵاتداری ئەوا، هەرگیـز درکێـک داوێنـی گـوڵبژێرێکی نەڕووشـاند. خەم و خەفەت ببـوونە بەفـری پـارو ژیانتـاڵی بـاری کـرد و لە حەوت کێوان ئاوا ببوو. زۆر و زۆردار لە ڕۆژگاری ئەودا نە دەنگیان ماو نە ڕەنگیان. گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان خواردەوە و کەو لە دەورانی ئەوا لە ترسی ڕەشەبا خۆی لەبن باڵی شەهێن و بازدا دەشاردەوە، تەنانەت ڕەشەباش کە بۆنێکی زۆرداری لێدەهات کەمتر دیاری بوو. تەنیا دانە گرفنچـک نەبێ کە نەخۆشـی چـاوقووڵەکە دەسـکاری خـوایی بـوو، لە بەهـاری سـاڵی ١٢٤٤دا رووی کـردە ئەم مەڵبەنـدە و نـزیکەی هەشـت هەزار کەسـێکی چنییەوە و بـاری کـرد. ئیتـر کەس مـایەی لێوبەبـاری و لەش بەبـاری، تووشـی تـووش نەبـوو. خـۆ کە دێتە سـەرباری بـاس و ئاکاری خوسـرەوی دڵبەر و دڵداری، هەر ئاگر دەکاتەوە، گوێ بگرە کە دەڵێ:

خوسـرەو کە لە جوانی یا سەرتۆپی ڕۆژگار بوو، خەت و دەست و قەڵەمیشـی لە جوانیـیا بێوێنە بـوو. خەتـی خەت خۆشـە بەناوبانگەکـان ناویان ون کردبوو. لە هونەری نامەنووسی و خامەگێڕیدا کێ شـانی لە شـــانی ئەو دەدا؟ لە لەبــزی مبــارەکی گەوهەر دەبــاری و لە نــووکی بنووسی مرواری هەڵدەڕژا، لە ئازایەتی دا ڕۆستەم دەرکەوانـی بـوو، لە دەست بڵاویدا حاتەمی تەی لە نان و خـوانی ئەو سـەری سـوڕما، ئاکار و کـرداری چـاکی دەگەڵ جـوان چـاکییەکەی ڕێـک هـاتبوونەوە و کـاڵ نەدەبـوونەوە، بەڵام ئەم کـامڕانی و خۆشـی ژیـانە وەک هەمیشـە هەتـا سەر نەبوو. ئەو گوڵ بارانە لە تەمەنی گوڵ تێپەڕ نەبووە.

نۆ ساڵ دڵداری لە ناو دوو ئەویندااردا لە چاو تررووکانێک کەمترە و لێک هەڵبڕانیان لە هەموو ژانێک حەستەمترە. تۆ ئەڵێی مەسـتوورە لە

مەرگی ناکاوی جوانەمەرگی ناکامی، فرمێسکی لە چاوا وشک بووە و زبانی لە تاوان بەند هاتووە و دەستی قەڵەمی نەگرتووە و نەیتوانیوە بگری و ببارێنێ و دەست بجوڵێنێ و دەردوداخی ناخی دەروونی بۆ تاریخەکەی باس بکا و لەو بەسەرهاتە جەرگبڕە ئەوەندە تاساوە کە رستەی شەپۆڕەوان و شینگێڕی بە بیرا نەهاتووە. دەڵێن ئەگەر نەهاتی هات، چاووگوێ و زوان لە کار دەکەون، بە هەزار زەحمەت، بە بێ هیچ هونەرنومایی، بەسەرهاتی خۆی لە مەرگی خانا بە ساکاری دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

لە دوا دوایی‌یەکانی مانگی قوربانی ١٢٤٩ی کۆچیدا نووری چاوم و باوایی باوم دەردە باریکەی گرت و لەسەرجێ کەوت و لەبەر نەخۆشی سەودایی، مەودای دەرمان تەنگەبەر و نەخۆشی‌یەکەی بێ چارەسەر بوو. ڕۆژ بە ڕۆژ لە باریکی و بنێسیدا، منی کڵۆڵی چارەڕەشیش هەر ئەوەندەم پێ دەکرا کە ڕۆژ و شەو بێ وچان و حەسانەوە، بە دەوری دابێم و دڵداری بدەمەوە و شەو و شەونخوونی بکێشم و ئاخ هەڵکێشم و پیش بخۆمەوە و فرمێسک هەڵڕێژم. لەبەر خوا بپاڕێمەوە و بلاڵێمەوە کە دەروویەکی بەزەییمان لێ بکاتەوە و ئاوڕێکی بەخێرمان لێ بداتەوە. بەڵام دەگەڵ مردن چ دەکرێ؟ ئەگەر هات شاوگەدا و ڕووخۆش و مڕومۆچ بەلایەوە یەکێکە. دوو مانگ ئەو لە دەردوژان ئەتلایەوە و من لە تاوی ئەو ئەتوامەوە. تا لە ئاکاما ئەوەی لێی دەترسام بەسەرم هات و نەهاتی بە لەشکر و سپاوە هاتە سەرم، ڕۆژی پێنج شەممە دووهەمی مەولوودە مانگی ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی بەرەو بەهەشتی خودا کۆچی لێنا، منیش بە کۆست کەوتەیی بۆ خەم و پەژارە مامەوە.

دوای مەرگــی کــوتوپڕی خوســـرەوخان مەســـتوورە نـــزیکەی سێزدەسـاڵ بە بێوەژنی و ناکامی ژیـانی ڕابواردووە و لە خـانەوادەی ئەردەڵانیانـدا ژیـاوە. لە پـاش مەرگـی خوسـرەوخان ڕەزاقـوڵی خـانی کــوڕی بــۆتە جێنشــینی لە مــاوەی ســێزدە ســاڵدا کە دەورانـــی فەرمــانڕەوایی ڕەزاقوڵیخــان بــوو، دنیـایەکی پــڕ لە پشــێوی و هەرا و هوریـا بـووە. ئـاژاوە ئەو مەڵبەنـدی بەرخـۆ داوە، تـا سـەری کێشـاوەتە بڕانەوەی دەورانی فەرمانڕەوایی خانەدانی ئەردەڵانی.

لە کــاتی فەرمــانڕەوایەتی ڕەزاقوڵیخــان کــوڕی خوســـرەوخانی خودالێخۆشـبوو دابـوو کە خوسـرەوخانی ئەرمەنـی هێرشـی هێنـاوە و کوردستانی بەرچۆکی خۆی داوە و لەم کێشـە و هەرایەدا ڕەزاقوڵیخـان گیراوە و خانەدانی ئەردەڵانیان لێیان قەومـاوە، مەسـتوورە لەو بـارەوە دەنووسێ:

وەختێ کە خوسـرەوخان هاتە سەر سنوورەکانی کوردسـتان و بە درۆ و سـوێند و چـاپ گـووپ ڕەزاقوڵیخـانی لە خشـتە بـرد و کێشـایە بەرکەمەند و خان و ماڵمان نەما، مـحەمەد سوڵتان و پیاوە گەورەکانی ئەردەڵانـی سـووک باریـان لێنـاو ڕوو بە هەورامـان کشـان و بەرەو ئەو دیو خوشین. نووسەری ئەم وتارەش، یەکێک بووم لەو ئاوارانە. هەوەڵ شـەومان لە هـۆش و بـارانی ڕۆژ کـردەوە و بـوومەلێڵی بەیـانی بە چیـا هەڵرووسـکاین. ئەممـا چیـا چ چیـا! ڕاسـت ئەو مەسـەلە بـوو کە دەڵـێن باڵدار باڵی لێ دەوەراند و ناڵدار ناڵی دەرپەڕاند. هەور بە هەناسـەبڕکی لێی وەسـەر دەکەوت و عاسـمان لەبەر تیشـە بەردە بەرزەکانی هەمـوو لاشــانی رووشــا بــوو. بە هەر چــنگە بــڕکەو چەرمەســەرەیەک بــوو

سـەرکەوتین و بەرەو شـارەزووردا کەوتـین و لە گونـدی سـەرگەت سرەوتین و بار و بنەمان بە زەوی دادا.

حوسێن قوڵیخانی پوورزام کە ماوەیەک بوو لە سلێمانی دەژیا و زۆر قەدر و عێزەتـی هەبـوو، هەر کە دەنـگ و باسـی ئـێمەی زانیبـوو، زەلام و بـارەبەرێکی زۆر و زەوەنـدی نـاردبوو. هەمـوو کەسـێکمان لە پیـاو و ژن چـووینە شـاری سـلێمانی و بـووین بە میـوانی حوسـێن قوڵیخان و بە پێی توانا دایمەزراندین و حەساندینییەوە.

وادیـارە ئەو پەنـا و هومێـدەش هەر سـاڵێکی خایانـدووە و دوای ساڵێک حوسێن قوڵیخـان عەمری خودای بە جێ گەیاندووە و داخێکی نـوێ برینـی مەسـتوورەی کولانـدۆتەوە و شـینی لـێ تـازە کـردۆتەوە و ئەویـش لە تـاو و تـۆی مەرگـی ئـازێزانی تـواوەتەوە و خـوا بـۆ خـۆی بردوویەتەوە. خۆی لە دوامین یادداشتەکانیدا وای نووسیوە.

منی مەستوورەی ئاوارەش دوو سێ ڕۆژ لە دەرد و کەسەری ئەو جوانەمەرگە بە دەست لەرز و تاوە دەلەرزم و ئەتاوێمەوە، داخوا خوای گەورە چم بەسەر بێنێ.

ئیتـر خـوای گەورە هەر ئەوەی بەسـەر هێنـا کە بەسـەر هەمـوو ئافەریـدەیەکی ئەهێنـێ. لەو نەخۆشـی‌یەی نەخەلەسـت و هەر لە شـاری سلێمانی ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد و ئەو مەلە بەهەشتی‌یە بۆ یەکجاری لە خوێندن کەوت.

## ٥٩- من و شیعر (وتار)[١]:

مرخی شێعر خودادادی و تەبعی مەوزوون دەگەڵ منداڵ دێتە سەر دنیا. زۆرکەس لایان وایە شاعیری بەمیرات لە باوکەوە بۆ منداڵ دەچێ، ئەم قسـە زۆری ڕێ تـێ دەچـێ، هەرچۆنێـک بێـت، منـداڵێ کە لەوانەیە ببێتە شـاعیر، شـێعری خەڵک ڕاسـت دەخـوێنێتەوە، فەرقی لەنگ و لۆر دەکـا، بەڵام لە مـابەینی هـونەر و شـاعیردا، فەرق و جیـاوازی هەیە، کەسێ کە هەڵبەسـتە دەڵـێ و لەنـگ و لـۆری تێدا نییە، هـونەرە، بەڵام وشـەی شـاعیر لە وشـەی شـعوورەوە هـاتووە، واتـا هەسـت، هەمـوو هەستێکی باریک و پڕ لە مانای ناسک، با مەوزوونیش نەبێ، دەتوانرێ نـاوی شـێعری لـێ بنـرێ، کەوابـوو وشـەی هەسـتیار بـۆ شـاعیر پـڕ بە پێسـتە و وشـەی هـونەر بـۆ نـاظم ڕاسـتە. گـۆرانیبێژی خـۆوێژی نەخوێندەوار هۆنەرن، کە لە هۆنینەوەدا لەبارن، جا منداڵێکی دەتوانێ فەرقی شێعری لەنگ و نالەنگ بکا، دەتوانێ حەول بدا و ببێ بە شـاعیر، بەڵام دەبـێ زۆری شـێعری شـاعیرانی جۆراوجـۆر لەبیـر بـێ و زۆری متـاڵای کتێبـی هەمـوو جـۆرە و ئـاگەداریی تەواوی لە خەڵکـی دنیـای دەوروبەری خـۆی هەبـێ. بە کـورتی وەک مێشـەنگوین وابـێ، شـیرە لە گـوڵان هەڵمـژێ و لەپـاش دەسـکاری کردنێکـی وەسـتایانە بە شـکڵی هەنگوین هێقی بکاتەوە، ڕەنگە نەتوانم لەسـەر ئەو باسـە بڕۆم، چونکە

---

(١) مامۆسـتا هەژار، گۆڤـاری سـروە، ناوەنـدی بڵاوکردنەوەی فەرهەنـگ و ئەدەبـی کوردی- ئینتشـاراتی سـەلاحەدینی ئەیوبی، سـاڵی پـازدەهەم، ژ ١٦٠، ١٣٧٨، ل ٧٩-٨٤.

مەسەلەیەکی زۆر گرینگە و زۆر لە پیاو عاقڵان قسەیان لیٚکردووە، با باسی خۆم بکەم باشترە.

بابم تەبعی مەوزوون بوو، دەیتوانی شێعر بڵێ، بەڵام زۆری ڕق لە شـاعیری هەڵدەسـتا و لای وابـوو هەر کەس لە کوردەواریـدا دەبێـتە شاعیر، خوا نان و دۆی دەبڕێ و بە سواڵکەری دەژی و بە سـواڵکەری دەمـرێ، میسالیشـی بە حەریـق و مەلا مـارفی کـۆکی دەهێنـاوە کە ئەو دوانەی لە نزیکەوە ناسیبوون، حەریق کە مردووە نانی شـەوی نەبووە، مەلا مارفیش هەتا مرد سواڵنامەی بۆ هەرە پیاوی خـوێڕیش دەنووسـی و ئـی وا هەبـوو پـارەی دە نـانی بـۆ نەدەنـارد، کە دەڵـێم بـابم تەبعـی شـێعری هەبـوو جـار و بـارە تـاکە بەیتـی دەنووسـی جـارێکیش فەقـێ نامەیان بە شێعر لیٚ نووسیبوو، کە هێندێک قەند و چایان بۆ بنێرێ و بابم هەر لەسەر وەزن و قافیەی شێعرەکانی ئەوان جوابی دابوونەوە:

عەزیـزم شـێعر و بەیتـی تـۆ گوتـووتە
هەمووی سواڵ و زەلیلی و هات و هووتە
شـــتێکی زیـــادە قەنـــد و چـــا بـــرالە
نە پۆشـــاکە، نە پـــێڵاوە، نە قـــووتە
لەبـــاتی ســـواڵیی ئەســـپابی زیـــادی
وەرە تەرکـــی کە، مـــایەی ئـــابڕووتە
ئەوا نـــاردم دەزانـــم تەرکـــی نـــاکەی
کە خـووی بەد دوژمـنە و دایـم لەدووتە

ڕەنگە شێعری چاک نەبن، بەڵام زۆر لە وەزن و قافیەدا ڕێکوپێکن و ئەگەر حەولـی دابـا دەیتـوانی شـاعیر بـێ، مـامێکی دایکیشـم کە نـاوی

سەید حەمە سەعیدی نوورانی و یەکێک لە نزیکانی شێخی بورهان و مەلایەکی بەناوبانگ بووە، شێعری زۆرن و زۆریش شێعری چاکی هەن، بەتایبەتی قەسیدەیەکی کوردیی هەیە کە لەتە بەیتی سەرەتاکەی (پەرگەمای قەلبم، بە ڕشتەی مهیری مەولا رۆنرا)یە زۆر بە تەڕدەستی پەسندی شێخی خۆی لەناو چوارچێوەی سنعاتی کەلاش چنیندا، جێ کردووەتەوە، بەو بەیتە دوایی دێنێ و دەڵێ:

با حەواڵەی پاشی مونکێر بێ سەری نووکی کەلاش
چونکە عەف عەف وا لە دەوری پادشاهی دین دەکا

جا ئەگەر تەبعی مەوزوون لە باوکەوە یان لە بنەماڵەی دایکەوە بە منالّ بکا، یان هەر کەسە بە تەنیا بەشی خۆی وەرگرێ، من هەر زۆر بە منداڵی تەبعم مەوزوون بوو. زۆر زوو هەستم دەکرد فلان شێعر لەنگە و فلانە ڕاست و بێ زەدەیە.

تازە کوێرە سیواتێکم هەبوو، بابم دیوانێکی تورکیی پێ دەخوێندمەوە، شاعیرەکە میر عەلی شیری نەوایی بوو، من و ترکی؟ خوای تۆ دەزانێ وەک کەر لە داوەتدا بێ وابوو قەت یەک کەلیمەشم مانا نەدەزانی، جارجار لە خوێندنەوەدا گیرم دەکرد، ڕادەوەستام، دەیگوت بۆ نایخوێنییەوە؟ دەمگوت وابزانم تەواو نییە، تووڕە دەبوو: هەتیو تۆ ترکی نازانی چووزانی ناتەواوی و تەواویی شێعرەکە چییە؟ بەلام کە خۆی تەماشای دەکرد دەیگوت: بەڵێ لەنگە فلان کەلیمەی لێ دەرچووە، مەڵێ ناتەواوە، بڵێ لەنگە.

هەر زۆر بە منداڵی لەترسی شەڕە شێعر نە وەک بدۆڕێنم، زۆر زۆرم شێعر لەبەر کردبوو، وام لێهاتبوو کەم کەس بۆڕی دەدام. تەنانەت جارێک لە گوندێک ویستیان بۆ شەڕە شێعر بە کژ کوڕە مەلایەکم داکەن، وەک گرێوە ئە سپ هەر کەسە لەسەر هەڵبژاردەی خۆی دەبڕی. سۆفی عەلی ناوێک گوتی: ئەگەر کوڕی، مەلای دێ بردییەوە، مەڕێک دەدەم، ئەگەر ئەم کوڕەش بردییەوە مەڕێکم دەنێ. زۆر زوو سۆفی عەلی مەڕێکی بردەوە. شەوێکیش دەگەڵ چەند فەقێدا چووینە گوندێک بە ناوی (خورنج)، ئاغا رووی خۆش نەبوو، دەیەویست جوابمان کا، بۆ بەهانە گوتی:

– ئەگەر بە شەڕە شێعری فارسی، یان هەر بە شێعری عەرەبی، یان هەر بە شێعری کوردی شەڕە شێعری دەگەڵ بکەم با بۆ خۆی بۆم هەڵبژێرێ.

قسەی خۆمان بێ درۆم کرد، شێعری عەرەبیم هەر لەبەر نەبوو، بەڵام هەتیوی ئاغا زۆر ترسا، وەک دەڵێن بە پەتیش نەیدەکرد، فسی خوارد. نازانم گەلانیتر چۆنن، بەڵام هەر بەچکە کوردێکی دوو پیت و لەتێکی خوێند تووشی گرانەتای شاعیربوون دەبێ و لای وایە ئەگەر شێعر نەڵێ، هیچ کارە نییە، دەتوانین بڵێین ئەو کوردانەی کە دەرسیان خوێندووە سەدی نەوەتی خەریکی شێعر دانان.

منیش هەر زۆر زوو تووشی ئەو نەخۆشییە بووم، ملم نابوو لە شێعر یان باشتر بڵێم مێعر هۆنینەوە. بارۆکە بووم لاسایی قازم دەکردەوە. قەڵەم و دەفتەر بێنە و ڕەشی کەوە و ناوی شێعری لێ بنێ، بەڵام شێعر چ شێعر؟ یاخوا بە نسیبی دوژمنانت بێ. نەشمدەوێرا نیشانی کەسی بدەم نەوەک بمکەنە گاڵتەجاڕی خۆیان، بەڕاستی قسەی

قۆڕ و بن شڕ بوون و خۆم پێم وابوو زۆر باشن، بەڵام خوێشم جیاوازیم لەنێوان دادەنان، هێندێکیانم پێ شاکار و هەڵبژاردەتر بوو، بابم بیستبوویەوە کە خەریکی شێعرم، جا وەرە جوێنم بۆ داباریێ و بە سوێندی درۆوە، ڕەش ببمەوە کە من گوناهی وام نەکردووە.

جارێکیان بە شێعر جوابی نامەی ئاغایەکم نووسیبوو، جگە لەوە کە کابرا زۆری تاریف کرد و ئافەریمی لێ کردم، بۆ خۆشم لە خۆشیان دەتگوت فڕیم، پێم وابوو هیچ مریشکێک هێلکەی وا دووزەردێنەی نەکردووە.

ڕۆژێک لە سابلاغ لەسەر تاتەکانی مزگەوتی شادەرویش لەلای مەلا مارفی کۆکەیی دانیشتبووم و داوای شێعری تازەیم دەکرد کە لەبەری کەم، چونکە هەموو شێعرەکانیم لەبەر بوو، وەک دابی عەرەبی پێشوو من بووبوومە ڕاویەی مەلا مارف، بە مینگە و سەرخوراندنەوە گوتم:

– مامۆستا، من شێعرێکم گوتووە، بۆتی دەخوێنمەوە، تکایە لەبەر خاتری من مەفەرموو باشە، ئەگەر پێت باش نەبوو پێم بڵێ. شێعرە هەرە باشەکەم کە جوابنامەکە بوو، بۆ خوێندەوە کە لێبوومەوە گوتی:

– ڕۆڵەم ئەمە مێعریش نەبوو، زۆر منداڵانەیە، هەر ئێستا بیدڕێنە و خۆتی لێ نامۆ کە.

شێعرم دڕاند و فڕێم دا، پاش تاوێک گوتی: ڕاستی بڵێ هەمووی هی خۆت بوون یا لە خەڵکیشت دزیبوو؟ گوتم هەمووی هی خۆم بوون.

گوتی: ئەگەر ڕاست بکەی، دوو بەیتیان شاعیرانە و ڕێک و پێک بوون، ئەگەر وەک ئەوانە بڵێی بەهومێدم ڕۆژێک وەک خۆم لەبرسان بمری.

جا ئەگەر خانم ئاوابێ، دەبێ قەرەواش چۆن سەگێک بن؟ ئەوە شاکارەکەمە دەبێ بیدڕێنم، گووکارییەکانم چۆن؟ بێ سێ و دوو کردن دەفتەرەکانی دیوانە جوانەکەم ئاگر تێبەردان و خۆم لە شێعر و شاعیری تەرە کرد و بیرای بیرای ئاوڕم وەسەر نەدایەوە.

ئەو ڕۆژگارەی لە وشتەپە فەقێ بووم، ڕۆژێک کاکە ڕەحمانی حاجی بایزاغا هاتە حوجرە تەرجیعبەندێکی لە شێعری کوردی و کوردایەتی خوێندەوە، کە زۆرم لەلا خۆش هات، بەڵام حەول دا کە بیڵێ و بینووسمەوە، گوتی خاوەنیان کە خاڵەمینە سوێندی داوم وانەکەم وەدەست کەس کەوێ، کە لەو ناهومێد بووم، بۆ خۆم کەوتمە گارەگار. تەرجیعبەندێکم دروست کرد کە ئەویش هەر لەلای خۆم مایەوە و بۆ کەسم نەخوێندەوە، چونکە لام وابوو ڕووی مەجلیسانی نییە، ئاخری ئەویشم لەناوبرد.

لەبیرمە لەو زەمانەدا کە شێعرم دەگوت، ڕۆژێک دەگەڵ فەقێیەک بەڕێدا دەڕۆیشتین، فەقێ دەمی لە شێعر وەردەدا و هەر باسی شێعری باش و شاعیرانی ناوبەدەرەوەی دەکرد، منیش فرسەتم هێنا و غەزەلێکم لە شێعری خۆم بۆ خوێندەوە، گوتی:

بەخوا شێعری چاکە ئەوە هی کێیە؟

گوتم: شێعری مستەفا بەگی کوردییە.

گوتی: هەی هەزاران ئافەریم. توخوا ئەوجاریشی بخوێنەوە

دیسان زۆری لا خۆش هات.

گوتم: سا وەڵڵا شێعری خۆمە.

گوتی: دادەی ئەمجاریشی بخوینەوە.

ئەمجار کە خوێندمەوە، تفوویەکی کرد و گوتی: مردووت مریێ، کەی ئەمە شێعرە؟ ئەمە قسەی قۆڕە. بەڵام لە دواییدا کە بوبوومە ئەندامی کۆمەڵی ژێ- کاف و دیتم کۆمەڵە بە ئاواتەوەیە شاعیری هەبن و هێندێک شێعری پەسندکراویانم دیت و لام وابوو منیش هەرچۆنێک بێت دەتوانم وەک ئەوانە بهۆنمەوە، لە خۆشەویستیی کۆمەڵە بامدایەوە سەر شێعر گوتن و بوومەوە بە شاعیری ناچاری و لەوساوە نازناوی شاعیریم بەسەردا سەپا.

بەرەبەری زستان بوو. چووبوومە شار و سەرم لە کۆبوونەوەی برادەرانی حیزبی دا، چەند شێعرێکی شاعیرانی عێراقیشیان پەیدا کردبوو، گوتیان: زۆرمان نیاز بە شاعیر هەیە، کە لە ئینتشاراتی خۆماندا بەرهەمیان شان دەین و زۆر گرینگە، من هیچ دەنگم نەکرد، کە هاتمەوە دێ، بیری خۆم هەڵگوشی و توانیم قەسیدەی عەقڵ و بەخت دروس کەم، بەڵام زۆر دڵ کرمێ بووم کە ئاخۆ بەکار دێت یان نا؟ شەوێک کە لە بۆکان دەگەڕامەوە و میوانی کاکە رە حمانی حاجی بایزاغای ئاغای شێخلەر بووم، سەید کامیلیش لەوێ میوان بوو، باسی شێعر وشاعیرانی کورد دامەزرا، گوتم:

برادەرێکم شێعرێکی داناوە سوێندی داوم کە ناوی نەبەم و نوسخەی بەکەس نەدەم، بەڵام هێندێکم لەبەرە، باوەڕیش ناکەم بەکار بێت. هێندێکم لە عەقڵ و بەخت خوێندەوە، سبەینێ کاڵە و پێتاوم هەڵپێچاو ماڵاواییم کرد، کاکە ڕەحمان دەگەڵم هاتەدەر، دوو ئەسپ و سوارێک لە دەرگا بوون، گوتی: سواری ئەسپ بە ئەم پیاوە دەگەڵتا

دێ، گوتــوومه تــا نوســخەی ئەو شــێعرانەی پێــدا نەنێــری نەیەتەوە، دەشـزانم تـۆ تـاقەتی میـوانی وات نیـیە کە چەنـد مانـگ بەخێـوی کەی. هەرچی حەوڵم دا ڕزگارم نەبوو ناچار هاتمەوە نوسخەم نووسییەوە و ناردم، بەڵام نەزانیم کردبوو، لە جوابی کاکە ڕەحماندا نووسیبووم:

بە کوردی پێت دەڵێم لێم مەگرە ئیراد: دیاری شوانە وێڵە ئاڵەکۆکە.

بەو تــاکە بەیــتە تــێ گەیشــتبوو کە ئەو شــێعرانە ئــی خــۆمن، شێعرەکانی لەبەر کردبوون، جارێک بۆ قازی محەمەدی خوێندبووە وە، بەڵام نەیگوتبوو هی کێن، قازی گوتبووی بمدەیە ڕۆژی جومعە لەسـەر مینبەر بۆ خەڵکی دەخوێنمەوە، نەیدابوویە، دەمەو بەهـار کە چوومەوە شـار و سـەرم لە حیزب هەڵێنـا، تەماشـام کرد وا شـێعرەکانی منیـان لە تایپ داوە و بڵاوی دەکەنەوە، کاتێ گوتم: شێعری منە ئەوا نوسخەم بۆ هێناون، گوتیان دەسا دە بێ زۆرمـان شـێعر بـۆ بنووسـی، بەڵام چونکە بە ناوی نەناسـراوی هەژار نووسـرابوون، زۆر کەس بەئـی خاڵەمینیـان دەزانی و زۆر درەنگ تێ گەیشتن کە ئەو ئاگای لێ نەبووە.

بـۆ ژمـارە دووی گۆڤـاری نیشـتمان دەمەتەقەیەکـم دانـا و نیشـانی زەبیحیم دا کە چۆنە چاپی بکەین. وەریگرت و فڕێیدا، گوتی: ئەوە زۆر عەیبە و شـێعر نییە و ڕێـی نـاکەوێ لە گۆڤـاردا بـێ. بـۆ کـاکە ڕەحمـانم خوێنـدەوە بە زەبیحیــی گــوت مــن ئەو دەمەتەقەم بەلاوە زۆر باشــە. زەبیحی گوتی: بەڵێ بە راستی شتی چاکە و چاپی دەکەین.

## ٦٠- هەڵۆ هەر بەرزە (شیعر)[(١)]:

پاییزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە
با تەز و سەردە بە تۆز و گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەڕنێ خەزەڵ هەڵدەوەرێ
هەورە ڕەشپۆش و بە گریە و ناڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە
بە گژەی سەردی هەناسەی کەژ و کۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ:
داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم
ئەو دەمەی چۆن و چبووم، بۆ وا نییم؟
هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم
مامەوە گردەنشین بێ ڕاوم
دوورە گۆشت پۆڕ و کەوم، وەردەکەوم
گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم
پیرییە پاییزی وەرزی ژیانە
وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕنانە
وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم
ڕاوبەتاڵی منە هاکا مردم!
مردنیش هێندە نە سووکە و سانا
سەری لێ گێژە هەزاران زانا
چم بەسەر دێ کە نەمام و مردم
پەڕی بەر بایەک و خۆڵی وردم

---

(١) هەژار، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ١، ١٩٨٥، ل ٢١- ٢٤.

گیان بەرەو کوێ دەفڕێ ڕوون نییە بۆم
تۆ بڵێی بچێتەوە لای باوە هەڵۆم؟
تۆ بڵێی ڕاوێ هەبێ لەو بەرزە؟
پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەم عەرزە
داخم ئەو ڕازە لەبن سەرپۆشە
سەفەری نابەڵەدیی ناخۆشە
دڵ و دیدەم کە بە دنیا فێرە
چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە
ژین گەلێ شیرنە فیزی ناوێ
بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ
چاری ئەم دەردە لە لای قاڵاوە
گەرچی زۆر پیرە بە لاوی ماوە
دەچمە لای و بەوە چم لێ نایە
ڕەشییە و ئاوی ژیانی لایە
***
سەر نەوی دای لە شەقەی شاباڵان
هاتە وێرانەیەکی جێ ماڵان
بوو بە میوانی قەلێکی ڕووڕەش
چەپەڵ و ڕژد و لە مەردی بێبەش
قەل قڕی: لێم مەیە پێش زۆرداری
خوا شوکور زۆر بە کەنەفتی دیاری
زووبە چیت لێم گەرەکە پێم بێژە
دوور لە من بگرە لەشم بە نوێژە
وتی ئەی لالە قەلەی هەر لاوم
پیرم و زۆر لە مەرگ ترساوم
هەمە پرسێک و دەبێ بمبووری

هۆی چییە تۆ کە لە مردن دووری؟
وەک دەڵێن ئێوە بە چڵ ساڵ بارن
تووشی تووش نایەن و کۆسپ و بارن
ڕێیەکم پێ بڵێ بۆ هەرمانم
تۆی لە لات دەست دەکەوێ دەرمانم
سوێند ئەخۆم پاشی هەتا بشمێنم
هەر کەوێ ڕاوی بکەم بۆت دێنم

***

قەل گوتی: هۆزی هەڵۆ زۆر خاون
سەیرە لام چۆنە کە خاوەن ناون
باب و کاڵت بە نەزانی مردن
بیری سەربەرزییە وای لێ کردن
هەر کەسێ بەرزەفڕە زوو دەمرێ
بای بڵندایی سەر و دڵ دەگرێ
ماڵی ئێوە کە لە لووتکەی کێوە
لای جن و دێوە بەڵای زۆر پێوە
خوێنەپۆڕ پۆرگی دەخاتە خوێنێ
گۆشت کەوی تازە گرفتی دێنێ
جگەر و سی و دڵی مامر ژەهرە
تا وەها بی تەقەلات بێ بەهرە
دەتەوێ زۆر بژی، خۆش ڕابوێری
خۆ لە پەندم گەرەکە نەبوێری
وەرە وەک ئێمە بژی نزم و نەوی
شەو لەسەر گەندەڵە دارێک دەخەوی
خواردنی باشی کە تۆ نەتدیوە
گۆشتە بارگینی گەنی و تۆپیوە

کردنی چینە لە پەین و شیاکە
تاووتینی لەشە بۆ دڵ چاکە
پەندی باپیرە بە میرات ماوە
خوێنی زامی کەرە سۆمای چاوە
گفتی من گەوهەرە بۆت هەڵڕێژم
تاقە دوو ڕێت لەبەرە، پێت بێژم
یان لەناو بۆگەن و نزماییی ژیان
یان بە سەربەرزییەوە بسپێرە گیان

❊❊❊

ڕاچەنی لەم وتەیە پیرە هەڵۆ
هاتە بەرچاوی گەلێ کەند و کڵۆ
کەوتە ناو گێژی خەیاڵات و خەمان
مان ئەگەر وا بێ چ شرینە نەمان
وتی: پیرۆز بێ لە خۆت ئەم ژینە
جەژنی تۆ بۆ مە شەپۆڕ و شینە
کێ بە سەربەرزی ژیابێ تاوێ
ژینی قاڵاوی بە پووشێک ناوێ
چاوەڕێی مەرگە گیان با بیبا
پەڕ و باڵم لە چیا با بیبا
بە هەڵۆیی کە لە ژین بێبەش بم
نەک هەزار ساڵە قەلی ڕووڕەش بم
بۆ شتێک ئێستە لە خۆ بێزارم
من هەڵۆ بۆچی بەتۆ بوو کارم؟
مەرد ئەگەر کاری بە نامەردانە
دەردی سەرباری هەموو دەردانە

❊❊❊

کەوتە خۆ دای لە شەقەی باڵ دیسا
ئاگرێکی لە دەروون داییسا
ڕاستەخۆ بۆ سەروو هەر بۆ سەرچوو
هەردی جێهێشت و لە هەوران دەرچوو
قەل هەزار ساڵی ژیا بەو تەرزە
سەرنەوی و هێشتە هەڵۆ هەر بەرزە

## 61- Bo pêşewe barzanî (şî'r)(1):

ئەم شـــیعرە لە گۆڤـــاری مامۆســـتای کـــورد بە شـــێوەی لاتینـــی بڵاوکراوەتەوە.

HEJAR

Eger dinya mij û tem û tarîke…
Eger rêga kend û kllo û barîke,
Eger şewe û girmey hewr û barane,
Eger befre û şllêweye û tofane,
Eger gêje û krrêweye û borane…
Eger le hercêda çete û gorane,
To şareza û rê nîşanderî lawanî,
Bo pêşewe pêşman kewe barzanî,
Eger hewar nşêwe yan hewraze..
Eger lehî û lafawî bê pêbaze,
Eger çeq û lûr û mirey de^c baye,
Hemû der û dollêk prrî hezyaye,
Eger le her bin berdê ne'rey dêwe,
Her pinçkêk prrî le cind û xêwe,
Bakman nîye hêz û gurrî dillmanî,
Bo pêşewe pêşman kewe barzanî,
Eger dujmin prra û prrî dinya bê..
Şepoll bdatewe, wekû derya bê,
Çekî desî le ême zor zortir bê,

---

(١) هەژار، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٤ و ٥، ١٩٨٧، ل ١٤.

Le giş drrinde, wehiş û pyaw xortir bê,
Xoyan le naw zrêpoşan weşarn,
Bomba lebin frrokeyan dabarn,
Le kurdistan toman hebî besmanî,
Bo pêşewe pêşman kewe barzanî.
Ba kox û ladê û şarekan xapûrken,
Ba gulle top laşan le xwêna sûrken,
Xwênman lerrîy em nîştmane birrjê,
Mêşkî jin û kurr û kîjanman bipjê,
Lank û mnall be agrê bsûjin,
Ba wêran ken, bibrrin, biben, bikujin,
Le dwateweyn bab û bra û kesmanî,
Bo pêşewe pêşman kewe barzanî.

شیعرەکە بە سۆرانی، لە کتێبی (بۆ کوردستان) وەرگیراوە.

ئەگەر دنیا مژ و تەم و تاریکە
ئەگەر ڕێگا کەند و کڵۆ و باریکە
ئەگەر شەوە و گرمەی هەور و بارانە
ئەگەر بەفرە و شڵێوەیە و تۆفانە
ئەگەر گێژە و کڕێوەیە و بۆرانە
ئەگەر لە هەرجێدا چەتە و گۆرانە
تۆ شارەزا و ڕێ نیشاندەری لاوانی
بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی
ئەگەر هەوار نشێوە یان هەورازە
ئەگەر لەهی و لافاوی بێ پێ بازە

ئەگەر چەق و لـــوور و مـــڕەی دەعبـــایە
هەمـــوو دەر و دۆڵێـــک پـــڕی حەزیـــایە
ئەگەر لە هەر بــن بەردێ نەعــرەی دێــوە
هەر پنچکێـــک پـــڕی لە جنـــد و خێـــوە
باکمـــان نیـــیە هێـــز و گـــوڕی دڵمـــانی
بـــۆ پێشـــەوە پێشـــمان کەوە بـــارزانی
ئەگەر دوژمـــن پـــڕا و پـــڕی دنیـــا بـــێ
شـــەپۆڵ بـــداتەوە، وەکـــوو دەریـــا بـــێ
چەکـی دەسـی لە ئـێمە زۆر زۆرتـر بـێ
لە گش دڕندە، وەحش و پیاو خۆرتر بێ
خۆیـــان لە نـــاو زرێپۆشـــان وەشـــارن
بۆمبـــا لەبـــن فڕۆکەیـــان دابـــارن
لە کوردســـتان تۆمـــان هەبـــی بەســـمانی
بـــۆ پێشـــەوە پێشـــمان کەوە بـــارزانی
بـا کـۆخ و لادێ و شـارەکان خـاپوورکەن
با گولله تۆپ لاشان لە خوێنا سوورکەن
خوێنمـــان لەڕیـــی ئەم نیشـــتمانە بـــڕژێ
مێشـــکی ژن و کـــوڕ و کیژانمـــان بپـــژێ
لانـــک و منـــاڵ بە ئـــاگرێ بســـووژن
بـــا وێـــران کەن، ببـــڕن، بـــبەن، بکـــوژن
لە دواتەوەیــن بــاب و بــرا و کەســمانی
بـــۆ پێشـــەوە پێشـــمان کەوە بـــارزانی

## ٦٢- بیرەوەری بارزانیی نەمر (شیعر)[١]:

ئێمەی کورد چین؟ نایەژم کێین
بەڕواڵەتی جانەوەرین
جانەوەری کێوی و کەوی
وەربکەون، بلەوەڕێن
هەر لە مێروو تا مەل و مار
هیچ لا بێ لان و لانە نین
هەر گەلی کوردە لەم ناوە
لەماڵی خۆی تەرە کراو
لەهەموو لاوە ڕاو دەکرێ
زوان بەستە، دەم دادووراو
خاکێ کە دەبوو هین خۆی بێ
لەت لەتە داگیرکراوە
داهاتی سەر زەوینەکەی
بەفیڕۆ بۆ ئەم و ئەوە
بەیدەس کراوین لە خۆمان
لەخۆ بڵاو، بۆ ئەوان کۆین
غەوارە درزیان داداوین
بە چەند نرتک ناونراوین
خۆمان لەبیر بردۆتەوە
لەجەم کەم و بەدەم زۆرین
بۆ دانی ئەوان بووینە ئاش
لە جاشەتیشدا چەند جۆرین
دەبزووینەوە، دەچین و دێین
کامی؟ لە گشتیان کەمترین
زلی، گچکەی، بەرزی، نەوی
سەربەستن، لێیان دەگەڕێن
هەیانە شوێنێ بۆ ستار
بێ بوودڕ و کولانە نین
بێ نانە و بێ لانە ماوە
هێز لێ بڕاو، دەورە دراو
تووش تەپکە و تەڵە و داو دەکرێ
گشتی خاوە و خڕی بڵاو
لە سۆنگەیەدا نان و دۆی بێ
چەند مۆری پێوە نراوە
بەروبۆی، وشکە و شینەکەی
ڕۆژیش بێ بۆ ئەو هەر شەوە
بووینە دەسەمۆی نامۆمان
ئەشێ سەولەی ئەوان بخۆین
گەرەک جاجکی وان بجاوین
بە چەندین ڕەنگ، ڕەنگ کراوین
ڕەگەزمان لەبیر چۆتەوە
لاپەرەسەنی بەرماو خۆرین
بیلامانێ یەک بووینە جاش
سۆرین، شینین، بۆزین، بۆرین

---

(١) هەژار، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٨، ١٩٨٩، ل ٥٧- ٥٩.

جاشدارەکانیش دژ یەکن      لەسەر پاشوون چەنگ وەچەکن
بە جووتە تێکمان بەردەدەن      سەیر باز و گازمان دەکەن
شەڕ و کێشە و حەلەلایە      شەڕ لەسەر لێفەی مەلایە
شێر و خەت، وشک و تەڕیانە      لەسەر زێدی کورد شەڕیانە
ئێمەی کە پووک وەک پەڵاشین      بۆ دەستەچیلەی شەڕ باشین
با دەستەچیلە گڕ بگرێ      چش با جاشگەلیان قڕ بکرێ
لەئاکام هەرکام سەرکەوت      یان ناکام فسی دا و خەوت
نابێ شین گێڕ بین بۆ مردوون      بۆ گەنج و ڕەنجی بابردوون
ناشێ دڵتەنگ و پەشێو بین      زۆرەکیش بێ، کەن لە لێو بین
بۆ سەر داوەت بان کراوین      بارەبەری نان و ئاوین
گەرەکە بچمە ناو بەزم      لە زەماوەندا هەڵبەزم
هەڵپەڕکێکەش لە چ لایێ      بە چەند زوڕنا و چەند هەوایێ
زیندە باد، یەعیش و یاشا      بێژم، هەر لەخۆم کەم حاشا
بژی بێژم وە زوانی خۆم      زۆر گران تەواو ئەبێ بۆم
نیشانەی گەل پەرستییە      مەرجی جاشبوون بێ هەستییە
سزای گەلخواز لای جاشداران      قەنارەیە و گوللەباران

* * *

جارێک لە نێرینەی شەوا      جیهان لە غوڕابی خەوا
منی شەکەت پڕ ژان و دەرد      بە ئەسری گەرم و ئاخی سارد
ڕووی زەردم بەرەو حەوا کرد      گازندەم لەلای خودا کرد
خوایە خۆت ئەیزانی چ تۆین      ئاخر خۆ ئێمەیش کۆیلەی تۆین
لەوەتا لەم سەرزەمینەین      لەژێر ئەم عاسمانە شینەین
هەر پشتمان بەتۆ بەستووە      هەر بەنی تۆمان رستووە
دەتگاتێ ناڵە و نووزەمان      خوا هاواری بە کڕووزەمان
ئەم حەمکە ڕۆڵە کوژیاوە      ئەو گش ساوایە بێ باوە
ئەو گش کیژە ئازیەت بارە      ئەو گش پیرە لێو بەبارە
ئەم لەهیی خوێن و ئەسرینە      ئەم هەموو شەپۆڕو شینە

دەبیەی، دەبینی هەر دەمێ — کوا لە هەوری بەزەت نەمێ
وتیان تۆ زۆر خاوەن بەزەی — دژ ئەم کاریەلە ناحەزەی
دەردی کوردی وا لێقەوماو — دڵی بەردیش دەکاتە ئاو
چۆنە هیچ ڕوحمی پێ ناکەی — تاکەی ئەم بازاڕە تاکەی؟
کێی تر لەسەر ئەم زەویتە — وەک کورد شیاوی بەزەویتە

* * *

لەپڕ گوێم لە قاقایەک بوو — زانستی ناخویایەک بوو
بەئاوەزم پێ ئەخەنی — کە ئەی خێوی مژی گەنی
خوا کاری وە بنیادەم چەس — لەخۆی بەرپرسیارە هەرکەس
دەردی کورد کەی کاری خوایە — مەیخە مل خوا ئەم خەتایە
خۆت بدۆزە بزانە چیت — وەیدۆزە مایەی نەگبەتیت
تۆ گەلێکی لەچاو گەلان — نەفامتر لە ورچی تەلان
چەندین چەرخە لەوساوە هەی — نە تێگەیوی نە تێ دەگەی
ئەو جێی ناوت نا زێدی کورد — بەهەشت ئێرەییی پێ دەبرد
هەرچی پێداویستی ژیانە — مایەی خۆشیی لەش و گیانە
لە بەهەرەی کشتوکاڵەوە — لە خەزێنەی ژێر چاڵەوە
مشەیە لەزێدی تۆدا — بۆ خۆت هەمووت بەفیڕۆدا
خۆت کرد بەچیلکە و چاڵی دەشت — بۆ ئاردووی ئاورگی زەردەشت
لە موبید و موغ پەرستی — پووشیشت نەهاتە دەستی
نەگۆڕای تا دنیا گۆڕا — تا دین و دنیاشت دۆڕا
فێرببوی سەربەست نەدەژیای — بەبێ پڕ و پووچ نەدەشیای
لە چۆڵ گلا بووی کەوتیە چاڵ — تازی هەڵینای بە شەماڵ
وابووە پتر لە هەزار ساڵ — شڕە بەڕەی کۆنە سیپاڵ
بۆ مەلا، بۆ شێخ، بۆ دەروێش — سەربەخۆ خۆت کردە ڕمکێش
بەڕیش و پرچ و حاو و حوو — مرۆڤایەتییت لەدەست چوو
تەکیە و پیرت هەبا بەس بوو — ماڵی خوا بێ تۆ بێکەس بوو
دەتوت کێ لە خۆشیان لاربێ — با بەر بە حۆریان تەیار بێ

تــۆ هەر لە شــوێن خەیــاڵ گەڕای   خۆشــیت نەویســت ببــڕای ببــڕای

دنیـــــات دا بە دنیـــــا خـــــۆران   خـــاوەن زێـــڕان، خـــاوەن زۆران

بـێ سـڵ کـردن لێـت هـاتنە پـێش   خـانی گێـژ و تـووتنی خـۆش کـێش

تـا خوێنتیـان بـۆ مژیـا مشـتیان   چەندیشـتیان بـۆ کوژیـا کوشـتیان

لە ئاکامـــــا بەشــــیان کـــــردی   هەرکــێ چیــی بەرکەوت بـــردی

بریـای، خوریـای و قویـت دریـای   تــۆ هەر وتــت بەتەمــای خــوای

هیـوات بـوو خـوات بێـتە فریـا   کەی بەر ئەدا داری بریـــــــــــا

پـاش مەرگـیش لەبەر دڵکـوێری   تـــۆڵەت بەخـــودا دەســـپێری

* * *

گەلانـــــی لا لە تەکـــــیە و پیـــــر   لەبیـــــر دەرکەوتـــــن بەتەگبیـــــر

بـــوونە ڕونـــاکبیر، بـــوونە ژیـــر   پـــس پســیان کــرد گەوی زنجیـــر

خەیـــــاڵات نەدەلـــــوا بۆیـــــان   هانایـــــان بـــــردە بەر خۆیـــــان

پـــــڕو پووچیـــــان کوژانـــــدەوە   سیســـــــــایەتیان بووژانـــــــدەوە

مـــن منیـــان بـــوو بە تۆتـــۆیی   ژینیـــان زۆر بەرەوپـــێش ڕۆیـــی

لەســـــــۆنگەی ئـــــــازادیخوازی   بازیـــان دا ســـەر پیشەســـازی

دەریایـــان پشـــکنین شەشـــدانگ   لەســـەر بـــاڵان فـــڕین بـــۆ مانـــگ

بە جەوهەرانـــــــی هـــــــونەروەر   لەســـەر زەوی بـــوونە ســـەروەر

هـــیچ جانەوەرێکیـــان نەبـــوارد   حەزیـا بـوون ماریشـیان دەخـوارد

تـۆیش کە لە ورگـی مـاردا بـووی   پێشـــە شـــکیاو هـــاڕدرابووی

مـــاری کوردخۆریشـــیان خـــواردن   بەتـــوونی ورگیـــان ئەســـپاردن

تـۆی کە قەت وەک مـرۆ نەچـووی   لە نەبـــوو نەبـــووتریش بـــووی

بەعەزمـــی چـــوارەم گەیشـــتووی   هێشـــتا هەر ئاتـــاجی نوشـــتووی

دەمـــــــت نەمـــــــاوە، هەر بەدەم   نـــاوی خـــۆت نـــاوە بنیـــادەم

دەتبیـــنم لەم دنیـــای بەرتەنـــگ   خـۆت لـێ گۆڕیـوم بە چەنـد ڕەنـگ

ســووری، شــینی، بـۆری، کەسـکی   خەیـــاڵ بەرپـــانی، بیرتەســـکی

کرمـــانج و ســـۆران و گـــۆران   بـــێ ئاگـــان لە بـــاو لە بـــۆران

نیـــــــوە هەر دەم بە نـــــــزایە   نیـــــوەش دڵـــــداری حەزیـــــایە

له هه‌موو ژینتا سه‌رانسه‌ر    هه‌ر جارێک هاتت هاته‌به‌ر
له‌به‌ر وڕی و گێژی و کاسی    خدری زینده‌ت دی و نه‌تناسی
ئه‌و هومێده‌ت بارزانی بوو    نموونه‌ی له‌کارزانی بوو
گه‌لپه‌رست و دانا و زانا    مه‌ردێ بوو به هه‌موو مانا
به ئازایی بێ وێنه بوو    تاسه‌نگی له هیچ کوێ نه‌بوو
قه‌سته‌سه‌ری زۆرداران بوو    دلۆڤانی هه‌ژاران بوو
غیره‌ت شانازیی پێ ده‌کرد    هونه‌ر کڕنووشی بۆ ده‌برد
نیو چه‌رخ پتر ئه‌و مه‌رده    ئه‌و نه‌به‌زه، ئه‌و نه‌به‌رده
به‌ته‌مای ده‌ست و بازووی خۆی    تێکۆشا، تۆ بزانی تۆی
تێبگه‌ی که تۆش ئینسانی    به‌ده‌ردی دیلیت بزانی
نیازی وابوو ئازادت کا    به کامڕه‌وابوون شادت کا
به‌بێ چه‌ک به‌ده‌ستی خاڵی    قۆڵ و مه‌چه‌کی هه‌ڵماڵی
له‌داگیرکه‌ران ڕاپه‌ڕی    ڕیزی کوردخۆرانی دڕی
تۆپاندنی و چه‌کی کردن    به‌جارێک زه‌نده‌قی بردن
قڕی خسته داگیرکه‌ران    ناوبانگی گه‌یه هه‌نده‌ران
په‌ڵه‌ی نه‌نگیی تۆی سڕیه‌وه    ئابڕووی دزراوتی کڕیه‌وه
به‌ڵام تۆی له هونه‌ر ته‌کیو    له ژیان قه‌ت ئازادی نه‌دیو
وا فێری نانی نامۆ بووی    دژی ژیانی سه‌ربه‌خۆ بووی
بوویته به‌ڵاگێڕی دژت    بوویته مه‌تاڵ بۆ خوێنمژت
تفه‌نگ به‌شان، خه‌نجه‌ر له‌مشت    فرشته‌ی به‌ختی خۆت ده‌کوشت
یان بێ لایه‌ن سه‌یرت ده‌کرد    حیزه‌بخۆیی ده‌رت ده‌برد
ڕێوشوێنی بارزانیت نه‌ویست    ئامۆژگارییه‌کانیت نه‌بیست
تۆی نه‌خۆشی له‌سه‌ر مردن    قه‌ڵس بووی له ده‌رمان کردن
گه‌ر تۆ قه‌دری خۆت زانیبا    شۆپت شۆپی بارزانی با
ئێستا جاش نه‌بووی بۆ که‌ران    ئالات ده‌شه‌کا له‌سه‌ران
عاره‌بی له هه‌ر پیس پیستر    له به‌رازی هار نه‌گریستر
نه‌یده‌کرا هێرشت بۆ بێنێ    سامان و گیانت بڕفێنێ

گونـــــدت بەر بلـــــدۆزەر بــــدا
مشــکی و خۆڵـــت وەســـــەر بـــدا

بەو نیــــــازەی بنەبــــــڕت کــــــا
بە شـــــــیمیایی قـــــــڕت کـــــــا

بکــــات لە گونـــــدان و شـــــاران
وردە و یەخســـــیرت بۆمبـــــاران

هەڵەبـــــجە و بادینــــــانی تــــــۆ
زێـــدی پـــڕ پیـــت و جـــوانی تـــۆ

لە ژێـــر ئـــــاگر ببـــنە خــــاپوور
هەژدیهـــــاش ســـــەیرکەن لە دوور

ســـــەیرە گوتـــت حەزیـــا ئامـــــان
بمگەنـــــــێ دەســـــــتم بە دامـــــــان

تــۆ چیــت لەســـەرت بێــنە جــواو
تــــۆی وەک کەوی کوڵیـــو خـــوراو

دەنگـــی برچـــی کـــوا دەیگـــاتێ
دژ ڕۆن لەشـــــی تـــــۆی دەداتـــــێ

ئێســــتاش لەپـــاش دەربەدەریـــت
دەگەڵ ئەم ژیـــــنەی بـــــێ وەریـــت

هەر بینـــــــــا بەم زوانەی نەدوور
وەک ڕەشـــــەکانی چەرمەســــــوور

هەر نــاوت بــێ و خــۆت نەمــابی
بـــی بـــی جـــانی ســـینەما بـــی

* * *

گـــــــوتمێ زانســــــتی بە ئاگـــــــا
کـــورد دەفەرمـــوودەی تـــۆ ناگـــا

کــــــوردی وا هەژاری کێـــــــوی
نــــــــازانێ تـــــــۆ چ داخێــــــوی

* * *

١٩٨٩/٣/٣

بەهـــاری ١٩٨٩ یـــادی دە ســـاڵەی کـــۆچی ســـەرکردەی گەورەی نەتەوەی کـــورد بـــارزانی بـــوو. لەم بـــۆنەیەدا شـــاعیری خۆشەویســت و هێژای کورد مامۆستا هەژار ئەم شیعرەی داناوە و یادی ئەو سەرکردە نەمرەی کردۆتەوە. مامۆستا هەژار گەورەیی نواندوە و شیعرەکەی بە تایبەت بە گۆڤاری (مامۆستای کورد) پێشکەش کردووە.

## ٦٣- وشەی کەڵهوڕ (وتار)[١]:

بەرهەمی چاپ نەکراوی مامۆستا هەژار

مامۆستا هەژار پاش قەیرانی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوە ئێران. پاش ماوەیەک بێکاری و سەرگەردانی، بە هۆی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی و یارمەتی کاک مەزهەری خالەقی، لە بەشی کوردی ڕادیۆی ئێران‌دا، کاری نووسینی بەرنامەی پێ‌سپێردرا.

مامۆستا هەژار لەوان ساڵاندا، دوو بەرنامەی بە ناوی ناودارانی کورد و هەستیارانی کورد دەنووسی کە تێکست و دەقی بەرنامەکانی بۆ ڕادیۆکانی کوردی کرمانشان، سنە و مەهاباد دەنێردرا و لە ڕادیۆ کوردییەکانی تاران و ئەو سێ شارەدا بڵاو دەکرایەوە. ئەو دوو بەرنامەیە و بەرنامەکەی مامۆستا ڕۆژبەیانی (وڵاتەکەت بناسە)، ئەمن دەمخوێندنەوە.

بەرنامەی ناودارانی کوردی مامۆستا هەژار سەبارەت بە بنەماڵەی ئەردەڵان بوو، بۆ ئەو مەبەستەش کەڵکی لە (تاریخ اردلان)ی مەستوورە خانمی کوردستانی وەرگرتووە، زۆر هەڵەی مەستوورە خانمی کوردستانی ڕاست کردۆتەوە.

تێکستەکانی ژمارە ١- ٢- ٣- ٤- ٦- ٧- ٨- ١٢- ١٥- ١٦- ١٧- ١٨- ١٩- ٢٠ و ٢٢ی ئەو بەرنامەیە کە سەرجەم ٩٢ لاپەڕەیە لە لای من هەیە.

---

(١) هەژار، گۆڤاری مەهاباد، گۆڤاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٠، ١٣٨٠، ل ١٠، ١١.

مەستووره خانمی ئەردەڵان له کتێبەکەیدا کوردان به چوار تیره دابەش دەکات، مامۆستا ئەو هەڵەیەی مەستووره خانم ڕاست دەکاتەوه و سەبارەت به خێڵی گەورەی کەڵهور وتارێکی (وتاری ژماره ٦) نووسیوه، که پێشکەشی خوێنەرانی گۆڤاری مەهابادی دەکەین.

<u>ئەحمەد شەریفی</u>

کەڵهوڕ یانی چی و ئەم ناوه بۆ بەم کۆمەڵه کوردەوه لکاوه؟

میرشەرەفخانی بدلیسی، له بەندی دەیەمی شەرەفنامەدا، باسی فەرمانرەوایی کەڵهوڕ دەکا و دەڵێ:

مێژووناسان لایان وایه کەڵهوڕ تیرەیەکن دەچنەوه سەر گۆدەرزی گیو که گیوه له ڕۆژگاری دەسەڵاتداری کەیانییەکاندا بەسەر بابل ڕادەگەیشت و بابل ئێستا ناوی کووفەیه. ئەم گیوه کوڕێکی هەبووه، ناوی ڕەهام بووه. به فەرمانی بەهمەنشای کەیانی لەشکری برده سەر شام و ئۆرشەلیم و میسر و داگیری کردن و ملی نا له وێرانکاری و کوشتار و زۆرداری و ئەوەندەی له جوولەکه سەر بڕی که جۆگەلەی خوێنیان ئاشی پێدەگەڕا.

جا هەر ئەو ڕەهامەیه که مێژوونووسان بەناو بەختوننەسرەوه ناسیویانه، وەهەر تۆرەمه و عەولادی ئەو ڕەهامه له سەرەنجامدا ناوی خۆیان ناوه گۆران.

ئەم چیرۆکی ڕەهامه له کتێبی ئەخبارودەوەل، ڕووپەڕی ٣٥٠دا هاتووه، ئەمما دەڵێ بیوەراسب یا لوهراسپ، ئەم پیاوەی بەگژ جوولەکەدا کردووه.

مەسعوودی لە کتێبی مرووجوززەهەبدا دەڵێ: لوهراسپی نەوەی کەیقوباد، ئەم ڕەهامەی بەرهەڵدای ئەو دنیایە کردووە و ئەم کوشت و کوشتارەی پێکردووە.

بە لای مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانییەوە، ئەم بیروبڕوایانە هیچیان هیم و بناغەیەکی وایان نییە کە پیاو بتوانێ بە ئارخەیانی پاڵیان پێوە بدا و دڵی ئاو بخواتەوە. ئەو ئەفەرموێ: ئەم هۆزی کەلهۆڕە بە بنەچەکە دەچنەوە سەر کلاهوری پاڵەوان کە ناوداریکی مازەندەرانی بووە و شەڕی بۆ فەرمانڕەوای مازەندەران کردووە.

کەیکاووسشا بە ڕۆستمی زاڵدا، قاقەزێکی بۆ کابرای مازەندەرانی نووسیووە کە یان سەر وەبەر باری من بێنە یان خاکت بە توورەکان دەبەم. کوێخاکەی مازەندەران، بەم قاقەزە زۆر ڕێک هات و گرژ بوو. جوابێکی پڕ هەڕەشە و گەفی بۆ کەیکاووسشا بەڕێ کرد. بەڵام کلاهوری پاڵەوانی، سەری بردە بن گوێچکەی و بە سرتە پێی گوت قوربان ئەم کاووسشایە ڕۆستەمی هەیە و ئێمە هەرگیز دەروەستی ئەم بەڵایە نایەین، باشتر وایە لەم گشتییە خاو بیەوە و قسەکانت تۆزێک نەرم بکەیەوە. کابرا واقێکی بردەوە و ڕەنگێکی هێناو برد و ناچار هەڕەشە و گوڕەشەکەی دەوێ کردەوە و کارێکی وای کرد دڵی ڕۆستەم و کەیکاووس نەشکێنێ و بڕیاری دا کە سەر وەبەر باری پادشای ئێران زەمین بهێنێ لە شانامەدا، لە چەند بەیتێکا ناوی کلاهور هاتووە کە دەڵێ:

کلاهور کە لافاوە بۆ لەمپەران
هەموو نازی هەر بەو بوو مازەندەران

لە جێیەکی ترا ئەڵێ:

کلاهــور پەیــابوو وەکــوو شــێری نێــر
ســــەری دا لە ســــەرداری ئــازا و دلێــر

لە بەیتێ ترا ئەڵێ:

کە پەنــجەی دە پەنــجەی کلاهــور پەڕانــد
هەمــوو نــاخونی وەک خەزەڵ هەڵوەرانــد

ئەمجـا، مامۆسـتا ڕۆژبەیـانی کە ئەم باسـانەی بە درێـژی کـردۆتە پەڕاوێـزی تەرجەمە عەرەبی‌یەکەی شـەرەفـنامە، ئەمەندەشـی خسـتۆتە ڕووو و ئەفەرموێ:

بە دووریشـــی نـــازانم کەڵهـــۆڕان، لە وشـــەی کەڵوەران واتـــا بەرانەگەورە یـان بەرانـی فەحـل وەرگیرابـێ کە ئـازایەتی لەم وشـــەیە هەڵدەوەرێ. بەڵام مامۆستا لای وایە کە کەڵهوڕ و گۆران لە یەک تیرە نین، هەر ئەوەندەیە پێکەوە ژیاون و لە ناو یەکا ئەژین.

ئەم بیـروڕایەی مامۆسـتا هـی کـاتێکە کە دەسڕەسـی بە مەنـابعی مێژوویـی زۆر نەبووە. بەڵام شـیاوی باسـە ئەم پەڕاوێزانەی مامۆسـتا کـاتی خـۆی لە بەنـدیخانەی عیمـارە و لەپاشـان لە بەغدا نووسـراون و خراونە پاڵ شـەرەفـنامەوە کە مامۆستا بە عەرەبی تەرجەمەی کـردووە و لە بەغدا مەجمەعی عیلمی لە چاپی داوە کە لەوساوە تـا ئەمڕۆ چەند ساڵی پێچووە. مامۆستا لەم ماوەیەدا، زۆرتر بە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە خەریک بووە و هێندێک لە بیروبڕواکانی پێشـووی دەسـتکاری کـردووە و شتی باشتری لە جێگەدا دۆزیونەوە.

جا دەربارەی وشەی کەڵهۆڕ گەیشتونە ئەم نەتیجەیە کە کەڵهوڕ واتـا کەڵئـاهۆرا (خـوای گەورە) بـۆ روون کـردنەوەی ئەم بڕوایەشـی ئەفەرموێ:

نیشتەجێکانی چیای زاگرۆس، واتـا گۆتی، لۆلـۆ، کاسـی، عیلامـی و میتانی کە هەر هۆزەی بتی خۆیان هەبووە و لە لایەکیشەوە هەمیشە لە گەڵ هۆزەکـانی سـوومێر، ئاکیـد و بابـل و ئاشـۆردا شـەڕ و کێشـەیان لەنـاودا بـووە. هەرکەسـێک سـەر دەکەوت ژێرکەوتـووەکەی بە تـاڵان دەبـرد. هۆزەکـانی زاگـرۆس بـۆ ئەوە کەس دەسـتی بە خوداکانیـان ڕانەگات، بتەکانیان لەسەر ترۆپکی کێوی بێستوون- کە ئەم وشەیە هەر بەغستان واتا جێگەی خوایانە- قایم کردووە. دیارە لەناو ئەم هەمـوو خـوا زۆردارە گەورە و گچـکەش هەبـووە، وە بە خـوای لە هەمـووان گەورەتریـــان گوتـــوە کەڵئـــاهۆرا. ئەم هـــۆزەی کە لەو مەڵبەنـــدی بێستوونەدا ژیـاوە، خـۆی وەپـاڵ کەڵەخـواکەوە داوە و کەڵئـاهۆرای بـۆ خـۆی گرتـۆتەوە و وردە وردە کەڵئـاهۆرا سـواوە و ئەم کەڵهـۆڕەی ئێسـتای لـێ پەیدا بووە. تەنـانەت هەر ئەم هـۆزی کەڵهۆڕە، ئـاهەنگێکی گۆرانی و سـترانێکی هەیە بە نـاوی کەڵهـۆڕێ واتە کەڵئـاهۆرایی، یـانی ئەو ئاهەنگەی کە خـودای مەزن پێیخۆشـە. جـا مـن بەش بە حـاڵی خـۆم ئەم لێکـۆڵینەوە زانایـانەی مامۆسـتا ڕۆژبەیـانیم زۆر بەلاوە پەسـندە و حەزیـش دەکەم ئەگەر کەسـێکی تـر شـتێکی لەمە ڕوونتـری دەسـت دەکەوێ، بۆمان بنووسێ تا بیکەینە بەڵگەیەکی باشتر.

## ٦٤- خزمەتی کوردان بە ئاینی ئیسلام (وتار)[1]:

لاوەکـــــان گەورەکچـــــان نـــــازاران — دڵـــــبەران، دڵتەڕەکـــــان، دڵـــــداران
دە مەڕۆن تـــــاوێ بمێـــــنن لێـــــرە — فاتحـــــاییکی بخـــــوێنن خێـــــرە
لەنێـــــو ئەم گـــــۆڕە هەژار نێـــــژراوە — زۆر لەڕێـــی ئێـــوە جەفـــای کێشـــاوە
ژینی خۆی کردە فیدای خۆشیی کورد — لەڕێـــــی ئـــــازادی بەناکـــــامی مـــــرد
توخـــــودا کـــــاتێ کە ئـــــازادیو ســـــەند — ڕەگەزی خوێنمژەکـــــانوو هەڵقەنـــــد
کیـــــژ و کـــــوڕ هەرچـــــی بە لامـــــا لادا — پـــــێم بڵـــــێ و پـــــایێ بە قەبـــــرم دادا
ئەی هەژار بەســـیەتی مـــردن هەســـتە — مـــوژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە

ئەگەر تۆزێـــــــک بە پشـــــــوودرێژی و زۆر بە وردی ڕووپەڕی کتێبەکانی مێژوویی لە ڕۆژگاری سـەرەتای داهـاتنی ئیسـلامەتی‌یەوە تـا ئەمـڕۆ بەســـەر کەیـنەوە و لێکیـــان دەیـنەوە و شـــی‌یان بکەیـنەوە و نووســـەران و هونەرمەنـدان و وێژەوانـــان و زانایـــانێکی کە خزمەتـــی زۆریـــان بە ئـاییني ئیســلامەتی کـردووە و لەنـاو گەلانـی موســـوڵمان ناوبانگیان دەرکردووە و ئەوەندەشمان پسپۆڕ هەبێ کە هەریەک لەوانە بەریـنەوە ســـەر بـنج و ڕەگەز و بە بنیچەیـــان‌دا بچیـنە خـــوارەوە و هەڵیـــانوێژێرین و هەر نـــاوداریێ بە تیـــرە و گەل و ڕەگەزەکەی خـــۆی بسپێرین و چاک ورد ببینەوە، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم کوردە چەنـد زیـرەکە و چەنـد خزمەتـی گەورەی بە ئـاییني ئیسـلام کـردووە و چەندی کەلەپووری بۆ نەتەوەی موسوڵمان بە جێ‌هێشتووە و کتێبخـانەی گەلانی چەند دەوڵەمەند کردووە!

---

(١) هەژار، گۆڤاری مەهاباد، گۆڤاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، ساڵی یەکەم، ژمارە ١٢، ١٣٨٠، ل ٤، ٦.

هەر کتێبێـک لە کتێبەکـانی مێـژووی ڕۆژهەڵات پەڕپەڕ کەی و لە هەر لاپەڕەیەک ورد ببیتەوە، کوردێکت وەبەر چاو دێ کە جێگەیەکی بۆ خۆی گرتۆتەوە، ئەمما نەیگوتووە کە کوردم. ئیمام محەممەدی غەزالی شایەتی داوە کە ئیسلام لەسەر سێ کۆڵەکە ڕاوەستاوە و ئەگەر خوا ئەو سێ ئەستۆندەکەی بۆ نەڕەخساندبا، زۆر لەمێژ بوو، تێک ئەتەپی و شوێنەواری کوێر ئەبۆوە، ئەم سێ کۆڵەکە قایمەی دینی ئیسلامیش ئامێدی، شارەزووری و دینەوەرین. چ موسوڵمانێک کە هەر تۆزقالێک ڕەشـکە و پێشـکەی خوێنـدبێ و کوێرەسـەوادێکی هەبـێ نـاوی ئیبنولحاجـب، ئیبنوسـەلاح، ئەبولفیـدا، ئیبنوخەلەکـان و هەرسـێ ئیبنوئەسیره بلیمەتەکان و سەتان ئیبن و ئەبووی تری وای نەبیستووە کە بە بنـیچە کـورد و بە زوان عەرەب بـوون؟! کـام دەشـتەکی و شوانەوێڵە و ئۆمی و نەخوێندەوار لە دنیای ئیسلاما دەست ئەکەوێ کە ناوی ئیبنوسیرینی خەون لێکدەرەوەی نەبیستبێ؟! بەڵێ هەرچی خەون ببینێ ناوی ئیبنوسیرین دەزانێ، بەڵام وای دەناسێ کە عالمێک بووە و لە بەغدا ژیاوە و خەونی بۆ خەڵک لێک داوەتەوە و تەنانەت بە ژنێکی وەک ستەزبێدەش فریو نەدراوە. کێ دەزانێ کە ئیبنوسیرین خەڵکی کۆنەشاری سیرین بووە کە ئێستەش لە جێگاکەی گوندێک بە ناوی بەرسیرین ئاوەدانە؟ کێ دەزانێ خەلەکان لەنێوان کۆ و هەولێرە؟ کێ بیستوویە کە ئیبنولحاجب خاوەنی شافیە و کافیە کوڕی پەردەداری فەرمانڕەوای جزیرێ بووە کە جزیرە مەڵبەندێکی کوردستانە؟! ئێمە ئەگەر لەسەر ئەم باسە بڕۆین مەسنەوی حەوتا مەنی گەرەکە و پیاو ئەبێ مانگ وساڵی بۆ تەرخان کا تا کوردە بە ناوبانگەکانی دنیای ئیسلام بە ڕیز بخوێنێتەوە. تەنانەت لەم چەرخانەی دوایی دا کەسانی

وەکـوو بێتووشـی، ئیبنولحـاج، ئەبـووبەکری موسـەنیف، مەلاجـامی و هەزارانـی وامـان لـێ هەڵکەوتـوون کە بـوونەتە مـایەی شـانازی عارەوزوانان و ئیمامی موسوڵمانان.

هەر لەم چەرخـی بیسـتەما، سـەتانی وەک زەرقلـی خـاوەنی کتێبی ئەلئەعلامی بەناوبانگ، ئەحمەد شەوقی کە نازناوی ئەمیرووششوعەرای عەرەبی پێدراوە، ڕەسسافی شـاعیر کە هەیکەلی لە ناوەڕاسـتی شـاری بەغـدا بـۆ چەقـاوە، محەمـمەد کـوردعەلی مێژوونـووس و ئەدیبـی بەناوبـانگی عەرەب، عەببـاس مەحمـوود عەققـاد کە بە مامۆسـتای ئەدەبیاتی تازەی عەرەب ناسراوە.

داستاننووسانی مەشهووری میری مەحموود تەیمـوور و عائیشـە تەیمووری بەناوبانگ، ئەمـانە هەمـوو بە ڕەگەز کورد بوون و بە کورد نەناسـراون. بۆچی؟ چـونکە یـان زوانـی بـاب و باپیریـان فێر نەبوون یا زانیویانە و لە قازانجیان نەهاتووە بیدرکێنن یا لە وڵاتی عەرەب ژیـاون و بە عارەبی گۆش کراون و فێری خوێندنی عەرەبی کراون و پیـاوی هەڵکەوتەیـان لێهەڵکەوتـووە و هەسـت و هـونەری خۆیـان بە عـارەبی دەربڕیـوە. شـتەکەش زۆر ئاسـاییـیە کە عەرەب پێیـان خەنـی بـووە و نووسـراوەکانیان لەسـەر دەلاقەی کتێبخـانەی عەرەبـی هەڵچنیـوە و گوتوویە کەسێک ئاوا بە زمانی منی نووسیبێ دیارە لە خۆم عەرەبترە و ئەبێ بە عارەبی حەساوکەم و هەرکەسیش دەڵێ وانییە بـا تێر ئـاوی سـارد بخـواتەوە! دەسـا ئۆبـاڵ بە ئەسـتۆم حەقیشـیانە، زمـان بەڵـگەی ناسـینی گەلانە و هەرکەس بە هەر زمانێـک بـاخێوێ ئەبـێ بە گەز و ڕبەی ئەو گەلەی دەگەڵی هاوزمـانە بپێوێ. حـاجی قادر زۆر بە خشکە

به گـژ ئەم پەتـا و ئـاهۆیەدا هـاتووە و وا دیـارە لە مەکتووبـاتی کـاک ئەحمەدی شێخ، کە کوردەکان لێی تێناگەن دڕدۆنگ بووە و دەڵێ:

وەک مریشـــکێ کە بەختـــی نەیهێنـــێ
بێتـــو جـــووچکەی مـــراوی هەڵبێنـــێ
هەر بگـــاتە کەنـــاری جـــۆگەلەیەک
نـــایەتە شـــوێنی، بمـــرێ جـــووجەڵەیەک
ئەو لە وشـــکانی، ئەم لە نـــاو ئـــاوە
تێدەگـــا پەنـــدێ چـــۆنی پـــێدراوە

ئەگەر دوا نیـوە بەیتـی حاجیمـان بـاش لەبەر نەبـووبێ ئەبـێ بمانبەخشـن! وەک کـوردەکە دەڵـێ: پیـاو نـابێ جوانـان بشـکێنێ و ئەبێ قسێکیش بۆ دز بکا. ئێمە ئەزانین حاجی قادری نەمر هەمـوو مـوویەکی ئەندامی هەر زیکری یا کوردی کـردووە و هێندە بـۆ زمـانی کـوردی بە تاسەوە بووە مەگین خوا بزانێ. بەلای ئەوەوە کفر بووە کەسێک کـورد بـێ و بزانـێ بنووسـێ و لە زمـانەکەی خـۆی واز بێنـێ، جـا ئەگەر ئەو تـووڕە بـووە و لەو گـرژ بـوونەدا کەسـی نەپاراسـتووە، فەرمایشـی ئەو لەسـەر سـەرانە و نوشـتەی سـەر دڵانە و بیـری دڵسـۆزانەی خـۆی دەربڕیوە.

ئێمە کە بە پلەی حـاجی قـادر نەگەیشـتووین و ناشـگەین، دەتـوانین دادگـایەکی خۆمـانە لە دەوری ئـاگردانی مـزگەوت پێـک بهێنـین و یەک یەکـی ئەم ڕابـردووانە، دەور و زەمانیـان، تەرزی ژیانیـان، سیاسـەتی وەخـت، ڕاسـتی ڕووداوی ئەو ڕۆژانە کە تیـا ژیـاون، بێنیـنە بەرچـاو و کڵاوەکـانی خۆمـان لە جـێگەی ئەوان دابنێـین و بیانـدوێنین و هێنـدێکی واقعبین و بەئینسافیش خـۆی بکـاتە دەمڕاسـتی ئەوان و وەرام بـداتەوە.

ئەوسا لێمان ڕوونە لە زۆر دەرانا حەق دەکەوێتە لای ئەوانەی کە خۆیان لە کوردی نووسین دزیوەتەوە و بە عارەبی‌یان نووسیوە. جارێ ئەوانەی کە باوک و دایکیان لەبەر نەداری و هەژاری یان لە ترسی دارکاری و گرفتاری، سیپاڵەشەڕەی ناو ماڵیان پێچاوەتەوە، منداڵە سەروپێچکەکانیان بە قەڵاندۆشەوە گرتووە و بە نان چنینەوە لە ماڵەوماڵان، ڕێگەی دووروڵاتیان گرتۆتە بەر و لە غەریبایەتی و لە ناو بێگانان گیرساونەوە و فەقیری خۆیان کردووە، مەعلوومە منداڵەکانیان فێری زمانی بەچکە ئاغاکانیان فێری زمانی بەچکە ئاغاکانیان دەبن، خۆ نەخوازە ئەو منداڵەی کە لە وڵاتی دوورەدەست دێتە دنیاوە و دایک و باوکی هەناسەسارد زوو بە جێی دێڵن. یان چۆن دەتوانین حوکم بدەین کە ئەو منداڵەی باوکی لە برسان بەرەو گەرمێنێ قاچاندوویە و دەگەڵ غەیرەزمانانی عارەب و تورک، ساچاندوویە و دەبوایە ناوی نان و بژیوی ئەوان بزانێ تا بتوانێ داوای بکا، ئەو منداڵە بڵێین نەخێر دەبوایە کوردی فێر بێ و لەبیری نەچێتەوە و ئەگەر کتێبی نووسی با هەر بە زمانی زگماکی خۆی بێ؟! بۆ میسال ناوی دووکەس دەبەم: عەبباس مەحموود عەققاد جارێک دەگەڵ پەیامنێرێکی مجەللەی ڕۆزەلیۆسف گفتگۆی کردبوو، پەیامنێر لێی پرسی مامۆستا تۆ خەڵکی کام ئوستانی میسری؟ عەققاد گوتی: کچم من میسری نیم، کوردم. باوکم خەڵکی دیاربەکر بوو هەژاری خۆی دەکرد. گڕێ و کەڵافە ئاوریشمی لە کوردستان دەکڕی و دەهات لە میسر دەیفرۆشت، دواجار لەو چەرچی گەریەتی‌یەدا وای بە باش زانی لە میسر بمێنێتەوە. پیلی من و دایکمی گرت و هاتینە قاهیرە و لێرە عەرەبی فێر بووم و عەرەبیم خوێند و بوومە نووسەرێکی عەرەب. جارێکیش هەر لەم یەک دوو ساڵەدا

ڕۆژنامەگەرێک لە شێخ عەبدولباسیت عەبدوسەمەد، قورئان خوێنە بەناوبانگەکەی پرسیبوو تۆ لە کام عەشیرەتی؟ لە جوابا گوتبووی باوکی من کوردێک بوو لەبەر فەقیری گەیبووە میسر، هەتا مرد مجێوری مزگەوت بوو. ئێستا چۆن دەتوانین گلەیی لە عەققاد بکەین کە بۆچی بە کوردی نەنووسیوە؟ یان سەرکۆنەی شێخ عەبدولباسیت بکەین کە بۆچی قورئانی بە کوردی ناخوێنێ؟! یان بۆ بە کوردی ناماندوێنێ؟

### ٦٥- ئەحمەد تۆفیق (وتار)[١]:

هەژار- کەرەج ١٣٦٢/١٠/١٠

لەمێژبــوو دەمهەویســت، دە دەرفەتێـکدا، ســەبارەت بە دۆســتی ناکامم عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) کە چەند ساڵێک دەشادی و خۆشی دا پێکەوە شەریک بووین، شتێک بنووسم.

بەدەگــمەن، وەرگێــڕاوی عەرەبــی کتێبــی (دانــا ادم شــمدیت) هەواڵنووسی بەناوبانگی ئامریکایی بە ناوی (سەفەرێک بۆ لای پیاوانی دەلاوەری کوردســـتان)م بە دەســـت گەیـــی هەتـــا لە گەڵ دەقـــی فارسی‌یەکەی کە بەڕێز دوکتور مەحمەدی مەجدی وەریگێڕابوو پێکەوە مقایسە بکەم.

کتێبم هەتا ئاخر خوێندەوە و لەزەتم لێ برد. ئەوەی دە کتێبەکەدا جێگەی ســەرنج بـوو ئەوە بـوو کە نووســەر ســەرنجێکی تـایبەتی بـۆ کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق دانابوو. لە خەباتی بێوچانی، لە دلاوەری و شادی، لە وەفاداری و ئەمەگینی سەبارەت بە بیروباوەڕی سەرەکی و ئازادی خوازی هێندە دواووە کە قەڵەمی من و کەسەیلی تر هەرگیز ناتوانن باسی لێوە بکەن.

هەرکەسێکی دەخوازێ ئەحمەد تۆفیق- عەبدوڵڵای ئیسحاقی- باش ناسکا دەبێژم کتێبی دانا ادم شمیدت بخوێنێتەوە. بەداخەوە ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشــتی لە تـاریف و ســەرکۆنەکردنی کەســاندا هەمیشــە،

---

(١) هەژار، گۆڤاری مەهاباد، گۆڤاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی،ساڵی پێنجەم، ژمارە ٥٣، ١٣٨٤، ل ٨.

تـابیعی هەسـتی دەروونـی خۆمـانین و لە ڕاسـتگـۆیی و دادگەری سـەرەکی جـاڕزین. بەڵام هەواڵ نووسـی ڕۆژئـاوا، بەتـایبەت کەسـێکی بەناوبانگی وەک دانا ادم شمیدت هەرگیز لە ڕێگەی ڕاستی لانادەن و دە فەرهەنگی واندا، پێهەڵگوتنی پووچ و دووڕوویی جێگەی نییە و ڕاستی بە هەستی دەروونی خۆیان ناسپێرن کە نموونەی سەرەکی ئەم بۆچـوونەش بیـروڕای نووسـەرێکی هەنـدەری سـەبارەت بە لاوێکـی تێکۆشـەری کورد کە ئێمە هەتا ڕادەیەکی زۆر لێی بێخەبەر بووین. ئاشنایەتی من لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ز. بۆ ئەوەڵین جار لە لای مەلامستەفا لە کانی ماران دیتم. ساڵ گەلێکی زۆر پێکەوە ژیاین. گەنجێکی هەڵکەوتەی کەم وێنەی چابووک و پـڕ نیشـات بـوو. دەم بە پێکەنـین و ڕووخـۆش، دەهـات وچـۆیەکی بەردەوامدا بـوو. سیاسـەتمەدار و شۆڕشـگێڕێکی کەم وێـنە بـوو. لە شـەڕەکانی چیـای پێـرس، جەنگـاوەرانی بـارزانی، تـاریفی ڕەشـادەت و نەبەردی و نەبەزییـان دەکرد. لە سـەرما و گەرمـا بـاکی نەبوو. جـاری وایە چەند شەو و ڕۆژ بە زگی برسی و پای پەتی دەهات و دەچوو و شـەوانە تاشـەبەردی چیـا دەبـوونە پێخەفـی. نەیـدەزانی مانـدوویەتی و برسـی بـوون چـن قەت کەس گللەیـی و گازەنـدەی لـێنەبیسـت. تەنیـا ڕەخنەیەکی کە ئەمـن لەم بـارەوە هەمبـوو، ئەوە بـوو کە بێ نەزمـی و خیلافێکـی هەرچەنـد گچـکەش بـایە لە دۆسـتانی قەبـووڵ نەدەکـرد و هەمیشـە لەسـەر بیروباوەڕ و ئارمـانی خـۆی بوو بۆ ڕزگاری تەواوی کوردسـتان و لەم بارەشـەوە زۆر بەپەلە بـوو. هەرکەسـێ کە وەک وی دلێـر و نەبەز نەبـایە دەکەوتە بەر لۆمەوتـانەی. لە ڕوانـگەی ویـیەوە کوردستان هەرگیز بۆ پارچەپارچە کران نەدەبوو. هەر لەو کاتەیدا کە

پشتیوانی شۆڕشی کورد لە عێراق بوو. پێوەندیشی لە گەڵ کوردەکانی ئێران هەبوو و دژی حکوومەتی پەهلەوی هانی دەدان، ئەم کارەشی بە بڕوای زۆربەی سەرکردایەتی شۆڕش لەو زروفەدا، دە بەرژەوەندی شۆڕشی کورددا نەبوو دەوان ساڵاندا کە شۆڕشی کوردستانی عێراق پێوەندی دۆستانەی لە گەڵ ئێران هەبوو، زۆر جاران پیاوانی ساواک داوایان لە مەلامستەفا دەکرد ئەحمەد تۆفیقیان تەحویل بداتەوە، بەڵام مەلامستەفا هەرگیز نەچووە ژێر ئەو خواستەوە و دەیگوت ئەحمەد لە لای ئێمە نییە چۆتە ئەورووپا. مەلامستەفا، بۆ ئەوەی ئەحمەد تۆفیق لە دەسڕەسی ساواک بپارێزێ، ناردی بۆ ناوچەی برواری لە سنووری تورکیە بەڵام ئاواتی ئەحمەد ئەوە بوو لە دۆستانی کوردی ئێرانی نزیک بێتەوە. لەم بارەوە چەندان جار نامەی بۆ نووسیم کە لە گەڵ مەلامستەفا بدوێم و ئیجازەی بدا بگەڕێتەوە سەرسنووری ئێران. هەموو جارێ بارزانی دیفەرموو بۆی بنووسە جارێ پەلەی نەکا و لە بەرژەوەندیدا نییە واوەبێتەوە، لە بەرژەوەندی وی ئەمن چاکتر دەگەم. ئەو دۆستی ئازیز و خۆشەویستی منە نامەوێ وەگیر ساواک بکەوێ. هەتا وابوو ڕۆژێک لە ڕۆژان جارێکی تر نامەیەکی تری گەیشتە دەستم. چوومە لای بارزانی و عەرزم کرد دیسان ئەحمەد تۆفیق نامەی شاندووە. بارزانی وتی: ئیتر تەواوە ئەحمەد چۆتە لای حکوومەتی عێراق. زۆرم پێ سەیر بوو گێژ بووم. بەڵێ پاشان بۆم دەرکەوت هەرچەند بەڕواڵەت لە شۆڕش جیا بۆتەوە، بەڵام هۆگری بە بارزانی هەروا دەپارێزێ و بە نهێنی خزمەتی بەرژەوەندی کوردان دەکات. بڵێی بەعسی بەم کەین و بەینەی زانی بێ؟ یان کارێکی تری بە پێچەوانەی وان ئەنجام دابێ کە بووبێتە هۆی گرتنی. لەو کەسانەی کە

له گەڵ ئەحمەد له زیندانی ئەبووغەریبدا بوون ژنەفتم هەموو ڕۆژێ شکنجەیان دەکرد و تەنانەت دەیانگوت لەژێر شکنجەدا گیانی لەدەست داووە. ئەحمەد گەنجێ بوو کە هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕزگاری کوردستان تەرخان کردبوو و سەرەنجام هەر لەم ڕێگایەشدا گیانی لەدەست دا. بژی یادی.

## ٦٦- حەللەق مەللەق (شیعر)[1]:

مامە گیان سڵاوی بۆندار  —  پیرۆز بێ قەفە و کورسی
گەر لە پچووکی خۆت ئەپرسی  —  ماوم بەڵام بەلارە لار
نەگۆڕاوم، هەروەک پێشووم  —  وەک زوو دیوتم هەر بێکارم
هەر نەدار و نالەبارم  —  بێ نان و بێ بەرگ و تێشووم
مامە گیان ئەوکاتە لە چیا  —  پێکەوە دەژیاین لە ئەشکەوت
ڕانک شڕۆڵ و کڵاش چەوت  —  لە هیچ شت لێک نەبووین جیا
برای یەکتر بووین ئەو ڕۆژە  —  دەت فەرموو ئەگەر ئازاد بین!
لە سووچێک بەمافێک شاد بین!  —  دەتکەمە دەرزیی بەرکۆژە
بەناو ئازادیمان وەرگرت  —  تۆ هاتیە شار و ئەفەندیت
کەس نازانێ چۆنی و چەندیت  —  خانووی شەش حەو قاتت سەرگرت
یانسیبت بردۆتەوە  —  قاسەت لە پارە ئاخنیوە
زۆربەی زێڕە و کەمی زیوە  —  منیشت لەبیر چۆتەوە
عەریزەم نووسی بۆ خانوو  —  چونکە خانوویان سووتاندووم
لە زەوی دەریان پەڕاندووم  —  بێ جێن منداڵ و کەیبانوو
لەسەرت نووسی ناتکەوێ  —  زەوی و خانوو لە کوێ بێنم!
چۆن سەری حوکمات دێشێنم!  —  بۆخۆت بژی لێر و لەوێ
گوتم بێ جلکم، بێ تینم  —  مەدرەسەی دەوێ زاۆکم
فەرمووت: دە بەردە بەرۆکم  —  نابێ جاریتر بتبینم
دەردی تازەت پێ دامەوە  —  پاش ئەو هەموو دەردەی چێشتم
بە مارسیدس بەجێت هێشتم  —  پاپەتیو پیادە مامەوە
بێ ئەمەگ، بە خوێنی ئاڵم  —  کورسی بەرزم بۆ تۆ کڕی

---

(١) هەژار، گۆڤاری هەولێر- گۆڤارێکی مانگانەیە، شارەوانی هەولێر دەری دەکات، ساڵی دووەم، ژمارە ١، ١٩٧١، ل ٣١.

تــۆش چڵمـی خـۆت بە مـن سـڕی تـــۆ ســـازی و مـــن ژیـــان تـــاڵم
بـــا وا بـــێ مـــامە بـــا وا بـــێ بـــاخوێن بەهـــای مـــن فیـــڕۆ بـــێ
هەرچـی مـن کـردم بـۆ تـۆ بـێ بـــا ئەو قەرزەی مـــن فەوتـــا بـــێ

## ٦٧- بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە (وتار)[1]:

زۆر لەمێژ ساڵە لەناو کوردەواریی خۆماندا پرسیارێک دەماودەم و دەستاودەست دەکا، کە ئاخۆ بۆچی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندەکانمان کە زیندوون کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە و کەس بەهیچیان نازانێ، کەچی کە دەمرن و لەدەست دەچن، دەگەڕێنەوە سەریان و شینیان بۆ دەگێرن و کۆڕی شەپۆڕیان بۆ دەبەستن و چاکیان پێ هەڵدەڵێن و خۆشیان دەربارە دەبێژن و فرمێسکی گەرم و گوڕیان لە دوو هەڵدەڕێژن؟ لەڕاستیدا پرسیارەکە تا ئێستا بێوەرام ماوەتەوە و هەر یەک بە جۆرێک لێکی دەداتەوە، من لام وایە کوردیش وەک هەموو کەسێتر دەزانێ بێ شێعر ناژێ، چیرۆکی چاکی بەلاوە خۆش و پەسندە. بەڵام بەو مەرجە کە بە خۆڕایی دەستی کەوێ و بیبیسێ و زیانی ماڵیی لێ نەکەوێ.

شاعیر و نووسەر دەبێ کات و ساتی بۆ نووسینەکە تەرخان کا و ئەویش وەک هەموو ئافەریدەیەک خواردن و لانەی دەوێ و ئەبێ ژیانی ڕۆژانەی پەیدابێ.

ئەمجار بۆ ڕەنێوهێنانی بەرهەمەکەشی ناچارە داوای یارمەتی لەم و لەو بکا. ئەمەش بۆ ئەو، ئەم و ئەوە دەری ناهێنێ و کابرای خاوەن پایە با حەزیش لە شێعر بکا، بەڵام حەز لە پارە پتر دەکا و شێعری بەخۆڕایی پێ خۆشترە لەوەی کە بیکڕێ.

---

(١) هەژار، گۆڤاری هەولێر- گۆڤارێکی مانگانەیە، شارەوانی هەولێر دەری دەکات، ساڵی یەکەم، ژمارە ٤ و ٥، ١٩٧١، ل ٧- ١٠.

جا بۆ ئەوە لەو نیاز و مەبەستەیدا سەرکەوێ دەست دەکا بەخراپە گوتن و ڕەخنە لێگرتنی ئەو شاعیرەی کە ڕەنگە کاری بکەوێتە لای و ڕژدی و چنۆکیی خۆی پینە دەکا. بەڵام ئەگەر ئەو شاعیرە یان ئەو نووسەرە مرد (وەک دەڵێن مانگا مرد و دۆ بڕا) تازە داوای هیچ لە کەس ناکا و ئەوی لە ژیانا کردوویە بەبێ نرخ بژاردن بۆ هەموو کەس ماوەتەوە، ئەوسا هەموو کەس بەبێ ترس لە زیان دەتوانێ بڵێ: زۆرم خۆش دەویست و خۆشم دەوێ و چاکی گوتووە و زۆر بەردڵم دەکەوێ و نووسەرێکە هەرگیز نامرێ و ئەگەر بە زیندوویی کولیتێکی نەبوو ئێستا وا لەناو دڵماندا دەژی و جێگەی زۆر گەرم و خۆشە و هەموو دنیا بۆی بە پەرۆشەوەیە.

ئەوجا هەر ئەو پیاوە مەردە، بادەداتەوە سەر زیندووەکان و گەڕ دەو نووسەرانە دەهاڵێنێ کە هێشتا دەمیان دەجوڵێ و خواردن و بەرگ و خانوویان دەوێ و چاویان لێ دەقوچوێنێ و دەمیان لێ دەکاتەوە و بە جڕ و جونگ و خشت و خاڵیان ناو دەبا و پاڵیان پێوە دەنێ، بە کورتی و بە کوردی ئەگەر وردی لێک دەینەوە دەزانین کە ئاکارێکی زۆر نانەجیبانە ملی گرتووین، دەمانەوێ، شاعیر و نووسەرمان دڵمان خۆشکەن و ئامۆژگاریمان بکەن، بەڵام نۆکەری بێ خەڵات و بەراتمان بن.

حاجی قادرمان بە پێخاوسی و بێ چۆغە و کاڵەک لە باڵەکەک سوڕاوەتەوە و سەرباری ئەوەش خەڵکی کۆیە شاربەدەریان کردووە و بە کافر و پیاوخراپیان داناوە و خەڵکی سولەیمانی نەدەچوونە جێژنی نەورۆزێک کە پیرەمێرد بۆی ساز دەکردن و هەزار درۆ و بوختانی بە خووت و خۆڕاییان بۆ هەڵدەبەست، بێکەس لێفەیەکی نەبوو بە خۆیدا

دا دەچوونە سەیری قڕەی خۆی و خێزانی لەسەر لێفە، بەڵام کەس نەبوو دەست بەرێ پارەی لێفەیەک بدا، گۆران ئەگەر لە بەندیخانەدا نەبوایە، دەبوایە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای بۆ نانی ڕۆژانە بپێوایە، گوایە ئەو ڕۆژگارە کەس نەبووە لە شێعر سەری دەرچێ و تامی هونەر بکا؟ بەڵێ هەبوو، بەڵام وەک گوتم: ئەگەر بیانگوتایە ئێوە باشن دەبوایە یارمەتیشیان بدەن جا بۆ ئەوەی خۆیان لێبدزنەوە و بۆیان ماندوو نەبن و بەهانەیان پێ دەگرتن و خۆیان لە چنگ ڕزگار دەکردن، لە زەمانی ئەواندا شاعیر و نووسەری پێش ئەوانیان هێناوەتە پێش چاویان و ناویان بەڕێزەوە هێناون و ڕاوەستاون تا یەکێک لەو زیندووانەش مردووە و ئەوسا گورج هەستیان بە بلیمەتی و گەورەییی ئەویش کردووە و گوتوویانە، ئەشەدەمبیللا شاعیرێکی گەورە و نەمر بووە، ئەوانەی ئێستا ماون خوێڕی و تۆڕین، بۆ ئەوە نابن پیاو بیانناسێ.

حاجی قادر پێغەمبەری کوردایەتیمان و پیرەمێرد گەنجینەی ئەدەبیاتی بۆ جێ هێشتین و بێکەس دەرسی ئازایەتیی دادایین و گۆران دەسکە گوڵی سەر سەبەتەی ئەدەبیاتی کوردە و پێویستە کۆتەڵیان بۆ بڕازێنینەوە و پەیکەریان بەرزکەینەوە و شینیان تازە بێتەوە و ئاکاریان و کرداریان لەبیر کورد نەچنەوە و لە لای بێگانە و خۆ شانازییان پێوە بکەین.!؟

ئەگەر شاعیریش بووبێ دەبێ چەقەڵی کوردستان بێ، چەقەڵ بە زیندوویی پەنجا فلسێک ناکا، ئەگەر مردوو مۆمیا کرا نرخی ٢٥ دینار.

ئای سەد خۆزگە ئەم گەلە نەجیبەمان لەو ئاکارە نانەجیبانەیەی ڕزگاری دەهات و وای لێ دەهات بەبێ لە ڕوودامان بە چاکی بگوتایە

چاک، جا با زیندووش بوایه قامکی دەچاوی خراپ ڕابکردایه، جا با مـردووی مۆمیـاکراویش بـوایه، خـوا گەورەیە، هـیچ دوور نیـیە، ئەو ڕۆژەش بە چاو ببینین کە بە زیندی سەر کورتەباڵا و درێژان لێک جیا کەیـــنەوە و هەر بە مردوویـــی لینگـــی هونەرمەنـــدانمان لە بەریەک نەکێشینەوە، بە هومێدی ئەو ڕۆژە.

## ٦٨- بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە (وتار)[1]:

ڕاست کردنەوەییەک

بە داخەوەین کە لە وتارەکەی مامۆستا هەژار (بۆچی مردوو لینگی درێــژ دەبێــتەوە) کە لە لاپەڕەکــانی ٧- ١٠ ژمــارەی ٤، ٥ی هەولێــردا بڵاوکرابۆوە، لە کاتی چاپکردنیا چەند دێرێکی لێ پەڕیون، بەو هۆیەوە وتارەکە تاڕادەیەک شێواوە و یەکتی پچڕاوە. جا وا لێرەدا لەو جێگەیەی ووتارەکەی لێ پساوە دووبارە بڵاوی ئەکەینەوە لەگەڵ تکای لێبوردن لە نووسەر.

(هەولێر)

حــاجی قــادر پێغەمــبەری کوردایەتیمــان و پیرەمێــرد گەنجیــنەی ئەدەبیاتی بۆ جێ هێشتین و بێکەس دەرسی ئازایەتیی دادایـن و گۆران دەسکە گوڵی سەر سەبەتەی ئەدەبیاتی کوردە و پێویستە کۆتەڵیان بۆ بڕازێنینەوە و پەیکەریان بەرزکەینەوە و شینیان تازە بێتەوە و ئاکاریان و کرداریان لەبیر کورد نەچنەوە و لە لای بێگانە و خۆ شانازییان پێوە بکەین؛ ڕۆژێک لە بەغدا بە بەر دوکانێکدا ڕادەبردم، چەقەڵێکی مردووی مۆمیا کراوی لێ دانرابوو، لەسەری نووسرابوو: نرخی ٢٥ دینارە! سەری زمانی خۆم گەست؛ ئایا دەبێ ئەو چەقەڵە بە زیندوویی شاعیر بووبێ؟! ئەگەر شاعیریش بووبێ دەبێ چەقەڵی کوردستان بێ.. چەقەڵ

(١) هەژار، گۆڤاری هەولێر- گۆڤارێکی مانگانەیە، شارەوانی هەولێر دەری دەکات، ساڵی یەکەم، ژمارە ٦، ١٩٧١، ل ٢٥، ٢٦.

به زیندوویی پەنجای فلسێک ناکا، ئەگەر مردوو مۆمیا کرا نرخی ٢٥ دینارە!

ئای سەد خۆزگە ئەم گەلە نەجیبەمان لەو ئاکارە نانەجیبانەیەی رزگاری دەهات و وای لێ دەهات و وای لێدەهات بە بێ لەڕ و دامان بە چاکی بگوتایە چاک، جا با زیندووش بوایە، قامکی دەموچاوی خەراپ ڕایکردایە، جا با مردووی مۆمیا کراویش بوایە، خوا گەورەیە.. هیچ دوور نییە ئەو ڕۆژەش بە چاو ببینین، کە بە زیندی سەر کورتە باڵا و درێژان لێک جیا کەینەوە و هەر بە مردوویی لینگی هونەرمەندانمان لەبەر یەک نەکێشینەوە.

بە هومێدی ئەو ڕۆژە.

**دووەم: بابەتە فارسییەکان**

**ئەلف: ڕۆژنامەکان:**

**١- با ائتلاف احزاب شوخی نکنید (وتار)[١]:**

اگر از گذشته پر پیخوخم ایران یادی کنید، اگر پردههای سیاه و سفید پرکشاکش و آشوب میهن عزیز را در سیمای حقیقت از نظر دقت بگذرانید، اگر از چند قرن به این طرف، فرزندان پاک و بیآلایش این آب و خاک و نجاتدهنده این سرزمین را جستجو کنید، از جوانانی که بارها در راه حفظ استقلال و آزادی وطن محبوب با خون خود بازی نموده و سر خود را باختهاند بیخبر نباشید، حتما با کلمه مهم (کورد) رودررو خواهید شد.

آری با کلمه مهم (کورد)

قرنهاست که این قوم شجاع و باشهامت آن ملت بیباک و غیور مانند دیواری از آهن و فولاد در مرزهای مخوف ایران علیرغم هرگونه تجاوزات بیگانه همچنان مبارزه مینماید و شجاعتها از خود نشان میدهد. خونها را ریخته، سرها را بریده، کشته و بستهاند. در راه آزادی میهن خود اتفاقهای دهشتآمیزی از خود به یادگار گذاشتهاند.

(با ذکر نام کورد) بوی خون میشنوید با یاد کوردستان. یاد مردانگی و شجاعت بینظیر میافتد. کورد ضربالمثل شجاعت است. به گواهی همه حقایقنویسان جهان، اولین ملتی که از مرگ نهراسید کورد است و چنانچه بخواهیم کورد را که صاحب این لیاقت و دارای این

---

(١) عەبدالرحمن هەژار، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠١، ١٣٢٥، ل ١، ٣.

همه نامونشان است بهتر بشناسیم و بیشتر در شناخت آن تحقیق کنیم، خواهیم فهمید که بسیاری از حکمرانان بیعاطفه و انصاف به گفته استعمار «تفرقه بینداز و حکومت کن» از لحاظ اینکه بتواند کماشاء بر گرده ملت ایران سوار و کسی را مانع ظلم و خونخواری و استبداد خود نبیند و این امر منوط به تفرقه و اختلاف بین ملت کورد میبود. حتیالامکان تفرقه انداخته، در هر چند دهکده یا دهی یک حکومت کوچک دیکتاتور را بنیاد نهاده و هر چند خانوار را نامی و هر چندنفر را عشیرتی میگفتهاند و مهمترین کارهای کشور را توسط یک یا دو از آن دستهها انجام دادهاند و بسا اتفاق افتاده که دست به تحریکاتی زده، عشیرتی را بر دیگری شورانیده و خون هم ریختهاند. چرا؟؛ تا خونآشام آن وقت با خیال راحت خون توده را از ساغر بیداد به گلوی نامردانهاش بریزد.

هرگز نگذاشتهاند که این ملت باشهامت و غیور در سایه وحدت ملی و در زیر کلمه کورد یا ایرانی گرد آیند (اگر تابحال وحدت ملی میبود، بدین روز گرفتار نمیشدیم) حتی نزدیک بود فکر همیشگی کورد یا بهتر بگوییم حس آزادیخواهی این ملت قهرمان و پاکیزه را از دفتر خاطرشان محو نمایند. ملت کورد حزب و اتحادیه نداشت، زمزمه مردانگی راه انداخت، شجاعت را بر خود ختم و نام خود را در دفتر غیرتمندان جهان ثبت نموده است تا چه رسد به روزی که این ملت نحیب از خواب غفلت بیدار شده، اکنون دست به دست هم داده و همه مانند یک نفس واحد با یک کلمه و یک آواز آزادی کورد و آزادی ایران را خواستار و همه در زیر سایه شعار حزب دیموکرات که عبارتست از «زنده باد کورد، زنده باد ایران» را به گوش جهانیان میرساند.

حزب دیموکرات کوردستان ضامن آزادی ایران و طرفدار حقیقی آزادیخواهان میباشد. حزب دیموکرات کوردستان از جوانان و مردانی تشکیل شده که شهامت و شجاعت و میهنپرستی را از نیاکان خود به ارث بردهاند.

## دەقی گوتارەکە بە زمانی کوردی

**لەگەڵ یەکێتی حیزبەکان گاڵتە مەکەن (وتار)[1]:**

ئەگەر لە ڕابردووی پڕ پێچ و پەنای ئێران یاد بکەین. ئەگەر پەردەکانی ڕەش و پڕ کەندوکۆسپی، هەڵاهەڵای وەڵاتی ئازیز لە سینەمای ڕاستەقینە بخەینە، بەرچاو. ئەگەر لە چەند سەدە لەوە پێش ئەو ڕۆڵانەی بە دڵ پاکی، پارێزگاری ئەو زەویە پاکەیان کردووە، کەندوکۆژ بکەین، دەبێ لەو لاوانە کە لە ڕێی سەربەخۆیی و ئازادی وەڵاتی خۆشەویستیان سەریان داناوە، بێ خەبەر نەبین حەتمەن لە گەڵ وشەی گرینگی(کورد) بەرامبەر دەبن.

بەڵێ بە وشەی گرینگی (کورد) چەند سەدەیە کە ئەو قەومە بوێرە ئەو میللەتە بێباک و ئازایە وەک دیوارێکی ئاسن لە سنوورەکانی ترسهێنەری ئێرانی خۆڕاگر، تەنانەت بە هۆی دەسدرێژی نەیاران، بەربەرەکانی دەکا. بوێری لە خۆی پیشان دەدا، خوێنیان ڕشتووە و

(١) تەرجەمەی ئەم وتارە بە کوردی لە لاپەڕە ٨٧- ٨٩ی کتێبی (هەژار لە لووتکەدا/ بەرهەمی ژیان و تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی مامۆستا هەژار) لە گردوکۆی فەرەیدوون حەکیمزادە وەرگیراوە.

سەریان بڕیوە، کوشتوویانە و بەستوویانەتەوە. لە ڕێی ئازادی وەڵاتی خۆیان چ بەسەرهاتی ترسهێنەریان لە خۆیان بە یادگار هێشتۆتەوە.

بە هێنانی ناوی (کورد) بۆنی خوێنتان بۆ دێ. بە یادی کوردستان، وەبیر مەردایەتی بێوێنەی دەکەون. کورد نمونەی تەواوی مەردایەتییە. بە شاهیدی هەموو ڕاستی نووسانی دونیا، یەکەم میللەتێک کە لە مردن نەترسا، کوردە و ئەگەر بمانهەوێ کورد کە ساحێبی ئەو لێوەشاوەیی و ئەو هەمــوو نێوونێوبـانگەیە چـاکتر بناســین و زۆرتــر لە ناســینی لێکـۆڵینەوە بکەیـن حـاڵی دەبـین کە زۆربەی حاکمـانی بـێ بەزەیـی و ئینسـاف وتەی ئێستعمار کە ئاژاوە بنێوە و حوکومەت بکە بۆ وەیکە بتوانن سواری ملی میللەتی ئێران بن و کەسێکش لەمپەری سەر ڕێی زوڵم و خـوێنمژی ئەوان نەبێ و ئەوەش بەستراوەیە بە ئاژاوە نان و ناکۆکی هاویشتنە مابەینی میللەتی کورد.

لانی کەم ئاژاوە نانەوە بۆ وەیکە تەنانەت لە چەند گوند یا گوندێک حوکومەتێکی بچووکی دیکتاتۆڕی پێک بێنن. هەرچەند بنەماڵە و چەند کەسێکیان عەشیرەت پێوتـووە و گرینگترین کـاری وڵاتیـان بە هـۆی یەک یـان دوو گـروپ لەوانە جـێ بە جـێ دەکـرد و تـۆمەز دەستیان بە ئاژاوەنانەوە ناوە و عەشیرەتێکیان لە دژی عەشیرەتێکی تر هان داوە تا ئەوەی کە خـوێنی یەکتریـان ڕشـتووە، بۆ چـی؟- تـا خـوێنمژی وەختـی خۆی بە خەیاڵی ئاسودە خوێنی چینی خەڵک لە پیاڵەی زوڵمی خۆی دەکــا و بە قــۆڕگی نــاجوانمێرانەی دا بکــا - هەرگیزاوهەگیــز نەیانهێشتووە ئەو میللەتە ئازا و دلێرە لە سێبەری یەکییەتی و لە ژێر لیـوای وشـەی کـورد یـا ئێرانـی کـۆ ببـنەوە(ئەگەر تـا ئێسـتا یەکییەتـی نەتەوەیی پێکدەهات، ڕۆژمان بەو ڕۆژە نەدەگەیی. تەنانەت نزیک بـوو

بیری زیندوو و بەردەوامی کورد یا چاکتر بڵێم هەستی ئازادویستی ئەو میللەتە قارەمان و خاوێنە لە لێنووسی بیرەوەریەکانیان بسڕنەوە.

میللەتی کورد حیزب و یەکییەتی نەبوو، وشەی یەکییەتی نەتەوەیی گوێ لێ نەدەبوو، سەرەڕای ئەو هەموو چاڵە کە لەسەر دێی هەیبوو، مقۆمقۆی جوانمێری وەڕێ خست و بوێرانە ناوی خۆی لە لێنووسی ئازایانی دونیا تۆمار کرد، تا ئەوەیکە ڕۆژێک ئەو میللەتە نەجیبە لە خەوی نەزانی وەخەبەر بێت. ئێستا دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و وەکوو یەک ڕووحی یەکگرتوو، بە یەک وشە و یەک نەوای ئازادی، کورد و سەربەخۆیی ئێرانیان دەوێ و ئەوانە هەموو لە ژێر دروشمی حیزبی دێمۆکرات کە بریتییە لە بژی کورد و بمێنێ ئێران بە گوێی دونیا دەگەیێنن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زامنی ئازادی ئێران و لایەنگری ڕاستەقینەی ئازادی ویستانە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لاوان و پیاوانێک پێکهاتووە کە بوێری و ئازایەتی و وڵاتویستی لە ڕابردووانیان بە میرات بردووە.

## با: گۆڤارەکان:

### ١- در پیرامون ادبیات کردی (وتار)[١]:

بسیاری از چیزها هست که از نقاط دوردست جلب توجه فضلا و دانشمندان را کرده و ایشان را به بررسی و تحقیق وامی‌دارد. در نتیجه مانند گوهر گرانبهایی در خزائن علم و دانش آنان جای‌گیر می‌شود. این گونه کاوش‌ها در ممالک متمدن به حدی فراوان است که از عده احصاء خارج می‌باشد و تا اندازه‌ای حائز اهمیت است که هیچ گونه مانعی نمی‌تواند نظر روشنفکران را در این خصوص ولو برای مدت کمی باشد باز دارد. چنانکه نبرد بریتانیای کبیر در این جنگ جهانسوز و گیرودار کنونی، بغداد مجله شام (دەنگی گیتی تازە) به زبان کوردی منتشر و آثار و ادبیات کوردی و شرح‌حال شعرا و دانشمندان کورد را جمع‌آوری و به تحقیق و درج انتشار آنها می‌پردازد و هنوز شعرای اکراد ایرانی را که هنوز اسمشان به گوش برادران پارسی‌زبان نرسیده، به تمام معنی می‌شناسند و آثار ایشان را به حافظه خود سپرده‌اند و همچنین در روسیه مجله به نام (ڕێی تازە) به کوردی چاپ می‌گردد. اما متأسفانه در کشور ما در میان همین همنژادان و همزبانان و هم‌مذهبان ما آنهایی که به دعوی زبانی، روح کورد و فارس را در یک کالبد می‌دمند هنوز زورگویی و قلدری به شکل پرده ضخیمی در بین این آثار نفیس و گرانبها و عالم دانش و ادب خودنمایی کرده و مانع از

---

(١) عبدالرحمن شرفکندی، گۆڤاری کوهستان، ژمارە ١٩، ساڵی یەکەم، ١٣٢٤، ل ١، ٨.

آن است که با ادبا و دانشمندان کشور هم به این گنج‌های پربها دست یابند.

ادبا که البته معذورند ولی به این قبیل بی‌دانشان زورگو باید گفت: «دوران باخبری نزدیک و نزدیکان بی‌بصر دور» حالا قضاوت از خود دانشمندان می‌طلبم. اگر روزی یک نفر مستشرق انگلیسی یا روسی از یک نفر ادیب طراز اول تهران بپرسد از مولوی هورامانی و ناری مریوانی و مصطفی دلی دلی سنندجی و محمد کوماسی و وفایی و مصباح و حریق مکری یا... که در این کشور بوده و اشعار نغز و دلکش سروده‌اند چه نظری دارید؟ آیا ننگ و عار نیست جواب دهد اصلا همچو اسمی را نشنیده‌ام؟

در این صورت به عقیده من بی‌نهایت ضرورت دارد آقایان متصدیان امور فرهنگ، تسهیلاتی را در این باب قائل شوند و از زور و فشار به عالم علم و دانش دست بکشد و اجازه دهند که مردم بتوانند این گونه آثار را به فراغت قلب و آزادی کامل جمع‌آوری و چاپ کنند که این ذخائر از بین نرود و دانشمندان و فرهنگیان نیز بر آنها اطلاع یافته و قریحه‌های رسا و ذوق سرشار اکراد را بشناسند تا در نرد دانشوران بیگانه «جاهل به درون خانه خودشان محسوب نشوند» و راه مباهات و افتخار دیگری را هم در عالم ادبیات بپیماید و گذشته از همه اینها واضح و آفتابی است که علم به هر چیز، از جهل به آن بهتر است.

بوکان- عبدالرحمان شرفکندی

کوهستان - گذشته از اشخاص معدودی شاید اکثریت مردم ایران و حتی آنهایی که به شعر و ادبیات علاقه دارند هنوز ندانند که به زبان

کوردی هم شعر گفته شده و شعرای عالیمدار کوردی هم بوده‌اند که در نظر جهانیان مقام عالی دارند.

این سهل‌انگاری و قصور را باید با کمال تأسف اذعان نمود ولی مثلی است تصادفی، پیش‌آمدی غیرمترقبه دولت را به تحقیق قضایای کوردستان واداشت. حقایق مکشوف و عموم مردم در حیرت ماندند که آنچه را شنیده بودند با آنچه حقیقت امر بوده صدها بلکه هزارها فرسنگ فاصله داشته، قدری تأمل کردند و با دیده تردید نگریستند. حق هم داشتند زیرا تعجب‌آور بود دستگاه ستاد ارتش مطالب عاری از حقیقت را که فقط جنبه داخلی دارد، برای اقناع اذهان عمومی تبلیغ کند.

در قبال روشن شدن قضایا مردم پاک و بی‌آلایش کوردستان که در هر حال به دولت امیدوار بودند، انتظار داشتند حال که مشت سودجویان باز شده، اقلا اگر مجازاتی در مار نیست، دست آنها را از گریبانشان کوتاه کنند.

وقتی در کشوری هرج‌ومرج در تمام شئون حکمفرما باشد، مادون در قبال مافوق مسئولیتی نداشته باشد، قانونی اجرا نشود، آن کشور محکوم به فناست. وقتی که با علم به عدم صلاحیت اخلاقی، با علم به عدم شایستگی و توانایی، با علم به عدم لیاقت، یک شخص سبکسر را فرمانده و فرمانروای ناحیه مهمی از مملکت می‌کنیم و سرنوشت توده عظیمی از سکنه این کشور را به دست جنایتکار او می‌سپاریم، می‌خواهید این مردم از دست نروند و می‌خواهید هنوز به این حکومت امیدوار باشند؟ جایی که مردم بی‌گناه را بی‌جهت چند ماه به زندان می‌افکنند و هر چه سعی می‌کنند پرونده ساختگی هم نمی‌توانند درست کنند. جایی که پس از پایان جنگ، دنیا تازه برای اعمال نظرهای

شخصی و نشان‌دادن ضعف دولت و ناتوانی آن، دادگاه زمان جنگ تشکیل می‌دهند تا مردم بیچاره را محکوم کنند. جایی که رئیس دادگاه زمان جنگ، یک سرهنگ بی‌سواد می‌شود که فقط امضای خود را می‌داند.

جایی که پس از هشت ماه حبس بدون ملاقات، با این دادگاه مسخره، محکوم به ٢٤ یا ٤٨ ساعت زندانی محکوم می‌شود، آیا چنین کشوری محکوم به فنا نیست؟

جایی که ستاد ارتش مملکتی می‌داند فرماندهی را که به ناحیه حساسی فرستاده نالایق، بدسابقه و بدطینت است و به هیچ وجه نمی‌خواهد حرف مردم را بشنود و او را گوشمال دهد، آیا باید گفت آن شخصی که بر رأس ستاد ارتش است وطن‌خواه و میهن‌دوست است؟

جایی که ارتش باید نمونه عظمت کشور و محبوب عموم سکنه آن باشد، باعث نفرت مردم است.

جایی که به جای صمیمیت و یگانگی، کینه و عداوت را ایجاد کنند، آیا آن کشور محکوم به فنا نیست؟

آری تمام اینها نشانه‌های زوال و فنای ایران است. آری ایران دارد از دست می‌رود. زمامداران ما سرگرم بازیهای کودکانه و یا مست باده و جاه‌طلبی هستند.

ایران دارد از بین می‌رود، میهن‌دوستان ما همچنین در گوشه و کنار، دست به روی دست گذارده‌اند. وقت انزوا و گوشه‌گیری نیست مملکت دارد از دست می‌رود. نام ایران از صفحه تاریخ محو خواهد شد.

بیایید آن دسته از قوم و کسانی که به شرافت و ایران‌دوستی پای‌بنداند، بیش از این وقت را از دست ندهید. جمع شوید و فکری به حال ایران از دست رفته و مردم بیچاره آن بکنید. تا جایی که می‌توانید ناظر این وقایع ننگین باشید.

بیایید قد علم کنید، مردم آنقدر هم که شما گمان کرده‌اید حق‌ناشناس نیستند. به دیده احترام به شما خواهند نگریست و در قدم‌های اصلاح‌طلبانه‌ای که شما بردارید به دنبال شما خواهند بود. ایران در این موقع نیازمند فداکاری شماست. موقع خدمت اکنون است. بیایید پیشقدم شوید. از مبارزه با ناپاکان نهراسید. نگویید ما را بدنام خواهند کرد. نام نیک آن است که در راه خدمت به مملکت کسب شود. نیک‌قدم کسی است که در مواقع باریک به کمک کشور بیاید.

## دەقی گوتارەکە بە زمانی کوردی

### سەبارەت بە ویژەی کوردی

زۆر شت هەیە کە لە شوێنهایەکی دوورەدەس، سەرنجی بیرمەندان و زانایان بۆ خۆی ڕادەکێشێ و بۆ تاوتوێ کردن و لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە هانیان دەدات و لە ئاکامدا وەکوو گەوهەرێکی بەنرخ لە گەنجینەی زانستیان کۆ دەبێتەوە. ئەم جۆرە توێژینەوانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو هێندە زۆرە کە لە ئەژمار و بژاردن بەدەرە و هێندە بایەخی پێ دەدرێت کە هیچ جۆرە لەمپەرێک ناتوانێت ڕای ڕۆشنبیران لەسەر ئەم بوارە، هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەمیش بگۆڕێت. هەر وا کە هێزەکانی بەریتایای گەورە لە ئەم شەڕە جیهان

سـووتێنەرە و لە گەرمەی ئێسـتای بەغـدا، گۆڤـاری شـام (دەنگـی گیتـی تـازە) بە زمـانی کـوردی بـڵاو دەکـاتەوە و بەرهەم و وێژەی کـوردی و بەسەرهاتی شاعیران و بیرمەندانی کورد کۆدەکەنەوە و لێکۆڵینەوەکـان و نووسـینی کـاتی بڵاوبوونەوەیـان جێبەجـێ دەکەن. شـاعیرانی کـوردی ئێرانـی کە هێشـتا برایـانی فارس‌زمـان ناویـان نەبیسـتووە، بە باشـی دەیاننـاسن و ئاسەوارەکانی ئەوانیـان بە مێشـکیان سـپاردووە. هەروەهـا لە ڕووسیا گۆڤارێ بە نـاوی (ڕێـی تـازە) بە کـوردی چـاپ دەبێت بەڵام بەداخەوە لە وڵاتـــی ئـــێمە لەنێـــوان ئەم هـــاوڕەگەز و هاوزمـــان و هاوئایینانەی ئێمە، ئەوانەیکە بە ئیددیعای زمانی، ڕۆحی کـورد و فـارس لە یەک قاڵب دەپێژن، هێشـتا زۆرەملێـی و ملهـوڕی وەکـوو پەردەیەکـی ئەسـتوور لە نێوان ئەم ئاسـەوارە بەنرخـانە و بـواری زانسـت و ئەدەب خـۆ دەنـوێنێ و لەمـپەری ئەوەیە کە زانایـان و بیرمەنـدانی وڵاتـیش ئەم گەنـجە بەنرخـانە بەدەسـت بێنن. زانایـان کە بـێ تـاوانن بەڵام ئەبـێ بەم جۆرە نائاگا ملهوڕانە بڵێین: "سەردەمی ئاگاداری نزیک و نزیکانی نابینـا دوور"

ئێستا لە خودی زانایان داوای دادوەری دەکەم. ئەگەر ڕۆژێک یەک کەسـی ڕۆژهەڵات ناسـی بەریتانیـایی یـان ڕووسـی لە کەسـێکی زانـای پلەیەکی تاران لە مەولەوی هەورامانی و ناری مەریوانی و محەممەدی کۆماسـی و وەفـایی و مسـباح و حەریـق مـوکری یـا... کە لە ئەم وڵاتە ژیاون و شیعرهایەکی دڵگر و جوانیـان هۆنیـوەتەوە، پرسـیار بکـات کە: ڕای ئێوە لەسەریان چیە؟ ئایا شـوورەیی نیە کە لە وەڵامـدا بڵێـت: "مـن قەت ئاوەهـا نـاوێکم نەبیسـتووە" کەواتە بە بـڕوای مـن زۆر پێویسـتە بەڕێزانـی بەرپرسـی بـواری فەرهەنـگ، ئاسـانکارییەک لە ئەم بـوارەوە

ڕێک بخەن و لە گوشار و زۆرهـاوردن بە گۆڕەپانی زانست واز بهێنن و بهـێڵن کە خەڵـک بتـوانن ئەم جـۆرە ئاسـەوارانە، ئـازادانە و بە ئاسـوودەیی تەواوەوە کۆ بکەنەوە و لە چاپی بدەن کە ئەم کۆرکراوە بەنرخانە لەنێو نەچێت و زانایان و فەرهەنگناسـانیش ئاگادار ببنەوە و بەهرەی بەهێز و حەزی فراوانی کوردەکان بناسن تا لە ڕیزی زانایـانی بیـانی «ناشـارەزا لە نـاوی مـاڵی خۆیـان ئەژمـار نەکـرێن» و ڕێگـای شـانازی و سـەربەرزییەکی دیکەش لەبـواری وێژە تێبپەڕێنن. جگە لە هەمـوو ئەمـانە، ئاشـکرا و بەرچـاوە کە زانیـاری لەسـەر هەر شـتێک لە نەزانینی باشترە. بۆکان- عەبدوڵڕەحمان شەرەفکەندی

کوێستان- بێجگە لە کەسانێکی کەم، ڕەنگە زۆربەی خەڵکی ئێران تەنـانەت ئەوانەیـکە حەزیـان لە شـیعر و وێـژەیە، هێشـتا نەزانـن کە بە زمانی کوردیش شیعر هۆنراوەتەوە و شاعیرانێکی پایەبەرزی کوردیش هەبوون کە لە چاوی خەڵکی جیهان پلەیەکی باڵایان هەیە.

ئەم درێخـی و کەمتەرخەمییە ئەبێ بە ئەوپەڕی داخەوە دانـی پێدا بنێین بەڵام ڕووداوێکی چاوەڕواننەکرا، دەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەسـەر پێشهاتەکانی کوردستان ڕاکێشا. ڕاستییە دۆزراوەکان و زۆربەی خەڵک سـەریان سـووڕمابوو کە ئەو شـتانەی کە بیسـتبوویان لەگەڵ ئەو شـتانەی کە ڕاسـتی بـابەتەکە بـوو، سـەدان یـاکوو هەزاران فەرسـەق مەودای هەبوو، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد. نەختێک سـەرنجیان دا و بە گومانەوەسـەیریان کـرد. نەئەکـرا لـۆمەش بکـرێن چـونکە سـەیر بـوو ئەوەیکە لە دامودەزگای بنکەی ئەرتەش بابەتهایەک بەدوور لە ڕاسـتی کە بەس بۆ ڕەهەندی نـاوخۆیی هەیە، بۆ قایل کردنـی بیـروڕای گشـتی، بانگەشە بکات.

له بەرامبەر ڕوونکردنەوەی بابەتەکان، خەڵکی پاک و بێگەردی کوردستان کە بەردەوام ئومێدیان بە دەوڵەت هەبووە، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئێستا کە دەستی قازانجخوازان ڕوو بووە، هیچ نەبێ ئەگەر سزایەکیان نادەن، دەست لە کۆڵیان بکەنەوە.

کاتێک کە لە وڵاتێکدا ئاژاوە لە تەواوی کاروبارەکاندا ڕەواجی هەبێت، پلەنزم بەرامبەر باڵادەست بەرپرسیارەتییەکی نەبێت، یاسایەک جێبەجێ نەبێت، ئەو وڵاتە مەحکووم بە لەنێوچوونە. کاتێ کە بە ئاگا لەسەر نەبوونی شیاوی ئەخلاقی و ئاگا لەسەر نەبوونی شایستەیی و توانایی، بە ئاگایی لەسەر شیاونەبوونی، کەسێکی گەمژە دەکەن بە فەرماندە و فەرمانڕەوایی شوێنێکی گرینگی پێ دەسپێرن، ئاکامی جەماوەرێکی گەورەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە بە دەستی جەنایەتکاری ئەو دەسپێرن. ئەتانهەوێ ئەم خەڵکە لەنێو نەچن و ئەتهانهەوێ هێشتا ئومێدیان هەبێ بە ئەم حکوومەتە؟ لە شوێنێک کە خەڵکی بێ تاوان چەند مانگ بێهۆ دەخەنە بەندیخانەوە و هەرچەند تێدەکۆشن ناتوانن پەروەندەیەکی دەسهەڵبەس بۆی ساز بکەن.

شوێنێک کە پاش تەواوبوونی شەڕ، سەرلەنوێ بۆ داسەپاندنی ڕوانگەی تایبەت بە خۆیان و دەرخستنی بێهێزی دەوڵەت، دادگەی سەردەمی شەڕ پێک دێنن تا خەڵکی هەژار مەحکووم بکەن.

شوێنێک کە سەرۆکی دادگەی سەردەمی شەڕی ئەبێتە سەرهەنگێکی نەخوێندەوار کە بەس ئیمزای خۆی دەزانێ.

شوێنێک کە پاش هەشت مانگ بەندیخانەی بێچاوپێکەوتن، بە ئەم دادگە گاڵتەجاڕەیان تاوانبار بە ٢٤ یا ٤٨ کاژێر بەندیخانە مەحکووم دەکرێت، ئایا ئەو وڵاتە مەحکووم بە لەنێوچوون نیە؟

شوێنێک که بنکەی ئەرتەشی وڵاتێک دەزانێ ئەو فەرماندەی که بۆ ئەو شوێنە هەستیارە ناردوویە، نالێهاتوو، پێشینەخراو و بەدسروشتە و بە هیچ شێوەیەک نایهەوێ گوێ شل بکات بۆ قسەی خەڵک، ئایا ئەبێ بە ئەو سەرۆکی ئەرتەشە بڵێین نیشتمانپەروەر و وڵاتخۆشەویست؟

لە شـوێنێک که ئەبـێ ئەرتەش هێمـای شـکۆ و گەورەیـی وڵات و خۆشەویستی هەمووان بێت، ئەبێتە هۆی بێز و ڕقی خەڵک. شـوێنێک که لەجیاتی چێرومێری و یەکڕەنگی، ڕق و دوژمنی ساز بکەن، ئایا ئەو وڵاتە مەحکـــووم بە لەنێوچـــوون نـــیە؟ بەڵـــێ هەمـــوو ئەمـــانە نیشـانەهایەکە بـۆ داکشـان و لەنێوچـوونی ئێـران. بەڵـێ ئێـران خەریـکە لەدەست دەڕوات. بەرپرسانی ئێمە سەرقاڵی یاری منداڵانە یان مەستی بادە و خوازیاری بەرزبوونەوەی پۆست و مەقامن.

ئێران خەریکە لەنێو دەچێت. وڵاتخۆشەویستانی ئێمە تـا ئێسـتا دەستیان لە ملی دەست ناوە. کاتی دووری کردن و گۆشەگیربوون نیە. مەملەکەت خەریکە لەدەست دەڕوات. ناوی ئێران لە لاپەڕەی مێژووی سەردەم ون دەبێت. وەرن ئەو گەل و هۆزانەی که پابەندن بە ڕێزداری و ئێرانخۆشەویستی، زیاتر لە ئەمە کات بە فیڕۆ نەدەن. کۆ ببنەوە و ڕێگەچارەیەک بۆ ئێرانی لەدەست دەرچوو و خەڵکی هەژاری بدۆزنەوە. تـا ڕادەیەک که دەتوانن، بینەری ئەم ڕووداوە ئـابڕووبەرانە بـن. وەرن پشـت ڕاسـت کەنەوە، خەڵـک هێنـدەش که پێتـان وایە بـێئەمەگ نـین، بەچـاوی ڕێـز و حـورمەتەوە بـۆ ئێـوە دەڕوانـن و لە ئەو هەنگـاوە چاکەخوازانەی که ئێوە هەڵی دێنن، بەدووی ئێوە دەکەون. ئێران لە ئەم کـاتەدا پێویسـتی بە گیانفیـدایی ئێـوەیە. کـاتی خزمەتگـوزاری ئێسـتایە. وەرن ڕەچەشکێن بن، ترسی شەڕکردن لەگەڵ دەستدرێژکەرتان نەبێت،

نەڵێن ئێمە بەدناو دەکەن، ناوی چاک ئەوەیە کە لە ڕێگای خزمەت بە وڵات بەدەست هاتبێت. هەنگاوچاک ئەو کەسەیە کە لە کاتی تەنگانە بۆ یارمەتی وڵات پێش بکەوێت.

# پاشکۆی بەشێک لە بابەتەکانی هەژار موکریانی بە سکانکراوی

لەکاتێکا دوورای‌خوشەویست وئەندامی بەرزی کومەلەی (دیموکرات)
مرووپشتیوان لەسەفەری کابەی هاتنەوە بوکان (هەزار) ئەوشیعرانەی‌خوێند
ەوە :            (هەزارومانگی بەفرانبار)

هەزار

بەفرانبارخو توش چەن هەزار ساڵە    وەکو گەلی کورد زیانت تالە
هەمیشە سەرت پرمژو تەم‌بو    نیوبیستنی توبو ایمەخەم بو
بەهەناسەی سارد فرمیسکت دەرشت    بەندی خانیکی گران‌بوی‌بوگشت
چونەوا ئەوساڵ زیدەلە جاران    خوشو جوانتری لەصەد بەهاران
کولوی بەفرەکەت لەپیش‌چاوی‌من    جوانترە لە صەد نەرگس وسوسن
ئەوەفورە رەشەی دەشتی گرتووە    رەشکی گولزاری سالانی‌زووە

[بەفرنبار دەلی]

گەلیك لەمیزبوووەلاتی کوردان    دیلو بەخسیر بوو بەدەس‌نامەردان
ژین‌و دارائی دین‌و پیاوەتی    بو کورد نەمابولە صەتی صەتی
لەناومو کریان کومەلیکی چاك    لیك کوبونەوە لەلاوی خوێناك
بورزگار بونو نەجاتی وەطەن    نیکوشین بەماڵ بەروح وبەدەن
لەنیو ئەوانیش نەخوازا (لاویك)    نەسرموت لەربی (نشتمان) تاویك
کاکە (رەحمانی ایلخانی زادە)    نەخزمەتی وی (نیشتمان) شادە
توش بو لەریدابە هەزار کلو    هەتا برای راست‌خوی کردە مرو
ئەم لەری وەطەن هەلکرا چرای    بتوبە پشتیوان آموزای برای
کاتی زەمینەی کارەکە چنیا    ویکرا گرتیان‌لای (خوداو) دنیا
(مرووپشتیوان) بوەکە و ئەوی    لە وەطەندامان رویە (شورەوی
ئەو چونە دەرکی (رەئسالعالمین)    ئەم‌لایەش بوداد لەلای (ستالین)
ئەو خودا روحمی نابزوم لەمالتا    ئەم‌دەیگوت ایجرای مەنشوری یالتا
ئەو کوردآزاد کەی‌خودای‌بی‌شەریك    ئەم‌داوای حەقی‌بەندی (آتلانتیك)
ئەوآلقەی کابەی گرتبو لەدەس    ئەم‌دەیگوت کوردیش‌حەقی‌ژینی‌هەس
ەیادی وانو بەدادی ئەمان    خوارزکاری کرد کوردلەنیوخەمان
ەروژی‌مندا بەبی‌خوینو جەنگ    هەلکرا (آلای) کوردستان‌سی‌رەنگ
مروو پشتیوان هەم بەروژی‌من    هاتنەوە وەطەن باکوربی دوژمن
بەهار بەدیلی ومن بە آزادی    چلون‌وەك یەکین بوخوشیو شادی

(هەزار)

# خوێندن

**هەژار**

چەند سالێکە کورد بەخێر و دیلە
لێو بەبار خەمبار کز و ذەلیلە

لە هەستی و زیان بەشێکی نەبوە
نێویان لە مێژوی زەمانە مەحوە

دەس رەنجی کوردی بێگانە بمردی
کوردیش محتاجی دەستی نامەردی

بە نەفتی کوردان ئەو دونیای دەوی
کوردیش چولەچرا هەڵدەکا شەوی

دوژمن دەولەمەند بە مالی ئەوان
ئەوان ایستا هەر شوان و رەو کەوان

سانی بەماشین دەشنی دەکیلی
کوردیش تا شەو دێ ناکیلی هیلی

ئەوا لە دوو روژدا خەرمانی کویە
ئەم سێ مانگ کوری گەوزو مەلویە

ئەو لە کێو و کەژ را دەخا آسن
ئەم بوی سازنای سەرنیای گاسن

ئەو وسکە و بانی قیل و اینقالنە
ئەم لەسەر کویلکان سەر گەرمی گالتە

باعثی چیە؟ لە بەر چی وایە؟
بوچی گەلی کورد کەوتوتە دوایە؟!

ئەگەر بو شەربی کورد آزاترن
بە سان و خوان بی لەوان زیاترن

دیارە هیچ لانین ئەو دواکەوتە
گەورەتر سەبەب هەر نەخوێندنە!

ایمە لەزاتی بو شەوان خوێندەوار
ایمە نوکەرین ئەو آغا و سەردار

ئەو بە علمی خوی وا بە جەواوە
ایمە لە جەهلا سەرمان سوور ماوە

بە کوردی: خوێندن. دەرمانی دەردە
هەر نەزان نامەرد هەر زانا مەردە

هەر کەس نە خوێنی نوکەری خەلکە
بو هەمو چەرخان خوێندن بە کەلکە

دەستم دامێنو ئەی بولی لاوان
بخوێنن مەکەن تقصیر و تاوان

بوشی خەرافات بە دەم با دادەن
لە باریکە ریی وزیوان لادەن

چەند سالە دیبای تەنبەلی واتین
خەریکی کەسی جەهل و نەزانین

خوشبەختی کوردان یا خوروژی رەش
لە دەست ایوەدا. بزانین ایوەش

چون بەمەردانە بە نوکی قەلەم
رزگارمان دەکەن لە …

# ( دوای تەنگانان فەرعانیە )

**هەژار**

ایمە پولیک بوین لەپیش چاوی نەزانان مەسخەرە
کومەلیک بوین نیوی مە روت‌و رەجال‌و بیسەرە
بوهەوای آزادی کوردستان کە مجلسمان دەگرت
گالەدان‌و گرتنی پیویست‌بو دەرکەو پەنجەرە
نیوی ئەصلیمان فریدابو لەترسی کاکمان
گەر محمد بادەیان گوت نیوی بینابی بەرە
دیارەدوای تەنگانە فەرعانەن ووتیکە بی‌درو
پاش شەوی رەش‌سپیەتی‌و روناکی میهری ئەنوەرە
کی‌جەلەنگی‌لیدەدا پیمان قوماری‌پی دەکەین
ئەورەش‌و روتانە ایستا پاکی آغاو سەروەرە
نالەو رازو نیازی ئەو شەوانی دیتمان
ایستەگرمەی لاقی پیش مەرگەو سەلامی : فسەرە
دەرکی حزبیمان کەخاکەریز کردبو کەشفی نەکەن
ئەورو خاین‌والە کانگای حزبەکەم قلفی دەرە
دەنکە فرمیسکی هەزاران کەوتە دەریای مەدەلەت
بوبەگەوهەر ئەورەتیس جمهوردمان ئەو گەوهەرە
هەربژی ئەی گەوهەری یەکدانە ئەی دورری یەتیم
تولە آلوزی‌و گری‌کردت رەها ئەو ماشەرە
رب گەردون‌هەر بەمەیلی لەشکری سور خول‌بدا
تا ئەوی روزی دەلین ئەوروکە روزی مەحشەرە

د : اشعاری هەژار ( هونەری ملی )

# (صدبەهارنوکەری ئەوزستانە)

نیشتمان ئەرو کورانت جیژنی آزادی دەکەن
بو ئەوە خیوی وەلات تالانکراو روت وەرەبەن
شیرنی خوی گرتە نیو آمیز و باوەش کوهکەن
روتەنی کویستانی کوردان بووە بزوین وزەمەن
کەرجی ری بەندا نەایستی پر گول و بونە چەمەن
بوتە جنانی عدن چیاو و بەدەن دار و دەون
صدبەهار نو کەری ئەو زستانە ✡ جیژنی آزادی کوردستانە
خوینی کوردانی شمال و ئەشکی چاوی دایکەکان
شینی خوشکانی وطن بولاوەکانی ئەوجەوان
چونە داد بولای خودا. دەریای ترحم هاتە جوش
لاگریکی بومە معلوم کرد ئەبەرد و قارەمان
**یوسف آستالین** کە ئەورو کەلەسەرهەرهەردوبو
نوی هوردوی سور باین دەرزی زراوی ظالمان
تولەلات وابەجیە **هوردوی سور**
سوری چی ؟ کاکە بلین کوگای نور
وابەیاو سوری کەای لاواز لەگینی نیو برا
تا ریگابی کوردسانی دیت وای هەلکرد چرا
مستی خوی کردە گری بو خوین مژانی مرتجع
حقوەسەر ناحق کەوت لەو نیوە قی کورد درا
خوین اشك وشینە کە ویکرا مەبین و بونە یەك
بو بە آلاییکی سی رەنگ و بە شادی هەلکرا
کوردەکانیش دەبی قەدری بکرن
خو بە قوربانی بکەن بوی بمرن

# سرودی ملّی کوردستان

هەژار

نیشتمانم رەنگینە بەهەشتی سەر زەمینە ✡ (خاکم وەکو آلاکەم رەنگ سور وسپی وشینە)۲
رەنگی سوری گولالان بونی سوسنە و هەلالان ✡ (کەوبە بەفری نوالان سەر چاوەی آوی ژینە)۲
لە سایەی پیشەوا دا زور بە آزاو بە مەردی
دەی باریزن ئەو خاکە (بیجوە شیرانی کوردی)۲

هەسارەی آوی هەندیران فیلك وشینکەی زنوبران ✡ (آونکی سەروەنەوشەی دەرمانی بناو بسوسران)۲
سەربا کی زەوی و آوە گەنمم کولەکەی داوە ✡ هەناویان بوی نەماوە تورك و عارەب و ایران)۲
لە سایەی پیشەوادا زور بە آزا و بە مەردی
دەی باریزن ئەو خاکە (بیجوەشیرانی کوردی)۲

نەفتم آوی ژیانە لە سیرت و کرماشانە ✡ (بابە گور گور دەزانی لە موصلیشدا هەمانە)۲
کانگام هەیە لە زاخو هەر وەك نەوتە کەی شنو ✡ (بودوژمنان بوتە سو هەرخوش بی ئەو زەمانە)۲
لە سایەی پیشەوا دا زور بە آزا و بە مەردی
دەی باریزن ئەو خاکە (بیجوە شیرانی کوردی)۲

ئەوی بیت وایە کیبوە خەرمانی زیر و زیوە ✡ (زەرنیقوجیوەی‌هەوشار آغەلان صاحب نیوە)۲
خویندن زورهاسانە بوم دەخوینم بە زمانی خوم ✡ (کەشفیدەکەم‌بەآنوم هەرجی قازانجی بیوە)۲
لە سایەی پیشەوا دا زور بە آزا و بە مەردی
دەی باریزن ئەو خاکە(بیجوەشیرانی کوردی)

کەتیرە ومازو وبەر گن خوریو بنیشت‌و نوتن ✡ (بوخوم رەنیوی دینم بەهوی زانست وخویندن)۲
کوردە هەرجی زەوینە بە کجار بەبەهرە و بینە ✡ (هەرخویندن کیشکجینە لیت‌داگیر نەکا دوژمن)۲
لە سایەی پیشەوا دا زور بە آزا و بە مەردی
دەی باریزن ئەوخاکە (بیجوە شیرانی کوردی)۲

بەناوی خودای بەرزوبی هاوتا

| | |
|---|---|
| کوردستان لەلایەن هەیئەتی تحریریەوە دەردەچی | آبونەمان<br>یەکساڵە ۳۰۰ ریاڵ<br>شەش مانگە ۱٦۰ »<br>دانەی ۲ » |

# کوردستان

بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

زمارەی ــ ۲۰ | سالی یەکەم | چوار شەمە ۸ رەشەمە ۱۳۲۴ | ۲۷ ــ فوریە ۱۹٤٦

## جیژنی ۲۸ ساڵەی هوردوی سور (هەژار)

مانگی رەشەمە هەموساڵی خوش رادەبری ، مزگینی خوشی بهار دینی ، هەناسەی گەرمی هەردی ئەمو تومان ومژی ساردی زستانی دەرەوینی ، گیاوو گز دەژینەوە ، هەزارو لیقەوماووبی برگ لەبەر بەر بەروچکەوتینی هەتاو خویان هەلدەخەن ودەبو ــ زنەوە ، لەهەمولایەك گیا لەبەرلەخاوو حاشارگەی خوان دینە دەری بای دەشتی لی‌یان داو هەوای آزاد هەلمژن هەمو کەس سەر گەرمی خوشیەخوهارەی‌بیرە شەمالیش هەر مەبرسە دەلێی قوی عیابە دارو بەردو چیاو هەردی مردو زیندودە کاتەوە پیاو مەست دەکا سەرما بەربەست دەکا ، پیاو بەخوی نیە لەخووە ومەما دەکەوی ودلی خوشە ، خو نەخوازە مانگی رەشەمەی ئەوساڵیش ئەروزی‌رەشەان بونەسپی روز ، ودیلیمان‌بونەرز کاری وآزادیمان بەکجاریە ، نەك‌هەر ایمە لەآزادی بەشمان هەیە بەلکو هەمو دیلو زەبونەکانی سەر زەوی ئەورو دەلەدەلی آزادیانە ، وکەدوی بلەومژی مردووە ودەست پیوەندیشی لەگیانەلاودان هەمو جیژنو شادیانە ، هەمولیمان سورە کەما کومایەی ئەوآزادیە کەهەمو گەلی زەبون باوەشیان بو کردوتەوە ولەخوشیانی گەشکە بون **اوردووی‌سورە** .

مانگی رەشەمەی ۱۳۲۴ی ئەوساڵی ایمە بەرانبەری کردده گەل مانگی فوریەی ۱۹٤٦ کە ۲۸ مین‌ساڵی بەرەمەمهینانی‌هوردوی سوورە ، ۲۸ ساڵ لەمەوپیش لنسین ئەم‌هوردوەی هینابەرهەم بەخیوی کرد ، پاش وەی لەژیر دەستی **ماموستایەکی زاناو بەمشوری وەك ستالین** آموزگاری کرایخودا هات ، باسکی ئەستوربو ، چونکەبەشیری آزادی گەورە کرا بوبەشیر آزادی‌بوهەمو گەلی‌جو کولاوازی سەرهەردی ئەستاند وەك هەمو کەس لەو روژەدا بەکا بەجیژنو کوردیش جیژنی گرت .

روزی ٦ ی رەشەمەی ئەوساڵ لەساتی ۸ بەیانی را کانگای حزب دیموکراتی کوردستان چون جووانە وارازابووە وپەی پیشوای خوشەویست بوە تقیبیکی گەوهەرین لەنیوەراستی پارچەکانی هەلاوەسراودا دەدروشا دەنگی موزیك و کەرەنا ووشکە صوفی ومەما دەخست بولی‌پیش‌مەر کە خوینشیرنەکان لەچوار ریبانی هەردولکەقاماندا بەجەغزو دەورەویستابون قوتابیەکان کەهومیدی دوواروزی کوردن لەلای راستەوە بەریکوپیکی راگیرابون نیزیکی دەهەزار کەس خەلکی شاری ولاوە کچ‌وژن‌و لاوو منالو پیروەك کولەدەورەی وان کو بونەوە .

پیشوای خوشەویست لەنیوەراستداوەك‌مانگ لەنیو ئەستیرەکاندا دەی‌نواند روی کردەخەلکە کەو لەبابەت بەنرخی ئەو روژەوچونیەتی‌شورەوی لەپیش‌هەرای اکتوبر دا ولەبەرهەم هاتنی هوردوی سوورو کەتانەورو جەسەر بەرزی‌و بەهیزیك بوشورەوی پیك هاتووە کەهوردوی سور لەسایەی پیشوای خوشەویستی‌خویدا ئەووانی آلای‌سەر کەوتنی خوی لەسەرقەلا بایندەکانی آلمان چەقانەو پیروزی‌و آزایی خوی لەهەمو رووی زەوی دا کردەآلاو تیشکی آزادی‌و دیموکراسی‌لەنیو هەمو گەلانی رووی زەویدا بلاوکردەوە کەگەلی کوردیش نووانی آزادی خوی بەدنیا راگەیینی وتا ئەوروشورەوی کەچەندە بەسەر آرەزووی خویدا زال‌بوەوچاوە نوریش‌دەکری لەمەوپاشەوە زاترمەسەر کەوی ووتاریکی زور بەنرخ وبەتینی هەرموو ئەوروژە بەنرخەی لەهەمو نەتەوەکانی شورەوی‌وبە گەلی کوردان کەلەسایەی پیشکەوتنی‌واندا بەشیکیان لەآزادی وەچەنگ کەوتوە پیروز بایی کرد وبە ووتەی : پایداربی هوردووی سوور دوایی هینا .

لەپاشان نوسەری‌ئەم‌ووتارە هەلبەستیکی‌بەنیوی (جونیری بەشور) لەبابەت‌چاونەتی دامەزراندنی هوردووی سوور خویندەوە ، برای‌خوشەویست علی خسروی ووتاریکی‌بەتینی لەباسی‌هوردوی سور ، وهیمن هەلبەستیکی‌بەنیوی (لشکری‌سوور) بەعەرضی حاضران گەیاند وبرای بەرز صدیق حیدری ووتاریکی بەنرخو کورتی لەوباسەدا ایراد کرد وتوفیق‌وردی دەستەشعریکی جوانی خویندەوە کەبووبەمایەی دلخوشی‌هەموان

ماوەلەلاپەرە ۴

بەناوی خودای بەرزویی هاوتا

# کوردستان

بلاو ئەکرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

لەلایەن هیئەتی تحریریەوە دەردەچی

ابونەمان
یەکساله ٣٠٠ ریال
شەش مانگه ١٦٠ »
دانەی ٢ »

ژمارەی ـ ٢٣ ساڵی یەکەم چوارشەممه ١٥ رەشەمە ١٣٢٤ ربیع الاول ١٣٦٥ ٦ـ مارس ١٩٤٦

## [ لەکوێی بەستمەوە ]

جاری کابرایەکی سواربەبەر درگایەکدا رادەبری، خاوەنی ماڵ‌خولکی دەکا کەبولادەی سوار دەس‌بەجی دادەبەزی ودەلی ئەسبەکەم لەکوی ببەستمەوە خاوەن ماڵیش کەهیچ جۆرە نوری دابەزینی نەدەکرد وبەملی داهات‌بو ووتی بینەدەزمانی منی‌بخە. روژی کەدەوڵەته هاوپەیمانەکان پەیمانی آتلانتیکیان دەنووسی هیندیك لەدەوڵەته استعماریەکان پییان وابو ئەوەش وك دروی هەزارساله بویان بوزدەخوا هەرپەسەری زمان فەرمویك دەکەن وپیکی ئەهینن وهەر بەآفەرینیك ملی‌گەله بچکولەکانی دنیادەشکینن ایدی نەیاندەزانی ئەورو درو لەبرەو کەوتوە کەس بەفیل‌و تەلەکە هەلناخەلەتی نەیاندەزانی کەلەدنیای ئەوروڤا دیموکراسی بەراستی‌و آزادی بی‌پیچ‌و پەنا وەك بەگوییانی هەلکیشی یەك‌روژەی دوروژەیە.

نەیاندەزانی کەدەوڵەتیکی وەك شورەوی هەیە کەدرو دەآمەنجی ویدانیه وهەمو کەس ناچار دەکاهەر بابەبەکی داوە دەبی‌پیکی بینی نەیاندەزانی کەهەمو گەلیك وەك ژەنگەسوره هوروزاوون ودەیانەوی‌لەآزادی بەهرەیان‌بی.

ئەمروکە دەبینن هەمو نەتەوەکانی روی زەوی آزادی بەراستیان دەوی‌دەبینن‌هندوستان چبدی بەشیخ‌و بت‌ولەقەب نازی‌دەیەوی دەسترنجی‌خوی کەبەشی هەمو دنیادەکا بوخوی بی خوا ولەبرسان نەمری.

دەبینن مصرو سوریەو لبنان دەیانەوی بەخوینی خوبان‌لەبەر پەیمانی‌ئەتلانتیك بنوسنەوە بیکەنە تیغ‌بەندو گوللە بەند بوروله خوشەویسته کابان.

دەبینن جۆرە خەریکە جای‌خری بوخوی دەمکا وآپوردەی لی‌بەبدا نەبی‌دەبینن ئەندونیزی بەتەمایه بەهوی پەیمانی اتلانتیك لەبەرروناکانی نەفتی‌خوی‌دانیشی وچیدی شەوکویری نەگری.

دەبینن ئەوکوردە هەژارەی کەچەند سالەبەفرو فیشال هەلیانخەلەتاندون بەتورك‌و عارەب‌و فارسەکان خوینیان دەمژن وبوخوشیان نفتەکانیان کەمایەی ژیانە وەك‌شەراب دەیخونەوە بەوپەیمانە آهیکیان دیتەوەبەر وداوای ژیانی سەر بەخو دەکەن.

پییان بلی‌ی‌بەهوی خولکی‌تو دابەزیوم‌ئەسپی‌آزادی‌لەکوی ببەستمەوە ناچاردەلی دەزمانی منی‌خە. لیم‌سورە بیزانیبا درو ودەلەسەی بوناچیته سەری بەباسی سەروماڵی تەواوبوبایه وئەو پەیمانەی امضا نەدەکرد خوتازەش چەل‌ومل بەئەستوی داهاتوە پیی‌خوش‌بی‌و پیی‌ناخوش‌بی قسەی‌خوی وگەلەپچوك ودیلەکانی بی‌قوت نادریتەوە ـ بەرقەرارو دەس روبوبی دیموکراسی بەراستی‌و ئەوانەی کەلاگیری دیموکراسین.

هەژار

به‌نوی خودای ئه‌رزوی هاوتا

| آبونه‌مان | |
|---|---|
| یه‌کساله | ٣٠٠ ریال |
| شه‌ش‌مانگه | ١٦٠ » |
| دانه‌ی | ٢ » |

# کوردستان

له‌لایه‌ن‌هیئه‌تی تحریریه‌وه ده‌رده‌چی

بلاوکه ره‌وه‌ی بیری حزبی دیموکراتی کورد ستان

زماره ٣٦ — سالی‌یه‌که‌م — دو شه‌مه و ٢٧ ره‌شه‌مه ١٣٢٤ — ١٣ربیع‌الثانی ١٣٦٥ — ١٨ مارس ١٩٤٦

## ⋆ تفی سه‌ر به‌ره‌و ژور ⋆

به‌راستی ئه‌ویشیانه‌ی ایمه‌خوالیبان خوش‌بی فه‌رمایشتی زوربه‌کاکل وپرنیوو نرخیان فه‌رموه ئه‌گه‌ر پیاوبیر ده‌کانه‌وه زور له‌و ووتارانه‌ی که‌کوتویانه وه‌دی هاتون ئه‌وی‌نه‌شهاتیته‌دی پیاوتوزی چاوه‌نوری‌بکا وه‌دی‌دی ته‌نانه‌ت ئه‌من‌پیم‌وابو ئه‌وه‌ی که‌کوتویانه ( قه‌ل‌به‌قه‌ل ده‌لی‌روت ره‌شه ) هه‌رکوته‌یه وله‌سه‌ر هیچ‌بنچ‌و بناوانیك دانه‌مه‌زرا وه‌هه‌رگیز نایه‌ته‌دی.

له‌وروزانه‌دا چاوم به‌روژنامه‌ی زماره ( ٤٧١ ایرانی‌ما ) بروار ( ٥ اسفند ) که‌وت‌له‌ژیرووتاری به‌نیوی ( ترکها برای‌مانوحه سرائی میکنند ) بامبکی له‌روزنامه‌ی ( تصویر ) چاپی استه‌بول بروای ١٧ زانویه ١٩٤٦ کوبزتبووه. سه‌رم سوورماو حه‌به‌سام.

جهادبابان هه‌لسورینی روژنامه‌ی ئوبراو نوسیبوی ( هه‌رایه‌کی له‌آذربایجان وله‌سوچ‌و قوژبنی ایراندا هه‌لایساوه به‌ری کردووه وآکاری خراپی کاربه‌ده‌سته‌کانی ایرانه. آزادیان له‌تیره وره‌گه‌زه‌کانی غه‌یره فارس دارنی بونه‌یانده‌هیشت به‌زمانی خومان بخوینین یابدوین ده‌ستیان ده‌هیچ کاروباری حوکماتی دانه‌بو بویه‌راست بونه‌وه وپه‌نایان بوده‌وله‌تی شوره‌وی برد وایته آزادی خویان داواده‌که‌ن ) سه‌ری زمانی‌خوم گه‌ست وهه‌زار دوعای به‌خیرم بوکابراکرد که‌ئه‌مه‌ی گوتوه وئه‌ورو بی‌لارو چه‌وتی بیستم **قه‌ل به‌قه‌ل ده‌لی روت ره‌شه.** دتیکه آشکرا وهه‌مو که‌س ده‌زانی فارسه‌کان له‌وبابه‌ته‌وه له‌چاو ترکه‌کانی عوثمانی چه‌ند روسپین ومابه‌ینیان آسمان‌و ریسمانه.

فارسه‌کان نه‌یانده‌هیشت ئه‌وی‌فارسی نه‌بی‌بنوسری وبخویندریته‌وه ایدی له‌دوان به‌غه‌یری‌فارسی نه‌ده‌دوان پولیان له‌خه‌لك ده‌ستاند. ولاتی آذربایجانی وکوردیان ویران‌ده‌کرد بو آوه‌دانی شاری خویان. روی خوشیان به‌که‌س نه‌ده‌دا. به‌چاوی سوك‌و نوکه‌ری بی‌خه‌لات‌و به‌رات تماشای آذربایجانی وکوردیان ده‌کرد. هه‌رچی سه‌ری ئه‌ده‌سی هه‌لاویتایه ده‌بان گرت وجزیایان ده‌دا. هه‌رکه‌س هه‌رچه‌ند له‌بابه‌ت فارسانه‌وه بدوی به‌جیه به‌لام ئه‌گه‌رهه‌موکه‌س بکاده‌نگی ده‌بی تورك بچنه بن‌بیژنگی نازانم چوبیان له‌رووهه‌لنوه چون د‌نارزن چون‌هینده بی‌شه‌رم‌و ئوره‌یین رویان هه‌لاویشتوه وله‌سه‌ر خویانرا بامی ایرانده‌که‌ن وه‌ك‌ایران آذربایجانی وکوردی هه‌یه‌ئه‌و له‌وی زیاتر کوردو ئه‌رمه‌نی هه‌یه.

[illegible] که‌س غه‌یری ترکی‌بلی یابنوسی‌به‌دار داده‌کری ودکوژری ده‌به‌ر کردنی جلکی‌خویان گوناحیکه ناه‌خشری له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش‌را سال نیه‌قه‌صابیه‌کیان لی‌دا ئه‌مه‌زربنن ولیبان کم نه‌که‌نه‌وه. فرسه‌کان پولیان ده‌ستاند ئه‌وان گیان ده‌ستینن. فارس به‌چاوی سوکیان تماشاده‌کردن ئه‌وان به‌زیانیشیان قایلنن.

به‌رجه‌وه‌ندی ظولم‌و زور وخوین مژی فارسان‌ده‌گه‌ل ترکان‌بکه‌ی‌وه‌ك‌له‌کیویك‌و کایه‌ك وتنوکیك له‌ده‌ریایه‌که به‌لام‌ئه‌من پیم‌وانیه رو — ژنامه‌نوسیکی وازرینگ هینده بی‌سه‌لیقه‌بی ظولمی تورکانی نه‌دیبی وشالاوی بوفارسان بردبی به‌لکو ده‌لیم. جهادبابان تیگه‌یوه که‌بناغه‌ی ظلم‌وزور له‌سه‌ر آوه‌وحوکومه‌نی بله‌وه‌زی ودیکتاتوری وه‌ك سه‌گی‌هار چل‌ئه‌و ده‌زی وپیاله‌ی خوین‌مژی شه‌کربوله‌سه‌رریژ ده‌کا. جهاد بابان به‌بیریکی روون‌و زیرانه ئه‌ستیره‌ی ترکان سه‌ربه‌ره‌وژیر ده‌بینی وده‌زانی زوربه زوبکی‌زووئه‌ونه‌نه‌وه دیل وبه‌خسرانه‌ی که‌ترك خوبنیان ده‌مژی هه‌لده‌په‌رنه‌وه وبه‌ری کردوه وظولمی چه‌ند ساله‌یان ده‌ستی‌ده‌نین.

ده‌زانی دنیای دیموکراسی دلی هه‌لناگری چیدی ئه‌و قصابیه‌ی‌له‌پیش‌چاوبکری.

نوسه‌ر نه‌ش‌ویراوه راسته‌وراست به‌تورکانی بلی‌وك‌مه‌ئه‌له‌یه بوکی‌ده‌گه‌ل‌تومه خه‌سوگوبت‌لی‌بی شانه‌ی‌تورکانی‌ده‌سه‌ری فارسانداشکاندوه. وهه‌مو که‌س‌لی‌سوره ده‌لی‌جی.

(هه‌ژار)

---

کوردستان : جهادبابان له‌ووتاره‌که‌ی خویدا له‌غایه‌تی بی شه‌رمیدا حمله بوشوروی ده‌کاو چه‌ندین افتراو بوختانی به‌و ده‌وله‌ته‌دمو کراسیه به‌راسته‌وه به‌ستووه . . . وا نیدگا که‌دونیا له‌ بیری چوته‌وه که‌له‌صاله‌کانی آخری شه‌ردا تورکه‌کان هاوبه‌یمانی المان و ایتالیای‌ده‌ست دریز بوون. ئه‌و وا نیده‌گا که‌دونیا له‌بیری چوه که اوردوی تورکیه له وه‌ختیکدا روسیه‌ی سوسیالیستی سخت سه‌رگه‌رمو گرفتاربوخیالیان بوو به‌یاره‌تی هیتار و وده‌ستوری فن‌پاپن

ماوه‌له‌لاپه‌ره ٤

٦ اشعاری هەژار شاعری ملّی (ماودی دەدقیقە هەلیبەست)

* قەلەم *

هەموتیگەیوەکان زور باش دەزانن     کە کورد آزاتری ملکی جهانن
هەوە میژو گەوای آزایی کوردە     لەنیو شانامەداهەر کوردە گوردە
دمی شمشیری وان هەردی دریوە     لە ترسی نیزەیان آسمان چەمیوە
بەلان چون شیرو نیزە بی قەلەم بو     بەشی ایمە لەدنیا دردو خەم بو

لەیەکترەان دەدا شمشیری خومان
لەخومان بو پوانی تارو پومان
لەدنیا وادەمان گەوزاند سەرو لەش
لەگەنجی سەربخویی بی حەزو بەش

لەبەر جەهلی وەلاتی کوردەواری
لەشانی نیشتبو توزی هەژاری
قەلەم پیدابو چوارسالی نەکیشا
نیفاق و نەگبەتی لابرد لەپیشا

بەبی شمشیرو نیزەو کوشتو کوشتار
وەلاتی کوردی آزادکردو رزگار
لەویرا سازو سەرکەوتنی کورد
بەوی امضاکرا حوریەتی کورد

. . . . . . . مەحبوب و عەزیزمان
جەنابی پیشەوای بەرزو بەریزمان
بەروح و عقل و عدل و نوکتەزانی
نیەبوئەم لەسەر ئەم هەردە ثانی

لەسایەی خویندنو نوکی قەلەم بو
کە بەو رەنگە لابەری دردو ئەلەم بو
هەتا ماوە دەرودشت کیوووادی
بمینی پیشەوای ایمە بە شادی

# دمەتەقەیێکی دو کەسبی

بایز - تو خوامام بابیرچی باسە

بابیر - چی چلون ؟

بایز - کورە چوزانم دەنك و باسی ئەم شەررە

بابیر - دەك خوابتکوژی توچت داوە لەشەر دەردی خومان

کەمە نورەی شەررە

بایز - بوچی دەردمان کەمەکی هەیە دەردوداخی نەبی

بابیر - هاتەوجار بویتە پیاویکی باش وەرەگویت لی بی تازە پیاویك

هاتوە بوگەنم کرین در اویکی زور پشی هیناوە

— ٥ —

بایز - جاکی هەیە هیندە نەفام بیت گەنمی پی بفروشیت

بابیر - بە خوانا تیگە پیشتوی دراو بەرد نەرم ئەکالە پیش هەمو

کەسیکدا آغا گەنمەکەی ئەفروشیت

بایز - ئەی بو خوی چی ئەکا ؟

بابیر - مام بایز وەهادیارە چونکو باسی در اوم کرد عەقل وهوشت

لانەماوە کوررە هەی نەفامی تی نەگەیشتو! ئەی گەنمی

ئەم جوتیارە چارەرەشانە هی کی یە ؟ مالی جوتیار

هی آغایە

# مەرامی کومەلە کەم دینگە!

ع . هەژار - ٢٠ (آ / ت ك)

---

له خوشی کومه لەوه چەنده خوش ورینکه ور ینکم

بزانه کورده ئەمن کیم که هینده ژیرو زرینکم

بەریی نەجاتی وەتەن دا دەروم بە عەزمی مەتین

محافظی وەتەن ئەمنم مەتالی گولله یه سینکم،

له عیشقی شیرینی میللی له بیستوونی مخالف

له باتی تیشەیی فەرهاد ئەمن مژوله قولینکم

له دەم برینی ئەوانەی لە کومەلەم بە دگون

لەبار و تیژه دەمەی مووده کا مقەستو برینگم

به پشتیوانی خوا زووم له بەینی .... و ....

دەبینی باز و شەهینم لەراوی قاز و قورینکم

مەرامی کومەلە کەم « دینگ »١ ه صوفی توش چەلتووك

له تویکولت دەر ئەکا زوو که بی‌یە بەردینکم

له کوزی کومەلە دا مل گەچوور فەقیرو « هەژار » م

بەرا بەری نەتەوی‌ی٢ ئەو حەریفی شیر و پلینکم

---

١- دینگ ئەسبابیکه بو برینج کوتان له کوردستان به کاری دینن به مەعنای « چاك ، باش » یش هاتوه

٢- نەتەوی‌ی له شیوەی موکوریانی‌یدا به دوژمن ئەلین

٢٢

## جوجەلەی نیشتمان ئا/ئن - ھەزار ٢٠

---

راو کەری بەد خوخوینریژی خوینخوپر   ئە تو بیوخودا بە سیە ظلمو زور
ئەم جاریش بم دەمولەت و مەودا   رولەی شیرینم لە شیرین خەودا
لە ژیر بالم دارای مەیەرینە   هیلانە کە مان لیی مەروخینە

---

نە خوینی خوم دل ئەندیشی ناکا   بلام دەترسکم تیرت خە تاکا
لە دری لەمرن وە رولەم کەوی   جەرگە کەم بیبری لەشیرین خەوی
دندوکی شوشی شوشەی گیانمە   خەنو خالە کەی خەتی ژیانمە

---

تو با خەبەر نیی لەایش و دەردم   دل دە برژینی هەنا سەی سەردم
لە دایکت پرسە بیت دە لی حالم   اینجا تام دە کەی ژیانی تالم
پیم خوشە بەرم نەك جوجە لەکەم   بروەنجیو پشیی بەندی دلەکەم

---

هەژار جوجەلەی نیشتمان ئەتوی   وەهای خوش دەویەی با وەنا بەبوی

# دلی دایك

« بویژی به ناو بانگی ایران ئیرەج میرزای بەناو « قلب مادر » هونددویه ئەوە هەژار ۲۰ لەشاری آ/ك وەری-گیراوەتە سەر کوردی » .

دلبەری نار د یيه لای دلـداری      آخ لەبەر دلبر وداخ بو دلدار
دایکی تو کیشەیە من دە فروشیی      زور خرایه لەگەلم سەربە دەوار
هەر بیان بەر بو هە تـا ایواری      ئەوە گر تومیە نیو ئەوس‌و پلار
تابلبی بەس لەگەلم روونا خوش      خوجنیویش چی بلیم دورلە شمار
چاوی مونی لەدلم تیری وەهاتی      داوە-گیرانەوە هەر خوشە بەزار
تا ئەوە ماوە بەزاری من و تـو      قەندوهەنگوینەلەگوین ژەهری‌مار
نابمە یەئ لە گەلەت تا نەکوژی      پیرە دایکت کە منی دا آزار
دەتـەوی بیمە ژنت هەلسـە برو      بیکوژەسینگی بەخەنجەر کەشەقاو
دلی دەربینە بەگەرمی و بەخوین      بومنی بینە لەبات سیو و هەنار
آگری تورەیی من دادەمری      کاری‌توش سازە نەمینی یەدکار
کوری بی‌بەش لە هەمو زانستیك      شیت و دیوانە و بەخەو بەتیار
گەورەیی دایکی لەبیرچووە کەبوی      دەچرووساونە دەحەجمی بەچی‌بار
دایکی کوشت‌سینگی‌دری گورگانە      دلی هینایەدە رو کردییە غار
رو بە خانووی کچە کەوهیشـتابو      دلی دایك لـە لەپی داگیاندار
کەو تە هەر دای‌لەپربو هانیشکی      کەمی روشار دلی دایکی بەتلار
کەوتەنیوخول- کەهەلستا بووی‌چو      بیستی‌دەنگی لەدل ئەیکوت- هاوار
کورەکەم لاقی بە بەرد ایشـاوە      داخەکەم دەستوبلی بو زامار
نیشتمان دایکە کوری چابە نەکەی      دلی بیشینی بە هیچ باری هەژار

## گەزی چی و چاوی چی ؟

به قلمی هەژار

هەتا شەری بە گەلە کومەگی لە سەر زەوی دا گەرم بوو . هەتا تەندوری کیشە و هەرا بو اوروپائیل درابو . هەتاکلی دنیا سوتین بو بەشەر چند رابو ، سەر دەمیکی تەنانەت دەولەتی عراقیش گوپی لە کلاو دەرپەراند بوو خەریك بوو لە تاوی هاری پال وەماری بدا لە کاتیکا هیندی دەولت گوریسیان لی گەیدوە هیچکان و دەیزانی ئەو گەلانەی کە چند سالە عبد و کنیزی بی خەلات و بەراتن ئەو منتانەی کە هەر یازدە کەس لەوانی کردوتە خذمتکاری یەکیك لە خویان سەرەرای ئەوە کە نالیشیان ناداتی نانە کەی ئەوانیش دەخوا هەر بینا پەنایان بودوژمن بردو دەشی زانی هەمو کەس لاگری المانی بی چاترە لە نوکری وانــ . چاری ناچار بوو پیمانی آتلانتیك کەلە روو بەرووی بابی هەژار و داماوانی دنیا ژنرالیــموس ستالین و بە گەوالی دەریا بە شەرم و شوورەیەکان نوسرا بوو امضایان کرد ، و مژدەیان بە نەتەوە لاوازەکان دا بە هەرەومز دوژمنم لە بی بخەن و لە کولم کەنەوە لە زیر پنجەی ظلم و زوری خوم رزگارو دەکەم ، تازە چیدی ریغوالەی خوم بە خوینی ایوە پر ناکەم ،

۲۰

ھەژار

کورد و
آذربایجان

بانەمەری
۱۳۲۵

بخوینە بلبلی خوین گرم و دلسوز لە شادیانەی بهار و جیژنی نەوروز
ایتر سەرمایی زستانی بەسەرچوو ئەوی توی دل بە غم کرد تازەدەرچو
بە حیز بی تاو و باو بارانی سەرما لە هەر گوشە و کنارێك بی ئەرما
دیسان وا خاکی خوی دەس کەوتوە گول

جیگەی چاککردووە بو توش لە سەر چل
گولی جاران نیە توشی خەمت کا لە گەل هیجرانو دوری هاودەمت کا
هنرومەند پروەردە و زانا پەسندە لە مەیدا وا گەشو وا سەر بلندە
لە توش زیاتر ئەمن مسرور وشادم سرود خوینیکی خاکی پاکی مادم
هەتاوێستامنیش یەخسیر و دیل بوم لە بندی ارتجاع ماتو ذەلیل بوم
ولاتی گرتبوم بەفری هەژاری کریوەی نەگبەتم پیدا دەباری
لە سایەی کومەلی پاکی دیموکرات بە آواتی دلم گەیوم بە آوات
مژی خەم بەشنە بای آزادی رویی لە سەر بەرزانە آلای سەربەخویی
چ آزادی هەتاوێستا ئەگەر کورد لە ریی رزگاریا دەیکرد دەسوبرد
بە تەنها هوزی یا خو پولە سواری بە شیر و خەنجەر یکو بەرد و داری
دەهاتە کار وەەر بەمجور و ئەرزە تەواوی هەرد و بوی دینایە لەرزە

# قەلەم

**هەژار : شاعری ملی**

هەمو تێگەیسوەکان زور باش دەزانن
کە کورد ئازاتری خەلکی جیهانن
هەمو مێژو گەوای ئازایی کوردە
لە نێو شانەدا هەر کوردە گیردە
دمی شمشێری وان هەردی دریوە
لە ترسی نێزەیان ئاسمان چەمیوە
بەلام چونن شیرو نێزە بێ قەلەم بوو
بەشی ئیمە لە دونیا دەرد و خەم بوو
لە یەکترمان دەدا شمشێری خومان
لە خومان بوو یوگانی تار و پومان
لە دونیا وا دەمان گەوزاند سەرو لەش
لە گەنجی سەربەخوێی بێ حەز وبەش
لە بەر جەهلی وەلاتی کوردەواری
لە شانی نیشتبو توزی هەژاری
قەلەم پەیدابوو چوار سالی نەکیشا
نفانی ونگبەتی لابرد لە پیشا
٤

گاڵتەو گەپ :

# دەمەتەقیی بایزو باپیر

«هەژار»

باپیر : مام بایز رۆژباش

بایز : علیك السلام

باپیر : ئەمە یانی چی ؟

بایز : جیرانی مەلام .

باپیر : ئەمدی دوێنێو پێر ؟

بایز : بەخوا چومە شار

باپیر : چیت پێبوو بەخێر ؟

بایز : بەخوا بارەدار .

بایز : بەسێ چوار نیمەت

باپیر : وەك شەکرت فرۆشت بوێوەبلیمەت

ئەگینا چیە نرخی بارەدار ؟

بایز : چۆن نرخی نیە ؟ هەتیو شەڕەوشەڕ

باپیر : شەڕی کێ ؟

بایز : شەڕی منالی مەکتەب

باپیر : گوایا منالی جولەکەو عەرەب ،

# ئەدەبی کوردی سەربەرەوژێر دەڕوا

— هـەژار —

چەندێك لەمەوبەر جارێك لەگۆڤاری « بلیسە »وە پرسیارێك کرابو کەئایا ئەدەبی کوردی لەچیاریکدایە و چیدوای خستوە و چون پێشی ئەکەوێت؟

جا وابزانم هێندێك لەنوسەران وەڵامیان دایەوە ، بەڵام من بۆکلولیم وەك کابرای کوردە گوتی : خەرمانم سور کرد تاچوم لەدوی سەرکار کەو دەکونی‌کەودا دەنکی لێبری !! تا بیرم کردەوە چروژێك دەستم بەتاڵ‌دەبی و دەتوانم کاتێك تەرخان کەم‌و وەڵام بنوسمەوە « بلیسە »ی خوشەویست کوژایەوەو هەروەك گەلی لەگوڤارو روژنامەکانمان هێشتا تام لـەژیان نەچێشتو بەکامی‌دڵ نەگەیشتو جوانەمەرگ کرا !! وا ئێستا دەمەوێ لەگوڤاری « روناهی » دا کەهومێدێکی تازەیەو چاومانی روون کردوتەوەو هومیدەوارین بەتەمەنێکی درێژو پڕلەبەهرەوە بژی ، بیرو راوێژی خوم لەوبارەوە دەربڕم .. مامۆستای سەجادی وەك باوکێکی زور دڵسوزو منداڵ خوشەویست کە لەهەموشتێکا لایەنگری کوری خوی دەکاو هەرگیز هیچ کەم‌و کوری لەودا نابینی وەڵامی دابووە . مامۆستا شاکرفتاحیش تاسەرێك بەرچەی ئەودا رویشتبو ، پاشان چاری پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی خستبوە سەرپیاوەتی بیگانانو ئانی هەنجنیبو بەهیوای شوربای جیرانان هەروەها دنەی‌خوشمانی دابو کەپێویستە ریز لەنوسەران بنێین‌و زورمان خوش بوێن تابتوانن ئەوانیش بەدڵێکی خوش‌و بیرێکی ئاسودەوە گوڵ‌و گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردیمان بوبنە خشین‌و بیگەشێننەوە .

ئەم شیعرە هی « ملاکریا » شاعیری زەنگی ئامریکیە . جەریدەی « اخبار الیوم »ی میسری وەری گیرا بوە سەر عەرەبی . منیش لەعەرەبیەکەوە کردم بەکوردی .

لوبنان پەحمەنەس ١٥/١٠/١٩٤٩

هــــەژار

## هاواری زور لیکراو

من کیم ؟ چون ژیام ؟ بوچ ئەمرو دەژیم ؟
ڕەشم ! وەك دەیژم ! ڕەشم ! وەك ڕەژیم
ڕەشم وەك لەعنەت ، وەك تووی دوکەل
« ڕەشم وەك بەختی بیکاری ئەنبەل »
ڕەشم وەك مردن پەروژی جیژن
کەس لە « برودرای (١) » چاکەم نابیژن
دوستم پەلەپەکەو هەژاران دوژمن
هەمو کەس بەسوك دەروانیتە من
وەکو دەروانتە کرمی سەرعەرزی
ئەستیرە کانی عاسمان لە بەرزی
دوریان خستەوەو ناهەق کوشتمیان
پیم پی دەکەنین کالی ناشتمیان !!

---

(١) برودوای : گەرەکی دەولەمەندانە لە پاتەختی ئەمریکا .

و کونگرەی لاوان نوسـراوە
که لە شاری وارشەو گیرا بو

## نامە بو وارشەو

هەوار ١٩٥٥/٧/١٢ بغداد

کوردیکم دەوی چابلەو پتەو
سەفەریك هەبە بوم بکا بە شەو
ئەهیلی تورکو عەجەم بزانن
داگیرکەرانی لە کوردستانی
مال لە خانەخوی حەرام کراوە
مەسەلی کوردەو لەکورد روی داوە

* * *

بشان بچیتە شاری مهاباد
تلیتی بینی لەو داری بیداد
لەو داری قازیو سەیفیان پیدا کرد
جمهوریەتی کوردیان پی لابرد
بچتە ئاگری داغ نیزەیەك بینی
ژەنگی هینابی بە دلوپی خوینی
کام خوین ؟ خوینەکەی لاوانی کوردی
لە ریی ئازادی مردن بە مەردی
ئەو کوردەی گیاتیان بە ئاواتەوە
ئیستاش لەو کیوە دەنگ ئەداتەوە

— ٣٦ —

# کـــــوردم

هـــەژار

« لەوەرامی گونە دوستیکا نوســـراوە »

---

برا زۆر سەیرە تۆ نەمناسی‌من هەر زۆر لەزوو کوردم
کە تو پینج شەش کـــەرەت گوراوی من بی‌سی‌و دوو کوردم
لەتەکیە بویە جیگر ریکو ومیکر لەبن بەرمال
ئەمن لەو ساوە جی‌وبانم لـــەبانی بیشکە بوو کوردم
عەجەم بوی بویە تورکو بویەعارەب ئیستە سەر شیواو
ئەمن بی گیلمە گیلـــــم وکەشمەکەش بی چاشنوو کـــوردم
سپی بوی بوویە شین‌و بویـــەسوورو ئیـــستە رو زەردی
ئەمن یەك رەنگ‌و رو وەلامەردی خاوەن ئابروو کـــوردم
کە تو بو مز لە ناو مزگەوتی کوردســـتانە رووگەی من
کە تو دەرویشی زەرگەو مەرگی‌من بی هایو هوو کوردم
کە تو پەل بو هەمو جی‌پـــەلاکیشی و بی رەگو پنجی
ئەمن گەر پەل پەلیشم کـــەن لەســـەر یەك ریکەوو کوردم
دلت بو پارە پارە بی لە لیرەگیرە دەم بو دەم
ســـەراپا رەگ بەرەگ ئیـــستانبە ئیستان موو بەموو کـــوردم
کە تو دەرپیت فریداو چاکەت‌و چاکت دەبەر خو کرد
ئەمن شەرمم بەخوو شایم بەخومە جل شروو کوردم
کە تو گیرفان‌پری گیرفان‌بـــری من هەر هەژار ماوم
کە تو خوت دابە خواردن مـــن لە گەل گال‌و بەروو کوردم

# بەراستی دنیایەکی سەیرە!

## ئەمەیە ئەلین کـــەس ئاگای لەکەس نیـــــە

هەژار

هەی داد هەی بیداد من کوردم سەری سال نەغدوپوخت لیم و خەلکی ئەم کوردستانە پان و مەرین و پر پیت و داهاتەم.
کوردستانی، کە بوتە عەنباری دەغل و دان و نەوت و گوشت و توتن و لوکە و هەموو مایەی بژیویەکی تر بو ئیمپریالیست و داگیرکەران!!
من پەیدای ئەکەم و خەلک ئەیخوا، خوم رووت و رەجال و خەلک پوشتە ئەکەمەوە، من رەنجبەر و رەنجەر و هەرچی کوی ئەکەمەوە سەری سال نەغدوپوخت لیم وەرئەگرن و لە جیاتی سوپاس (پدەرسوختە)یەک یان (ئویلدرم بیلدرم)یکم لە دەست دەنین و برو بەخوات ئەسپیرم!!
ئەمە بو؟
هەر چونکە هەزار سالە بی فرو فیلم و گویم نەداوەتە بەرژەوەندی خوم و گوتومە موسولمانیەتییە و فەرق و جیاوازیمان نییە!
هەر چونکە هەزار سالە لە پیناوی بەرزکردنەوەی ئالأی ئیسلامدا خوم لەبیر بودتەوە و بو ئەو برا موسلمانانەم (خوا لەخیری دەرنەکا) خوینی خوم رژاندووە و پالەوانی مەیدان هەر خوم بووم!
هەر چونکی لە چەنگی خاچ پەرستاندا سنگی خوم کردە مەتال (قەلغان) و هەموو ئەورووپاییم بو جەهەننەم رەپیچەک دان و نەم هیشت ولاتی موسولمانان بەدەردی ئیسپانیا بەرن؟
هەر چونکە بە هەزاران لە میژووناس و زانایان و بویژان و پالەوانانمان خزمەتی زور و زوربەیان بەئاینی پاکی ئیسلام کردووە؟
هەر چونکە ئەگەر سوارەی شیر بەدەستی من خویان نەخستایەتە ئەزمیرەوە کەوا سەری داگیرکەرانی تورکیایان وەک گەلاریزانی پایز هەلدەوەراند. ئیستا تورکیا داری بەسەر بەردەوە ئەدەما؟
هەر چونکە بە شایەتی هەموو میژووناسی بی ئینسافیش هەزار و یەک جارم ئیران لە مردن رزگار کردووە و کردوومەتە ئەو ئیرانەی، کە ئیستا بەریشم پی دەکەنی!! باشە. دیسان من پەشیمان نیم. من بە دلپاکی و برایەتی ئەوەم کرد، کە کردوومە و پیشم وایە خوای گەورە لەگەل پاکانە، ئەو چاکەیەشم دینیتەوە ری و دەشزانم بەشی گزیکەر و دزیکەران هەتا سەر هەر وەها نابی!
بەلام ئیستا لە شتیکی ترا سەرم سورماوە و هیچ سەری لی دەرناکەم:
وەک ئەوەی تا ئیستا کردوومە هیچ بەدلیان نەبوویی و کەمم هینابی و درەنگ هاتبم وایە. پییان وایە کە من ئاوا زیندوویم و لەسەر پی بروم و کاریان بو بکەم بەس نییە!
دەیانەوی بم توینەوە!! ئا بەلی هەر توانەوەی بەراستی چون قورقوشم ئەتاوینەوە ئاوا. گوایە دەبی بم توینەوە و سکەی خویانم لی دەن و کەس نەمناسیتەوە! بەلام چونکە- بەنائشکوری نالیم- توانەوەیەکی چەند قولییە وەستاکانم قسەیان بەکتر ناگرنەوە و چز و هوری ئاگر و تاوەکەیان بوتە سەیر و سەمەرەیەک دنیای هیناوەتە پیکەنین.
فارس ئەلین: کورد لەرەگەزی ئارییە و سەری خرە پشتی پانە و لوتی کورتە و بەژنی درێژە و چل پەنجا وشەی زمانەکەشی خومانن و بەشی کەسی پیوە نییە.
وەک هی فارسی وایە، پادشاکانی پیشوومان و زەردەشتی پیغەمبەریشمان لە کوردستان ژیاون و لەبەردی چیاکانیان نوسیون. کەوابی بە هەزار و یەک بەلگەی بی گری و گول کورد لە بەلی ئاغای فارس قسەکانت ئەگەر دروشن زور خوشن، هیچ ناشلیم ئەو پیغەمبەر و پادشایانەش کە تو ناویان ئەبەی

**پاشماوەی لەلاپەرەی ٧**

# بۆ منداڵان

## گورگ و بەرخ

لەعەرەبییەوە وەرگیراوە
(سیپاڵ)

گورگی خوێناوی پەل ئەخواتەوە
بەرخێک لەخوار ئەو ئاو ئەخواتەوە
گورگ بانگی کرد: لێخڵێوی مەکە
تورەم لەم فیزەت زۆریم لی مەکە!
وتی: گورگ ئاغا ئوی لەسەرووی من
لێخناوی تۆبە نیتە گەرووی من
گوتی: دەرنەکەی پیرار بەهارە!
ئیستاش جێی شاخت لە لەشما دیارە
وتی: من ئەمساڵ زاوم لە مەڕێک
تۆ لە بەهانەی پێم بکەی گەڕێک
گوتی: جوێن ئەدەی! گوتە دوژمنم!
دیارە پێت وایە من دروزنم..
تۆ ئاوان باری بەشت خواردنە
بەهرەت بۆ ئاوا ئەم خۆ بواردنە
لە چەنگی گورگا بەرخ هەڵدرا
ئاوی چەم ئەی گوت لەگەڵ خورخورا
کەی دەبڕیتەوە بیانووی زۆرداران
کێیە وەدەنگ بێ لەسەر هەژاران؟!

# دەمەتەقەی بایز و پیروت

بایز- مام پیروت چونی ؟
پیروت- بایز چە بیژم !!
بەخوا ئەم بەینە سەرسام و گیژم
**بایز- چیتە؟ سەرماتە؟ بارانە؟ هەورە؟**
**پیروت- کورە نا- لە داخ رۆژنامەی سەورە**
**ئیژی گەلی کورد ئەتاوینەوە**
**ناوی لە دەفتەر ئەکوژینەوە**
**ئەبی قوتییان دەم کورد و چیاکانی**
خۆمیان لی بکەمە کەمالی سانی
بایز- چی چی! ئا پیروت بۆمی بلیوە
بیم ئالی کیبە ئەم- خیوە؟
هەی... لە گور نەحاویتەوە؟
کورد مومی نوشتەس بتاویتەوە؟
بو من دولارم بخریمە باخەل
شیر چون ئەچیتە ناو ورگی چەقەل
ئەمە کەی کورد گەل بوونە پەقلاوە
کەر لە کوی و گوندە لەکوی دراوە
جا بیژی با کورد جولەکە دەرکا
جا بیژی با کورد خوی چارەسەرکا
**پیروت- بایز ئەی چییە ئەم قوویلە قوویلە؟**
**بایز- پیروت وەگیان تو گلنکی بوو بوویلە**
**ئینگریزیان دەرکرد و چەپلە و فیتە**
**لەدەستی دەرچوو ئەم حەمکە پیتە**
هەر خەون ئەبینی بیتەوە ناومان
بی وەلەکە لە بانی چاومان
لات بەکری ئەگری شەر بنیتەوە
خوی هەلیگ دەسخا و بگەریتەوە
پیروت- ئیستا ناترسم!
بایز- ترسی چی؟ پیروت
گەل قویت دانی چی؟ هەر بەبیری خوت
هیتلەری بارکی ئەم رۆژنامەیە
کوا؟ کی ئەزانی گوری کامەیە؟
**هەزار پالەوی و سەد گەمال مردن**
**بە کەس قوت نەچوین کوردت هەر کوردن**
پیروت- بەلی راست ئیژی خوا ئەت باتەوە
گا لە جی پەستر ناو ئەخواتەوە
بارکم لیم سەگرە سەیرە ئەم دەورە
ترسام وەک خورما قوتم دا سەورە

له دیوانی هەژار

# دلۆپی فرمێسک

لەسەر چۆمی راین لـــە رۆژگاری جاری
تکا ئەشکی ئــاوارە کوردی هەژاری
بەسەریا خوری کوێندەری ئەی تکەی سوێر؟
ئەتوو ئێرە چی؟! دەتکــە فرمێسکی بێ خێر؟
وتی: ئاوی چاوی کوری کوردستانم
له دجلە و فورات رایە ناونیشانم
لە (زێرینە رود) و (تەتاهو) سەلامی
لە بەژنت، لـــــە (چل چەشمە) پێمە پەیامی
لەسەرخۆ بە ئەی راینــی شوخ و شیرین
شتێک بووین ئەمەش.. گەرچی ئێستا فەقیرین !!
هەرچەند دیل و بێچارەشــە نیشتمانم
ببەخشە لەجێی توی بەخوشتر دەزانم
چ (کەلو)ە و چ (سیروان) و (ئاوێژەرو)یە
بەدیمــــەن هەموو شــوخ و شەنگ تر لە تویە
ئەگەر لادەچی ئەم تەمــــەی نەگبەتیمان
بەخاوەن دەبی کێوو چــوم و زەویمان
لە دەرکــی نەیاران بژارێکـــی دەکری ـ
ـ هەزارانی وەک تــو لـــە شاباشی دەدری
بـــەلی ئاوی چــاوم لەدڵ هەلکزاوم
لە رێی سەرفراز بوونی کوردان رژاوم
وتـی راین: ئەی ئێشــک و هێزی دڵی من
وەرە باوەشم بێ بەمە بەحری بێ بن
بە هاوار دلالت موحیــــت بشلەژێنــه
لە چـــەپ گەردی گـــەردون هەقی کورد بسێنه .

٩٥٧/٨/١٥ بون– ئەلمانیا

# دەمەتەقەی بایز و بیروت

بایز ــ مام بیروت سلاو ..
بیروت ــ سای وە حەلکم
بایز ــ چونی ؟ لە چیدای ؟
بیروت ــ بەخوا نارنکم !!!
بایز ــ نارنکیت لەچی ؟
بیروت ــ ئەپرسی لە من ؟؟!!
بوم وەبەند لە ناو گش دوس و دوزمن !

بایز ــ ئیژن بوو گورزە بیکەل بونەو ؟
بیروت ــ بەلی چا ئیسە ئەو بازەو من کەو !
وەگیان بو هەموسی خوم دایە
بایز ــ چا گوایە هەتا بەرچاوی نایە ؟؟!
بایز ــ چاوو ماوی چی ؟!! من حەتا بارم !!
وای بەسەر هتام لە ژین بیزارم
لە رەمەزانام سالی دوازدە مانک
بەم زانوە چن بارشوو بەربانک
ئەو نانم نەخواو من سویند بەسەری
ئەو زیر ئەکیشیو من کویرەوەری
بوخوی برگوشتە لە نازالی من
گزوو فتنەدا وە منالی من
کاسە دراوسی ئەدا بەبو بەو
ئیمەش چەورابی ناوئین بە خەو

بایز ــ چا بو .. خەوتان هەس وەشەو لە برسان ؟
بیروت ــ نەبەخوا .. وەدرونەنوین لە ترسان . !!
بایز ــ دەك بیروز ئەوی ! ئەشتان ترسینی ؟؟!
بیروت ــ ترساندن و بەس ؟. گیانمان دەر دینی !!
هیوام کەچەل بوو وەملی وردم
بەری هەل مالی ئەزراوی بردم !!
خوم کولەوار کرد بو دەنگی دەهول
کی بەزەی دادی وەیاوی کلول !!
وەرقورحانەکەی بەی سادق سوینم
دەردم بەربارەو بەرباری جوینم

بایز ــ بیروت ئەت بیسوە : بو دەسە ووسنان
بەهرەیەك نادا گەرمین و کویستان !!.
کی ددانی بی خواردنی ئەوی . .
بیروت ــ نا وەخوا بایز ــ دەردت لیم کەوی
گەر رەمەزانەو گەر ئەشەکانە
بەئم هەرژەوونیکە نانە !!

لەدیوانی هەژار

# شورشی خوکرد

**نەوروزی ١٩٥٥ بەغدا**

تا دوینی دنیا پرلە سەرماو سول
بەفر گرتبووی دەشت و چیاو دول
رەنگی گول ، دەنگی بولبول ، دلخوشی
پی‌ی دا درابوو پەردەی خاموشی
ژینی هەژاران ئەمامی نازاد
بەزوری سەختی شەختە چوو بەرباد
هیزی زورداری چلەی ناهەموار
قەلو کوندەبوی هینایە سەر کار
ئەفرین بو : فروون ، بو مال ویرانی
بو فویز بوونی ژیانی زستانی
کی ناوی کوترد سورگولی ئەمرد
بە چنگ و نینوک چاویان دەر نە کرد !!

* ● *

بەلام مەنسورە بەفر ئەچیتەوە
رووکەش بو خەلوز ئەمینیتەوە
وا بای وادەهات سەرما بلاو بوو
گولزار پرئاو بووقەل بی کلاو بوو
شورشە ئەمرو هەور ئەگرمینی
باران ئەرژینی بەفر ئەتاوینی
کوند ویرانە مال قەل قرەی برا

پاشماوەی لە لاپەرەی ٧

# دەمەتەقەی بایز و پیروت

بایز ـ پیروت نەخەنی ؟!؟
پیروت ـ ئەی چون نەخەنم ؟! :
فاووتی بەربـاو کای‌لە بەر شەنم !
بایز ـ گوابە چی بووە ؟
پیروت ـ لە مە زیاتر چی !!
دنیامان بووگە وەهەرچیو بەرچی
بایز ـ هازانیم ـ نیزی : مانگ درووس ئەکەن
عەمیلکە گرەو لە گەل رووس ئەکەن
پیروت ـ بایز خوا عەقل‌با بە مالت
بو میشکی کوندبو بیری کالت
گیانە کاورایەك مرد لە ئەفلاوە
نیژن لەبەغا . تیرت لی داوە
بایز ـ وەك نیژن غەوس‌لە بەغدا بووە
وەکەلاش . یەکی لە هیند کوشتووە
پیروت ـ گالتەم پی ئەکەی ؟!
بایز ـ بیژم چی گیانە !!
چون ریی ئەگیری برووبە هانە ؟!
پیروت ـ نیژی بەهانەس ؟!
بایز ـ بەهانەو نیوە
میاو میاو بو بیوە !!هیشتا چیت دیوە !!
چەند چەوسامەوەلە ریگەی کاکم
دنیا شایەتمە چەند چالاو پاکم
پیش مەرگە وە روژ پاسەوان وە شەو
هەزار برینم لە لەش‌لە سەر ئەو
ئیستە بەهانەم بو ئەدوزنەوە
گفتی دوژمنم بو ئەقوزنەوە !!!
نیژن بف ئەکەی لە هەمەدانا
نارد وەبا ئەدەی لە خوراسانا
دیارە ئەخوازن بی زادو تیشوو
بمگە رینەوە سەردەقی پیشوو !!
پیروت ـ بایز چون ئەوی ؟ج خوا بەرداره
کورد بوچ ئەمەندە کلولو ژارە !!
بایز ـ پیروت کەس ئەمروناشی بخەنی

# دەمەتەقەی بایز و پیروت

بایز– چونی؟
پیروت– هەر خوش بی.
بایز– جەژنینت پیروز.
پیروت– پیکەوەمان بی.
بایز– لەکوی بووی نەوروز؟
پیروت– کویخا نەزانی!
بایز– چی چی؟ باش بیژە.
پیروت– بیژم چی بایز؟! دوورە و دریژە
چیمان بەسەرهات؟ چیم چاو پی کەوت!!
جون کەفتینە ناو دنیای وا جەوت؟!
جیژنی جیژناسا لەناو مالی خوم
بیپرسی کویخا رەواناوی بوم
وە بلویری ئەو ئەشی هەلبەزم
وەقسەشی ئەکەم هیشتا ناحەزم
ئیژی پات خوارە، رانکەکەت شرە
لەم هەرا و قرە زور دلم پرە.
بایز– خوا خراو نەدا.
پیروت– خراو تریش هەس؟؟
بایز– بەلی دەرد فریەس بو پیاوی بی کەس!!
مزگەفتی بکەو پەن شەش منارە
کلول بی ئیژن– میعراوی خوارە
پیروت– ئا وەخوا بایز هیجگار کلولم
وەک پەلکە گولی بەر سەرما و سولم
چاوم لەخوایە ئیژم هەر جاری
بگەیبامەوە دەمەو بەهاری
بی پرتەی کویخا و بی بولەی سەرکار
هەوا هەلمژم ئازاد و رزگار
ئەو جاخە ئەمرم جش وەجەحەندەم
سەر و مالی خوم بەوروژە ئەدەم
بایز– پیروت عافەرم تو پیاوی ژیری
وەتەمەن گەنجی لەعەقلا پیری
تووشی بەهار بی واتا رزگار بی
بی بولەی کویخا و پرتەی سەرکار بی
جەژنی خوت بگری بەئارەزووی خوت
دەس لەدەس یەکا بایز و پیروت
هەلپەرکی بگرن.. کوردیک وە بلویر

# بۆ منالان

## کەر نابێتە شێر

لە ئەدەبی بێگانە وەرگێراوە
(مام سیپال)

کەرێک لەناو پووش — لە لێژ و زەنوێر
تووشی هات بەتووش — کەوڵی شێری نێر
کەوڵی کردە بەر — هاتەوە مالان
جولیان گرتە بەر — ژن و منالان
کەس نەما لە گوند — هەریەک بەلایە
رانەکەن بەتوند — شێرەو بەلایە
کەر کەوتە گەشکە — گوتی سامەوە
کوا نێر و رەشکە — بێن بەلامەوە
ئەیان دڕێنم — ئەیاز جرێنم
جنگال بە خوێنم — مرو گورینم(1)
گەل ئەترسێنم — رەنگم رەنگی شێر
با بشر نەرێنم — بەو دەنگی دلێر
لەسەر سم سەما — بە جیقرک دان
بەیادی کەما — دای گرتە بەندان
شیو و دول و دەر — دەنگی دایەوە
زەرەی شینە کەر — زوو ناسرایەوە
کەولە شێر کرا — لور و جل و بەر
سەرپشتی خرا — باراشی زمهەر
ئەیکرد وتووێر — لەو سەر رێبازە:
کەر نابێ بەشێر — بەبەرگی تازە

---

(١) مروگورین: پیاوکوژ

# دەمەتەقەی بایز و پیروت

بایــز– خوا قوەتت با.
پیروت– خوت مانوو نەوی.
بایــز– وەچی خەریکی؟!
پیروت– کیلانی زەوی.
بایــز– جی لی ئەچینی؟
پیروت– گەنم و هەرزن.
بایــز– هەرزن بو مامر؟!
پیروت– نەبەخوا.. بو من!
بایــز– چون! هەرزن ئەخوی؟
پیروت– گەر دەستم کەوی!
بایــز– لەبەرچی؟
پیروت– کویخا ئەویشی ئەوی
بایــز– کوا هەرزن ئەخوا؟
پیروت– بو مامری خوم!!
پەتی ملیشم هەر لەخوری خوم
روونە هی منە، گوشتە هی منە
بو من ماندووبوون، بو ئەو خواردنە.
بایــز– کویخا زویرە لیت.
پیروت– کەمم هانیوە؟
بایــز– نەخیر.. پیت ئیژی– خوی نەناسیوە.
پیروت– من مام پیروت نیم؟
بایــز– مەیژە پیروتم!
بیژە کویخا گیان هەتیوی خوتم!
کویخا ناخوازی کەس خاوەن ناو بی
هەرچیەک بوی ئەکەی ناشی بەرچاو بی
چەرمی پشتی تو بکا بەسفرە
مەلحەم داوا کەی لەلای ئەو کفرە
کاربکە و داوای نان و ئاو مەکە
گشتی خزمەت بەو بیری خاو مەکە
پیروت– بەلی بایــز گیان من خوم ناناسم!
هەربویە هیندە رووت و کەساسم!
ئەگەر وەک مەردم خوم بناسیبا
ئاشی ئەو روژەم وەچاو بدیبا!!
بایــز– پیروت خەم مەخو دنیا وەدورە
روژمان دەرئەچی لەبن ئەم هەورە

# لەدەمی نەهەنگا ؟!

**هەژار**

دەلێن : ئەگەر ووردە گۆشتو بەرماو لەکەلێنە کەلْپی نەهەنـــگدا شەوێک بمێنێتەوە لێیدەبێتە ژەهرو دەیکوژێ •• جا لە دوای خواردنی نێچیر دەم دەکاتەوەو مەلێکی بچووک دەچێتە ناوزاریەوەو ددانەکانـــی داژنێتەوە بەو بەرماوە دەژی ••

مـــە لـم ، مەلێکی بچووکم
بێ هێزن باڵو دەنـــووکم
بێ ناوم لە ناو مـــەلاندا
ئاوارە لـــە چیـــاو تەلاندا
ئەگەر هەوا گەرمە ، سەردە
جێگەم تەڕاش‌و بـن بـەردە
کەس بـــە سەرم ناکاتەوە
کەس ئاوڕم لێ ناداتـەوە
وەکو پووشێکم لە دەم با
شەماڵ دامێ •• زریان دەمبا
باشو نەم خوا•• باز دەمگرێ
ڕێگەم پڕ لەکۆسپەو گـــرێ
لـــە ژیانمدا خۆشی نەدیو
لانە شیواوم ، بێ بژیو ••
بە ناهومێدی ســوڕ ئەخۆم
نازانم بەرەو کوێ ئەڕۆم ؟!

دامەزراوم لە لای نەهەنگ
چینەو دانم کەوتۆ تە چەنگ
دەمی بـــۆم داچـــەقاندووە
گەوی لیچی ڕەوانـــدوە
پێک هاتووین : ددان ئاژن بم
لە ناو کەلْپان بەرماو چن بـم
من نەبم دەمی بۆن دەگـرێ
من یاریدەی نەدەم دەمـــرێ

# حاڵی عەرزم بووی ؟!...



**نووسینی ــ هەژار ــ**

ئێمەش کوردایەتیمان کردوە . بۆ نەمان کردوە ؟. ئەی گوایـــە ڕۆژی خۆی ، لە بەچکە شێرانی هیوا نەبووین ؟!. هەموو ڕۆژێــك ، حاڵی‌ی عەرزم بووی ، سەر لە بەیانی سروودی ئەی کوردینە ئـــەی مەردینە .. دوو شەش هاتی‌یە خوار ؟!.. مەترسە ئەوێشم هەیە . بە خوا هەتا ئێمە کورد بووین ، حاڵی‌ی عەرزم بووی ، کوردایەتیمـــان دەکرد . نازانم ئەو خەڵکە .. دەی دەی دەزانم دووبارەت پێ‌یە .. وەرە خوار .. کێ بە قەد من مەناشیری بە دیوارانەوە نووساند ؟.کێ بە قەد من شورتەو ئەمن ڕاوی ناوە ؟!. بە خوا بەشی خۆشمان ، حاڵی‌ی عەرزم بووی ، بە شاخ‌و کێوانیشەوە ... ها ئەوەش بەیاز بۆ خاتری تــۆ .. کەچی ئێستا هەر قسە دێتە ناو قسەوە ،ئەو دەڵێ من پێشمەرگە بووم .. تۆ چ بووی ؟ .. ئەم دەڵی ، حاڵی‌ی عەرزم بووی ، من سنگم بــە گوللەوە .. بکێشە بکێشە .. دەزانم پێت نی‌یە .. نازانم ئەو خەڵکــە بۆچ لایان وایە ئێمەمانان لە بەر سێبەری دار گوێز نووســـتووین‌و هیچمان نەکردوە ؟!. ئەی گوایە ، حاڵی‌ی عەرزم بووی ، پەروەردەکردنی .. ئەوا من بەم چوارە بەستم . کەس نی‌یە لەوانە بپرسێ : ئێوە لــە جیــا چیتان کردو ئێمە لە شار ، حاڵی‌ی عەرزم بووی، چیمان نەکرد ؟! بژێرە .. من حەفتاو شەش بووم . کەس تا ئێستا دۆمینەی لــە کاکی خۆت نەبردۆتەوە . با تیزمان پێ‌بکەن‌و ، حاڵی‌ی عەرزم بووی ،

ــ ٢٩ ــ

# منالمان هەبدەین

هەژاری موکریانی

لە رۆژ گارانی پێشوودا ئەگـەر باسی کابرایەك ، یان کارێکی لـــە شانان گران کرابا دەیانگوت : لـە ئەمووی مناڵ خوێن تاڵترو ناڵەبار ترە ، لیازیش ئەوەبوو کە خوێندنو چۆنی قوتابخانە بۆ منـــاڵ کارێکی گرانو چەتوونـەو دژی ئـــاوات و ئارەزووی ژیانی منداڵی یەتی •••

بەڵام بیریش لەوە نەدەکرایـەوە کە بۆچی ئەو خوێندنو قوتابخانەیە وا لەو مناڵە بووەتـــە دێوەزمـــەو زیندان و لیێ تۆقیوە ؟ !

با ئێمـــە بیدەینە بـــەر چـاوی خەیاڵمانەوە ، مناڵێکی شـــــلك و ناسك و خۆ نەگرتووی کورد براوەتە قوتابخانەیەکی رەش و تاریـــك و خراوەتە بەر دەم و دەستی مەلایەکی گرژو رووناخوش و جنێو فـرۆش و زۆر بێزووی ریش درێژو بـــێ بەزەیی ، دەرگا لە سـەر مناڵ داخرابێ ، دار فەلاقەیەك بـــە دیوارەوە هەڵواسرابێ و هەژ نـــۆ شوولی درێژو تەڕ لەبـەر دەمـی مامۆستای بەرێزدا ریز کرابێ و بـە تووڕەیی یەوە تێی راخوڕن : وەرە دەرسەکەت بلێوە • دەرسیش کـام دەرسە ؟! دوێنێ بە زمانێکی رەق و تەق و دژوارێکی وەهـا کـــە نـــە مامۆستا خۆی و نە باوکی باوکـی مامۆستاش سەرەو دەرەی لـێ دەر دەکا شتێك بەو منـــاڵە گـوتراوەو ئێستا لەسەر یەتی بـــە بێ ئـەوە

# کورد و سەربەخۆیی زمان

ئەندامی کارا : هەژار

وشەی خۆبیون یان سەربەستی و سەربەخۆیی کە هەرسێك بە مانا یەکن لەم دەوروزەمانانەدا کە مەمانان تیا دەژین وەك بیزانم پتر لە هەمو واژەیەك بەسەر دەموزارانەوە دێت و دەچێ و زۆرجارانیش بۆ واتا ئاڵوگۆڕ کردن رستێك یان وشێکی تری وەك پاشکۆ لێ شەتەك دەدەن ، وەکو : سەربەستی نەتەوایەتی ، خۆبیونی گەل و نیشتمان ، سەربەخۆیی بیروباوەڕ ، سەربەخۆ بونی ئابوری یان خۆژیوی . وەك دەشزانین هەمو مرۆڤی سەرزەمین بە هەمو زار و زمانان چ بە دەستی گەل چ بە تاك ئەویندار و بەندەواری مانای ئەو رستە رەنگینەن و بۆی سەوداسەر و هەڵوەدان و خوێنی لە پیناو دەرێژن و لاشی لە رێدا دەنێژن و ئەوانەی لەسەر ئەم بیرە خراونە چاڵ و زیندان و لەگرتوخانانددا گیرن هەرگیز لە بیریان دەرناچێ و بە هیوای وەدیهاتنی ئەو نیاز و دۆزە پیرۆزە رۆژ دەسەر شەو دەخەنەوە و شەوی پێ رۆژ دەکەنەوە . .

# بارەگای کۆڕ

ئەندامی کارای کۆڕ مامۆستا هەژار ئەم پارچـــە شیعرەی بە بۆنەی دروست کردنی بارەگای نوێی کۆڕەوە داناوە و هەوڵی داوە هەمو شێوەکانی زمانی کوردی تێـدا کۆبکاتەوە و دوا بەشی دێڕی کۆتایی هەڵبەستەکەش (خۆشتر لە هەمو شوێنێ) دەکاتە ـ ١٩٧٣ ـ ، واتەساڵی دەست پێ‌کردنی دروست‌کردنی بارەگای کۆڕ :

ئەم کۆڕە ژ کوردا را جەوهەر بە خـــەڵات دێنێ
تیرێژی هـونەر لـــەوڕا تـاریکی دەتـارێنێ
وێژە و کەلەپوری کۆن ، فەرهـــەنگ و زمانڤانی
پسپۆڕی بـە هۆزانی خـــۆی لەگرەوە دەنوێنێ
کرمانج و لوڕ و سۆران ، زازا و موکوری و گۆران
وەك یەکتری داخێون کەس نینـە کو دامێنێ
ئەڤ روگـەیە پـــیرۆزە ئاواتی گـەلی کوردە
پێك هاتووە بۆ مێژوی : (خۆشتر لە هەمو شوێنێ)

— هـــەژار —

٨٢٧

ماموّستا هەژار

# یادی ماموّستا سەججادی

دوستێکی زۆر خۆشەویستم رووی لێناوم .چونکه چەند ساڵ له بەغدایه دەگەڵ "علاءالدین" ژیاوم .زۆر له نیزیکەوە دیومە و بە هەموو باران ناسیومه بە یادی کۆچی یەکجاری کە ئەم بەینانە رووی داوە کورتە و تارێک بنووسم .

من گەرەکمە نووسینەکەم تایبەتی بە تاکێک نەبێ . دەگەڵ رێز لە نووسەر گرتن سەرکۆنەی ئەوانەش بکەم کە بە دوو ربان دەپێون و هەر تاوێ جۆرێ داخێون .

جارێک لە گۆواری "هەولێر" کە لە هەولێرێ دەر دەچوو ، خەبەرۆکێکم نووسیبوو کەچی لەبەر بەختی کەچم دەچاپدانەدا تێک درابوو ،سەر و قوونی لێک درابوو، کەس تام و چێژەی لێ نەکرد، کورتە باسەکەش ئەمە بوو:

" رۆژێک سەیری دووکانێکی بەغدام دەکرد .چەقەڵێکی مۆمیایی کراوی لێ داندرابوو ، لەژێر قاچییەوە نووسرابوو (بیست و پێنج دیناری تەواو)...من سەری زمانی خۆم گەست ، هات بە دڵما،هەیاران! ئەم مام چەقەڵە موحتەرەمە ئاخۆ دەبێ بە زیندی سەر شاعیر ،نووسەر، هونەرمەندێکی کورد بووبێ . لە ژیانیدا لە برسان و لە ترسان ئۆقرەی نەبووبێ و ئێستاکێ لاشەی مردگی بەم دەرد و مەخسەرە چووبێ؟ کێ ئەزانێ؟؟ هەزار دانە بە زینوویی فلسێ نازین کەچی یەکێک بە مردوویی بایی بیست و پێنج دینارە!! بە خوای سەیرە!! لە درێژایی مێژووی پڕ نەگبەتی کورددا ، هەر شاعیر ،هەر هونەرمەندێک لە ناو کورددا هەڵکەوتبێ و هونەرەکەی بە زمانەکەی خۆی رانابێ و شیعری بە کوردی دانابێ، هیچ کەس ئاوڕی وێ نەداوە ، بە سووک تەماشای کراوە ، بوویتە مەسەل " هەر کەس پینەی پێوە دیار بێ ، جلکی شڕ و بەتیتۆڵ بێ ، کەوشی چەک و بە بزمار و لار و خوار بێ .دەڵێن لاچۆ تەرحت هەر لە شاعیر دەکا!!..کەس تەنانەت تووشی بە کڵاوی ناپێوێ ، کەس پێی ناڵێ کەرت بە چەند "



هەر بۆیەشە بەشێکی زۆر لە نووسەرانی بەچکە کورد ، لەبەر ناچاری و هەژاری وەزوان نامۆیان نووساوە و خۆیان و مناڵ و کاڵیان لە مەرگی بێ کوللێرەیی لە پەنایەک حەشار داوە .نامەوێ مەلای جزیری،خانی،نالی،حاجی، مەولەوی و زۆریتر لەو کەسانەی ئێستا مایەی شانازی کوردەکانی کوردستان و کوردناسانن ، بۆ نموونە بهێنمەوە ، لازم ناکا مێژووی کۆنتان بۆ بخوێنمەوە، ئەمەوێ هەر بەسەرچڵی و مەویژ

# بێگانە پەرستی

«مامۆستا هەژار»

... حائیمەی کوردی ماڵ وێران بەناشکوری خودا نەبێ، ئەگەر وەک گەلانی دیکەی خوداپێداو، تا ئێستا بۆمان نەلواوە بەزمانی خۆمان بخوێنین وخوێندەوارەکوردە زاناوتێگەیوەکان، بەزمانی کوردی بنووسن وئەزموونی گەلانی ترمان بەکوردی بۆ بگەیەنن وکتێبخانەی خۆماڵیمان، زۆرئاوەدان و فەوغا بێ. دیسان نابێ لامان وابێ بەتەواوی بەش براوین. گەلێک پەندوئامۆژگاری نرخداری کەونارامان، بە میرات بۆماوەتەوە، دەماودەم فێریان کردووین و، نەفەوتاون ئەگەر بیانکەینە رێبەر و رێ شاندەرمان. کەمتر تووشی هەڵە دەبین و لە زۆر تەڵەی سەر رێگە خۆ دەرباز دەکەین. زۆرلە باپیرانی ژیرمان، ئەزموونی ژیانی خۆیان، بەچەند رستێکی لەشان سووک دەربڕیوە و، هەر یەکەی گەنجینەیەکی. پێویستە سەریان دەبینەوەوبەهرەیان لێ هەڵگرێنین و، بیانکەینە مامۆستای خۆمان. بۆ نموونە فەرموویانە:

(**هەرکەس بکا بێگانە ـ پەرستی، ئاخری هەر دەهێنی نوشوستی.**)

بێگانە بەوکەسە دەڵێن: خەڵکی وڵاتی خۆت نیە، نامۆیەکی لاپرەسەنە، وە زمانێکی تر داخێوێ، خووی، ئاکاری ئیمانی، دەراوی زاری، دەگەڵ ئیمان ورەوشت ورەفتاری تۆ پێچەوانەن.

نەتیناسیوە، نایناسی. زاڵمە دەست درێژکەرە. وڵاتەکەت داگیردەکا، دەیەوێ هاووڵاتی یانت، خزمانت، دەروجیرانت، بکاتە بەندە و کۆیلەی خۆی. بەروبووی وڵاتەکەی خۆت بەدەستی خۆت رەنێو بێنێ وبیبا بۆخۆی رەنجی ساڵی کوڕوکاڵی نیشتمانت بەرێتەوە وڵاتی خۆی. مایەی ژیانت تەنانەت زمانەکەشت لێ بەربەست کا و بەیەکجاری بێ هەستت کا....

ئەمجۆرە داگیرکەرانە ناویان لێ نراوە **ئیستیعمار**، کەبەراستی ژەهری مارن..... ئیستیعمار هەرئەوە نیە قژی زەردوچاوی شین بێ ولەرای دەریاوە هاتبێ. **هەر هێزێکی دەست درێژکەر بۆسەر گەلێکی زەبوونتر ئیستیعمارە.** جابا چاوی وەک قیل رەش بێ وتووکی بە رەنگی خەڵووز بێ (مەسەلەن بەعسی وسەددامیش وئەوانەی وەکوو ئەو دەکەن ئیستیعمارن).

ئەوداگیرکەرە بێ فەڕەی لە وڵاتەکەی تۆ خەفتاوە، دەزانێ زۆر هاسان نیە

لەچلەمین ڕۆژی مەرگی ماموستا هێمن دا ،کۆبوونەوەیە ـ کی زۆرگەورە لە شاری مەهاباد پێک هاتبووشاعیران ونووسەرانی سەرانسەری کوردستان تەنانەت ماموستا یا- نی دوور ولاتیش لەم کۆبوونەوەدا بەشداربوون.

ماموستا هەژار کەبەداخەوەلەو کاتەدا بەهۆی نەخۆشی یەوە نەیدەتوانی بێتەکۆڕەکە ،

ئەوشیعرانەی ژێرەوەی بۆشینی هێمن ئامادە کردبوو . قەراروابوو هاوکارێکی ئێمە بڕواتە خزمەتی وەریان گرێ وبۆرۆژی کۆبوونەوەکەبۆمان بێنێتەمەهاباد کەبەداخەوە لەبیری دەچێ وبەوەخت شیعرەکەمان پێ نەگەیشت. لەسەر داخوازی جەماوەری خوێنەرانمان ئێستا ئەو شین گێڕی یە بڵاودەکەینەوە .

---

# شین گێڕی

### «هەژار»

کاک هێمن برای شیرینم
چاوان دەگێڕم نات بینم
زل کوێران دەڵێن مردووە
کۆچی یەکجاری کردووە!
دڵەی پڕکنوڵی هەژارم
گیانی بێ ئۆقرەوقەرارم
بەمەرگی تۆ باوەڕ ناکا
چۆن بێ منی لەتوێی خاکا ؟
تۆیەک هۆگری مندالێم
هاوشکلێ وهاوکرج کالێم
هەمدەمی دەمانێ لاویم
تەواو کاری ناتەواویم
هاوهەنگاو لەرێی خەباتا
هاوبەش لەهات ونەهاتا .
هەوالْ دلْداری کوردستان
هاوپێشمەرگەی زێدپەرستان
هاوسروود خوێن،بۆئازادی[1]
بۆرزگار بوون لەبێدادی
هاوسەنگەر دژی داگیرکەر
نامۆی خوێن مژی سەرەخەر
هاوقەتار لەدەربەدەری
بەهەژاری وخاکەسەری
هاوقەڵەم هاوبیروهاوهەست
هاوزمان،هاودڵ وهاودەست
هەریەکێک بوو "هەژارهێمن"
منیش هەرتۆبووم ،تۆش هەرمن
رووحێک بووین دا بەش لەدوولەش
دوولەشی ماندووی بەخت رەش
پەیمان بووبەجێم نەهێڵی
وێلم نەکەی لەشوێن خێڵی
باری خەموێگرا هەڵ بگرین
دوا جاریش پێکەوە بمرین
تۆی کوردی واخاوەن بەڵێن
چی تۆی کردە پەیمان شکێن
گەوی بەین وبەقات هەڵبوارد
خۆت بەئاسوودەیی ئەسپارد
لاباری خەم خوا ریت لادا
ئەویشت بەمل من دا دا
جاڕزبووی لەدونیای بێفەڕ
دونیای پڕلەدەزبڕی وگەڕ
دونیای وڕوگێژو کاسان
گەوهەر وئەمەگ نەناسان
دونیای بازاڕی نامەردان
دونیای خەم وکوڵ و دەردان
خەلەسی لەدەم هارومار
تەکیەوە لەو ژینی گەمار
ژیانی پرژانی بێ دەرمان
گەییشتیە هەواری هەرمان
بۆئەو کۆچەی بێ من کردت
ئەوبەشە خۆشیەی تۆبردت
زامی گیان ودڵ بەسۆیە
شین بۆخۆمە نەک بۆ تۆیە
خۆزگەبەرلەتۆ دەمردم
تۆشیوەنت بۆ دەکردم
دوور لەتۆدڵ گۆمی خوێنم
بەگازندە وەدەت دوێنم
منیش وەک تۆ قەڵسم لەژیان
"بۆچت جێ هێشتم هێمن گیان"[2]

---

١ـ لێرەدا ماموستا هەژار ئیشارە بە خەباتی دوو قۆڵی خۆی و هێمن دەکا لە دژی رژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی .

٢ـ ئەم دێڕەی دوایی بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ساڵی وەفاتی ماموستا هێمن : (١٣٦٥)



«زانایانی بەناوبانگی کورد»

# یادی بابە مەردوخی ڕۆحانی

ـ ماموستا هەژار ـ

وەك دەبینم ، ئێمە ئەمڕۆ لەم شوێنەدا كۆبووینەوە، داخ لەدڵێن ، ئازیەت بارین كەعەزیزێكی زۆر بەڕێز لەدنیایە بەرواڵەت كۆچی كردووە. خۆ ئەگەر تۆزێك بەوردی سەرنج بدەین . كەمێ ژیرانە و پیرانەی تێگەیشتوو بیر لە حاڵی خۆوە كەین ، تێدەگەین كە بەشی زۆرمان ـ بەنا شكوری خودای نەبێ هەر چەندە بەرواڵەت زیندووین ، بەڵام سەت هەزار خۆزگەمان بە مردوان كا ...

بەڵێ ئێمە لەم كوڕو كۆبوونەوەدا ، شین وگریانێكمان دەوێ ، بۆكێ ؟ هەر بۆخۆمان ، بۆ كڵۆڵی ونەكبەتیمان ، نەك شیوەنمان بۆ كەسێك بێ،وەك " بابەشێخ " كە هەرگیز مردن و نەمان سەری نادا وتاهەتا ، ناوی لەسەر پەڕی مێژوو،



ئەم وتارە ئاخاوتنی ماموستا هەژارە بەبۆنەی كۆچی دوایی خوالێخۆشبوو بابە شێخ لە مزگەوتێكی تاراندا

سروە ٣٢

ویڕای هەموو ناودارانی بەرزی تەشریخ ، بەشانازی خۆ دەنوێنێ .

ئێمەی كورد بەر لەئیسلامەتی، هەر چێكمان بووبێ دیار نیە ،بەڵام ئەگەر ئاوڕێكی ، تەنانەت نیوە ئاوڕیش وەسەرخۆمان بدەینەوە ، شتی زۆر سەیر دەبینین : لە سەرەتای پەیدا بوونی ئیسلامەوە بە هەزاران زانای لەزەبروبلیمەت، لەشەریعەت ، لەتەریقەت ،لەشێعر وئەدەبیات و مێژوو ، لەهەرجۆرە هونەرێكی بابەتی زانیاری زەمان، لەم گەلی كوردە هەڵكەوتوون كە زۆربەیان مایەی شانازی گەلانی هاوسامان بوون ، كەئێمەی نەگبەت تائێستا وەك لەگوێیگادا نوستبین ، هەر ئاگاوخەبەرمان نەبووە .

گوناهی ئەم بێ خەبەری یە لەسەركێ یە ؟

دیارە هەر لەسەر خۆمانە .ئێمە بێ پێی توانای خۆمان ، بە فەرهەنگی نەتەوەمان ماندووبووین. بەڵام لەبیریشمان نەچێ ، مناڵم هەقە ، ئۆباڵی ئەم بێ ئاگایی یە تائەندازەیەكی بەرچاو ـ لەئەستۆی ئەم گشت زانایانەی بەچكە كوردە ـ مەسەل دەڵێ " تامالّ پێویستی پێ هەبێ ، نابێ بدرێ بەمزگەوت" كەچی هونەرمەندانی كورد، زانا و مێژوو نووسانی كورد ، لە درێژی وپانایی مێژوودا وبگرە ئێستاش، ئەم پەندەیان بەراوەژوو كردۆتەوە. چی لەم مەسەلەدا هەیە ، لە بیر خۆیان بردۆتەوە .

لە درێژایی تاریخی ئیسلامەتیدا لە رابردوو تا

# هەژار ...... هەڵۆ هەر بەرزە

پاییزە دار و دەوەن رەنگ زەردە
با تەز و سەردە بە تۆز و گەردە

دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەڕنێ، خەزەڵ هەڵدەوەرێ

هەورە رەشپۆش و بە گریەو ناڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە

بە گڕەی سەردی هەناسەی کەژ و کۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرەهەڵۆ:

داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم
ئەو دەمەی چۆن و چ بووم بۆ وا نیم ؟!

هێز و سۆمای نییە باڵ و چاوم
مامەوە گردەنشین بێ راوم

دوورە گۆشت پۆڕ و کەوم وەردەکەوم
گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم

پیرییە پاییزی وەرزی ژیانە
وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕ نانە

وا هەڵۆی مردنە راوی کردم
راوبەتاڵی منە هاکا مردم !

مردنیش هێندە نە سووکە و سانا
سەری لێ گێژە هەزاران زانا

چم بەسەر دێ کە نەمام و مردم
پەڕی بەربایەک و خۆڵی وردم

گیان بەرەو کوێ دەفڕێ روون نییە بۆم
تۆ بڵێی پچتەوە لای باوە هەڵۆم ؟.

تۆ بڵێی راوێ هەبێ لەو بەرزە ؟
پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەم عەرزە

داخم ئەو رازە لەبن سەرپۆشە
سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە

دڵ و دیدەم کە بە دنیا فێرە
چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە

## BO PÊŞEWE BARZANÎ

HEJAR

Eger dinya mij û tem û tarîke...
Eger rêga kend û kiḷo w barîke,
Eger şewe w girmey hewr û barane,
Eger befre w şiḷêweye w tofane,
Eger gêje w kiṟêweye w borane...
Eger le hercêda çete w gorane,
To şareza w rêşanderî lawanî,
Bo pêşewe, pêşman kewe Barzanî.

Eger hewar nişêwe yan hewraze..
Eger lehî w lafawî bê pêbaze,
Eger çeq û lûr û miṟey de^c baye,
Hemû der û doḷêk piṟî ẖezyaye,
Eger le her bin berdê ne•rey dêwe,
Her pinçikêk piṟî le cind û xêwe,
Bakman niye,hêz û guṟî diḷmanî,
Bo pêşewe, pêşman kewe Barzanî.

Eger dujmin piṟawpiṟî dinya bê..
Şepol bidatewe...weku derya bê,
Çekî desî le ême zor zortir bê,
Le giş diṟinde..weẖş û piyawxortir bê,
Xoyan le naw zirêpoşan weşarin,
Bomba lebin fiṟokeyan dabarin,
Le Kurdistan toman hebî besmanî,
Bo pêşewe ,pêşman kewe Barzanî.

Ba kox û ladê w şarekan xapûr ken,
Ba gulletop laşan le xöna sûr ken,
Xönman le ṟêy em nîştimane biṟjê,
Mêşkî jin û kuṟ û kîjanman bipjê,
Lanik û minaḷ be agirê bisojin,
Ba wêran ken,bibṟin,biben,bikujin,
Le duwateweyn, bab û bira w kesmanî,
Bo pêşewe,pêşman kewe Barzanî.

# بیرەوەریی بارزانی-ی نەمر

شیعری مامۆستا هەژار

ئێمەی کورد چین؟ نایەژم کێین
دەبزووینەوە، دەچین و دێین
بە رواڵەتی جانەوەرین
کامی؟ لە هەموان کەمترین
جانەوەری کێوی و کەوی
زلی، گچکەی، بەرزی، نەوی
وەربکەون، بلەوەڕێن
سەربەستن، لێیان دەگەڕێن
هەر لە مێروو تا مەل و مار
هەیانە شوێنێ بۆ ستار
هیچ لا بێ لان و لانە نین
بێ بوودڕ و کولانە نین
هەر گەلی کوردە لەم ناوە
بێ نانە و بێ لانە ماوە
لە ماڵی خۆی تەرە کراو
هێز لێ بڕاو، دەورەدراو
لە هەموو لاوە راو دەکرێ
تووش تەپکە و تەڵە و داو دەکرێ
زوان بەستە، دەم دادووراو
گشتی خاوە و خڕی بڵاو
خاکێ کە دەبوو هێن خۆی بێ
لە سۆنگەیدا نان و دۆی بێ
لەت لەتە داگیرکراوە
چەند مۆری پێوە نراوە
داهاتی سەرزەوینەکەی
بەروبووی، وشکە و شینەکەی
بە فیڕۆ بۆ ئەم و ئەوە
رۆژیش بێ، لەوان هەر شەوە
بەیدەس کراوین لە خۆمان
بووینە دەسەمۆی نامۆمان
لەخۆ بڵاو، بۆ ئەوان کۆین
ئەشێ سەولەی ئەوان بخۆین
غەوارە درزیان داداوین
گەرەک جاجکی وان بجاوین
بەچەند نرتک ناونراوین
بە چەندین رەنگ، رەنگ کراوین
خۆمان لەبیر بردۆتەوە
رەگەزمان لەبیر چۆتەوە
لەجەم کەم و بەدەم زۆرین
لاپرەسەنی بەرماوخۆرین
بۆ دانی ئەوان بووینە ئاش
بیلامانێ یەک بووینە جاش
لە جاشەتیشدا چەند جۆرین
سۆرین، شینین، بۆزین، بۆرین
جاشدارەکانیش دژ یەکن
لەسەر پاشوون چەنگ وەچەکن
بە جووتە تێکمان بەردەدەن
سەیر باز و گازمان دەکەن
شەڕ و کێشە و حەلەلایە
شەڕ لەسەر لێفەی مەلایە
شێر و خەت، وشک و تەڕیانە
لەسەر زێدی کورد شەڕیانە
ئێمەی کە پووک وەک پەڵاشین
بۆ دەستەچیلەی شەڕ باشین
با دەستەچیلە گڕ بگرێ
چش با جاشگەلیان قڕ بکرێ
لە ئاکام هەر کام سەرکەوت
یان ناکام فسی دا و خەوت
نابێ شینگێڕ بین بۆ مردوون
بۆ گەنج و رەنجی بابردوون
ناشێ دڵتەنگ و پەشێو بین
زۆرەکیش بێ، کەن لە لێو بین
بۆ سەر داوەت بان کراوین
بارەبەری نان و ئاوین
گەرەکە بچمە ناو بەزم
لە زەماوەندا هەڵبەزم
هەڵپەرکێکەش لە چەند لایێ
بە چەند زوڕنا و چەند هەوایێ

# وشەی کەڵهوڕ

## بەرهەمی چاپ نەکراوی مامۆستا هەژار

مامۆستا هەژار پاش قەیرانی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوە ئێران. پاش ماوەیەك بێکاری و سەرگەردانی، بە هۆی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی و یارمەتی کاك مەزهەری خالەقی، لە بەشی کوردی ڕادیۆ ئێراندا، کاری نووسینی بەرنامەی پێسپێردرا.

مامۆستا هەژار لەوان ساڵاندا، دوو بەرنامەی بە ناوی ناودارانی کورد و هەستیارانی کورد دەنووسی کە تێکست و دەقی بەرنامەکانی بۆ ڕادیۆکانی کوردی کرمانشان، سنە و مەهاباد دەنێردرا و لە ڕادیۆ کوردییەکانی تاران و ئەوسێ شارەدا بڵاو دەکرایەوە. ئەو دوو بەرنامەیە و بەرنامەکەی مامۆستا ڕۆژبەیانی (وڵاتەکەت بناسە)، ئەمن دەمخوێندنەوە.

بەرنامەی ناودارانی کوردی مامۆستا هەژار سەبارەت بە بنەماڵەی ئەردەڵان بوو. بۆ ئەم مەبەستەش کەڵکی لە"تاریخ اردلان"ی مەستوورە خانمی کوردستانی وەرگرتووە و زۆر هەڵەی مەستوورە خانمی کوردستانی ڕاست کردۆتەوە.

تێکستەکانی ژمارە١-٢-٣-٤-٦-٧-٨-١٢-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠و٢٢ی ئەو بەرنامەیە کە سەرجەم ٩٢ لاپەڕەیە لە لای من هەیە.

مەستوورە خانمی ئەردەڵان لە کتێبەکەیدا، کوردان بە چوار تیرە دابەش دەکا. مامۆستا ئەم هەڵەیەی مەستوورە خانم ڕاست دەکاتەوە و سەبارەت بە خێڵی گەورەی کەڵهوڕ وتارێکی (وتاری ژمارە٦) نووسیوە. کە پێشکەشی خوێنەرانی گۆڤاری مەهابادی دەکەین.

ئەحمەد شەریفی

کەڵهوڕ یانی چی و ئەم ناوە بۆ بەم کۆمەڵە کوردەوە لکاوە؟

میرشەرەفخانی بەدلیسی، لە بەندی دەیەمی شەرەفنامەدا، باسی فەرمانڕەوایانی کەڵهوڕ دەکا و دەڵێ:

مێژووناسان لایان وایە کەڵهوڕ تیرەیەکن دەچنەوە سەر گۆدەرزی گیو کە ئەوگیوە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری کەیانییەکاندا بە سەر بابل ڕادەگەیشت و بابل ئێستا ناوی کووفەیە. ئەم گیوە کوڕێکی هەبووە، ناوی "ڕەهام" بووە. بە فەرمانی بەهمەنشای کەیانی لەشکری بردە سەر شام و ئۆرشەلیم و میسر و داگیری کردن و ملی نا لە وێرانکاری و کوشتار و زۆرداری و ئەوەندەی لە جوولەکە سەر بڕی کە جۆگەلەی خوێنیان ئاشی پێ دەگەڕا.


جا هەر ئەو"ڕەهام"ەیە کە مێژوونووسان بە ناو"بەختونەسر" ەوە ناسیویانە، وە هەر ئۆرەمە و عەولادی ئەو ڕەهامە لە سەرەنجامدا ناوی خۆیان ناوە گۆران.

ئەم چیرۆکی ڕەهامە لەکتێبی "ئەخبارووددوەل"، ڕووپەڕی ٣٥٠ دا هاتووە، ئەمما دەڵێ بیوەراسب یا لوهراسپ، ئەم پیاوەی بەگژ جوولەکەدا کردووە.

مەسعوودی لەکتێبی "مرووجوززەهەب"دا دەڵێ : لوهراسپی ئەوەی کەیقوباد، ئەم ڕەهامەی بەرهەڵدای ئەو دنیایە کردووە و ئەم کوشت و کوشتارەی پێ کردووە.

بە لای مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانییەوە، ئەم بیروبڕوایانە هیچیان هیم و بناغەیەکی وایان نیە کە پیاو بتوانێ بە ئارخەیانی پاڵیان پێوە بدا و دڵی ئاو بخواتەوە. ئەو ئەفەرموێ: ئەم هۆزی کەڵهوڕە بە بنەچەکە دەچنەوە سەر کلاهوری پاڵەوان کە ناودارێکی مازەندەرانی بووە و شەڕی بۆ فەرمانڕەوای مازەندەران کردووە.

کەیکاووسشا بە ڕۆستەمی زاڵ دا، قاقەزێکی بۆ کابرای مازەندەرانی نووسیوە کە یان سەر وەبەر باری من بێنە یان خاکت بە توورەکان دەبەم. کوێخاکەی مازەندەران، بەم قاقەزە زۆر ڕێك هات وگرژ بوو. جوابێکی پڕهەڕەشە و گەف بۆ کەیکاووسشا بەڕێ کرد. بەڵام کلاهوری پاڵەوانی، سەری بردە بن گوێچکەی و بە سرتە پێی گوت قوربان ئەم کاووسشایە ڕۆستەمی هەیە و ئێمە هەرگیز دەرۆستی ئەم بەڵایە نایەین، باشتر وایە لەم گشتییە خاو بیەوە و قسەکانت تۆزێك نەرم بکەیەوە. کابرا وافێکی بردەوە و ڕەنگێکی هێنا و برد و ناچار هەڕەشە و گوڕەشەکەی دە وێ کردەوە و کارێکی وای کرد دڵی ڕۆستەم و کەیکاووس نەشکێنێ و بڕیاری دا کە سەر وەبەر باری پادشای ئێرانزەمین بهێنێ. لە شانامەدا، لە چەند بەیتێکا ناوی کلاهور هاتووە کە دەڵێ:



# خزمەتی کوردان بە ئایینی ئیسلام

لاوەکان، گەورە کچان، نازداران — دڵبەران، دڵتەڕەکان، دڵداران
دە مەڕۆن تاوێ بمێنن لێرە — فاتحایێکی بخوێنن خێرە
لە نێو ئەم گۆڕە هەژار نێژراوە — زۆر لە ڕێی ئێوە جەفای کێشاوە
ژینی خۆی کردە فیدای خۆشی کورد — لە ڕێی ئازادی بە ناکامی مرد
تۆخودا کاتێ کە ئازادیو سەند — ڕەگەزی خوێنمژەکانوو هەڵقەند
کیژ و کوڕ هەرچی بە لاما لادا — پێم بڵێ و پایێ بە قەبرم دا دا
لەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە — مژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە!

# ((حەللەق... مەللەق))

**هەژار - بۆ گاڵتە شیعری حوڕی نووسیوە**

مامە گیان سەلاوی بۆنەدار
گەر لەبچووکی خۆت ئەپرسی
پیرۆز بێ قەنەفە و کورسی
ماوم بەڵام بە لارە لار

نەگۆڕاوم؛ هەروەك پێشووم
هەر نەدار و نالە بارم
وەك زوو دیوتم هەر بێکارم
بێ نان و بێ بەرگ و تێشووم

مامە گیان ئەو کاتە لە چیا
ڕانك شڕۆڵ و کلاش چەوت
پێکەوە دەژیاین لە ئەشکەوت
لەهیچ شت ایکك نەبووین جیا

برای یەکتر بووین ئەوڕۆژە
لەسووچێك بەماڤێك شاد بین
ددت فەرموو ئەگەر ئازاد بین
ددت کەمە دەرزی بەر کۆژە

بە ناو ئازادیمان وەر گرت
کەس نازانێ چۆنو چەندێت
تۆ هاتیە شار و ئەفەندێت
خانوی شەش حەوت قاتت سەر گرت

( یانصیب )ت بردۆتەوە
زۆر بەی زێڕەو کەمی زیوە
قاسەت لە پارە ئاخنیوە
منیشت لە بیر چۆتەوە

عەریزەم نووسی بۆ خانوو
لە زەوی دەریان بەڕاندوم
چونکە خانوویان سووتاندوم
بێ جێێ منداڵ و کەیبانوو

لەسەرت نوسی: نات کەوێ
چۆن سەري حوکمات دێشێنم
زەوي و خانوو لە کوێ بینم؟!
بۆ خۆت بژی لێرە و لەوێ

# بوچی مردو لینگی دریژ دەبیتەوە

**هەزار**

زور لە میژ سالە لەناو کوردەواری خوماندا پرسیاریك دەماو دەم و دەست‌و دەست دەکا . کە ئاخو بوچی نوسەرو شاعیرو هونەرمەندەکانمان تازیندون کەس ئاوریان لی‌ناداتـەوە و کەس بەهیچیان نازانی . کەچي کەدەمرن و لەدەست دەچن دەگەرینەوە سەریان و شینیان بو دەگیرن و وکوری شەپوریان بو دەبەستن و چاکیان پی‌هەلدەلین و خوشیان دەربارە دەیژن و فرمیسکی گەرم و گوریان لە دوو هەلدەریژن .؟! لە راستی‌دا پرسیارەکە تائیستا بی‌وەرام ماوەتەوە و هەریەك بە جوریك لیکی داوەتەوە. من لام وایە کوردیش وەك هەمو کەسی‌تر دەزانی بی شیعر ناژی ، چیروکی چاکی بەلاوە خوش و پەسندە ... بەلام بەومەرجە کە بە خورایی دەستی کەوی و بی‌بیسی و زیانی مالی لی‌نەکەوی ...

شاعیر و نووسەر دەبی کات‌و ساتی بو نوسینەکە تەرخان کاو ئەویش

---

کوردیش دەبیت‌و پیشیش دەکەویت و تطور دەکات بو ئەوەی پیویستەکاني ئەم روژگارەمان بگریتەوە و لەگەل فراواني ئاسوي بیري عالەم‌فراوان دەبیت .

زماني کوردي ئەو زمانەیە کە « کورد » ي وەکو نەتەوەییك لە سەر پشتي ئەم زەویە ، چەسپاندوە .. وەدیاري کردووە ، نە «پەتي»ي هەیە و نە « چەکمەدار » .

ooo

۷

# بۆچی مردو لینگی درێژ دەبێتەوە؟

<u>ڕاست کردنەوەیێك</u>

بەداخەوەین کە ، لە ووتارەکەی مامۆستا هەژار « بۆچی مردو لینگی درێژ دەبێتەوە » کە لە لاپەڕەکانی ۷ ، ۱۰ ژمارەی ٤ ، ٥ ی هەولێر دا بڵاو کرابووە . لە کاتی چاپکردنیا چەند دێرێکی لێ پەڕیون ، بەو هۆیەوە ووتارەکە تا ڕادەیێك شێواوە و یەکێتی پچڕاوە .. جا وا ئێرە دا لەو جێگەیەی ووتارەکە لێ بساوە دووبارە بڵاوی ئەکەینەوە لەگەڵ تکای لێ بووردن لە نووسەر .

« هاوار »

حاجی قادر پێغەمبەری کوردایەتیمانە و پیرەمێرد گەنجینەی ئەدەبیاتی بۆ بەجێ هێشتین و بێکەس دەرسی ئازایەتی داین و گۆران دەسکە گوڵی سەر سەبەتەی ئەدەبیاتی کوردە و پێویستە کۆتەلیان بۆ بڕازێنینەوە و پەیکەریان بەرز کەینەوە و شینیان تازە بێتەوە و ئاکاریان و کرداریان لە بیر کورد نەچێتەوە و لە لای بێگانە و خۆ ؛ شانازی یان پێوە بکەین!
ڕۆژێك لە بەغدا بە بەر دوکانێکدا ڕادەبردم ، چەقەڵێکی مردوی مومیا کراوی لێ دانرابوو ، لە سەری نوسرابوو نرخی ۲٥ دیناره !.. سەری زمانی خۆم گەست ؛ ئایا دەبێ ئەو چەقەڵە بەزیندوێی شاعیر بوبێ ؟! ئەگەر شاعیریش بوبێ دەبێ چەقەڵی کوردستان بێ .. چەقەڵ بەزیندوێی پەنجای فلسێك ناکا ، ئەگەر مردو مومیا کرا نرخی ۲٥ دیناره !
ئای سەد خۆزگە ئەم گەلە نەجیبەمان لەو ئاکارە نا نەجیبانەیەش ڕزگاری دەهات و ؛ وای لێ دەهات بەبێ لەڕ و دامان بە چاکی بگوتایە

ژماره ۱۰۱
ساڵی یەکەم
دانەی قرانێک
لەچاپ ودەستلی دائی وو تاره آیرادین

# کوردستان

ارگانی حزبی دیمو کراتی کوردستان

یەک شەمو
۳۶ خەزەلوەر
۱۳۲۵
...ێتی نوسەران وەدەری دەخەن

## با ائتلاف احزاب شوخی نکنید

عبدالرحمن حەزار

...کرار گذشتەهای پرپیچ و خم کور
...ان یادی کنید . اگر پردەهای سیاه و
...کشاکش و آشوب میهن عزیز را در
...های حقیقت ! ! از نظر دقت بگذرانید
...کرار چند قرن با شعارف فرزندان پاک و
...آلایش این آب و خاک و نجات دهنده
...حافظان سرزمین مقدس را جستجو
...بیداز جوانانیکه بارها در راه حفظ
...ستقلال و آزادی وطن محبوب با خون
...دبازی نموده و سر خود را باخته اند می
...ر بیابید حتماً با کلمه مهم ( کورد ) رو
...و خواهید شد . آری با کلمه مهم
...کورد )
...نهالت که این قوم شجیع و با شهامت
...ملت بی باک وغیور مانند دیواری از
...ن و پولاد در مرزهای مخوف ایران با بر
... علی رغم هر گونه تجاوزات بیگانه
...ن مبارزه مینماید شجاعتها از خودشان
...خونها را ریخته سرها را بریده . کشته
...بسته اند . در راه آزادی میهن خود
...قایهای دهشت آمیزی از خود
...کار گذاشته اند - یاد کردن نام
...کورد ) بوی خون می شوید . یاد
...وردستان ) یادمردانگی و شجاعت
...تعبیر می افتید . کورد . ضرب المثل
...جاعت است بگواهی همه حقایق نویسان
...ینی اولین ملتی که از مرگ نهر آسد

کورد است و حتماً بخواهیم کور-
دیرا که صاحب این لیاقت و دارای اینهمه
نام و نشان است بهتر بشناسیم و بیشتر در
شناختن آن تحقیق کنیم خواهیم فهمید
که بسیاری از حکمرانان بی عاطفه و
اصلاح طلب که استعمار و تفرقه بینداز
و حکومت کن » از لحاظ اینکه بتوانند
کما شاء بر گرده ملت ایران سوار
و کسی را مانع ظلم و خودخواهی و استبداد
خود نبینند واین امر منوط بتفرقه و
اختلاف بین ملت کورد می بوده حتی الا-
مکان تفرقه انداخته در هر چند دهکده
یادهی یک حکومت کوچک دیکتاتوری را
بنیاد نهاده . هر چند خانوار را نامی و هر
چند نفر را عشیرتی می گفته اند و مهمتر
کارهای کشور را توسط یکی یا دو از آن
دسته ها انجام داده اند و بسا اتفاق افتاده که
دست بتحریکاتی زده عشیرتی را بسر
دیگری شورانیده وخون هم ریخته اند
چرا ؟ ! - تاخون آشام وقت با خیال
راحت خون توده را از ساغر بیداد بگلوی
نامردانه اش بریزد .
هر گز نگذاشته اند که این ملت
با شهامت وغیور در سایه وحدت ملی ودر
زیر کلمه کورد ، یا ایرانی گرد آیند
( اگر تا بحال وحدت ملی میبود بدین
روز گرفتار نمی شدیم ) حتی تردیک بود

فکر هیچ کی کورد بایهر یکوشیم
حس آزادیخواهی این ملت قهرمان و
پاک نهاد را از دفتر خاطرشان محو نمایند
ملت کورد حزب واتحاد به نداشت که
وحدت ملی را نمی شد با اینهمه چاه که
در راه داشت زمزمه مردانگی را راه
انداخته شجاعت را برخود ختم و نام خود
را در دفتر غیرتمندان جهان ثبت نموده است
تا چه رسد بروزیکه این ملت نجیب از
خواب غفلت بیدار شده اکنون دست
بدست هم داده وهمه مانند یک تن واحد
بایک کلمه و یک آواز آزادی کورد و
آزادی ایران را خواستار وهمه در زیر
سایه شعار حزب دیموکرات

بقیه در صفحه ۳

# در پیرامون ادبیات کردی

بسیاری از چیزها هست که از نقاط دور دست جلب توجه فضلا و دانشمندان را کرده و ایشان را به بررسی و تحقیق و تدقیق وامیدارد.

و در نتیجه مانند گوهر گرانبهائی در خزائن علم دانش آنان جایگیر میشود. اینگونه کاوشها در ممالک متمدن بحدی فراوان است که از حد احصاء خارج میباشد و تا اندازهٔ حائز اهمیت است هیچگونه مانعی نمیتواند نظر روشنفکران را در اینخصوص ولو برای مدت کمی باشد بازدارد. چنانکه نیروی بریتانیای کبیر در این جنگ جهانسوز و گیرودار کنونی در بغداد مجله بنام (دنگی گیتی تازه) بزبان کوردی منتشر و آثار و ادبیات کردی و شرح حال شعرا و دانشمندان کرد را جمع آوری و به تعقیب و درج انتشار آنها میپردازد و شعرای اکراد ایرانی را که هنوز اسمشان بگوش برادران پارسی زبان نرسیده به تمام معنی میشناسند و آثار ایشانرا بحافظه خود سپرده اند. و همچنین در روسیه مجلهٔ بنام (ریی تازه) به کردی چاپ میگردد اما متاسفانه در کشور ما در میان همین هم نژادان و هم زبانان و هم مذهبان ما آنهائی که بدعوی زبانی روح کرد و فارس را در یك کالبد میدمند هنوز زور گوئی و قلدری به شکل پرده ضخیمی در بین این آثار نفیس و گرانبها و عالم دانش و ادب خودنمائی کرده و مانع از آن است که ادبا و دانشمندان کشور ما هم به این گنجهای پربها دست بیابند !!!

ادبا که البته معذورند ولی به این قبیل بی دانشان زورگو باید گفت (دوران باخبر نزدیك و نزدیکان بی بصر دور).

حالا قضاوت از خود دانشمندان می طلبم

اگر روزی یکنفر مستشرق انگلیسی یا روسی از یکنفر ادیب طراز اول تهران بپرسد از مولوی هورامانی و ناری مریوانی و مصطفی دلی دلی سنندجی و محمد کوماسی و وفائی و مصباح و حریق مکری یا ... و ... که در کشور ایران بوده و اشعار نغز و دلکش سروده اند چه در نظر دارید آیا ننگ و عار نیست جواب دهد اصلا هیچ اسمی را نشنیده ام؟

دراین صورت به عقیده من بی نهایت ضرورت دارد آقایان متصدیان امور فرهنگ تسهیلاتی را در این باب قائل شوند و از زور و فشار بعالم علم و دانش دست بکشند و اجازه دهند که مردم بتوانند اینگونه آثار را به فراغت قلب و آزادی کامل جمع آوری و چاپ کنند که این ذخائر از بین نرود و دانشمندان و فرهنگیان نیز بر آنها اطلاع یافته و قریحه های رسا و ذوق سرشار اکراد را بشناسند تا در نزد دانشوران بیگانه «جاهل» در درون خانه خودشان محسوب نشوند» و راه مباهات و افتخار دیگر برا هم در عالم ادبیات بپیمایند. و گذشته از همه اینها واضح و آشکار است که علم بهر چیز از جهل به آن بهتر است

بوکان — عبدالرحمن شرفکندی

کوهستان — گذشته از اشخاص معدودی شاید اکثریت مردم ایران و حتی آنهائیکه بشعر و ادبیات علاقه دارند هنوز ندانند که بزبان کردی هم شعر گفته شده و شعرای عالیمقدار کردی هم بوده اند که در نظر جهانیان مقام عالی دارند.

این سهل انگاری و قصور را باید با کمال تاسف اذعان نمود ولی شکی است

بقیه در صفحه ۸